# پرسە پەرلەمانییەکان

د. سەردار عەزیز

٠٢٠٢

هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
هۆبەی سپاردنی کتێب

اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثقافة والشباب
المديرية العامة للمكتبات العامة
شعبة ايداع الكتب

Kurdistan Regional – Iraq / Council of Ministers
Ministry of Culture & Youth – G.D. of Public Libraries

ژمارە: ٤٧٢ العدد:
رۆژ: ٢٧/ ریبەندان/ ٢٧١٩ کوردی التاريخ: ١٦/ ٢/ ٢٠٢٠

بۆ/ چاپخانەی شەهاب لە پارێزگای هەولێر

ب/ ژمارەی سپاردن

بەپێی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣
ژمارەی سپاردن درا بەکتێبی ( پرسە پەرلەمانییەکان )لەنووسینی( سەردار عەزیز ) بە تیراژی (٥٠٠) دانە بە ناوەرۆکی (سیاسی) لە چاپخانەکەتان چاپ بکرێت بەمەرجێک (٥) دانە بۆبەشی سپاردن ڕەوانە بکەن

لەگەڵ ڕێزماندا....

| | |
|---|---|
| ژمارەی سپاردن | ١٨٧ |
| ساڵ | ٢٠٢٠ |

**تێبینی:**
١-نووسراوی سەرەوە، دەقەکەی لە پەڕەی دووەمی کتێبەکە وەکو خۆی دادەنرێت، بەشێوەی سکان.
٢-هەرچاپخانەیەک پابەند نەبێت بەناردنەوەی (٥)دانە لە کتێبەکە، جارێکی تر ژمارەی سپاردنی نادرێتێ.

**سەرباز جەوهەر محەمەد**
**ج/بەڕێوەبەری گشتی کتێبخانە گشتییەکان**
١٦/ ٢/ ٢٠٢٠

وێنەیەک:
-کارگێری خۆیەتی
-هەڵگرتن
-خولاو

library.kurdistan@yahoo.com
Iraq - KRG – Erbil – Behind MOCY
هەرێمی کوردستانی عێراق – هەولێر – شەقامی کوردستان – پشت وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
اقليم كوردستان العراق – أربيل – شارع كوردستان – خلف وزارة الثقافة و الشباب


# چاپخانەی شەهاب - هەولێر
# چاپی یەکەم ٢٠٢٠

## تەوەرەکانی ئەم کتێبە

پەرلەمان چییە؟

بوودجە

دیپلۆماسیی پەرلەمانی

## پێشەکی

ئەدەبیاتی سیاسی لەمەڕ دەزگای پەرلەمان کەمە، لە کاتێکدا دەزگای پەرلەمان خاوەن مێژوویەکی قووڵ و بوارێکی فیکریی دەوڵەمەندە. پەرلەمان وەک لە ناوەکەیدا دیارە، لە کەلتوورێکی ترەوە بۆ ئێمە هاتووە. ئەم ناوە چەندین بواری جیاواز لە خۆی دەگرێت، وەک سیستەم، کە جیاوازە لە سیستەمەکانی تر، وەک پیادەکردنی سیاسی کە جیاوازە لە شێوازەکانی تری پیادەکردنی سیاسی. لە هەمان کاتدا، ئەو ئامرازە سیاسییەی کە پەرلەمان بەکاری دەبات، جیاوازە لە ئامرازە سیاسییەکانی تر. پەرلەمان وەک جێگایەک بۆ بەرهەمهێنانی یاسا، دەبێت وەڵامدەرەوەی خواستی جەماوەر و هەروەها زەمینەسازی بەڕێوەچوونی پرۆسەی حوکمڕانی بێت.

ئەدەبیاتی سیاسی دەربارەی پەرلەمان تەنها بۆ ئەوانە نییە کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە پەرلەمانەوە، بەڵکو بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگایە؛ چونکە یەکێک لە کارە هەرە سەرەکییەکانی دەزگای پەرلەمان نوێنەرایەتیکردنە، بۆیە هەبوونی مەعریفە لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەم دەزگایە کە نوێنەرایەتی دەکات، چییە، چ مێژوویەکی هەیە، چۆن لە جێگاکانی تر بە ڕێوە دەچێت، لەڕادەبەدەر گرنگە.

لە کاتێکدا کاری سەرەکیی پەرلەمان نوێنەرایەتیکردنە، بەڵام دەبێت لای ئەوانەی کە نوێنەرایەتییان دەکات، وێنایەکی ڕوون هەبێت، کە تەنها لە بوونی مەعریفەوە دێتە ئاراوە. بەبێ بوونی ئەم وێنا ڕوونە لای هاووڵاتی، پەیوەندیی نێوان نوێنەر و نوێنەرایەتیکراو ئەستەم دەبێت.

ئەم کتێبە بەشێکە لە پرۆژەیەکی گەورەتر، لێرەدا تەنها سێ بوار لە خۆی دەگرێت. بەشی یەکەمی ناساندنی پەرلەمانە وەک ناوەندێک کە دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنێت هەتا لە هێزەوە بگوێزینەوە بۆ ئارگومێنێت یان عەقڵ. بەم پێیە، حوکمڕانی لەسەر بنەمای عەقڵ و لەیەکگەیشتن و سازان و سوودی هەموان

یان زۆرینە. بەشی دووەم تەرخان کراوە بۆ بوودجە. بوودجە سەرەکیترین کاری پەرلەمانە لە ساڵێکدا. بوودجە تەنها بریتی نییە لە تێپەڕاندنی پرۆژەیاسایەک، بەڵکو کاری سەرتاپا ساڵە. بوودجە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دۆخی ئابووریی وڵات و هەروەها پرسی ئەوەی کێ چەند سوودمەند دەبێت و کێ چەند سوودمەند نابێت. بوودجە ئەو پرۆسەیەیە کە لە ڕێگای باج و خەرجییەکانەوە هاووڵاتیان پێکەوە گرێ دەدات. بۆیە بوودجە بنەمای پرۆسەی حوکمڕانییە و هەروەها کاری هەرە سەرەکیی پەرلەمان بووە لە مێژوودا.

بەشی سێیەم تەرخان کراوە بۆ دیپلۆماسیی پەرلەمانی. دیپلۆماسیی کوردی بە گشتی لاوازە، بە تایبەتی بە هۆی نەبوونی دەوڵەتەوە. دیپلۆماسیی پەرلەمانی دەرفەتێکە بۆ کورد تا لە ڕێگای دەزگاوە، بە چەندین شێوازی جیاواز، پەیوەندی لەگەڵ ناوەند و دەزگا پەرلەمانییەکانی دونیادا بونیاد بنێت. ئەمە لە سەردەمێکدایە کە پەیوەندی ئاسانە و هەتا دێت، خەم و کێشەکانی دونیا جیهانی دەبێتەوە. بوارەکانی وەک ژینگە، ئاسایش، تیرۆر، بازرگانی، جەنگ، وزە، هەموو هەتا دێت، دەبنە بواری جیهانی، لە هەمان کاتدا بوارە نۆرماتیڤەکانی وەک مافی مرۆڤ، مافی ئافرەت، مافی منداڵ، مافی ئاژەڵ، هەموویان ئاستێکی ستانداردی جیهانی وەردەگرن.

پەرلەمانی کوردستان وەک تاکە پەرلەمانی هەرێمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بنەما و ئەگەری ئەوەی هەیە کە بتوانێت لە بواری دیپلۆماسیدا ڕۆڵێکی کارا بگێڕێت: بە هۆی شەرعیبوون و نوێنەرایەتی و دیموکراسییەوە.

ئەم کتێبە تەنها بۆ خەڵکانی تایبەتمەند نەنووسراوە. هەرچەندە باس لە هەندێکی بواری تایبەت دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا، لە ناواخندا قسە لەسەر زۆر بوار دەکات کە خەمی گشتین، وەک دەزگا، سیستەم، حوکمڕانی، هێز، لەگەڵ چۆنێتیی بەڕێوەچوونی داهاتی وڵات.

# تەوەری یەکەم
# پەرلەمان چییە؟

# پێشەکی

ئامانجی ئەم نووسینە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە: ئایا پەرلەمان چییە؟ وەڵامدانەوەیەک کە بە شێوەیەکی ورد و چڕ و لە ئاستی جیاوازدا دەبێت. کاتێک لە چییەتیی دەسەڵاتێک، دەزگایەک، ناوەندێک دەپرسین، ئەوا لە مێژوودا، لە جوگرافیادا، لە کەلتوور و هەروەها لە چۆنێتیی کارکردن و کارنەکردنی ئەم دەزگایەدا بەدوای وەڵامدا دەگەڕێین. بەڵام بۆ ئەوەی دەزگایەک ببێتە بەشێک لە نەریتی کۆمەڵایەتی و وەک گومانلێنەکراوێک و نۆرمێک وەربگیرێت، دەبێت پرۆسەیەکی ئاگایی یان ئینتلێکچواڵی لە پشتیەوە بێت. هانا ئارێنت، وەک خانمە بیرمەندی ئەڵمانی-ئەمەریکی، لە کتێبی قەیرانی کۆماردا دەڵێت: نیوەی سیاسەت دروستکردنی وێنایە، ئیمەیج، نیوەکەی تری هەوڵدانە بۆ بڕواهێنانی خەڵکی بەو وێنایە. پرسی چییەتی پرسە لە کرۆک و ناوەڕۆک. پرسیارە دەربارەی ئەوەی کە چییە ئەوەی کە پەرلەمان لە دەسەڵات و مۆدێل و سیستەمەکانی تر جودا دەکاتەوە. لەم نووسینەدا پەرلەمان بە مانایەکی فراوان وەرگیراوە. پەرلەمان وەک دەزگایەک لە دونیادا. وەک مۆدێلێکی سەرەکیی حوکمڕانی، هەروەها وەک شێوازێکی پیادەکردنی دەسەڵات و پەیوەندیی نێوان خەڵک و حکومەت. ئامانجی ئێمە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە دەزگایەکی وەها لە دەرەوەی کەلتووری ئێمەوە هاتووە بۆ ناو کەلتووری دەسەڵات و سیاسیی ئێمە، وەک هەموو هاوردەیەک جۆرێک لە نامۆبوون و جیاوازی و تایبەتمەندیی هەیە. ئەمەش وا دەکات کە پرسی ناسینی، هەڵدانەوەی مێژوویی و قسەکردن لەسەر مۆدێلەکانی بەسوود بێت بۆ چۆنێتیی پیادەکردن و بەڕێوەبردنی ئەم دەزگایە.

سەربارى هەموو ئەمانە، ئامانجى ئەم نووسینە ئەوە نییە کە قسە لەو پاشخانە فراوانە بکات کە چۆن دەزگا و سیستەم و ڕژێم یان نیزام لە ناوەندێکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ناوەندێکی تر و لە ئەنجامدا چیی بەسەر دێت، چونکە ئەوە بوارێکی لەوە فراوانتر و ئاڵۆزترە کە بتوانرێت لە نووسینێکی وەهادا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە هەمان کاتدا بە ئامانجی دابینکردنی کەلتوور و ئاگایی و ڕۆشنبیرییەکە بۆ پەرلەمان. هەبوونی کەلتوور و ئاگایی و ڕۆشنبیری لە بنەما سەرەکییەکانی بەدەزگابوون و هەروەها دروستبوونی ڕایەکی گشتیی هەماهەنگن دەربارەی ئەم دەزگایە. گەرچی پەرلەمان بە کارەکانیدا هەڵدەسەنگێرێت، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی، هەبوونی تێگەیشتن و ئاگایی دەربارەی بونیاد و مێژووی بنەمای، پێویستن بۆ بونیادنانی مامەڵەیەکی واقیعییانە لەگەڵ ئەم دەزگایەدا.

لە هەمان کاتدا، لە دووتوێی ئەم کتێبەدا هەوڵی ئەوە دەدەین کە وەڵامی کۆمەڵە پرسیارێکی تر بدەینەوە کە بۆ تێگەیشتن لە پەرلەمان گرنگن، پرسیارگەلی وەک: بۆچی پەرلەمان هاتە ئاراوە، دۆخی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی چ ڕۆڵێکیان بینی؟ ئەم هۆکارە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییانە چیمان پێ دەڵێن دەربارەی پەرلەمان؟

بە تێگەیشتن لە پاشخانی دۆخی نێودەوڵەتی، ئەم کتێبە هەوڵ دەدات بەراوردێک بکات لە نێوان پەرلەمانەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات پاش ڕووخانی دیواری بەرلین و پەرلەمانی کوردستان، بە ئامانجی ئەوەی کە گرنگیی دۆخی نێودەوڵەتی وەدەربخات لە هاتنەئارای ئەم پەرلەمانانە و چاوەڕوانیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بە تایبەتی لایەنی براوەی جەنگی سارد، یان لە دۆخی کوردستاندا لایەنی براوەی جەنگی کەنداو، لە دەزگای پەرلەمان.

## مێژووی پەرلەمان

لێرەدا مەبەستمان لە مێژووی پەرلەمانە بە گشتی و بە تایبەتی مێژووی وێستمینیستەر.

سایمۆند دی-مۆنتفۆرت، لە ماوەی دەسەڵاتیدا، دوو جار لە پەرلەمان بوو. دووەم جاریان لە ئایاری ساڵی ١٢٦٥ لە وێستمینستەر بوو، ئەوە یەکەم جار بوو کە نوێنەری شارەکان و شارۆچکەکان لەگەڵ سوارچاکەکاندا ئامادە بن. ئەو سەردەمە سوارچاک یان نایت کەسانی تایبەتی خاوەن پلەوپایە بوون. ئامادەبوان بۆ باسکردنی بابەتێکی بایەخدار بۆ هەموو وڵات، کە بابەتی باج بوو، لەوێ بوون. ئەم پەرلەمانە بە پەرلەمانی سایمۆن دی-مۆنتفۆرت دەناسرێت. دەکرێت ئەم مێژووە حەوت سەدەییە بە سەرەتا و مێژووی پەرلەمان دابنرێت. بۆ زانیاریی زیاتر لەمەڕ پەرلەمانی سایمۆن، بنوارە سایتی فەرمیی «وێستمینسیتەر - پەرلەمانی بەریتانیا».

ئەم مێژووە چەند سەدەییە کەلتوورێکی تایبەتی بۆ پەرلەمان پێک هێناوە، نەک تەنها لە بەریتانیا، بەڵکو بەشێکی زۆری گۆی زەویی گرتووەتەوە، بە تایبەت کە بەریتانییەکان بۆ سەردەمانێکی زۆر داگیرکەری بەشێکی ئێجگار زۆری سەر گۆی زەوی بوون و لەو وڵاتانەدا کە تێیدا دەسەڵاتدار بوون، هەوڵیان دا دەزگای پەرلەمان و سیستەمی پەرلەمانی بچەسپێنن. پەرلەمان لە عێراق لە بیستەکانی سەدەی ڕابوردوو، لە لایەن بەریتانییەکانەوە دامەزرا. بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە ڕووی مێژوویی و بەراوردکارییەوە، بەئاگابوون لە مێژووی پەرلەمان لە عێراق و ناوچەکەدا زۆر پێویستە. ئەم کتێبە کار لەسەر ئەم بوارە ناکات، بەڵام لەمیانەی ئەم زنجیرەیەدا، بە پێویستی دەزانین کە خوێندنەوەیەک بۆ پەرلەمان بکەین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ چونکە پەرلەمان چەمکێکە لە

شوێن و ساتی تایبەتدا مانای تایبەتی هەیە.

پەرلەمان چەمکێکی سادە نییە، لە کاتێکدا کە دەزگایە، لە هەمان کاتدا جۆرێکە لە سیستەمی حوکمڕانی، بەڵام سەرباری ئەمانە، جۆرێکە لە ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان جیاوازەکان لە کۆمەڵگادا. ئەم نووسینە هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی چڕ و پوخت و خوێنراوە، ئەم چەمک و سیستەم و جۆری پەیوەندییە بخوێنێتەوە، بە مەبەستی دابینکردنی پاشخانێکی پڕ لە زانیاری کە خزمەت بە تۆکمەکردنی ئەم دەزگایە بکات.

## چەمکی پەرلەمان

تێگەیشتن لە چەمک، مانای تێگەیشتنە لە ئەو وێنا عەقڵییەی کە بەرهەمهێنی لایەنی ماددییە. لە ڕووی وشەسازی، ئیتمۆلۆژییەوە، وشەی پەرلەمان کە ئێستا لە زمانی ئینگلیزیدا بەکار دەهێنرێت و گوازراوەتەوە بۆ نێو زمانی کوردی، لە سەدەی چواردەدا لە ئەنگلۆ نۆرمانەکانەوە وەرگیراوە کە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ فەرەنسیی کۆنی سەدەی یانزە. لە فەرەنسیی کۆندا پارلەمێنت دەگەڕێتەوە بۆ پاغێغ یان پارلێر کە مانای قسەکردن دەدات. لە بنەڕەتدا وشەکە دەگەڕێتەوە سەر وشەی پارابۆڵی لاتینی کە جۆرێکە لە دەربڕینی تایبەت، کە وتنی شتێکە لە ڕێگای شتێکی ترەوە. فەرهەنگی ئیتمۆلۆجی لەم بارەوە زانیاریی وردترمان بەردەست دەخات. قسەکردن وەک شێوازی سەرەکیی حوکمکردن، دابڕان و وەرچەرخانە لە مۆدێلی حوکمکردن، لە هەمان کاتدا مۆدێلێکی تایبەت و ئاڵۆزە.

## تەنها وشە، نەک فیشەک

پەرلەمان وەک شوێنی قسەکردن، دەربڕین، وتن: خەسڵەتێکی تایبەتی پەرلەمانمان پیشان دەدات، کە قسەکردن و ئارگومێنتە لە

نێوان نوێنەری خەڵک و پارتە سیاسییەکان و هێزە جیاوازکانی ناو کۆمەڵگادا. سەرەتا، چەند خەسڵەتێکی تایبەت هەر زوو دەردەکەون، فرەیی، هاوتایی، پەیوەندیی نەرم، ئارگومێنت، هەروەها سازش. بۆیە قسەکردن لە ناو کایەی سیاسیدا نابێت وەک دیاردەیەکی هاکەزایی تەماشا بکرێت. ئەگەرچی ئەمڕۆ بە ئاگاداری و بەشداریی زیاتری چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، فشار بەردەوام زیاتر و زیاتر دەبێت بۆ کردار و ئەنجامدانی کار، نەک قسەکردن؛ بەڵام قسەکردن یان لە ڕاستیدا قسەکردن لەگەڵ یەکتر، سەرباری جیاوازی و بەرژەوەندی و لایەنی سیاسی، بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ بەڕێوەچوونی حوکم، دیاردەیەکی نوێیە لە ناو کایەی سیاسیی ئێمەدا، پێویستی بە هەڵوێستە و تێڕامانی زیاترە.

بۆ تێگەیشتن لە قسەکردن، پێویستە بە کاوەخۆیی بیر لە ئەم چەمک و دیاردەیە بکەینەوە. یەکەم خەسڵەتی قسەکردن یان قسەکردن لەگەڵ یەکتردا، لە هەناوی دەزگایەکی وەک پەرلەمان و سیستەمێکی پەرلەمانیدا، بە مانای ئەوە دێت کە جێگایەک هەیە، کە لە ڕێگای سیستەمێکی دیموکراسیی نوێنەرایەتیەوە، خەڵک نوێنەریان تێیدا هەیە کە بەسەر پارت و هێزی سیاسی جیاوازدا بەش بوون. کاری سەرەکیی ئەم نوێنەرانە لە ئەم جێگایەدا نوێنەرایەتیکردنی خەڵکە لەمیانەی بەڕێوەچوونی حوکمڕانی، لە ڕێگای قسەکردن لەگەڵ یەکتردا و گەیشتن بە سازان و ڕێککەوتن، پاشان داڕشتنی یاسا. یەکەم خەسڵەت کە لێرەدا دەردەکەوێت، ئەوەیە کە پرۆسەی حوکمڕانی و داڕشتنی یاسا، دوور لە توندوتیژی، دوور لە بەکارهێنانی هێز و دوور لە بەکارهێنانی فشاری ناعادیلانە بە ڕێوە دەچێت. ئەمە بنەمای وەرچەرخانێکی ئێجگار گەورەیە کە بە وەرچەرخانی پارادیمی یان وەرچەرخانی شێوازی ناوی دەبەین. مەبەستمان لە ئەم وەرچەرخانە ئەوەیە کە حوکمڕانیی جاران بە شێوازی سەپاندنی هێز و زاڵبوونی بەهێز و

گوێنەدان بە ئەوانیتر بە ڕێوە چووە، بەڵام لە هەناوی سیستەمی پەرلەمانیدا و لە ڕێگای کرانەوە بەرامبەر بە هەموان، ڕێگەدان بە هەموان، بە شێوازی ئارگومێنت بە ڕێوە دەچێت.

کەواتە حوکمی پەرلەمانی لە ڕێگای قسەکردنەوە، وەرچەرخانە لە حوکم لە ڕێگای هێزەوە بۆ حوکم لە ڕێگای ئارگومێنتەوە.

حوکمڕانیی ئارگومێنت پرۆسەی گۆڕینەوەی بیر و ڕا و ڕەخنەگرتن و گەیشتنە بە بنەمای هاوبەش لە ڕێگای ئەم میتۆدانەوە. هەموو ئەمانە لە خەسڵەتەکانی پەرلەمانن. ئەمانە هەموو لە ڕێگای قسەکردنەوە دەبن، نەک هێز یان فشار. پەرلەمان لێرەدا، لە هەناوی سیستەمی سیاسیدا خەسڵەتی تایبەتی خۆی وەردەگرێت. ئەم خەسڵەتە تایبەتە ئەوەیە کە پەرلەمان ڕاستەوخۆ حوکم ناکات. گەرچی چەمکی حکومەتی پەرلەمانی هەیە، بەڵام وەک جۆنەسان پێری ڕوونی دەکاتەوە، هەرگیز مەبەست لێی ئەوە نەبووە کە پەرلەمان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ حوکمڕانی بکات، بەڵکو دەزگایەکە لە هەناوی کۆدەزگاکانی حکومەتدا کە ڕۆڵی ئەوەیە حوکمڕانی لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکەرەوە بە ڕێوە بچێت.

ئامانجی قسەکردن و گۆڕینەوەی بیروڕا و دیبەت و ئارگومێنت، تەنها ئەوە نییە کە ئاڵوگۆڕ ڕوو بدات، بەڵکو لە هەمان کاتدا ئامانجی ئەوەیە کە بڕیاردان بۆ جێبەجێکردنی کاری حکومەت، نەک تەنها پێویستی بە ڕەزامەندی و دەرکردنی یاسایەکە، بەڵکو لە سەرووی هەموویەوە پێویستی بە عەقڵە. یان بە مانایەکی تر، هەموو کارێکی حکومەت، لە هەر بوارێکدا بێت، نابێت بە خێرایی و پەلە و بەبێ بیرکردنەوە و ئاڵوگۆڕ بە ڕێوە بچێت. چونکە بە سادەیی، کاری حکومەت هێندە گەورە و کاریگەرە، نابێت بە خێرایی و پەلە بە ڕێوە بچێت، چونکە بۆ ئەنجامدانی کاری حکومەت، دەبێت هەموو هەوڵێک بدرێت کە بە هەڵە نەچێت. لێرەدا هێندەی باش ئەنجامدان

گرنگە، خێرایی گرنگ نییە. کەواتە ئەگەر دەسەڵاتی جێبەجێکەر دەبێت لەمیانەی یاسادا دەسەڵاتەکانی بە ڕێوە بچێت، ئەوا یاسا لە پەرلەمان دەردەچێت، یان حکومەت پێویستی بە پەرلەمانە بۆ دەرکردنی یاسا، بەڵام لە سەردەمی ئەمڕۆدا، سەردەمی خێرایی، سەردەمی چاوەڕوانیی زۆر لە لایەن خەڵکەوە، ئاگاداریی زۆری دەربارەی دەسەڵات، ڕەنگە حکومەت پەلەی بێت، فشاری لەسەر بێت، بیەوێت کارەکان بە خێرایی بە ڕێ بکات، لەم پێناوەدا بڕیاری بەپەلە و هەنگاوی خێرا بنێت. بەڵام ئەرکی پەرلەمان ئەوەیە کە ئەم خێراییە خاو بکاتەوە، بیخاتە دیبەیتەوە، هەڵی بسەنگێنێت، ڕای ئەوانی تری لەسەر بزانێت، بیخاتە ژێر ڕەخنەوە. بۆ ئاگایی زیاتر لەمەڕ دیدەکەی جۆناسان پێری، بنواڕە:

Parry, Jonathan (2019) Educating the Utopians, The Oxford Handbook of Modern British Political History, 1800-2000, https://www.lrb.co.uk/v٤١/n٠٨/jonathan-parry/educating-the-utopians

ڕەنگە خێرایی و ئەنجامدانی کاروبارەکان خواستی زۆرینەی جەماوەر بێت. بەڵام ڕێگری لە بەهەڵەڕۆشتنی کارەکانی حکومەت، هەڵسەنگاندن و سازان لەسەری، بنەمای ئەوەیە کە لە شکست و هەڵە و سەرنەکەوتن و سەرنەگرتن دووری بخاتەوە.

وەک جۆناسان لە زاری گلادستۆنەوە دەڵێت، بەم شێوەیە، هەمیشە گەشە لە ئارادا دەبێت و هیچ هەنگاوێک بۆ دواوە نابێت. بەو مانایەی کە ئەرکی پەرلەمان لێرەدا عەقڵانیکردن و گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕ و زانینی ڕای ئەوانی تر و سازانە بۆ هەر هەنگاوێکی گرنگی حکومەت لەپێناو مسۆگەرکردن سەرکەوتن و پیادەکردنیدا. ئەمە بە تایبەتی کاتێک کە ڕەشنووسی یاساکان لە حکومەتەوە دێت؛ کە بە زۆری وەهایە.

ڕەنگە یەکەم ڕەخنە کە ئاڕاستەی ئەم دیدە بکرێت، ئەوە

بێت کە بۆ ئەوەی پەرلەمان بتوانێت ئەم کارە بکات، ئەوا دەبێت هەموو ئەندامەکانی خەڵکانێکی تەواو بەئاگا و ڕۆشنبیر بن. لە وەڵامی پرسیار و ڕەخنەیەکی وەهادا دەڵێین ئەوە تەنها ڕۆشنبیریی ئەندامەکان نییە کە ئەم پرۆسەیە مەیسەر دەکات، بەڵکو بوونی پرۆسەکەیە. دیارە پاشان دێینە سەر جۆرەکانی دەربڕین و گفتوگۆ لە نێو پەرلەماندا. بەڵام لێرەدا تەنها ئامانجمان جەختکردنەوەیە لەسەر ئەم ڕەهەندە، ئەویش هەبوونی دەرفەتی گۆڕینەوە و دیبەیت کە وا دەکات بڕیار باشتر بێت و ڕەزامەندیی زۆرینە بە دەست بهێنێت، لە سەرووی هەموویەوە، شەرعییەت بە دەست بهێنێت.

ئەم ڕەهەندی بەشداری و دەرفەتی دەربڕینە زەمینە دەسازێنێت بۆ ڕێگەگرتن لە شەڕ و شۆڕش. لەم ڕووەوە، پەرلەمان وەک دەزگایەکی کۆنزێرڤەتیڤ یان پارێزەر دەردەکەوێت. مەبەست لە پارێزەربوونی پەرلەمان ئەوەیە کە بە ئاگایی و لەسەرخۆ بەرەوە پێشەوە دەڕوات، ڕێگری لە هەر گۆڕانکارییەکی خێرا و ڕادیکاڵ و یۆتۆپیایی دەکات.

## نە شۆڕش، نە جەنگی ناوخۆ: پەرلەمان!

دەکرێت پەرلەمان، بە تایبەت لە فۆرمە بەریتانییەکەیدا، وەها ببینرێت کە بریتییە لە خۆپاراستن و خۆبەدوورگرتن لە دوو دیاردەی هەرە گرنگی سەدەی هەژدە و نۆزدە، ئەویش شۆڕش و جەنگی ناوخۆن. سەدەی هەژدە سەدەی شۆڕشی فەرەنسی و شەڕی ناوخۆی ئەمەریکی بوو. ئەم ئاگاییە بۆ چۆنێتیی خۆبەدوورگرتن لە شۆڕش و شەڕی ناوخۆ، خەسڵەتی هەرە گرنگی پەرلەمانە، کە دەتوانێت لە بەرامبەر ئەم دوو دیاردەیەدا ڕێگر بێت، دوو دیاردە کە تەنها تایبەت نین بە فەرەنسا و ئەمەریکا، بەڵکو تا ئاستێکی زۆر جیهانین، بە تایبەتی شەڕی ناوخۆ. پەرلەمانی کوردستان

ئەزموونی هەیە لەگەڵ شەڕی ناوخۆدا، دواتر بە وردی باسی دەکەین.

بەم پێیە، پەرلەمان ئەو جێگایەیە کە تێیدا نوێنەرانی خەڵک بیرورِا و دیدی جیاوازیان لەسەر چۆنێتیی بەڕێوەچوونی حکومەت دەگۆڕنەوە و لە ڕێگایەوە ڕێگر دەبن لە ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەکی خێرا و بەپەلە، کە ڕەنگە ببێتە هۆکاری پچڕان و شڵەژان. بەڵام لە هەمان کاتدا خاوکردنەوەی خێرایی، وەک خەسڵەتێکی پەرلەمانی، بە مانای ڕێگرییە لە شۆڕش. بەڵام پەرلەمان ڕێگای تری هەیە بۆ ڕێگریکردن لە شۆڕش کە پاشان دێینەوە سەری. بەڵام هەر تەنها ڕێگری نییە لە شۆڕش، بەڵکو لە هەمان کاتدا ڕێگرییە لە پێکدادان و جەنگی ناوخۆ. بەم پێیە، پەرلەمان شوێنی هەناسەدانە، شوێنی بەشداریی پێکهاتەی جیاوازی ناو کۆمەڵگایە، جێگای چڕبوونەوە و پێکەوەگرێدانی پێکهاتە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگایە. واڵتەر بێگۆت کە نووسەری کتێبی ناسراوی دەستووری ئینگلیزییە لە ساڵی ١٨٦٧، خاوەنی هەمان دیدە. لە هەمان ڕوانگەوە، بیرمەندی و سیاسەتمەداری بەریتانی، ئیدمۆند بێرک، خاوەنی هەمان دیدە کە بڕوای وەهابوو ئەگەر فەڕەنسا پەرلەمانی هەبوایە، ئەوا شۆڕشی فەڕەنسی ڕووی نەدەدا. دیارە جێگەی باسە کە شۆڕشی فەڕەنسی بۆ ئەو، وەک لە کتێبی ڕامان لە شۆڕشی فەڕەنسیدا دەردەکەوێت، دیاردەیەکی بەربەری بووە.

## سیاسەتی شۆڕش و شەڕی ناوخۆ

شۆڕش چەمکێکی ناڕوونە، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە فەرمی خاوەن چەندین شۆڕشە، بەڵام لە واقیعدا خاوەن هیچ شۆڕشێک نییە. شۆڕش بە گشتی وەک چەمکێکی پۆزەتیڤ و باش دەبینرێت. شۆڕش بە مانای

بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی بۆ زاڵبوون بەسەر سیستەمێکدا و جێگرتنەوەی بە سیستەمێکی تری تەواو جیاواز. بەم پێیە، شۆڕش پرۆسەیە بۆ گۆڕانکاریی خێرا لە ڕێگای هێزەوە، بۆ چەسپاندنی خواستێک یان وێنایەکی تایبەت و جیاواز بۆ کۆمەڵگا. شۆڕش لە هەمان کاتدا بە مانای زاڵبوون بەسەر ڕابوردوودا دێت. لەم ڕوانگەیەوە، وەها دەبینرێت کە هاومانای مۆدێرنە بێت. شۆڕش بە گشتی چەمکێکی چەپە، کە دەگەڕێتەوە بۆ بیرمەندی چەپ، کارل مارکس. لە پەیوەست بە ئەم بوارەوە، دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ دەقی هەژدەی برومێری لویی بۆناپارت کە تێیدا مارکس پەرلەمان بە جۆرێک لە سادەیی و خۆشباوەڕی لە قەڵەم دەدات؛ چونکە بە ڕای ئەو، ڕیفرۆم یان چاکسازی بە هیچ شێوەیەک هەنگاو بە هەنگاو نایەتە ئاراوە، بەڵکو پێویستی بە هەڵگێڕانەوەی سەرتاپا سیستەمەکەیە.

خیتابی شۆڕشگێڕی لە دونیای کوردیدا، لە ماوەی چەند دەیەی ڕابوردوودا بەشێکی سەرەکی بووە لە خەباتی کوردی. بەڵام شۆڕش مانایەکی تایبەتی هەیە لە دونیا و دۆخی کوردیدا. شۆڕشی کوردی لە باشوور زیاتر یاخیبوونی کورد بووە لە دەسەڵاتی ناوەندی. پرسی کورد لە باشوور، لە سەرەتای دروستبوونی عێراقەوە، پرسێکی پێکەوەلکاندنی بە زۆری دوو یەکەی جیاواز بووە. ئەم پرسە هەتا ئەمڕۆش نەگەشتووەتە دۆخێکی سەقامگیر و مرۆڤانە. لێرەدا شۆڕش مانای شۆڕش بووە لە بەرامبەر ناوەند، بەڵام سەرباری ئەمە، لە هەناوی سیاسەتی کوردیدا خیتابی شۆڕش ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە کە خۆی لە پشتبەستن بە هێز، توندوتیژی، شەڕ، پێکەوەهەڵنەکردن، دروستنەکردنی هاوپەیمانیدا دەبینێتەوە. دەتوانین بڵێین کە خیتاب و عەقڵییەتی شۆڕشگێڕی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی شەڕی ناوخۆی کوردی.

وەک دەزانین، هەموو هیزە کوردییەکان، هەموو حیزبە کوردییەکان لە ئاستی خیتاب و پەیوەندی بە دونیاوە، پەیوەندییەکی شۆڕشییانەیە. پەیوەندیی شۆڕشی بە مانای ئەوە دێت کە بڕوا بە هیچ پارت و لایەنێکی تر ناکات، گومانێکی هەمیشەیی لە لایەنەکی تر هەیە؛ دۆخی خوازراو، ئەوەی هەر حیزبێکی کوردی خەونی پێوە دەبینێت، ئەوەیە کە بەسەر پارتەکەی تردا زاڵ ببێت. ئەمە چەندێک لە ئارەزووی باڵابوون و نەمانی ڕێگرییەوە دێت، لە هەمان کاتدا لە ترس و بێبڕواییەوە بەرامبەر لایەنەکانی تر دێت. ئەم هەموو خەسڵەتانە لە کەلتووری شۆڕشەوە دێن. شۆڕش بە مانای ڕادیکاڵ، زاڵبوون، مافی لەناوبردنی ئەوانیتر و بەڕێگربینینی ئەوانی تر. بەڵام ئەمە لە کوردستان بۆ هیچ پارتێکی سیاسی ئاسان نەبووە، بۆیە دوو ڕێگا هەبووە، ڕێگای پێکەوەبوون یان ڕێگای شەڕ. لە شاخ و پاشان لە شاریش، شەڕ مۆدێلی زاڵ بووە.

دیارە کە شەڕ یان پەیوەندیی شەڕ، بە تایبەتی لە دیدی شۆڕشگێڕییەوە، جۆرێک لە پەیوەندی و مێژوو و یادەوەری دروست دەکات کە ناتوانرێت بە ئاسانی بەسەریدا زاڵ بیت. پێکەوەگرێدانی باوەڕ و یادەوەری و مێژو و ترس جۆرێک لە باوەڕ دروست دەکەن کە بە ئاسانی ناگۆڕێت. ئەمە لە ڕاستیدا دەزگایە. دەتوانین ناوی بنێین دەزگای شۆڕش. ئەم دەزگای شۆڕشە ڕەفتار و دونیابینی و مامەڵە و سیاسەت بەرهەم دەهێنێت، کە لە ئەنجامدا ئابووری و دۆخی کۆمەڵایەتی و ژیاریی خەڵکی لە قاڵب دەدات.

کاتێک شۆڕش دەگۆڕێت بۆ شەڕی ناوخۆ، ئەوا چیدی سیاسەت نامێنێت. گەر ڕەگی شەڕی ناوخۆ لە دونیابینیی شۆڕشگێڕیدا بێت، ئەوا شەڕی ناوخۆ، بە تایبەتی کاتێک هیچ لایەک تێیدا براوە نابێت، خێرا دەگوێزرێتەوە بۆ سەرجەم بوارەکانی ژیان؛ شەڕی ناوخۆی کوردی هەرگیز براوەی تێدا نابێت، چونکە هەمیشە هێزە دەرەکییەکان بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئیدارەی دەدەن.

ئەم ململانێ فرەئاستە ناکۆتاییە دەبێتە هۆیەک بۆ بەفیڕۆچوونی سامانی نیشتمانی، چ لە ئاستی ماددی و چ لە ئاستی مرۆییدا. ڕێگە نادات هەرگیز پەیوەندییەکی مرۆیی و هاووڵاتییانە لە نێوان خەڵکدا دروست بێت، بەڵکو هەموو بوارێک پەرت دەکات و ترس و گومان و کینە دەکاتە بنەمای هەموو جۆرە پەیوەندییەک. لێرەدا یەکەم قوربانی باوەڕە (ثقة). هەر کۆمەڵگایەک باوەڕ تێیدا لاواز بێت، ئەستەمە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە گەشە بکات. ژاپۆن نموونەی ئەو وڵاتەیە کە باوەڕکردن بە یەکتر لە ئاستێکی باڵادایە و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو وڵاتانەن کە باوەڕکردن بە یەکتر لە نێوان تاکەکاندا نییە، بۆیە ئەو هەموو وزەیە بە فیڕۆ دەچێت.

## پەرلەمان وەک دەرمانی زاڵبوون بەسەر شەڕی ناوخۆدا

هۆکارەکانی شەڕی ناوخۆ لە ساتی سەرهەڵدانیدا جیاوازە لە هۆکارەکانی درێژەپێدانی و ئەگەری سەرهەڵدانەوەی. بە گشتی، شەڕی ناوخۆی کوردی دوو سەرەتای هەیە، سەرەتایەک لە شاخ و سەرەتایەک لە شار. بە دڵنیاییەوە هەردوو سەرەتاکە تێکهەڵکێشن. لە بوونی شەڕی ناوخۆی شاخدا، شەڕی ناوخۆی شار خێرا ئەدەبیات و یادەوەری و زمانی تایبەت و ئەکتەرەکانی زیندوو دەکاتەوە. لە بوونی شەڕی ناوخۆی شاخدا، شەڕی ناوخۆی شار، گەرچی وەک میتۆد و ئامانج و گۆڕەپان و جۆر جیاوازە، بەڵام وەک ئاگایی و مامەڵەکردن و ئاساییبوونی یان ئاساییبوونەبوونی، پێکەوە پەیوەستن. پێکدادان هەرگیز یەکەم هەنگاوی شەڕ نییە؛ لە سەرەتادا، شەڕ لە زمان و بەرژەوەندی و ئاسایش و ترس و هەروەها جیۆپۆلەتیکەوە دێت، پاشان تەرجەمە دەبێت بۆ پێکدادان.

کاتێک شەڕ بەرپا دەبێت، یان لە دونیایەکدا کە شەڕی ناوخۆ تێیدا ڕووی داوە، ئەوا پەرتبوون و جودایی و نەیاری و ترس و

باوەڕنەکردن بە یەکتر دەبنە بنەمای سیاسەتکردن. ئەم خەسڵەتانە خۆیان خۆیان نۆژەن دەکەنەوە و درێژە بە خۆیان دەدەن، بەوەی ئابووریی تایبەت بە خۆیان بەرهەم دەهێنن. ئابووریی جەنگ، ئابووریی باڵای جەنگی ناوخۆیە کە تێیدا نەک هەر لایەنەکانی بەرامبەر یەکتر، بەڵکو چەندین لایەنی تری ناوەکی و دەرەکی ڕۆڵی تێدا دەبینن. لە شەڕی ناوخۆی لوبنانیدا بە ڕوونی ئەمە دەبینین. شەڕی ناوخۆ، بە زمانێکی جیۆپۆلەتیکی، کێشانی سنووری جۆراوجۆرە لە نێوان خەڵکانێکدا کە هاوبەشی زۆریان لە نێواندایە. پاشان شەڕ دەزگا و نەریتی تایبەتی خۆی بەرهەم دەهێنێت. دەڵێن بۆ ئەوەی یەکێتی و پارتی بەریەک نەکەون و شەڕ نەکەن، مادلین ئۆلبرایت بۆ هەردوو لای پێشنیاز

کە هەر کەس لە ناوچەی قەڵەمڕەوی خۆی حوکم بکات. ئەم لێکدابڕانە، کە لە خەیاڵی ئەمەریکییەکاندا وەک جۆرێک زاڵبوون بەسەر بەریەککەوتن و کۆتایی شەڕ پێشنیاز کراوە، پاشان دەبێتە دەزگا و نەریت و بونیاد.

پەرلەمان ئەم سنوورە یادەوەری و ئاگایی و ئابووری و پڕ لە خوێنە دەبەزێنێت. خەڵکی جیاواز لە یەک پانتاییدا کۆ دەکاتەوە. کاتێک لە جێگایەکی تردا ئاماژەمان بۆ کرد کە ئامانجی ئەمەریکییەکان لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن و پەرلەمان لە سەرەتادا بۆ ئەوە بووە هەتا لە ڕێگایەوە نوخبەی حاکم بێتە ئاراوە، ئەوا دروستبوونی نوخبە لە پەرلەماندا کاری پێکەوەیی و هەماهەنگی و گۆڕینەوە دەکەن. بەردەوامیی ئەمە لە ئەنجامدا کۆتایی بە ئەو دابڕانە دەهێنێت کە جەنگی ناوخۆ دروستی کردووە. بوارێک کە لەم ڕووەوە پەرلەمانی کوردستان کەمیی هەیە، نەبوونی هیچ پانتاییەکی نافەرمییە لە پەرلەماندا بۆ تێکەڵبوون و نزیکبوونەوەی ئەندامەکان لە کاتی پشوو و دوور لە ململانێ. هەبوونی کافێیەکی باش سوودی زۆری دەبێت لە ڕووی دەزگایی و مامەڵە نەک

تەنها بۆ ئەندامان لە نێو خۆیاندا، بەڵکو بۆ دیداری ئەندام و خەڵک، هەروەها ئەندام پەرلەمان و خەڵکی دیپلۆمات و شارەزا. بوونی پانتاییەکی نافەرمی بەشێکی سەرەکیی زۆر لە پەرلەمانەکانی دونیایە کە تێیدا خەڵکی دەبینن بەبێ ئەوەی کێشەی فەرمیتییان بۆ دروست بێت.

## قەیرانی هاوردەیی

پەرلەمان، ئەو مۆدێلەی کە ئەمڕۆ لە دونیادا بڵاوە، لە ڕۆژئاوا گەشەی کردووە. گەرچی ڕەنگە لە کۆمەڵگاکانی تردا جۆرێک لە جۆرەکانی مۆدێلی پەرلەمان هەبووبێت، وەک شوورا، بەڵام بەو جۆرەی مۆدێلی ڕۆژئاوا گەشەی نەکردووە. بۆیە پەرلەمان وەک ناوەند و مۆدێل و شێوازی پیادەکردن، دەزگایەکی ڕۆژئاواییە و بە هۆکاری جیاواز و لە ساتەوەختی جیاوازدا بە دونیادا بڵاو بووەتەوە. بۆ کورد دوو ساتەوەخت هەیە: یەکەمیان ساتەوەختی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی لە بیستەکانی سەدەی ڕابوردوودا، کە نوێنەر یان مەندووبی کورد تێیدا بەشدار بوون؛ مۆدێلی دووەم، سەرەتای نەوەدەکانە پاش تەواوبوونی شەڕی سارد. ئەزموونی یەکەم هێندە کاریگەریی نەبوو لەسەر ئەزموونی دووەم، چونکە یەکەم، ئەزموونی یەکەم نەچەسپا؛ دووەم، نەک تەنها لە ڕووی کاتەوە، بەڵکو لە ڕووی جوگرافی و کەلتوورییشەوە لە کوردەوە دوور بوو؛ سێیەم، پەرلەمانی ئەو سەردەمە دەزگایەکی هەتا بڵێی دەستەبژێر و دابڕاو بووە لە زۆرینەی خەڵکی؛ چوارەم، خەڵک لەو سەردەمەدا لە ڕووی ئاگایی سیاسی و شاریبوونەوە زۆر لە پاش خەڵکی ئەمڕۆوە بوون. بەم پێیە، هاوردەیی پەرلەمان تەنها وەک مۆدێل و کارکردن نییە، بەڵکو ساتەوەختی لەدایکبوونیشی ساتەوەختێکی دەرەکییە و لە هەردوو مۆدێلەکەدا ڕۆژئاواییە. لێرەدا جێگای خۆیەتی ئێستێک لەسەر هاوردەیی بکەین وەک

خەسڵەتێکی سەرەکیی ئەم دەزگایە و دیارە بێگومان زۆربەی زۆری دەزگا و ناوەندەکانی تری سیستەمی حوکمڕانی لە دونیای ئێمەدا.

مەبەستم لە هاوردە ئەوەیە کە لە دەرەوە هێنراوە بۆ هەناوی کۆمەڵگای ئێمە. هەرچەندە پەرلەمان و زۆربەی بنەماکانی حوکمڕانی دەرەکین یان لە دونیای مۆدێرنەوە هێنراون بۆ دونیای ئێمە، بەڵام، ئەوەی ئێمە زیاتر وەک دەرەکی بیری لێ دەکەینەوە، دەزگاکان نین هێندەی ئەوەی کە ئامرازەکانن. ئامرازەکان دونیای ئێمەیان تەنیوە، بەکاربردنیان ئاسانە و خەسڵەتێکی بەکاربەری یان بەرخۆرییان هەیە. بەو مانایەی پێویست بەوە ناکات کە ئێمە ڕەفتار و بەها و هەڵسوکەتمان بۆ ئامرازەکان بگۆڕین یان هێندە بیر لە بەکارهێنانیان بکەینەوە. لە هەمان کاتدا، ئامرازەکان دەبنە موڵکی ئێمە. بەڵام دەزگا بە گشتی جیاوازە. دەزگا ڕەفتار و خەسڵەتمان دەگۆڕێت؛ یان بۆ سەرکەوتنی، دەبێت ڕەفتار و خەسڵەتمان بگۆڕین. کارکردنی دەزگا جیاوازە لە ئامراز. دەزگا پەیوەست دەبێت بە کەلتوور و ڕەفتار و چۆنێتیی تێگەیشتن و ئاستی تێگەیشتن و ئەخلاق و زۆری بواری ترمانەوە. بەڵام ئامراز ئەم خەسڵەتانەی نییە، یان بە جۆری دەزگا نییە. بۆیە دەزگا تەکنەلۆجیا نییە بە مانا زەقەکەی تەکنەلۆجیا. زۆر جار تووشی گرفتی گەورە دەبین کاتێک وەها بیر دەکەینەوە کە دەزگا جۆرێک لە تەکنەلۆجیا بێت، وەک ئامێرێک وەها بێت کە خەڵکی بۆ دابین دەکەیت و دەیخەیتە گەڕ و ئیتر دەبێت وەک موەلیدە بکەوێتە کار. بەڵام هەر زوو بۆمان دەردەکەوێت کە وەها نییە. یان لە ڕاستیدا بۆمان دەرناکەوێت، بەڵام هەست دەکەین کە وەها نییە، بەڵام نازانین چی بکەین، یان بۆ وەها نییە. دیارە لە هەناوی هەموو دەزگایەکدا تەکنەلۆجیا هەیە، تەکنەلۆجیا بە مانا فراوانەکەی. بێگومان پەرلەمان تەکنەلۆجیایە. بەڵام کاتێک ئێمە وەک ئامێر یان

تەنها وەک دەزگایەک بیر لە دەزگایەکی وەک پەرلەمان دەکەینەوە، ئەوا هیچ کاتێک هەست ناکەین کە بیر لەوە بکەینەوە ئایا ڕەگ و ڕێڕەوی گەشە و مۆدێل و چۆنێتیی ئیشکردن و ئیشنەکردنی ئەم دەزگایە چۆنە؟ ئەوەی ڕێگرە لە بیرکردنەوەمان بەم جۆرە، بیرکردنەوەمانە لە دەزگا وەک ئامێر. چ پێویست دەکات بزانین بی ئێم دەبلیو یانی چی، کێ دروستی کردووە و چۆن دیزاین کراوە. ئەوەی گرنگە بیزانین، ئەوەیە کە چۆن ئیش دەکات و چۆن دەڕوات و چەند کەشخەیە و لێخوڕینی چەند خۆشە.

دەکرێت جیاوازیی ئۆتۆمبیلێک لەگەڵ دەزگایەکدا ئەوە بێت کە چ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان ئامێرێک و ئێمەدا لەگەڵ دەزگایەک و ئێمەدا هەیە. بە مانایەکی تر، بۆچی ئێمە وەک هەر کەسێکی تر دەتوانین ئۆتۆمبیل لێ بخوڕین، بەڵام ناتوانین وەک ئەوانی تر پەرلەمان یان زانکۆ، یان هەر دەزگایەکی تر بیرۆکراتیمان هەبێت. ڕەنگە وەڵامەکە لەوەدا بێت کە بۆ بەڕێوەبردنی ئامێرێک، پێویستمان بە ڕۆڵی خۆمان نییە بۆ بەڕێوەبردنی؛ لە لێخوڕینی ماشێنێکدا، هەموو مرۆڤەکان کەم و زیاد هەمان ڕۆڵ و شێواز دەبینین، بەڵام ئەمە بۆ دەزگایەک وەها نییە. بۆ ئەوەی دەزگایەک بە ڕێوە ببەین، دەبێت خۆمان بە هەست و سۆز و ئاگایی و دید و بەرژەوەندی و پەیوەندییەکانمانەوە تێیدا تێکەڵ بین. جا بۆیە هەرگیز ئەو دەزگا هاوردەیە وەک خۆی نامێنێتەوە، بەڵکو لە سایەی ئاگایی و باری دەروونی و ئاڵۆزییەکانی کەلتووری ئێمەدا بەرهەم دێتەوە. کە دەڵێین پەرلەمان دەزگایە، کەواتە تەنها بیرۆکراسی نییە، ڕێکخراوێک نییە، ناوەندێک نییە، بەڵکو دەزگایە و دەزگا لە هەموو ئەمانە فراوانتر و ئاڵۆزترە. بۆ ئەوەی دەزگایەک بە رێوە بچێت، پێویستی بە بیرۆکراسییە، پێویستی بە بوونی ڕێکخراوە، هەروەها پێویستی بە هەیبەت و کەسایەتی و زمان و نەریتی خۆیەتی.

## چییەتی دەزگا

لێرەدا پێویستە ئەم خاڵە بە باشی ڕوون بکەینەوە کە دەزگا، وەک ئەوەی هەتا ئەمڕۆ لە دونیای کوردیدا باسی دەکرێت، جۆرێکە لە هەڵەتێگەیشتن بەرامبەر ئەم چەمکە. تێکەڵییەک لە نێوان دەزگا و بیرۆکراسیدا هەیە. بیرۆکراسی چۆنێتیی مەبەست لە چۆنێتیی بەڕێوەچوون ئەوەیە کە چۆن دەزگایەک یان ڕێکخراوێک بە ڕێوە دەچێت، ئیدارە دەدەرێت و هەڵدەسووڕێت. دەزگا چۆنێتی نییە، بەڵکو ڕێسای پرۆسەکەیە. بیروکرات زیاتر لە ئامێرەوە نزیکە. بیروکرات وەک ماکس ڤیبەر باسی دەکات، یەکەم، ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەیە؛ دووەم، هەر کەسێک لە پۆستێکدایە، ئەوا پۆستەکەی پێگەکەی بۆ دابین دەکات؛ سێیەم، خەسڵەتی بیرۆکراسی، پلەبەندی و هایرارکییەتیە.

دەزگا بریتییە لە پەیوەندی، چۆن پەرلەمان دەبینرێت، پەیوەندیی پێوە دەکرێت، پیادە دەکرێت. ئەگەر ئەرکی پەرلەمان یاسادارشتنە، ئەوا یاسا چۆن بەرهەم دەهێنرێت و چۆن پیادە دەکرێت و خەڵکی چ جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا هەیە.

ماکس ڤیبەر، کۆمەڵناسی ئەڵمانیی بەناوبانگ، بەهیوا بوو کە کەسەکان بتوانن دونیای تایبەتی خۆیان لەمیانەی بەڕێوەبردنی کاری بیرۆکراتییاندا بە دوور بگرن و وەک ئامێرێک کار بکەن، کە هەڵسوکەوت و ڕێپێدراوی و ڕێپێنەدراویی بەپێی یاسا و ڕێسا دیاری کراوە. بەڵام ئەمە وەها دەرنەچوو، بە تایبەت لە کەلتوورەکانی دەرەوەی ڕۆژئاوادا. لێرەوەیە کە دەزگا ناتوانێت وەک بیرۆکراسی عەقڵانی بێت، بێلایەن بێت و ئامێرئاسا بێت.

بۆیە دەزگاناسان لە دونیادا باس لە دوو جۆر لە دەزگا دەکەن، دەزگای فەرمی، فۆرماڵ، لەگەڵ دەزگای نافەرمی. کەواتە

یەکەم شت کە دەبێت لەبارەی دەزگاوە بیزانین، یان یەکەم هەڵە کە هەتا ئەمڕۆ لەبارەی دەزگاوە کردوومانە، ئەوەیە کە وەک ئینیستیتۆیەکی مرۆیی بیرمان لێ نەکردووەتەوە. ئەمە بەو مانایەیە، کە دەزگا بریتی نییە لە شوێن یان ناوەند، یان ڕێکخراو یان باڵەخانە، بەڵکو دەزگا بریتییە لە کۆی ئەو ڕەفتار و بیر و چالاکییانە دەربارەی بوارێک هەمانە. کەواتە دەزگا لە هەناوی ئێمەدایە. دەزگا باوەڕە، ڕەفتارە، هەڵسوکەوتە، چالاکییە، ڕێزە.

بەڵام ئەم ڕەفتار و هەڵسوکەوت و چالاکی و ڕێزە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت و چۆن بەرهەم دێت؟ کەواتە، ناکرێ بڵێین کە دەزگا تەنها بریتییە لە ڕەفتار و چالاکی و هەڵسوکەوت و ڕێز، چونکە لە بنەمادا، ئەم چالاکی و ڕێز و ڕەفتار و هەڵسوکەوتانە دەرئەنجامن. بۆ ئەوەی مرۆڤ ڕەفتارێکی تایبەت، چالاکییەکی تایبەت و هەڵسوکەوتێکی تایبەت بنوێنێت، ئەوا دەبێت پرۆسەیەک هەبێت کە سەرەتا لە پێداویستیبوونی ئەو ڕەفتارەوە دەست پێ دەکات، پاشان لە بەیاساییکردنی ئەو پێداویستییەوە، ئینجا پاڵپشتکردنی بە هێز و سزا، لەپێناو پیادەکردن و لانەدان لێی، هەتا لەمیانەی کات و پەیڕەو و پیادەکردن و دووبارەکردنەوەدا دەبێتە بەشێک لە خۆی مرۆڤەکان. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پرۆسەیە، وەها باشترە لە زمانە ئینگلیزییەکەوە هەردوو وشەی نۆرم یان نۆرماڵ و ئەبنۆرماڵ، یان ئاسایی و نائاسایی وەربگرین. نۆرم دواقۆناغی یاسایە. کاتێک یاسایەک دەبێت بە نۆرم، ئەوا لەگەڵ خۆیدا سنووررێژی دەکات بۆ ئەوەی کە چی ئەبنۆرماڵ یان نائاساییە. بە گشتی، مرۆڤەکانیش دەیانەوێت نۆرم جێبەجێ بکەن هەتا نۆرماڵ بن. پرۆسەی بەرهەمهێنانی نۆرم بریتییە لە پرۆسەی پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵگا. لەمیانەی ئەم پرۆسەیەدا دەزگا ئەو نۆرم و یاسا و ڕێنماییانە بەرهەم دەهێنێت کە هاوکاریی تاک دەکات هەتا لە ناو کەلتووری کۆمەڵگادا بژی؛ لە هەمان کاتدا،

کۆمەڵگا ڕێک دەخات هەتا بوار بە تاک بدات ژیان و ژیاری خۆی بژی. لەمیانەی ئەم پرۆسەیەدا، پێداویستییە جوراوجۆرەکانی تاک و کۆمەڵگا دابین دەکرێت. بۆ نموونە، تاکێک بۆ ئەوەی بژی، ناتوانێت بە تەنها هەموو پێداویستییەکانی خۆی دابین بکات، بۆیە لە ئەنجامدا پێداویستی و گۆڕینەوە و هەماهەنگی و کێبڕکێ دێنە ئاراوە، ئەگەر ئەمانە ڕێک نەخرێن و ئاڕاستە نەکرێن، ئەوا لە ئەنجامدا پشێوی دێتە ئاراوە. بەم پێیە، دەزگا ئەو پێکهاتەیەیە کە هاوکاریی تاک دەکات هەتا بتوانێت وەک تاکێک لە نێو کۆمەڵگادا بژی.

## فەرمی و نافەرمی

پەرلەمان جێگای پیادەکردنی جۆرێک لە سیستەمی حوکمڕانییە کە پێی دەوترێت سیستەمی پەرلەمانی. کرۆکی سیستەمی پەرلەمانی نوێنەرایەتییە. نوێنەرایەتی خۆی دەرئەنجامی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، کە سیستەمی هەڵبژاردن، پارتی سیاسی، بانگەشە، کێبرکێی تاکەکان کە نوێنەریی خۆیان و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، لە ئەنجامدا بەنوێنەربوون و ئەنجامدانی کاری نوێنەرایەتی. هەموو ئەمانە بەشێکن لە بەڕێوەچوونی بەشێک لە کاری پەرلەمانی. کاتێک پەرلەمان وەک دەزگایەک ناوزەد دەکەین، ئەوا دەبێتە ئەو ناوەندەی کە خواستی خەڵک لە ڕێگای نوێنەرایەتییەوە تەرجەمە دەکات بۆ سیستەمی حوکمڕانی. بەم پێیە، پەرلەمان بەشێکە لە ژیانی تاکەکەسەکان، لە کۆمەڵگا، لە بەڕێوەچوونی چۆنێتیی دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاسایشی و ئابوورییەکان، لەگەڵ بەشداریکردن لە فەراهەمکردنی سیستەمی حوکمڕانی.

ئەمەشە وەها دەکات، هیچ پەرلەمانێک لە دونیادا لە هیچ پەرلەمانێکی تر ناچێت، چونکە هەموو پەرلەمانێک ڕەنگدانەوەی

ڕاستەوخۆی کەلتوور و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکەیەتی. بەڵام لایەنێکی تری گرنگی پەرلەمان ئەوەیە کە وەک بەشێک لە حوکمڕانی تەنها لەمیانەی بەڕێوەچوون و پیادەکردن و دووبارەکردنەوە و کاتدا بەرجەستە دەبێت. بۆیە پەرلەمان دەزگایەکی کراوەیە، هەرگیز ناگاتە کامڵبوون، چونکە کۆمەڵگا بەردەوام لە گۆڕین و گەشە و گۆڕانکاریدایە. بەڵام لەمیانەی کاتدا، بە کەڵەکەکردنی ئەزموونی زیاتر، یاسا و بڕیاری زیاتر، پیادەکردن، بەرهەمهێنانی ئاگایی، وەها دەکات کە ئەم دەزگایە دەوڵەمەند و بەئەزموونتر و باشتر بێت.

وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، دەزگا، بە تایبەت لە دونیای دەرەوەی ڕۆژئاوا، فەرمی و نافەرمیی هەیە، بە هەمان شێوە پەرلەمانیش. دەزگای ئەو ڕێسایانە دادەڕێژێت کە چۆن سیاسەت و ئابووری و بواری کۆمەڵایەتی و لە سەرووی هەموویەوە حوکمڕانی بە ڕێوە بچێت. هەروەها چۆن یاریکەرەکانی ئەم بوارە بتوانن یارییەکانیان بکەن. بەڵام بەدەر لەم ڕێسایانە، ڕێسای تر دێنە ئاراوە کە بە ڕێسای نافەرمی دەناسرێن. لێرەدا دەکرێت بە نموونەیەک ڕوونی بکەینەوە. بۆ نموونە، ئەندام پەرلەمان، کە ئەندامی حیزب و فراکسیۆن و لیژنەیە، دەکرێت لەم ناوەندانەدا بجووڵێت، ئەم ناوەندانە لە کاتێکدا دەرفەتی پێ دەدەن، لە هەمان کاتیشدا سنووری بۆ دادەڕێژن. بەڵام ئەگەر هاتوو دوو ئەندام پەرلەمانی دوو پارتی سیاسیی جیاواز هاوڕێ بن یان لەمیانەی کاری پەرلەمانیاندا ببنە هاوڕێ، یان چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوانیاندا دروست بێت، لە ئەنجامدا وەها بکات کە لە کارەکانیدا هاریکاری و پشتیوانیی یەکتر بکەن، لە پێشنیازکردن و دەرچواندنی یاسا لە بواری تایبەتدا، ئەوا ئەم پەیوەندییە تێکەڵەیەکە لە فەرمی و نافەرمی.

دەزگا فەرمییەکان بە شێوەیەکی کراوە کۆتوبەند کراون، بە

جۆرێک، کە بە کەناڵی فەرمیدا پەیوەندی دەکەن. بەڵام دەزگای نافەرمی ئەو ڕێسا هاوبەشانەن، کە بە گشتی نەنووسراون، کە لە دەرەوەی کەناڵە فەرمییەکانەوە بەرهەم دەهێنرێت و دەگوێزرێتەوە و پیادە دەکرێت، وەک دەزگاناسی گەورە دۆگلاس نۆرس باسی دەکات.

North D. 1997, The Contribution of the New Institutional Economics to an Understanding of theTransition Problem

## ئایا دەزگا چۆن دێتە بوون؟

کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات دەزگای مۆدێرنیان نییە. جیاوازیی دەزگای مۆدێرن لەگەڵ دەزگای تەقلیدیدا ئەوەیە کە بەرفراوانترە، ئاڵۆزترە، هەروەها بەڕێوەچوونی لەسەر بنەمای جیاوازە. بەڵام هاوبەشیی نێوان دەزگای کۆن و دەزگای نوێ ئەوەیە کە هەردووکیان پرۆسەیەکی عەقڵی یان دەروونین. هەردووکیان لە ناخی کەسەکاندا دێنە بوون. بۆیە پێویستیان بە دامەزراوە و دۆخی لەبار و ئابووری و گەیاندن و بڵاوەپێکردن هەیە.

لێرەدا دەزگا جۆرێکە لە ڕێککەوتن، دروستبوونی هاوبەشی و لە ئەنجامدا هاوشێوەیی. بەم پێیە، دەزگا دەبێت لە هەناوی کۆمەڵگا و ئاگایی گشتیدا بێتە ئاراوە. ئەم پرسە مایەی مشتومڕێکی زۆرە لە بواری کۆمەڵناسی و فەلسەفەدا. ئەگەر دەزگا ئایدیا بێت، کە دەبێت لە نێو خەڵکدا بەبێ هیچ گومان و پرسیارکردنێک پیادە بکرێت، ئەوا دەبێت زەمینەسازیی کۆمەڵایەتی هەبێت و بە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیدا تێ بپەڕێت. بەم پێیە، چەسپاندن و بەنۆرمکردنی دەزگایەک چەندێک ئابووری و سیاسییە، هێندەش پرۆسەیەکی ئینتلێکچواڵییە. چونکە ئەگەر ئابووری و سیاسی لەسەر بەرژەوەندی بونیاد دەنرێن و بەرژەوەندییەکانیش زۆر جار

جیاوازن و زۆر جاریش دژ به یەکن، ئەوا ناتوانرێت دەزگایەکی گشتگیری کۆمەڵایەتی بە تەنها لەسەر بنەمای ئابووری و سیاسی بهێنرێتە ئاراوە.

لێرەدا مەبەستمان لە ئابووری و سیاسەت، تێگەیشتنی ئابوورییانە و سیاسییانەیە. ئەگەر لەگەڵ دەیڤید لویسدا هاوڕا بین و دەزگا وەها بناسێنین کە بریتییە لە نەریتێک کاتێک دێتە ئاراوە کە هەموو لایەنەکان بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان هەبێت، دوور بن لە پێکدادانی بەرژەوەندی. بەم پێیە، دەزگا ڕێککەوتنێکە بۆ ڕێکخستنی خود لەپێناو بەرهەمهێنانی هەماهەنگی و گونجان لەگەڵ ئەویتردا. پەرلەمان ئەو دەزگایەیە کە زەمینەی ئەم نەریتە دەڕەخسێنێت. چونکە بۆ ئەوەی لایەنە جیاوازەکان بگەنە کۆنڤێنشنێک، ئەوا دەبێت ئاگاداری بەرژەوەندیی یەکتر بن هەتا بتوانن لە ڕووی عەقڵییەوە زەمینەی هاوبەش بدۆزنەوە.

دەکرێت بڵێین کە دەزگا بریتییە لە ڕێکخراو، ئۆرگەنایسەیشن، لە پرۆسە و بەردەوامی، لە سەقامگیری و هەروەها لە باوەڕ و پشتیوانیی خەڵک بۆی. بەم پێیە، دەزگا لە هەناوی ئاگایی و تێگەیشتنی خەڵکدایە، هەتا ئەمە بەهێز بێت، کاری دەزگاش بەهێز دەبێت. ساموێل هەنتنگتۆن لە کتێبی نیزامی سیاسی لە کۆمەڵگای گۆڕاودا باسی ئەوە دەکات ئاستی دەزگاییبوونی هەر سیستەمێکی سیاسی پابەندە بە توانای خۆگونجاندن، ئاڵۆزی، ئۆتۆنۆمی، ڕێکی لە بەڕێوەچوونی پرۆسەکانیدا. کەواتە، دەزگاییبوون سروشتی ڕێکخراوە. بەم پێیە، پەرلەمان ڕێکخراوە، بەڵام لەمیانەی کاریدا دەزگایی دەبێت. ئەم دەزگاییبوونە پابەندە بە چۆنێتیی کارکردن، چۆنێتیی پەیوەندی لەگەڵ خەڵک و کۆمەڵگا، ئاست و جۆری ڕاپەڕاندنی کارەکانی.

Huntington, Samuel P 1968 Political order in

.changing societies. Harvard University

کەواتە وەک دۆگلاس نۆرس جەختی لەسەر دەکاتەوە، دەزگا لەمیانەی پەیوەندیی نێوان خەڵک و ڕێکخراودا کار دەکات. لەم ڕووەوە، کارەکانیان زانراون و پێشبینکراون، کە لەمیانەی دووبارەبوونەوە و بەردەوامیدا هەڵسوکەوت و ڕەفتاری خەڵک لە قاڵب دەدەن. ئەم پەیوەندییە نزیکەی نێوان خەڵک و ڕێکخراو لەمیانەی پرۆسەی بەرهەمهاتنی دەزگادا وەها دەکات کە خەڵک کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر گۆڕان و بەرەوپێشچوونی دەزگا هەبێت وەک ئوەی ئەنتۆنی گیدینس باسی دەکات. هەرچەندە سەرباری بوونی ئەم پەیوەندییە گۆڕاوە، پەیوەندیی دەزگایی بە ئاسانی و خێرایی ناگۆڕێت. لە زمانی ئینگلیزیدا دەربڕینی دەزگاییبوون یان ئینستیتووشنالسەیشن بۆ ڕەفتارێک بەکار دەهێنرێت کە کەسێک لەمیانەی بوونی یان کارکردنی لە دەزگایەک چیدی ناتوانێت لێی دەرباز بێت و هەموو هەڵسوکەوتی لە قاڵب دراوە. بۆ نموونە، کەسێک پاش خزمەتێکی زۆری سەربازی، ئەگەر واز لە خزمەتی سەربازییەکەشی بهێنێت، ناتوانێت بە ئاسانی واز لە جۆری ژیان و ڕێتم و هەڵسوکەوتەکان بهێنێت، چونکە دەزگایی بووە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دەزگا لە هەر بوارێکدا بێت، بە تەنها هیچی پێ ناکرێت، تەنها کاتێک دەتوانێت بە کارێک هەڵبسێ کە ڕاستەوخۆ لە پەیوەندیدا بێت بە خەڵکەوە. کار و دەرئەنجامی دەزگا، وەک ئەدریان لێفتوچ و کونال سێن باسی دەکەن، پەیوەستە بە جۆری پەیوەندی لەگەڵ خەڵدا. دەزگا نە خۆی خۆی بەرهەم دەهێنێت، نە دەتوانێت پاریزگاری لە خۆی بکات. کەواتە دەزگا خۆی بە خۆی سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمی نییە، بۆیە لە لایەن کەس و ڕێکخراوەکانەوە هەڵدەسووڕێت. ئەمەش ڕاستەوخۆ بە مانای

جۆری پەیوەندی دێت لە نێوان دەزگا و کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی بەرفراوان. کۆمەڵگا پێویستی بە دەزگایە بۆ ئەوەی گەشە بکات، بەهێز ببێت و بتوانێت بەرگری لە خۆی بکات. ئەم پەیوەندییەی نێوان دەزگا و کۆمەڵگا سەرتاپا پرۆسەی سیاسی دادەڕێژێت.
Adrian Leftwich and Kunal Sen 2010 Beyond Institutions. Institutions and organizations in the politics and economics of poverty reduction- a thematic synthesis of research evidenc
http://www.ippg.org.uk/8933_Beyond%20Institutions.final%20(1).pdf

## کورداندنی پەرلەمان

وەک لە سەرەوە لە پێناسەی دەزگادا بۆمان دەرکەوت، دەزگا دابڕاو و سەربەخۆ نییە لە خەڵک، بەڵکو خەڵک دەزگا بەرهەم دەهێنن، هەروەها دەزگاش خەڵک لە قاڵب دەدات. ئەم پەیوەندییە دووسەرەیە وەها دەکات کەلتوور و کەلەپووری خەڵکی ڕاستەوخۆ پەیوەست بێت بە دەزگاوە. کاتێک دەزگای مەبەست لێرەدا پەرلەمانە، ئەوا لە هەموو دەزگایەکی تر زیاتر پەیوەستە بە خەڵکەوە بەراورد بە دەزگای ئابووری و حوکمڕانیی تر. بۆیە لێرەدا گرنگە باس لە بەرهەمهێنانەوەی دەزگای پەرلەمان لە هەناوی کەلتوور و کەلەپووری کوردیدا بکەین.

چی دەبێت کاتێک ئێمە دەبینە بەشێک لە دەزگا؟ یەکەم شت ئەوەیە کە دەزگا بە جۆرێک بەرهەم دێتەوە کە لەژێر کاریگەریی تایبەتمەندییەکانی ئێمەدا دەبێت. دووەم، دەزگا لە نێوان ئیپۆسی ڕۆژئاوایی و ئیپۆسی لۆکاڵیدا تووشی جۆرێک لە موتووربەبوون هایبرید، دەبێت. بۆیە بۆ بەڕێوەچوونی هەموو دەزگایەک، بواری فەرمی و نافەرمی گرنگە. فەرمی بریتییە لە دەستوور، تەکنیکەکان،

یاسا و ڕێسا. بەڵام نافەرمی بریتییە لە باوەڕ، ئاگایی، سۆز، بەرژەوەندی، تایبەتمەندیی کەسی و کۆمەڵایەتی. بە زمانێکی تر، دەزگا لایەنی کەلتووریی هەیە.

ئەم ڕەهەندە بەشێکە لە قوتابخانەی نیوئینیستیوشناڵیزم یان دەزگاناسیی نوێ. بەم پێیە، کە دەپرسین پەرلەمان چییە، دەبێت لەگەڵیدا بپرسین لە کوێ؟ بەبێ کردنی ئەم پرسیارە، جگە لە کۆمەڵێک خەسڵەتی گشتی، ناتوانین هیچ شتێکی تر بڵێین. ئەمە نەک هەر هاوکاریمان دەکات بۆ ئەوەی بزانین ئەوەی هەمانە چییە و وەک چیی لێ هاتووە، بەڵکو لە هەمان کاتدا هاوکارمانە کە بزانین بۆ کۆنگریس لە وێستمینستەر ناچێت، بۆ وێستمینیستەر لە بۆندیستاگ ناچێت، بۆ هیچ کامیان لە دومای ڕووسی ناچن.

پەرلەمان لە چەندین ئاستدا ئالنگاری دروست دەکات بۆ سیستەمی پەیوەندی و حوکمڕانی لە دونیای ئێمەدا. یەکەم ئالنگاری لە ئاستی فیکریدایە. لە مێژووی کورددا یاسا و حوکم و بەڕێوەبردن بە گشتی دەرەکی بوون، لەمیانەی خواست و دانوستان و گفتوگۆ و مشتومڕەوە نەهاتوونەتە ئاراوە. ئەم پاشخانی دەرەکی و پشتبەستنە بە هێز بە شێوەیەکی سەرەکی، ئالنگارییەکی گەورە دروست دەکات بۆ حکومی جۆری پەرلەمانی، چونکە حوکمی پەرلەمانی بە مانای ئەوە دێت کە هێز یان زەبروزەنگ ئامادەییان نییە لە بەڕێوەچوونی سیستەمی حوکمدا، بەڵکو تێگەیشتن و گفتوگۆ و مشتومڕ و قەناعەتپێکردن کرۆکی سیستەمی حوکمن.

ئەم وەرچەرخانە کات و ڕەفتارگۆڕین و شێوازی پەیوەندیی نوێ و ئاگایی تایبەتی دەوێت. وازهێنان لە هێز لە کایەی سیاسیدا لە ناوخۆی کوردستاندا، هەنگاوێکی گەورە دەبێت لە گەشەی سیاسیی کوردیدا. لێرەوە دەچینە سەر خەسڵەتێکی تری پەرلەمان و سیستەمی پەرلەمانی کە بریتییە لە سەروەریی پەرلەمانی.

پەرلەمان وەک سەروەر لە کەلتووری ئینگلیزیدا بە مانای ئەوە دێت کە هیچ دەزگا و ناوەندێکی تر نییە بالآیی بەسەر پەرلەماندا هەبێت و هەر یاسایەک لە پەرلەمانەوە دەربچێت، کەس ناتوانێت ڕێگریی لێ بکات. دیارە بۆ پەرلەمانێکی هەرێمی، ئەستەمە سەروەری هەبێت، بە تایبەت کاتێک کوردستان خۆی خاوەن سەروەریی خۆی نییە. ئەم دۆخە سەروەریی پەرلەمان لە هەرێمدا سنووردار دەکات. سەروەربوونی پەرلەمان بە مانای سەروەربوونی خەڵکی کوردستان دێت. ئەمەش مانای سەردەمییانەی سەروەرییە.

خاڵێکی تری وەرچەرخان بە هۆی بوونی پەرلەمانەوە، کرانەوەی سیستەمی سیاسییە لە بەردەم خەڵکدا بۆ بەشداریکردنی سیاسی. ئەم کرانەوەیە بنەمای سەقامگیریی ناوخۆیی دادەڕێژێت، کاتێک هاتنەناوەوەی کایەی سیاسی هێندە سەخت و داخراو نییە. هەرچەندە لە ساتەوەختی ئێستادا ڕەنگە ئەم کرانەوەیە گرژی لە هەناوی کۆمەڵگادا دروست بکات، چونکە هێشتا کەلتووری شەڕی ناوخۆی کوردی کۆتایی نەهاتووە، بەڵام لەمیانەی بەردەوامیدا خۆی عەقڵانی دەکات.

## ڕەخنە لە تێگەیشتنی کوردی بۆ دەزگا

وشەی دەزگا لە زمانی کوردیدا چەند مانایەکی هەیە، وەک ڕێکخراو، ناوەند، فاوندەیشن، ئەجینسی، ئینیستیتیوت. هەموو ئەمانە بە مانای ئەوە دێن کە یەکەم دەزگا: تەنها بۆ ناوەندە مۆدێرنەکان بەکار دەبرێت، بۆ نموونە، کەس ناڵێت دەزگای مزگەوت، یان دەزگای تەکیێ، کە بە هەموو پێوەرێک دەزگان و بەراورد بە دەزگا مۆدێرنەکان زۆر دەزگاییترن! دووەم، دەزگا بوونێکی ڕێکخراوەیی و ماددیی هەیە، نەک ئاگایی و مەعنەوی. ئەم تێگەیشتنە پەل بۆ بواری تر دەکێشێت، بۆ نموونە، کاتێک دەوترێت حکومەتی دەزگایی، مەبەست لێی ئەوەیە کە حکومەتێک

بێتە ئاراوە کە کەس و شەخس ڕۆڵیان تێیدا نەبێت، بەڵکو دەزگا یان ئەوەی بە عەرەبی پێی دەڵێن «مؤسسة»، ڕۆڵی تێدا ببینێت. لەم ڕوانگەیەوە، دەزگا ئەو شێوازەیە کە جیاوازە لە شەخس، یان کەس. ئەوەندە جیاوازە کە پێچەوانەکەیەتی. ئەم تێگەیشتنە ئاڵۆزە، هەروەها قەیراناوییە. چۆن دەزگا هەیە لە دەرەوەی شەخس؟ یان چۆن شەخس هەیە لە دەرەوەی دەزگا؟ ئەگەر شەخس هەبێت لە دەرەوەی دەزگا، ئەوا مانای ئەویە کە هەموو کەسەکان لە کۆمەڵگادا لە ڕووی پێگە و دەسەڵات و توانا و کاریگەری و کاری سیاسییەوە یەکسانن. بەڵام لە واقیعدا وەها نییە. کەواتە ئەوە چییە کە کەسێک بەهێز دەکات و کەسێکی تر لاواز؟ ئەوە چییە کە کەسێک دەکاتە کەسێکی کاریزمی و کەسێکی تر بێکاریزما؟ لە وەڵامدا دەڵێین دەزگا. بەم پێیە هەبوونی هەر جۆرە دەسەڵاتێک، دەسەڵاتی ماددی، سیمبولی، کەلتووری، هەموو تەنها لە ڕێگای دەزگاوە دەبن. بەبێ گۆڕانکاری لەم دیدەدا، ئەستەمە لە کوردستان دەزگا دابمەزرێت و بێتە ئاراوە.

دیارە گواستنەوەکە لە کوردستان لە کەس یان شەخسەوە نییە بۆ دەزگا، بەڵکو لە دەزگای شەخسەوەیە بۆ دەزگای ناشەخسی. دەزگای ناشەخسی ئەو ناوەندەیە کە نووسراوە ئاشکراکان بە ڕێوەی دەبەن، وەک پەیڕەوی ناوخۆ، یاسا و ڕێسا، نەک خواست و ئارەزووی شەخس. ئێمە لە کەلتووری سیاسیماندا نموونەی ئەوەمان زۆرە کە چۆن کەسێک دەبێت بە دەزگا و ئەوانی ترەوە وەها هەست دەکەن کە تاقە کەسی گونجاوە بۆ ئەوە بوارە و ئەگەر ئەو نەمێنێت، ئەوا بۆشایی گەورە دروست دەبێت. ئەمە کرۆکی قەیرانەکەیە، کاتێک ئێمە دەزگای ڕەها (موجەڕەد یان ئەبستراکتمان هەبێت)، ئەوا کراوە دەبێت بۆ هەموو کەسێک کە تێیدا ببێتە کارا، دیارە بە لەبەرچاوگرتنی توانا و کەسایەتیی و شارەزایی.

## بۆ دەزگا؟

بۆچی پێویستمان بە دەزگایە؟ بە کورتی، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بکەین. گۆڕانکارییش بە گشتی دوو جۆرن: گۆڕانی داروینی و گۆڕانی مرۆیی. گۆڕانی داروینی گۆڕانی ناچارییە. ئەو گۆڕانەیە کە بە هۆی هاتنەئارای دۆخێکی ژینگەیی تایبەتەوە، کەشوهەوایەک دێتە ئاراوە کە یان گۆڕان یان مردن، تەنها دوو بژاردە دەبن. بەم شێوەیە، گۆڕانی داروینی بژاردە نییە، کردارێکی عەقڵی و نیازئامێز نییە، بەڵکو لە ئەنجامی گۆڕانی دۆخ و ژینگە و کەشوهەوا و بایۆلۆجیاوە دێتە ئاراوە. بۆ نموونە، لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای گۆی زەوی، گۆڕانکاریی زۆر لە جۆری ژیان و کەشوهەوای سەر زەویدا ڕوو دەدەن کە لە دوورمەودادا کاریگەرییان لەسەر سروشتی بوونەوەرەکان دەبێت.

بەڵام گۆڕانی مرۆیی ئەو جۆرە گۆڕانکارییەیە کە لە ئەنجامی دەرکپێکردنی عەقڵی یان ئاگاییەوە دێتە ئاراوە. بەم مانایە، ئەم جۆرە گۆڕانکارییە وابەستەیە بە ئاگایی و کەلتوور و ژیاری مرۆڤەکانەوە. دەکرێت ئەم ئاگاییە بە سیستەمێکی ئاڵۆز ببینین. ئەم سیستەمە ئاڵۆزە لای هەر مرۆڤێک ڕەگوڕیشە و دەرکەوتەی جیاوازی هەیە.

لە سەرەتای مۆدێرنەدا بڕوا وابوو کە کاتێک گۆڕانکاری دێت، ئەوا مرۆڤەکان لە پرۆسەیەکی عەقڵیدا بژاردەی باشتر هەڵدەبژێرن. دیارە ئەم دیدە بە مانای ئەوەش دێت کە مرۆڤ وابەستە نییە، بەڵکو ئەگەر دەزگامان هێنایە ئاراوە، ئەوا دەستوبرد وابەستەی دەبێت.

پاشان ئەم دیدە گەشەی کرد بۆ ئەوە کە مرۆڤ تاکە و بەدوای سوودی تاکانەی خۆیدا دەگەڕێت، بۆیە عەقڵانییەت بریتییە لە پرۆسەی کەڵەکەکردنی سوودی تایبەتی خۆیی. ئەم دیدە تەنانەت

خێر یان چاکەش وەک کرداری خۆپەرستانە دەبینێت. بە گشتی، ئەم بیرە لە تۆماس هۆبزی ئینگلیزییەوە سەرچاوە دەگرێت.

بەڵام لەگەڵ گەشەی دەزگاکاندا، ئەو دیدە هاتە ئاراوە کە مرۆڤەکان وابەستەی ناوەندەکانن، وەک خێزان، گرووپ، کۆمەڵگا، نەتەوە، کۆمپانیا، حیزب و زۆری تر. ئەم دۆخە ڕۆڵی تاک و دەزگا و گۆڕانکاری پێکەوە گرێ دەدات.

دیدی باڵایی دەزگا و لەقاڵبدان و ڕاهێنانی کەسەکان و پاشان گۆڕینیان، یان بە مانایەکی تر، باڵایی دەزگا بەسەر مرۆڤەکاندا، زیاتر بەسەر دونیای دەرەوەی ڕۆژئاوادا سەپێنراوە. بۆ نموونە، لە زۆر جێگەی دونیا دەوڵەتیان دروست کرد، پاشان بیریان لەوە کردەوە کە دەبێت مرۆڤیش بۆ ئەم دەوڵەت دروست بکەین: دوور نەڕۆین، عێراق بۆ نموونە. بەڵام دۆخەکە بە ڕوونی دیارە کە دروستکردنی دەزگا و پاشان هەوڵدان بۆ دروستکردنی مرۆڤ، دەرئەنجامەکەی تراژیدیایە. لە ناوەڕاستی حەفتاکان و هەشتاکاندا قوتابخانەیەکی تر سەری هەڵدا، بە تایبەت لای خەڵکانی وەک دۆگلاس نۆرس و ئەوانی تر، ئەویش دداننانە بە بوونی دەزگای فەرمی و دەزگای نافەرمیدا. چیدی ئەو دیدە ساویلکەیە جێگەی بڕوا نەبوو کە ئەگەر لە جێگایەک ناوەندێک دروست بکەین، ئەوا دەتوانن مرۆڤەکانیشی بۆ بەرهەم بهێنین. دەبینین هێشتا ئەم دیدە ئیکسپایەرە لە ناو کورددا برەوی هەیە کە گوایە دەتوانیت تاک بە تاکی کۆمەڵگا پەروەردە بکەیت. ئەم دیدە زیاتر لە دووسەد ساڵی بەسەردا تێ پەڕیوە. ئەمڕۆ لە دۆخی ئەوەی کە ئایا دەزگای نافەرمی و فەرمی چ پەیوەندییەکیان هەیە، چۆن دەتوانرێت گۆڕانکاری بکرێت لەمیانەی ململانێی نێوان ئەم دوو دەزگایەدا، پرسی گەورە لە ئارادایە.

بە گشتی، مرۆڤەکان دەزگا نافەرمییەکانیان ناوەکی کردووە، پیادەی دەکەن، بەڵام هەستی پێ ناکەن. ئەمە دۆخێکی سەختە بۆ

گۆڕانکاری. تەنها مرۆڤێک دەتوانێت گۆڕانکاری بکات کە بتوانێت سەرجەم دەزگا نافەرمییەکانی وەک بەها، کەلتوور، سیستەمی نزیکایەتی، ئاسایشی دەروونی، باوەڕ و زۆر بواری تری لە خۆیدا بە پرۆسەیەکی دابڕانی ئیپستمۆلۆژیدا بردبێت. ئەمە بە دەگمەن ڕوو دەدات، بە تایبەت لە سەردەمی پۆستمۆدێرندا کە هەموو شتێک گونجاو و باشە.

کەواتە کێیە ئەوەی گۆڕانکاری دەست پێ دەکات؟ دیارە هەموو کەسێک گۆڕانکاریی دەوێت، تەنانەی ئەوانەی کە نایانەوێت بگۆڕێن پێویستیان بە گۆڕانکاری هەیە. بۆ نموونە، ئەگەر مەکینەیەکت هەبێت، بۆ ئەوەی وەک مەکینە بیهێڵیتەوە و کاربکات، دەبێت بەردەوام نوێکاری و نۆژەنکردنەوەی تێیدا بکەیت. بە هەمان شێوە بۆ بەها و دەزگاش. کەواتە ئەو گۆڕانکارییانە چین کە بەردەوام دەکرێن بۆ ئەوەی گۆڕانکاری نەکرێت؟ هەروەها ئەو گۆڕانکارییانە چین کە دەبنە هۆی گۆڕانکاری. لە دونیای ئێمەدا مۆدێرنە نەیتوانیوە بەسەر تەقلیددا زاڵ بێت. کەواتە، هەردوو لە گۆڕەپانەکەدان، تەقلید خۆی بە ئامراز و کەلوپەلەکانی مۆدێرنە نوێ کردووەتەوە، لە ئەنجامدا تەقلیدێکی مۆدێرن هاتووەتە ئاراوە: بۆ نموونە، حیزبە ئیسلامییەکان. هەروەها دەبینین کە چۆن خێڵەکێتی، بنەماڵەیی، کاریزما، هەموو ئەمانە بەردەوام بەرهەم دێن. لە کەشوهەوایەکی وەهادا، دەبێت دەزگا ببێتە ئەو ناوەندەی کە گفتوگۆ یان پەیوەندییەکی دیالیکتیکی لە نێوان کەلەپوور و مۆدێرنەدا دەهێنێتە ئاراوە. دەکرێت ئەم دۆخە دیالیکتیکییە بە ئامانجی بەرهەمهێنانی بژاردەی سێیەم بێت کە تێکەڵەیە لە هەردوو کەلەپوور و مۆدێرنە. پەرلەمان لە چەندین ئاستدا دەتوانێت ئەم ڕۆڵە ببینێت. گفتوگۆ دروستکردن لە ساتی دەرچاندنی یاسادا دەربارەی هەر بوارێک، جۆرێکە لە زەمینەڕەخساندن. دەرچاندنی یاسا بە ڕەزامەندیی هەموو لایەک یان سازشکردن، دەبێتە

بنەمای هاتنەئارای بژاردەی سێیەم. یاسا هەرگیز نابێتە مایەی ڕەزامەندیی هەموان بە یەکسانی، بەڵام وەک ئاماژەکان دەری دەخەن، کاریگەریی دەبێت لەسەر گۆڕانکاری لە ئەو بوارەدا کە یاساکەی بۆ دەرچێنراوە. لێرەوەیە دەرچاندنی یاسا دواوێستگەی گۆڕانکاری نییە، بەڵکو گەیاندنی مانا و کاریگەری و سوودەکانی یاسا بە هەموو چین و توێژێک بە زمانی تایبەتی خۆیان و لە لایەن کەسایەتیی تایبەتی بوارەکان، وا دەکات کە یاسا باشتر وەربگیرێت و قبوڵ بکرێت. بۆیە کۆمەڵگای مەدەنی، میدیا، پارتی سیاسی، کەسایەتی، ڕۆشنبیر، هەموو ئەمانە دەبنە کەسی کاریگەر لە پرۆسەی کاراکردنی یاسادا و گۆڕینی بۆ نۆرمێکی گشتی. دیارە دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە هێز لێرەدا پێویستە، بەڵام دەبێت زۆر بە ئاگایی و زیرەکانە بەکار بهێنرێت.

لە نێوان یاسا و هێزدا پەیوەندییەکی ئاڵۆز هەیە. یاسا خۆی هێزە. بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستی بە هێزی ڕەقە هەتا هەیبەت و کاریگەری پەیدا بکات. یاسا ڕەوایی دەدات بە هێز، بەڵام نابێت یاسا تەنها ڕەواییبەخشی هێز بێت، بەڵکو دەبێت هێز وەک دوایین سەرچاوە سوودی لێ وەربگرێت. دەکرێت جەخت لەسەر ئەوەش بکەینەوە کە لە تەمەنی هەموو یاسایەکدا هێز کاتییە، چونکە دەبێت هێز تەنها لە سەرەتاوە ئامادە بێت، پاشان کە یاساکە لە لایەن زۆرینەوە قبوڵ کرا، ئەوا چیدی هێز پێویست نییە. بۆیە بۆ سەپاندنی یاسا، دەبێت هێز هەبێت، بەڵام دەبێت زۆر کارامانە بەکار بهێنرێت و زیاتر سوود لە کاریگەری و هەیبەتەکەی وەربگیرێت.

## سەقامگیری و کەڵەکەکردن و پەرلەمان

ئەگەر پەرلەمان ئەو دەزگا و سیستەم و جۆری دەسەڵاتەیە کە لە شۆڕش و جەنگ دەمانپارێزێت، ئەوا ئەم دوورەپەرێزییە لە شۆڕش و جەنگی ناوخۆ، دەبێتە مایەی دابینکردنی سەقامگیری.

لێرەدا بە ڕامان لە مێژووی ناوچەکە، چەند تێڕامانێک دەخەمە بەرچاو. بیرمەندی ئێرانی، هومایۆنی کاتوزیان کە مامۆستایە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، دەربارەی مێژووی ئێران بەراورد بە مێژووی ئەورووپا تێزێکی هەیە. بە دیدی ئەو، ئێران کۆمەڵگای کورتخایەنە (short term). لە هەمان کاتدا، بە پێچەوانەوە، کۆمەڵگای ئەورووپی کۆمەڵگایەکی درێژخایەنە (long term). بەو مانایەی گۆڕانکارییەکان لە ئێران، بە هۆی نەبوون یان لاوازیی دەزگا و سیستەم و یاساوە، هەمیشە کورتخایەن بوون. سەقامگیرییەکان کورتخایەن بوون. دیارە ئەمە دیاردەیەکی دووسەرەیە: لە لایەک نەبوونی دەزگا و سیستەم و یاسا بووەتە هۆکاری کورتخایەنی، لە هەمان کاتدا کورتخایەنی بووەتە هۆکاری نەبوونی دەزگا و سیستەم و یاسا. لە وڵاتکی وەک ئێراندا، بە هۆی نەبوونی هیچ بنەمایەکی سەقامگیر، گۆڕانکارییەکان هەمیشە بوونەتە هۆکاری لەدەستدانی هەموو ئەوەی کە هەیە و گەڕانەوە بۆ دۆخی سفر. لە ئەنجامدا هەمیشە دۆخێک هەبووە کە هێندە لە سفر دوور نەکەوتووەتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ سەر سفر. گەشەی کۆمەڵایەتی پێویستی بە کەڵەکەکردنی هەیە بۆ ئەوەی لەسەر یەک بونیاد بنرێت. هەرگیز هیچ وەرچەرخانێک لە سفرەوە بۆ مەزنێتی نییە. بۆیە کەڵەلەبوون بنەمای گەشەیە. بەڵام سەقامگیری بنەمای کەڵەکەبوونە. لێرەدا کە باس لە سەقامگیری دەکەین، باس لە چەندین دەیە و سەدە دەکەین، چونکە گەشەی زانستی و کۆمەڵایەتی و ئابووری پێویستی بە سەقامگیریی درێژخایەن هەیە.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی تێزی هومایون دەتوانیت بنوارێتە Katouzian, Homa (2008) The revolution fro Law, https://ora.ox.ac.uk/objects/uuid:86de9952-2409-40ce-b751 2f620b15caf9/download_file?file_format=pdf&safe_filename=The%2Brevolution%2Bfor%2Blaw&type_of_work=Research+paper

لەم ڕوانگەیەوە، بە پێکەوەگرێدانی هەردوو تێزی بیرمەندانی پەرلەمانی ئینگلیزیی وەک ئیدمۆند بێرک و ئەوانی تر لەگەڵ تێزەکەی هومایۆندا، ئەوا پەرلەمان بایەخی تایبەتی خۆی دەردەخات. وەک لای بیرمەندانی ئینگلیزی بینیمان، پەرلەمان ڕێگای سێیەمە بۆ دوورەپەرێزی لە شۆڕش و جەنگی ناوخۆ. بەم پێیە، دوورگرتن لە بەکاربردنی هێز لە سیاسەتدا. ئەمەش وەها دەکات کە سەقامگیری دابین ببێت. بەبوونی سەقامگیریی سیاسی، ئاسایش دابین دەبێت کە بنەمای هەرە سەرەکیی پرۆسەی کەڵەکەکردنە. بە فەراهەمبوونی کەڵەکەکردن لەمیانەی کاتدا زەمینەی ئەوە دەسازێت هەتا کۆمەڵگا و ئابووری لە دۆخی کشتوکاڵی و بازرگانییەوە بگوێزنەوە بۆ دۆخی پیشەسازی.

## دوورکەوتنەوەی توندوتیژی لە سیاسەت

پرسی پەیوەندیی توندوتیژی و سیاسەت یەکێکە لە هەرە گرنگترین بوارەکانی حوکمڕانی و بیری سیاسی. لێرەدا بە کورتی پەیوەندیی نێوان توندوتیژی و سیاسەت لە ئاستی تیۆریدا ڕاڤە دەکەین، پاشان دێینە سەر ڕۆڵی پەرلەمان لە جوداکردنەوەی توندوتیژی و سیاسەت. پاش ئەوەش، ڕێکخستنی توندوتیژی و ئیدارەدانی بە شێوازێکی مەدەنی و دیموکراسی. بە بڕوای ئێمە، توندوتیژی جۆری زۆرە و لەناو ناچێت. بۆیە ڕێبازی ڕاستەقینە ئەوەیە کە چۆن ئیدارە بدرێت. لە ڕاستیدا پێش ئەوەی هەر قسەیەک بکەین، دەبێت لە سەرەتادا ئەو دیدە فەلسەفییە واقیعییە بخەینە ڕوو کە تەنها ئامرازی دژایەتیکردنی توندوتیژی، توندوتیژییە.

توندوتیژی ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج. ئەم ئامرازە بۆ ئەوەی بەکار بهێنرێت، دەبێت سەرەتا بە دەست بهێنرێت. تەنها لە ڕێگای قۆرغکردنەوە توندوتیژی یان زەبروزەنگ بە دەست دەهێنرێت. کەواتە، بۆ ئەوەی کەسێک بتوانێت ببێتە خاوەنی

توندوتیژی یان زەبروزەنگ، ئەوا دەبێت ئامرازەکانی قۆرغکردنی هەبێت. بۆیە زەبروزەنگ یان توندوتیژی هەرگیز دیاردەیەکی تاکەکەسی نییە. دیدی هانا ئارێنت لەم ڕووەوە جێگای بایەخە. ئارێنت کتێبێکی هەیە دەربارەی توندوتیژی کە ئێمە بۆ پیشاندانی سروشتی توندوتیژی سوودی لێ دەبینین. ئارێنت دەڵێت 'دەسەڵات دەربڕی توانای مرۆڤە، نەک تەنها بۆ ئەنجامدانی کردار، بەڵکو بۆ ئەنجامدانی کردار لەگەڵ ئەوانیتردا، لە کۆنسێرتدا'، بەم پێیە، دەسەڵات کردار و ئاکتێکی تاکەکەسی نییە. کەسێک بە تەنها کەسێکی دەسەڵاتدار نییە. لەم ڕووەوە، دەسەڵات نەک تەنها لە خەڵکانێکەوە دێت بۆ کەسێک، بەڵکو بەبێ بوونی خەڵک یان گرووپێک ناتوانرێت پیادە بکرێت. بۆیە دەسەڵات هەرگیز تەنها خەسڵەتێکی تاکەکەسی نییە: هەمیشە خەسڵەتی گرووپە، ئەو دەسەڵاتە تا ئەو کاتە دەمێنێتەوە کە ئەو گرووپە پێکەوەیە. کاتێک دەڵێین کەسێک لە دەسەڵاتدایە، بە دڵنیاییەوە مەبەستمان ئەوەیە کە کەسێک لە لایەن گرووپێکەوە دەسەڵاتی پێ بەخشراوە، هەتا بە ناویانەوە دەسەڵات پیادە بکات. هەر کاتێک گرووپی دەسەڵاتبەخش نەما، ئەوا دەسەڵاتی کەسەکەش نامێنێت.

دەسەڵات یان دەسەڵاتدار لە هەمان کاتدا دەبێتە خاوەن ئامرازەکانی توندتیژی، چ لە ڕووی ماددی و مەتریاڵییەوە، چ لە ڕووی مرۆیی و ڕەواییەوە. بۆیە توندوتیژی پیادەکردنی دەسەڵاتە لە ئەوپەڕیدا. بەڵام ئەم پەیوەندییەی نێوان دەسەڵات و توندوتیژی هێندە ئاسان و سادە نییە. ماکس ڤێبەر بڕوای وایە حوکمی مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا لەسەر بنەمای بەکارهێنانی توندوتیژیی شەرعی بونیاد نراوە. ئارێنت دژ بە ئەم تێگەیشتنەی تێکەڵکردنی دەسەڵات و توندوتیژییە. لە لای ئارێنت، لە ڕاستیدا دەسەڵات و توندوتیژی دژ بە یەکن. لە هەر کوێ دەسەڵات هەبوو، توندوتیژی بوونی نییە، لە هەر کوێ توندوتیژی هەبوو، دەسەڵات بوونی نییە.

Bernstein Richard J. (2011) Hannah Arendts Reflections on Violence and Power Iris, III 5 April, 2011, p. 3-30

لەم ڕوانگەیەوە، دەکرێت بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە دەسەڵات و توندوتیژی لە پەیوەندییەکی ئاڵۆزدان. بەبێ توندوتیژی دەسەڵات بوونی نییە. بەڵام جۆری دەسەڵاتەکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە جۆری پەیوەندیی دەسەڵات لەگەڵ توندوتیژیدا.

دەسەڵات دەبێت توندوتیژی بە جۆرێک ڕێک بخات کە بوونی هەبێت، بەڵام بوونێکی بەکارنەهێنراو. دەبێت توندوتیژی بگۆڕرێت بۆ ترس یان سام لە توندوتیژی. ئەمەش تەنها لە ڕێگای کۆدەزگای حکومەتەوە دەبێت کە پەرلەمان ڕۆڵی هەرە سەرەکیی تێدا دەبینێت.

چۆنێتیی دارشتنی پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و توندوتیژی؟

کاتێک دەڵێین توندوتیژی، مەبەستمان لە توندوتیژیی گرووپە، نەک توندوتیژیی تاک. چونکە توندوتیژیی تاک نابێتە مەترسی بەسەر کۆمەڵگاوە. مەبەست لە توندوتیژیی گرووپ، هەبوونی گرووپێکە کە بە مەبەستی سوود و قازانجی خۆی پەنا دەباتە بەر توندوتیژی. کەواتە ئەرکی سەرەکی ئەوەیە کە چۆن هێزێک هەبێت ڕێگری بکات لەوەی هەر گرووپێک لە کۆمەڵگادا دەست ببات بۆ توندوتیژی. بە دیدی ئێمە، کە لە قوتابخانەی پەیوەندیی مەدەنیی سەربازییەوە سەرچاوە دەگرێت، تەنها ڕێگایەک بۆ ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی توندوتیژیی گرووپ لە هەناوی کۆمەڵگادا، قۆرغکردنی توانای پەنابردنە بۆ توندوتیژی لە لایەن حکومەت یان دەوڵەتەوە. دیارە گەر بگەڕێینەوە بۆ یەکێک لە هەرە باوترین

پێناسەکانی دەوڵەت لە لایەن ماکس ڤێبەرەوە، ئەوا قۆرغکردنی شەرعیی ئامرازەکانی توندوتیژی بە کرۆکی دەوڵەت لە قەڵەم دەدات. بەڵام هەموو وڵاتێک بە ئاسانی ناتوانێت ئەم پرۆسەی قۆرغکارییە فەراهەم بکات. هەندێک بە هۆکاری پێگەی جوگرافی، وەک جێفری هێربست لە کەیسی وڵاتانی ئەفریقادا باسی دەکات.
Jeffrey I. Herbst 2000 States and Power in Africa: By. .Comparative Lessons in Authority and Control .Princeton: Princeton University Press

هەندێک وڵاتی تر ڕەنگە بە هۆکاری سروشتی جوگرافیی وڵاتەکەیان، ڕەنگە نەتوانن توندوتیژی لە هەناوی خاکی وڵاتەکەیاندا قۆرغ بکەن. بە شێوەیەکی گشتی، ئەم کەیسە پەیوەستە بە مۆدێرنە و پرۆسەی مۆدێرنبوونی کۆمەڵگاوە، لە کاتێکدا کە باوەڕ وایە بە مۆدێرنبوونی کۆمەڵگا، هێزە تەقلیدییەکان هەتا دێت توانایان بەسەر خاوەندێتیی ئامرازەکانی توندوتیژیدا لاواز دەبێت و لە بەرامبەردا دەوڵەت بەهێز دەبێت، هەتا لە ئەنجامدا دەوڵەت هەموو ئامرازەکانی توندوتیژی مۆنۆپۆل دەکات. بەڵام ئاچەمئۆغلۆ و هاوەڵەکانی بڕوایان وایە دەکرێت پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت فەراهەم بێت بەبێ ئەوەی دەوڵەت گەشتبێتە ئاستی مۆنۆپۆلی ئامرازەکانی.
Acemoglu, Robinson and rafael 2013 the Monopoly of Violence: evidence from Colombia, Journal of the European Economic Association January 2013 .11(S1):5–44

بەڵام کرۆکی قۆرغنەکردن، سەرباری بوونی هۆکاری سروشتی یان ئابووری یان دەزگایی، هەموو لەوەدا چڕ دەبێتەوە

کە دەوڵەت لاوازە و هێشتا نەیتوانیوە باڵایی خۆی بەسەر سەرتاپای خاکەکەیدا بچەسپێنێت. کە حکومەت دەبێتە خاوەن بەهێزترین هێز لە وڵاتدا، ئەوا دەبێت ئەم هێزە بەکار بهێنێت بۆ پشتیوانیکردنی لایەنی مەدەنیی حکومەت هەتا بتوانێت لە ڕێگای یاساوە کاروبارەکانی بە ڕێوە ببات.

ئەمە کاتێک بەرجەستە دەبێت کە هێز لە یەک یەکەدا کۆ بووبێتەوە، لە لایەن بەشی مەدەنیی حکومەتەوە بە ڕێوە بچێت و لە هەناوی یاسادا هەڵسووڕێت. لێرەدا زانستێکی نوێ دێتە ئاراوە کە پێی دەڵێن پەیوەندیی دیموکراسیی مەدەنی و سەربازی. سەرباز لەم دۆخەدا ئامادەیە بۆ ئەوەی ڕێگر بێت لە هەر گرووپێک کە بیر لەوە بکاتەوە زەبروزەنگ بەکار بهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی. کاتێک هێزێکی وەها هەیە، ئەوا گرووپە جیاوازەکان، خەڵکانی خاوەن بەرژەوەندیی جیاواز، گرووپی خاوەن ئایدیا و ئایدەلۆژیی جیاواز بیر لەوە دەکەنەوە کە لە بواری مەدەنیدا خۆیان ڕێک بخەن و بە ئامانجەکانیان بگەن. بۆ پوختەیەک لەسەر تیۆرەکانی پەیوەندیی نێوان مەدەنی و سەربازی، بنوارە ئەم ڕانانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد.

Mackubin Thomas Owens 2010 Civil–Military Re-
International lations, Oxford Research Encyclopedia of
,Studies

https://oxfordre.com/internationalstudies/ab-
/9780190846626.001.0001 /stract/10.1093/acrefore
acrefore-9780190846626-e-123

بەم پێیە، لەپێناو هاتنەئارای پانتاییەک کە سیاسەت تێیدا وەک کردەیەکی مەدەنی بە ڕێوە بچێت، دەبێت سێینەیەک بێتە ئاراوە لە نێوان هاووڵاتی، حکومەت لەگەڵ هێزی سەربازی. لەمیانەی

ئەم سێینەیەدا سەرباز و سەربازی بەشێک بێت لە پرۆسەی هاوولاتیبوون، هەروەها حکومەت لەمیانەی پرۆسەی دیموکراسیدا لە لایەن هاوولاتییەوە شەرعییەتی پێ ببەخشرێت، پەرلەمان ئەو جێگایە بێت کە چاودێریی ئەم پرۆسەیە بکات بۆ ڕێگرتن لە هەر لارییەک و فشارکردن بۆ جێبەجێکردن. کە بوار نەبوو بۆ ئەوەی هیچ هێزێک پەنا بۆ توندوتیژی ببات، ئەوا گرووپ و پێکهاتە و پارتە سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگا، ڕێگای ئارگومێنت دەگرنە بەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. لێرەدا پێویستە ئێستێک لەسەر ئارگومێنت و دیبەیت بکەین.

## ئارگومێنت چییە؟

ئارگومێنت لۆجیکە. لۆجیک لێکۆڵینەوەیە لە ئارگومێنت. ئارگومێنت پرۆسەیەکی عەقڵانییە لە ڕێگای بنەما و میتۆدی جیاوازەوە بۆ گەیشتن بە لەیەکگەیشتن لە نێوان دوو کەس یان دوو لایەن یان دوو بەرەدا. دیارە دەکرێت لە دووش زیاتر بێت. ئارگومێنت دەرئەنجامێکە کە دەرهاوێشتەی پرۆسە و میتۆدێکی تایبەتە. بۆ ئەوەی پرۆسەی ئارگومێنتی بێتە ئاراوە، دەبێت دراو، یان پریمیس هەبێت. بۆ ئەوەی ئارگومێنت گوزارشت بێت، ئەوا دەبێت لە سەرەتادا بنەما و دەرئەنجام لە شێوازی هەڵوێستدا دەرببڕرێت. لێرەدا دەبێت جیاکاری لە نێوان ستەیتمێنت و ناستەیتمێنتدا بکرێت. ستەیتمێنت لە زمانەکانی ناوچەکەدا، عەرەبی و تورکی و فارسی، بە بەیان تەرجەمە کراوە. ئارگومێنێت وەک ئامرازی حکومەت لە دیبەیتدا بەرجەستە دەبێت. دیبەیت بەشێکی سەرەکیی کاری پەرلەمانی و پەرلەمانتارە. لەم ڕووەوە چەند دیدێکی تیۆری هەن بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵ و کاریگەریی دیبەیت. لە هەمان کاتدا، دیبەیت بە شێوازێکی تایبەت بە ڕێوە دەچێت، بە تایبەت لە ئەو پەرلەمانانەی کە زۆربەی دیبەیتەکان لە هۆڵی

پەرلەماندا دەکرێن، نەک لە نێو لیژنەکاندا.
لێرەدا بە کورتی باس لە تیۆرەکانی دیبەیت و پاشان باس لە چۆنێتیی بەڕێوەچوونی دەکەین. وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ڕەگی وشەی پەرلەمان دەگەڕێتەوە سەر دیبەیت و گفتوگۆ وەک فۆرمێکی قسەکردن. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی جێگەی سەرنجە، وەک ئەوەی ئەندرێ بێختیگەر ئاماژەی پێدەدات ئەم بوارەی پەرلەمان فەرامۆش کراوە.

Bächtiger André 2014 Debate and Deliberation in ,Parliament, in Strøm, Kaare, Saalfeld, Thomas and Shane Martin (eds.), Oxford Handbook of Leg- .islative Studies, Oxford: Oxford University Press

یەکێک لەو دیدانەی کە باوە، ئەوەیە کە دیبەتی پەرلەمانی هێندە کاریگەریی لەسەر داڕشتنی پۆلەسی نییە. بە گشتی، وەک برێنان و هاملین جەختی لەسەر دەکەنەوە، وەها دەبینرێت کە کارێکی سیمبولییە.

Brennan, G. and Hamlin, A. 1993. Rationalizing Eco- parliamentary systems. Discussion Paper Series in nomics and Econometrics 9313, Economics Division, .Southampton School of Social Sciences, University of

بەڵام لە دوو دەیەی ڕابوردوودا ئەم دیدە کەوتووەتە ژێر ڕەخنەیەکی زۆرەوە. لەم ڕووەوە دوو ڕوانگە دەخرێنە بەردەست:
یەکەم: ستراتیژی و ڕیتۆریکی پارتیزانی کە پشت بە تیۆری بژاردەی عەقڵانی دەبەستێت. بە کورتی، ئەم تیۆرە هەموو شتێک لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی تاکەوە دەبینێت. تاک ئەوە هەڵدەبژێرێت کە بەپێی کات و دەرفەت و ئامانج لە سوود و قازانجی بێت.

دووەم: ڕوانگەی دیلیبرەتیڤ یان مشتومڕی عەقڵانییە. لە ئاستی نۆرمەتیڤ یان فەلسەفیدا، ئەم جۆرە مشتومڕی عەقڵانی لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە لەسەر بنەمای چاکەی گشتی و هەڵسەنگاندنی ئارگومێنتی بەدیل و جەختکردنەوە لەسەر ڕوانگەی خۆی بە ڕێزەوە دەبێت. بەم جۆرە، مشتومڕی عەقڵانی یان دیلیبرەیشن دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئارگومێنتی باشتر و لە ئەنجامدا سازان بێتە ئاراوە. کارەکانی بیرمەندی ئەڵمانی، یورگن هابەرماس بە سەرچاوەی فیکریی ئەم ڕوانگەیە دەبینرێت. ئەم جۆرە مشتومڕ و گفتوگۆ و گۆڕینەوە و دیبەت و ئارگومێنتە دەبێتە هۆکاری ئاگایی باشتر و باڵاتر لە کۆمەڵگادا. هەروەها دەبێت ببێتە هۆکاری بڕیاری باشتر. لە ڕووی تیۆرییەوە، جەختکردنەوە لەسەر مشتومڕی عەقڵانی ڕەهەندێکی تر دەبەخشێت بە سیاسەت کە چۆن دەبێت بە شێوەیەکی ئایدیاڵ بە ڕێوە بچێت.

دیبەتی پەرلەمانی

ئەگەر پەرلەمان لەو جۆرە بوو کە مشتومڕ لەسەر هەر پرسێک لە هۆڵی پەرلەماندا بە ڕێوە چوو لەبری لیژنەکان، ئەوا بواری زۆرتر دەبێت بۆ دیبەیت. بەڵام ئەگەر زۆربەی گفتوگۆکان لە لیژنەکاندا بە ڕێوە چوون، ئەگەر لیژنەکان نەیانتوانی لە نێوان دوو بژاردەدا بگەنە ڕێککەوتن، ئەوا بەجێی دەهێڵن بۆ هۆڵەکە بۆ ئەوەی بڕیار بدات. لە ئەگەری بەڕێوەچوونی دیبەیتدا، بە تایبەتی لە ساتی بانگهێشتکردنی تیمی حکومەت بۆ پەرلەمان بۆ مشتومڕ و گفتوگۆ لەسەر بڕیارێک یان یاسایەک، ئەوا دیبەیتی پەرلەمانی ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە.

یەکەم، دیبەیت لە لایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

دووەم، تیمی حکومەت دەبێت لە لای ڕاستی سەرۆکی پەرلەمانەوە دابنیشن، ئۆپۆزسیۆن یان ئەوانەی کە ڕای جیاوازیان

هەیە لەسەر بڕیار یان یاساکە، دەبێت لە لای چەپەوە دابنیشن.
سێ، گفتوگۆ یان مشتومر بەم شێوەیە بە ڕێوە دەچێت، سەرەتا کەسی یەکەمی تیمی حکومەت، پاشان کەسی یەکەمی تیمی ئۆپۆزسیۆن، پاشان کەسی دووەمی تیمی حکومەت، پاشان کەسی دووەمی تیمی ئۆپۆزسیۆن. لە کۆتاییدا سەرۆکوەزیران یان کەسی یەکەمی حکومەت دواین هەڵسانگاندنی گفتوگۆکە دەکات.
چوارەم، قسەکەری یەکەم دەتوانێت پێنج خولەک قسە بکات، قسەکەری دووەم پێنج خولەک، سەرۆکی ئۆپۆزسیۆن هەشت خولەک، دواین قسەی کەسی یەکەمی تیمی حکومەت سێ خولەک
پێنج، لە دوایین لێدوانی تیمی حکومەتدا لایەنی ئۆپۆزسیۆن چیدی ناتوانن هیچ ڕەخنە و ڕێگرییەک بهێننە ئاراوە.
شەش، هەموو لێدوانەکان دەبێت ئاڕاستەی سەرۆکی پەرلەمان بکرێن.

## پەرلەمانی کوردستان و ساتەوەختی لە دایکبوونی

بۆ هاتنەئارای دەزگا، کات و شوێن گرنگن. ئەمە ئەگەر لە هەموو جێگایەک وەها بێت، ئەوا لە جێگایەکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان گرنگترە. لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پرۆسەی دەوڵەتسازی و نەتەوەسازی و بونیادنانی دەزگاکان و ڕژێمەکان هەمیشە پرۆسەیەکی جیهانی بووە، ئەوەش لەبەر کاریگەری و بایەخی ئێجگار زۆری ئەو ناوچەیە لە ئاستی جیۆپۆلەتیکی جیهانیدا. هەر هەنگاوێک لە ئاستی دەزگا، ڕاستەوخۆ تەرجەمە دەبێت بۆ هێز و ڕێکخستن و شوناس. هەریەک لەمانە زێدە گرنگن بۆ هاوسەنگیی هێز و ململانێی لایەنە ئیقلیمییەکان لەمیانەی ململانێیاندا بۆ مانەوە و پەیداکردنی هەژموونی لە ناوچەکەدا. لە سەردەمی مۆدێرنەوە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگای ململانێ بووە. ئەمڕۆ لەم بارەوە کۆمەڵێک نەریتی گشتی لە

ئارادان: یەکەم، نابێت هیچ هێزێک هاوسەنگیی ناوچەکە تێک بدات. دووەم، نابێت هیچ هێزێک هێندە بەهێز بێت کە باڵادەست بێت بەسەر ناوچەکەدا، چونکە دەبێتە مەترسی بەسەر بەردەوامیی وزەوە لە جیهاندا. سێیەم، چونکە ناوچەکە لە دڵی جیهاندایە، ئەوا نابێت ببێتە ڕێگر لە بەردەم بەردەوامیی جووڵەی بازرگانیدا.

بەم پێودانگانە، هەموو زلهێزەکانی دونیا بەردەوام چاویان لەسەر ناوچەکەیە لە بواری حوکمڕانی و دەسەڵات و ململانێی هێزەکان و سەقامگیری و ئایدەلۆژیا و قەیرانەکانی. سەرهەڵدانی پەرلەمانی کوردستانیش بەدەر نییە لەم ڕێسایانە.

جەلال تاڵەبانی لە کتێبی دیداری تەمەندا سەرەداوێکی گرنگمان دەداتێ دەربارەی چۆنێتیی هاتنەئارای بیرۆکەی هەڵبژاردن و پەرلەمان. جەلال تاڵەبانی دەڵێت، نامەیەکم لە دۆستێکەوە بۆ هاتووە دەڵێت: ئەگەر ئێمە هەڵبژاردن بکەین و حکومەتێک دروست بکەین، ئەورووپا یان دەوڵەتە گەورەکانی وەک ئینگلیز و ئەمەریکا ئامادەن ددان بەو حکومەتەدا بنێن، تورکیاش قایل دەکەن کە دژایەتیی کورد نەکات.

دیارە جەلال تاڵەبانی ئەم سەربوردەیە دەگێڕێتەوە و یەکەم جاریش لە دانیشتنێکدا ئەمەی بە مەسعوود بارزانی وتووە. تاڵەبانی لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

کاک مەسعوودیش گوتی: وەڵا ئەو نامەیە بۆ منیش هاتووە، ئیتر ئەو هەواڵە جەوی دانیشتنەکەی گۆڕی و گوتیان، جا باشە، کەواتە با ئێمە هەڵبژاردن بکەین.

ئەم نامەیە کە ئێمە سەرچاوە و ناوەڕۆکی نازانین، سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ خوێندنەوەی پاشخانی پەرلەمانی کوردستان. سەرباری نەزانینی ناوەڕۆکی تەواوی نامەکە، ئێمە چەند ئاماژەیەکی گرنگمان هەیە:

یەکەم، نامەکە لە لایەن یەکێک لە وڵاتانی زلهێزەوە یان بە

ناوی ئەوانەوە ئاڕاستە کراوە.

دووەم، نامەکە جگە لە هاندان بۆ هەڵبژاردن، پەیمانی ئاسانکارییەکی گەورە دەدات کە دژایەتینەکردنی تورکیایە، ئەمەش خۆی بۆ خۆی بەڵگەیە کە نامەکە لە لایەن ئەمەریکاوە نێرراوە، چونکە هیچ وڵاتێکی تر نییە هێندە بە ئاسانی بتوانێ پەیمانی وا بدات. بەپێی زانیارییەکانی ئەو سەردەمە، تورکیا دژ بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بوو لە هەرێم. نەوشیروان مستەفا جارێکیان پێی وتم لە ڕۆژگاری یەکەم هەڵبژاردندا بانگهێشت کراین بۆ وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە ئەنکەرە؛ لەوێ لە وەزارەت بردینیانە ژوورێکەوە، لە ژوورەکەدا بردینیانە ژوورێکی تری بچکۆلەی بازنەیی داخراوەوە، لەوێدا پێیان وتین کە نابێت هەڵبژاردن ئەنجام بدەن. ئەم جۆرە مامەڵەیە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ یاریی سایکۆلۆجی و دروستکردنی فشاری دەروونی. سێیەم، ئەمە هەمووی کاتێک ڕوو دەدات کە ئێمە لە سەرەتای نەوەدەکانداین کە شەڕی سارد تازە کۆتایی هاتووە. بۆ تێگەیشتن لە ئەم پەیامە و هاندان و هۆکارەکانی، دەبێت ساتێک لە دۆخی پاش جەنگی سارد ڕابمێنین. چونکە کۆتایی جەنگی سارد و قۆناغی تاکزلهێزیی پاش جەنگی سارد قۆناغێکی ناوازەیە لە مێژووی جیهاندا.

## دۆخی جیهان لە پاش شەڕی سارددا

کاتێک جەنگی دووەمی جیهان تەواو بوو، هێزە کۆنەکانی جیهان، وەک ئەڵمانیا، بەریتانیا، فەڕەنسا، هەموویان لاواز بوون. لە جێگایان هێزی نوێ سەریان هەڵدا، بە تایبەت ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤییەت. دیپلۆماتێکی ئەمەریکی بە ناوی جۆرج کێنان لە ٢٢ی شوباتی ساڵی ١٩٤٦دا تەلەگرامێکی نوێ دەنووسێت کە بە یەکەم دەقی جەنگی سارد دەناسرێت و هەروەها بە دەقێک کە بنەمای چۆنێتیی مامەڵەی جەنگی ساردی داڕشت. کێنان لەو

دەقەدا باس لە سنووردارکردنی سۆڤییەت دەکات. لێرەوە چەمکی سنووردارکردن، ئیحتیوا یان کۆنتەینمێت هاتە ئاراوە.

لەمیانەی گەشەی ڕەوتی ڕووداوەکان لە دونیادا، دوو ناوەندی گرنگ سەرهەڵدەدەن: ناوەندی یەکەم، ناوەندی سۆشیالیستی و ئەو وڵاتانەی کە خولیای ئەم بەرەیەیان هەیە. ناوەندی دووەم، کەپیتاڵیزم. جەنگی نێوان ئەم دوو سەنتەرە بۆ دەستگرتن بەسەر ئابووریی جیهاندا بڕیار لەسەر چارەنووسی هەریەک لەو دوو هێزە دەدات، هەروەها هەموو دونیاش. ئەمە دیدی ستالین بوو کە ساڵی ١٩٢٧ بە گرووپێک لە کرێکارانی ئەمەریکیی گوت. بە دیدی جۆرج کێنان، سۆڤییەت لە پاش جەنگی دووەمی جیهان هێشتا لەم نۆستالجیایەدا دەژیا. جۆرج کێنان پێنج پێشنیازی هەبوو بۆ چۆنێتیی بەرنگاربوونەوەی سۆڤییەت کە هەمووی لە چەمکی ئیحتوادا کۆ دەبێتەوە، لە ئاستی پڕوپاگەندە، مامەڵە لەگەڵ گەلانی تردا و داکۆکیکردن لێیان، هەروەها چۆنێتیی ئیدارەدانی کەپیتاڵیزم. ساڵی ١٩٤٧، هاری تroومان لەگەڵ هەردوو بەشەکەی کۆنگریسدا کۆ بووەوە، وتارەکەی کە بە دۆکترینی تroومان دەناسرێت، پەیمانی ئەوەی دا کە بۆ ئیحتواکردنی بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم لە دونیادا، ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕووی ئابووری و سەربازییەوە هەموو شتێک دەکات کە لە توانایدا بێت.

هەنگاوی سێیەم لەم بارەیەوە پلانی مارشاڵ بوو. ئەم پلانە بریتی بوو لە تەرخانکردنی بڕی ١٣ بلیۆن دۆلار بۆ بووژاندنەوەی ئەورووپای وێرانکراو و دوورخستنەوەی لە ئەگەری هەژموونیی سۆڤییەتی. وەک دەبینین، لە هەموو ئەم هەنگاوانەدا ئاماژەیەکی ڕوونی ئەوە هەیە کە پاش جەنگ، ئەمەریکا خواستی ئەوەی هەبوو کە زیاتر لە دونیادا چالاک بێت، توانای ئابووری و هێزی سەربازی بەکار بهێنێت بۆ فەراهەمکردنی ئەم ئامانجە. دەکرێت بڵێین کە دۆلار، سوپای ئەمەریکی لەگەڵ دیموکراسیدا سێ بنەمای

هەرە سەرەکیی هێزی ئەمەریکین.
جگە لە دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە سیاسەتی ئەمەریکادا، کە لە دۆکترنی تروومان‌دا خۆی دەبینێتەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو بە گۆڕەپانی ململانێی نێوان دوو زلهێزەکە. چونکە دۆکترینی تروومان بە تایبەت باسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کرد وەک جێگای بایەخی ئەمەریکا. ئەمە لە کەیسی تورکیا و یۆنان و پاشان وڵاتانی تری ناوچەکەدا دیارە. هەندێک بیرمەند و مێژوونووسی تر نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بنەمای شەڕی سارد دادەنێن.
Khalidi, Rashid ( 2009) Sowing crisis : the Cold Bea- ,War and American dominance in the Middle East con Press books

جەنگی سارد لە چەند ئاستێکدا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە دۆزی کوردەوە هەبوو. هەردوو زلهێزی ئەمەریکا و سۆڤییەت وا مامەڵەیان لەگەڵ کەیسی کورد دەکرد کە چۆن وەک کارتی فشار و کارتی دانوستان بەرامبەر یەکتر بەکاری بهێنن، هەروەها بۆ ڕێگریکردن و سنووردانان بۆ قەڵەمڕەوی یەکتر لە ناوچەکەدا. لەو سەردەمەدا ئەم هاوکێشەیە زۆر بە سەختی لەسەر کورد و دۆزی کورد کەوت. چونکە یەکەم دەرئەنجام لەم جۆرە مامەڵەیەوە هەڵی دەهێنجین، ئەوەیە کە پرسی کورد هەرگیز وەک پرسی خەڵکێک بۆ مافی خۆیان مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە.
ساڵی ١٩٧٦، کیسنجەر سەردانی بەغدا دەکات و سەعدوون حەمادیی وەزیری دەرەوەی عێراق دەبینێت؛ حەمادی باسی ئەو ڕاپۆرتەی کەناڵی تەلەفزیونی سی بی ئێس دەهێنێتە ئاراوە کە باس لە هاوکاریی سی ئای ئەی بۆ کورد دەکات لە ١٩٧٢ بۆ ١٩٧٥. کیسنجەر نکۆڵی لە هاوکاریی ڕاستەوخۆی کورد دەکات، بەڵام ددان بەوەدا دەنێت کە دژ بە هاوکاریی ئێران نەبووە بۆ پرسی

کورد، ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە ئەوان، ئەمەریکاییەکان، وەهایان زانیون کە عێراق سەتەلایتی یەکێتیی سۆڤییەتە. بە مانای ئەوەی وڵاتێکی سەر بە بلۆکی سۆڤییەتە. بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە، کیسنجەر بە حەمادی دەڵێت، ئێستا تێگەیشتنێکی باشترمان بۆ عێراق هەیە.

Bryan R. Gibson, 2015. Sold out? us foreign policy, Iraq, the kurds, and the cold war, Palgrave Macmillan

شەڕی سارد پرسی کوردی سنووردار کرد و ڕێگر بوو لە هەر بەرەوپێشچوونێک. لەم سەردەمەدا هێندە کۆنترۆڵی وڵاتان و هاوسەنگیی هێز گرنگ بوو، هێندە پرسی دیموکراسی و گۆڕینی سیستەمی حوکم و مافی گەلان گرنگ نەبوون. بۆیە لە کاتێکدا دەستوەردان هەبوو، بەڵام هەمیشە شاراوە و سنووردار و سیخوڕی و سەربازی بوو، کە لە ئەنجامدا بە سوودی گشتیی خەڵکی کورد نەدەشکایەوە.

## پاش جەنگی سارد

بە کۆتایی بلۆکی سۆڤییەت و بوونی ئەمەریکا بە تاکە زلهێزی دونیا، قۆناغی کۆتایی مێژوو دەستی پێ کرد. لێرەدا چەمکی کۆتایی مێژوو زیاتر وەک چەمکێکی سیاسی بەکار دەبەین لە سەردەمی باڵادەستیی ئەمەریکادا. مەبەستمان لەم چەمکە ئەوەیە کە ئەمەریکا خۆی وەک ئەو هێزە دەبینێ کە لە بەرامبەر نەیارەکەیدا سەرکەوتوو بوو، ئەم سەرکەوتنە تەنها سەرکەوتنی ئابووری و سیاسی و سەربازی نەبوو، بەڵکو لە هەمان کاتدا سەرکەوتنی ئایدەلۆژی و جۆری ژیان و ژیار بوو. بۆیە ئەمەریکا

به مافی خۆیی زانی وەک سەرکەوتوویەک هەڵسوکەوت بکات. ئەمە لە هەمان کاتدا بە مانای ئەوە دێت کە خۆی وەک باشێک خۆی ببینێت، بۆیە بە ساتەوەختێکی لەباری زانی بۆ ئەوەی کە سیستەمی خۆی بە دونیادا بڵاو بکاتەوە. دیارە لێرەدا مەبەستی ئێمە هەڵسەنگاندنی باش و خراپی هیچ کام لە سیستەمەکان نییە، بەڵکو زیاتر ئامانجمانە ئەوە بخەینە ڕوو کە واقیعەکە چۆن بوو. دیارە دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لە ئاستی فیکریدا چەمکی کۆتایی مێژوو، ڕێچکەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، لە هێگڵەوە هەتا فۆکۆیاما، بەڵام لیرەدا ئێمە مەبەستمان ئەو ڕێچکەیە نییە. ئەم بڵاوەپێکردنەی کەلتوور و سیستەم و کاڵای ئەمەریکی چەندین فۆرم و شێوازی جیاوازی وەرگرت، کە هەرە بڵاویان فۆرمی دیموکراتیزەیشن بوو. دیموکراتیزەیشن کە بە مانای بەدیموکراسیکردن دێت، پرۆسەیەکی دەستبەجێ و خێرانییە. لە ڕاستیدا وەک پاشان لە زانستی سیاسیی ئەم بوارەدا ڕوون بووەوە، پرۆسەیەکە پێویستی بە هەنگاوی زۆرە کە تێیدا قۆناغێک دەبێت ببێتە بنەمای قۆناغێکی تر. بە مانایەکی تر، قۆناغبەندییە، بە تایبەتی کە ئەم پرۆسەیە لە بەشێک لە عێراقدا گواستنەوە بوو لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی. ئەم وەرچەرخانە پێویستی بە وەرچەرخان هەیە لە ئاستی ئاگایی، کەلتوور، هێنانەئارای دەزگای نوێ، نوخبەی نوێ، هەروەها جۆرێکی نوێ لە ئابووری. هەموو ئەمانە لەگەڵ دۆخی سیاسی و ئاگایی کورددا بەریەک دەکەوتن.

## لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی

دیکتاتۆری لە دونیای ئێمەدا وەک ئازار و کێشە و توندوتیژی دیاردەیەکی ناسراوە، بەڵام وەک چەمکێکی فیکری، هێندە باسی نەکراوە. ئەو چەمکە فیکرییانەی لەم بارەوە هەن، زیاتر لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوان. لە دونیای ڕۆژئاوادا دیکتاتۆری دەگەڕێتەوە

بۆ سەردەمی ڕۆمانەکان، بە گشتی، پەیوەستە بە ساتەوەختی قەیرانەوە. کاتێک سیستەمی سیاسی ڕووبەڕووی قەیرانێک دەبێتەوە، ئەوا کۆکردنەوەی دەسەڵات لە دەستی کەسێکدا بۆ مامەڵەکردن بە خێرایی و بەبێ دروستبوونی کێشە، دیکتاتۆر بۆ ماوەیەکی کاتی دەبێتە پێویستی. بەم شێوەیە، دیکتاتۆری لە سیستەمی ڕۆژئاواییدا بە گشتی دیاردەیەکی کاتی و ساتەوەختی و هەنووکەییە. بەڵام چاودێرانی دونیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیکتاتۆری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو جۆرە نابینن. لە ڕاستیدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دیکتاتۆری نەک کاتی نییە، بەڵکو زاڵترین و باوترین جۆری بەڕێوەچوونی سیستەمی سیاسییە. ئەمەش وەها دەکات کە ئەگەر بەراوردێک لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بکەین، ئەوا دیکتاتۆر لە ڕۆژهەڵات وەک هەمیشەیی و ئاسایی دەردەکەوێت و لە ڕۆژئاوا وەک ناچاری و کاتی. ئەم ئاساییبوونەی دیکتاتۆر لە ڕۆژهەڵات تەنها بریتی نییە لە کردار و هەڵسوکەوتی تاکەکەسێک یان چەند کەسانێک، بەڵکو ڕەگ و مێژوو و کەلتوور و داب و نەریت و بنەما و سیستەمی هەیە. بۆیە پرۆسەی دیموکراسی وەرچەرخانێکی پارادیمی یان گشتگیرییە.

به کورتی، دەتوانین بڵێین لەم ڕووەوە پرۆسەی دیموکراسی بریتییە لە بەشداریکردنی هەموان لە داڕشتنی سیستەمی سیاسیدا. ئەم بەشدارییە نەک تەنها لە ڕێگای دەنگدان یان هەر ڕووداوێکی تری لەو جۆرەوە، بەڵکو لە پرۆسەیەکی ڕۆژانەدا. ئەم ڕۆژانەبوونەوەی دیموکراسی وەها دەکات کە هەردوو ئەرک و ماف پێکەوە لە ژیانی تاکەکاندا گرێ بدرێت و لە ئەنجامدا هاووڵاتی بێتە دی. بەم پێیە، دیموکراسی سیستەمێکی ئاسان نییە، بەڵکو سیستەمێکی سەختە، بەوەی مرۆڤ ناچار دەکات کە بەرپرس بێت. لە دیکتاتۆریدا ئەم بەرپرسیارێتییە نەک داوا ناکرێت، بەڵکو ڕێگەی پێ نادرێت.

لێرەوەیە کە پەرلەمان دەبێتە ناوەندێکی بونیادنەری سیستەمی دیموکراسی. ئەم قۆناغەی پەرلەمان لە کوردستان بە باشی هەستی پێ نەکراوە. لێرەدا هەوڵ دەدەین گرنگیی ئەم قۆناغە بخەینە بەر چاو.

## چۆن بنەماکانی سیستەمێکی دیموکراسی دابڕێژرێت؟

پەرلەمانی کوردستان وەک یەکەم دەزگای دیموکراسی پاش جەنگی سارد، هەتا ئەمڕۆش یەکەم پەرلەمانی هەرێمییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم خەسڵەتە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئاماژەیە بۆ گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لە عێراقدا، لە سیستەمێکی ناوەندییەوە بۆ سیستەمی لامەرکەزی لە شێوەی فیدڕاڵدا. فیدڕاڵ هەمان جۆری سیستەم بوو کە هاوپەیمانان پاش جەنگی دووەمی جیهان بەسەر وڵاتانی وەک ئەڵمانیا و نەمسادا سەپاندیان، بە جۆرێک، کە هیچ دەسەڵاتێک لە هەناوی ئەو وڵاتانەدا ناتوانێت گۆڕانکاری لە ئەو سیستەمەدا بکات. ئەم گۆڕانکارییە لە جۆری سیستەمی حوکمڕانیدا بە ئامانجی ڕێگرییە لە سەرهەڵدانەوەی ئەو جۆرە ڕژێمانە کە دەبنە مەترسی بۆ سەر وڵاتانی دەوروبەریان. بەڵام لە هەمان کاتدا بەشێک بوو لە ئەوەی پێی دەوترا نیزامی نوێی جیهانی، کە بۆشی باوک پاش جەنگی کەنداو بانگەشەی بۆ دەکرد.

عێراق هاوشێوەیەکی ئەڵمانیا بوو. کاتێک عێراق لە جەنگی عێراق–ئێران دەرباز بوو، وڵاتێک بوو کە هەڵگری بنەماکانی کۆمەڵێک مەترسی بوو: عێراق لە جەنگدا سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا. بەڵام وڵاتێک بوو کە سوپایەکی زەبەلاحی یەک ملیۆنی و زەخیرەیەکی زۆری چەکی هەبوو. لە هەمان کاتدا، لە دۆخێکی قەرزباریی زۆردا بوو. ڕژێمی سەدام ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕاڕایی بووەوە لەوەی کە چی بکات. ئایا دەست لە سوپاکەی بەربدات،

لە دۆخێکدا کە ئەگەری ئەوە هەبوو ئابووری زیاتر دارمێ، ئەوا دەستبەردان لە سوپا مەترسی بوو. ئەمەریکاییەکان بە تایبەتی ئەم دۆخەیان بە مەترسی دەزانی، چونکە دیکتاتۆرێک بە سوپایەک و زەخیرەیەکی زۆرەوە ڕووبەڕووی کێشەی ئابووری و سیاسی بێتەوە، ئەوا ئەگەری هەیە کە کاری چاوەڕواننەکراو بکات.

عێراق بۆ قەرەبووی قەرزباری و فشار لەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بەدەستهێنانی کارتی دانوستان، کێشەی کوێتی هەڵگیرساند. هەموو خیتابی عێراق لەگەڵ کوێتدا لەسەر نەوت و نرخی نەوت و خاک بوو. لە هەمان کاتدا، لە پاشخانەوە باس لە مێژوو دەکرا. هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت تا ئاستێک چاوەڕوانکراو بوو. ئایا ئەم کارە بۆ ئەوە کرا کە عێراق دەست بە سەر نەوتی زیاتری ناوچەکەدا بگرێت و بتوانێت دۆخی ئابووری ببووژێنێتەوە؟ یان بۆ ئەوەی بوو کە بیکاتە کارتی دانوستان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوادا وەک ئەوەی جەلال تاڵەبانی ئاماژەی بۆ دەکات. دەکرێت هەردوو بێت. بەڵام لە هەر دۆخێکدا، ئەوەی دەخستە ڕوو کە دەبێت سوپای عێراق و توانای سەربازی یان چەک و تەقەمەنیی عێراق وێران بکرێت، بۆ ئەوەی عێراق لە مەترسیی دروستکردنی ناسەقامگیری دوور بخرێتەوە. وەک دەبینین، لێدانی سوپای عێراق لە لایەن هاوپەیمانانەوە لە ساتەوەختی جێهێشتنی کوێت و پاشان وێرانکردنی چەک و تەقەمەنییەکانی لە ڕێگای ئابڵووقە و تیمی پشکنینەوە، وڵاتانی ڕۆژئاوا بەو ئامانجە گەیشتن کە سوپاو هەروەها حکومەت و دەوڵەتی عێراقیان دارووخاند. بەڵام ئەوەندە بەس نەبوو، سیستەمی سیاسیی عێراقی وەک سیستەمی سیاسیی ئەڵمانیای سەردەمی نازی مایەی مەترسی بوو. بۆیە لامەرکەزی وەک جۆرێک لە ڕێگری بۆ دروستبوونی عێراقێکی بەهێز یان دروستکەری مەترسی هێنراوەتە ئاراوە.

دارمانی یەکێتیی سۆڤییەت و بلۆکی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی وەها خێرا، ئەمەریکاییەکانی خستە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی کە

چۆن مۆدێلی ئەمەریکی بە دونیادا بڵاو بکەنەوە و دونیا بە ئەمەریکایی بکەن. مۆدێلی ئەمەریکی لە ڕێگای چەمکی وەک لیبراڵیزم و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئابووریی ئازاد یان بازاڕەوە بوو. ئەمەریکاییەکان لەم ڕووەوە هەموو جۆرە توانا و هێزێکیان بەکار هێنا. ڕەنگە هیچ کتێبێک یان بیرۆکەیەک هێندەی جاڕدانی کۆتایی مێژوو لە لایەن فرانسیس فۆکۆیامای بیرمەندی ئەمەریکییەوە دەرخەری ئەم ساتەوەختە نەبێت. کۆتایی مێژوو گەرچی چەمکێکی فەلسەفیی ئاڵۆزە و ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیرمەندی ئەڵمانیی گەورە هێگڵ، بەڵام فۆکۆیاما لە ڕووی سیاسی و جیۆپۆلەتیکییەوە برەوی پێ دا. کۆتایی مێژوو لەم جۆرەیدا بە مانای شکستی هەموو مۆدێلەکانی تر و زاڵبوونی مۆدێلی لیبراڵیزم دێت. ئەم زاڵبوونە بە جۆرێکە کە دەتوانێت کۆتایی بە ململانێ گەورەکان بهێنێت و ئەوەی دەمێنێتەوە، جەنگە ناوخۆییە سنووردارەکانە. لە ڕاستیدا لە ئاستی جیهاندا یەکێک لە خەسڵەتە هەرە سەرەکییەکانی سیستەمی جیهانی کە ململانێی زلهێزەکان بوو، کۆتایی هات.

بۆ باشتر تێگەیشتن لە پاشخانی نێودەوڵەتی و هەرێمی و سەرهەڵدانی پەرلەمانی کوردستان، دەکرێت بەراوردێک لە نێوان ئەورووپای ڕۆژهەڵات و عێراقدا بکەین لەمیانەی پرۆسەی مامەڵەی هێزە ئەورووپایی و ئەمەریکییەکان. لە پاش جەنگی سارد، لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات پرۆسەی بەسەرمایەداریبوونی سیستەمی ئابووری لەگەڵ بەدیموکراسیبوونی سیستەمی سیاسیدا دەستی پێ کرد. پرۆسەی بەدیموکراسیبوونی سیستەمی سیاسی پێی دەڵێن دیموکراتیزەیشن، یان دیموکراتیزەکردن یان دیموکراتیزەبوون. ئێمە بواری ئەوەمان نییە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە کۆی ئەم پرۆسانە بدوێین، بەڵام لە هەناوی ئەم پرۆسانەدا پرۆسەی پەرلەمان یان پەرلەمانیزم هاتە ئاراوە.

## پەرلەمانتاریزم لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات

ئەورووپای ڕۆژهەڵات لە پاش دارمانی یەکێتیی سۆڤییەت پێویستی بە ئەوە بوو کە چۆن بنەماکانی سیستەمی سیاسی و ئابووریی نوێ دابڕێژێت. پەرلەمان یەکێک بوو لەو دەزگایانەی کە لە دەرەوە هان دەدرا، بە تایبەت لە لایەن ئەمەریکا و ڕۆژئاواوە.

ئەورووپاییە ڕۆژهەڵاتییەکان وەها دەبینران کە چۆن ئایدیاڵی سیستەمی لیبراڵیزم بەرجەستە بکەن، نەک ئەوەی لە واقیعدا هەیە، وەک بیرمەندێکی ئەمەریکی دەڵێت: ئەوە بکەن کە دەیڵێین، نەک ئەوەی کە دەیکەین. سلاڤۆی ژیژاکیش لە دیدێکی دەروونشیکارییەوە هەمان سەرنجی هەیە. دیارە لە سیستەمی سیاسیدا دوو جۆر لە سیستەمی دەستووری زاڵە کە سیستەمی پەرلەمانی و سەرۆکایەتین. هەڵبژاردنی هەر یەکێک لەم دوانە، یەکێکە لە گرنگترین جیاکارییە دەزگاییەکان لە هەناوی سیستەمە دیموکراسییەکانی ئەم سەردەمەدا، وەک ئارێند لایپهارت جەختی لەسەر دەکاتەوە.

هەموو سیستەمێکی دیموکراسی لە سەرەتای دروستبوونیەوە ڕووبەڕووی دوو بنەمای گرنگ دەبێتەوە: یەکەم، جۆری سیستەمی هەڵبژاردنە، دووەمیان شێوازی پەیوەندییە لە نێوان دەسەڵاتی یاسادارێژەر و دەسەڵاتی جێبەجێکەردا. هەڵبژاردنی هەریەک لەم بنەما سەرەکییانە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە چ جۆرە دیموکراسییەک دێتە ئاراوە. بۆ نموونە، ئەگەر سیستەمی هەڵبژاردنی ڕێژەیی لەگەڵ سیستەمی پەرلەمانیدا هەڵبژێررا، ئەوا ئەوەی دێتە ئاراوە، سیستەمی تەوافوقی یان سازشکارییە. بۆیە هەڵبژاردنی سیستەمی پەرلەمانی یان سەرۆکایەتی یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی سیستەمی دیموکراسی، لە دیموکراسییە نوێیەکاندا وەک ئەوەی لایپهارت و ماتیو شوگارت جەختی لێ دەکەنەوە –

.١٩٩٣

لێرەدا بە پێویستی دەزانین پێش ئەوەی بێینە سەر باسی ئەوەی کە بۆچی سیستەمی پەرلەمانی و پەرلەمانی کارا گونجاوە بۆ دیموکراسیی نوێ، لە نێویاندا کوردستانیش، بە خێرایی باسی هەر سێ سیستەمی دیموکراسی بکەین کە خۆیان لە سیستەمی پەرلەمانی، سەرۆکایەتی لەگەڵ نیمچەسەرۆکایەتیدا دەبیننەوە.

پێش ئەوەی بێینە سەر باسکردنی هەر سیستەمێک و گونجاوی یان نەگونجاویی ئەو سیستەمە، دەبێت باس لە ئەو دۆخ و زەمینە و قۆناغە مێژووییە بکەین کە پەرلەمان تێیدا دێتە ئاراوە و هەوڵ دەدات وەک دەزگایەک دروست بێت و بچەسپێت. لە سەرەتادا پێویستمان بە دەستنیشانکردنی کاتەکەیە. هاتنەئارای پەرلەمان بە مانای گواستنەوە دێت لە شێوازی سیاسەتکردن لە کۆمەڵگای کوردیدا. پەرلەمان لێرەدا بە مانا بەرفراوانەکەی تەنها دەزگایەک نییە، بەڵکو سیستەمێکە کە چەندین دەزگای جیاواز لە خۆی دەگرێت و لە ژێر چەتری خۆیدا کۆیان دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پەیوەندیی تاک و هاووڵاتی لەگەڵ سیاسەت و کۆمەڵگادا. سیستەمی پەرلەمانی ئەگەر حیزبی سیاسی دەکاتە ئەکتەرێکی کاریگەر و بەهێز لە هەناوی سیستەمی سیاسی و حوکمڕانیدا، ئەوا لەگەڵ پارتی سیاسیدا دەزگای تری وەک کۆمەڵگای مەدەنی، ڕێکخراو و ناوەندی جیاواز دێنێتە ئاراوە کە هەوڵ دەدەن ببنە بەشێک لە پرۆسەی بەرفراوانی نوێنەرایەتیکردن.

## سیستەمی پەرلەمانی و سیستەمی سەرۆکایەتی

سیستەمی پەرلەمانی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانە لە لایەن خەڵکەوە، لە ڕێگای پارتی سیاسییەوە، کە پاشان ئەو پارتەی کە زۆرترین کورسی بە دەست دەهێنێت، دەتوانێت حکومەت

دروست بکات کە دەبێت لە پەرلەمانەوە دەنگی پێ بدرێت. بەم پێیە، پەرلەمان شەرعییەت بە حکومەت دەدات، بۆیە مافیشی هەیە لێی وەربگرێتەوە. ئەمەش وەها دەکات کە پەرلەمان ببێتە چەقی سیستەمی سیاسی و هەتا ئاستێک کە هەندێک بیرمەند بە سەروەریی پەرلەمانی ناوی دەبەن. بەو مانایە، ئەو یاسا و بڕیارانەی کە لە پەرلەمانەوە دەردەچن، هیچ ناوەند و هێزی تر توانا و دەسەڵاتی ئەوەیان نییە کە ڕەتی بکەنەوە.

ئەم سیستەمە لە هەمان کاتدا بە مانای ئەوە دێت کە هەرچەندە کەسی سەرۆکوەزیران ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت، بەڵام تەنها خاوەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، کە بەشێکە لە دەسەڵاتەکانی حکومەت. دیارە کاتێک حیزبی خاوەن زۆرینەی کورسی حکومەت پێک دەهێنێت، ئەوا تێکهەڵکێشێک لە نێوان حکومەت و پەرلەماندا دروست دەبێت. ئەمە مەرج نییە هەمیشە ببێتە مایەی هاوڕایی و هاوهەڵوێستی، بە تایبەتی ئەگەر ئەندامی پەرلەمان سەر بە ناوچەی هەڵبژاردنی دیاریکراو بوو، ئەوا لە بەرژەوەندیی بازنەی هەڵبژاردنەکەی و لە بەرژەوەندیی دەنگدەرانی، ناچار دەبێت ڕووبەڕووی ئەندامی پارتە سیاسییەکەی خۆشی ببێتەوە، ئەمە ئەگەر ئەندامی پەرلەمان زیاتر لە خولێک ئەندام بوو.

وەک دەردەکەوێت، سیستەمی پەرلەمانی، لە ڕووی تیۆرییەوە، دەبێتە هۆکاری هاتنەئارای پارتی سیاسیی بەهێز. لە هەمان کاتدا بڕیاردان زیاتر ناوەندی دەبێت. لە ڕووی ئیدارییەوە زیاتر هایرارکییە. بۆیە سیستەمی پەرلەمانی زیاتر سیستەمێکی دەزگاییە. لە کاتێکدا سیستەمی سەرۆکایەتی سیستەمێکی شەخسییە.

لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا، کاتێک سەرۆک جیاواز دەبێت لە پارتی سیاسی و کەسایەتییەکی بەهێزی دەبێت، ئەوا لە ئەنجامدا دەبێتە هۆکاری پەرتبوون و دروستبوونی کێشە لە ناو پارتە سیاسییەکەیدا. ئەمە بە گشتی لە هەناوی ئەو پارتە سیاسییانەدا

باوە کە لە خەتی چەپن. لە دۆخی وەهادا ڕەنگە جیاوازی لە نێوان سەرۆک و پەرلەماندا بێتە ئاراوە و لە ئەنجامدا ببێتە هۆکاری پەککەوتنی سیستەمی سیاسی یان حوکمڕانی.

لە لایەکی ترەوە، وەها بیر لە سیستەمی پەرلەمانی دەکرێتەوە کە بە هۆی پەرتبوونی دەسەڵاتەکانەوە تێیدا، زانیاریی زیاتر بێتە نێو بواری گشتییەوە، چونکە بە هۆی پەرتیی دەسەڵاتەکانەوە جیاوازی لە نێوان دەسەڵاتەکاندا دروست دەبێت، هەروەها لە کاتی جیاوازیدا ململانێ دێتە ئاراوە ، ئەم جیاوازیی ململانێیانە دەبنە هۆکاری ئەوەی کە بە ئەنقەست یان بە فەرمی، زانیاری بێتە نێو بواری گشتییەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ناکرێت ئەمە تەنها وەک باشە تەماشا بکرێت. هەندێک جار کاتێک لە ماوەیەکی کەمدا زانیارییەکی زۆر دەردەکەوێت، یان کێبڕکێی دەسەڵاتەکان دەبنە هۆکاری درکاندن و بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر یەکتر، ئەوا ڕەنگە لەبری ئاگاداربوونی خەڵکی و زانیاریدان بە بواری گشتی، بە پێچەوانەوە، خەڵک زیاتر تووشی زۆرزانیاری و سەرلێشێوان ببن. بۆیە هەرچەندە بوونی زانیاری گرنگە، بەڵام چۆنێتی و شێوازی بڵاوکردنەوەیشی گرنگن.

بە گشتی، لایەنگرانی سیستەمی سەرۆکایەتی وەها داکۆکی لە سیستەمەکەیان دەکەن کە سیستەمێکی سەقامگیرە و خۆی دووبارە دەکاتەوە. بەڵام لایەنگرانی سیستەمی پەرلەمانی ئەمە بە کێشە دەزانن، چونکە وەهای دەبینن کە ڕێگرە لە هاتنەئارای گۆڕانکاری. بە لای ئەمانەوە گۆڕانکاری پێداویستی و کرۆکی حوکمڕانییە، بۆیە دەبێت سیستەمەکە وەها بێت کە کراوە بێت بۆ گۆڕانکاری، نەک لەژێر دروشمی سەقامگیریدا ڕێگری لە هەموو گۆڕانکارییەک بکات.

وەک لە جێگای تردا ئاماژەمان بۆ کرد، پەرلەمانەکان لە هەناوی کەلتوور و ناوەندەکاندا جیاوازن، بۆیە ئەستەمە قسە

لەسەر تیۆرێکی گشتی بۆ پەرلەمان یان سیستەمی سیاسی بکرێت، جا ئیتر لە هەر جێگایەک بێت. پەرلەمان لە دونیایەکی وەک دونیای ئێمەدا هێندە ڕۆڵی دروستکەر و بونیادنەری توخمەکانی سیستەمی سیاسی دەبینێت، هێندە ڕۆڵی حوکمڕان نابینێت. ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەبێت وەها بێت، بەڵام ڕۆڵی بونیادنەر ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگە، کە بەبێ بونیادنان حوکمڕانی ئەستەمە. ئەمەش ئامانجی ئەمەریکا و وڵاتانی ترە لە پشتیوانیکردنی سیستەمی پەرلەمانی لە جێگاکانی تری دونیادا.

پەرلەمان کاتێک لە هەناوی سیستەمی پەرلەمانیدایە، ئەوا ڕۆڵی کۆکەرەوەی هەموو پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگا دەبینێت. ئەم خەسڵەتە، بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کە سیستەمەکانی پێکەوەبوون تییاندا لاوازن، وەک ناسیونالیزم، پانتایی گشتی، میدیا، کەلتووری پێکەوەبوون و زۆر بواری تر، ئەوا پەرلەمان ڕۆڵی هەموو ئەمانە دەبینێت. بەئاگابوون لەم ڕۆڵە وا دەکات کە پەرلەمان تەنها ئامێری هەناوی سیستەمێک نەبێت، بەڵکو دەزگایەکی بەرهەمهێنی نوخبەی سیاسی، بەهای سیاسی، ئاگایی گشتی، پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی و زاڵبوون بەسەر بەربەست و ڕێگرە نامۆدێرن و پەرتکەرەکاندا بێت. بەم پێیە، پەرلەمان دەبێت وەک چەترێک وابێت. لە ڕابوردوودا چالاکوانان و بیرمەندانی سیاسی ئەم ڕۆڵەیان بە سوپا و جێگایەکی وەک ڕەبایە سپارد هەتا کەسە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا بە یەکتر بناسێنێت و بەسەر ڕێگرە خێڵەکی و کۆمەڵایەتی و جوگرافییەکاندا زاڵ بێت. بەڵام پەرلەمان دەتوانێت لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی کاریگەرتر و باشتر ببینێت. بۆیە گرنگە پەرلەمان جێگای کۆکردنەوەی ناوچە جوگرافی و پێکهاتە جیاوازکان و چین و تویژەکانی کۆمەڵگا بێت.

## به پوختی، بۆچی سیستەمی پەرلەمانی بە باشتر دادەنرێت لە سیستەمەکانی تر؟

یەکەم، سیستەمی پەرلەمانی دەبێتە هۆکاری هاتنەئارای پارتی سیاسیی بەهێز. ئەمەش وەها دەبینرێت کە دەبێتە هۆکاری بەسیستەماتیکبوونی بڕیار. ئەم دەرئەنجامە دەبێت بە ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

دوو، بە پێچەوانەی سیستەمی سەرۆکایەتییەوە، سیستەمی پەرلەمانی پێکەوەکارکردن بەهێز دەکات.

سێیەم، پەیوەندییەکی باشتری نێوان خەڵک و فەرمانبەران لە دەزگا جیاوازەکانی حکومەتدا بەدی دێنێت.

چوارەم، بەرپرسیارێتی بۆ دەنگدەر و وەڵامدانەوەی خواستی دەنگدەر باشترە.

پێنجەم، توانای گونجان لەگەڵ دۆخ و گۆڕانکاری تێیدا باشترە.

شەشەم، پانتایی سیاسی زیاتر دەزگاییە.

حەوتەم، بەرپرس لە سیستەمی پەرلەمانیدا باشتر بڕیار دەدات و یەکلاییکەرەوەیە.

## نوێنەرایەتیکردن

هەموو ئەمانە لە ڕێگای پرۆسەی نوێنەرایەتییەوە جێبەجێ دەبن. بۆیە لێرەدا دەبێت ساتێک لەسەر نوێنەرایەتی ڕابوەستین.

ڕەنگە بۆ باشترتێگەیشتن لە چەمکی نوێنەرایەتی، چەمکە ئینگلیزییەکەی وەربگرین کە ئەویش ڕیپرەزێنتەیشنە. ڕی وەک پێشگرێک بە مانای سەرلەنوێ، بەم پێیە ڕیپرەزێنتەیشن بە مانای سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەی نوێنەرایەتیکراو دێت.

بۆ ئەوەی پرۆسەی نوێنەرایەتی لە چوارچێوەیەکی دیموکراسیدا بە ڕێوە بچێت، کۆمەڵێک پێویستە مەرج هەبن:

یەکەم، دەبێت هەردوو نوێنەر و نوێنەرایەتیکراو بوونێکی ئۆتۆنۆمۆس یان سەربەخۆیان هەبێت. نوێنەر ناتوانێت نوێنەرایەتیکراو کۆنترۆڵ بکات یان بە شێوەیەکی ئۆرگانی جێگەی بگرێتەوە. چونکە ئەگەر سەربەخۆیی لە نێوان نوێنەر و نوێنەرایەتیکراودا نەبێت، پرۆسەی نوێنەرایەتی نایەتە ئاراوە، بەڵکو کۆنترۆڵکردنە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت لەوە بەئاگا بین کە ئەستەمە دوو لایەنی ئۆتۆنۆمۆس نوێنەرایەتیی یەکتر بکەن. بەم پێیە، جۆرێک لە موستەحیل لە هەناوی سیستەمی نوێنەرایەتیکردندا هەیە. بۆیە هەمیشە پێویستی بە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن و چاودێری هەیە.

پرسی نوێنەرایەتیکردن پرسێکی ئاڵۆزە. ئەندامی پەرلەمان لە یەک کاتدا نوێنەرایەتیی چەند بوونێک دەکات. ئەندامی پەرلەمان نوێنەری حیزبە، نوێنەری ناوچەیەک یان بازنەی هەڵبژاردنەکەیەتی، هەروەها دەبێت نوێنەری چاکەی گشتیی خەڵکەکەی بێت. لە زانستی سیاسیدا بە گشتی کۆمەڵێک مۆدێل و چەمک هەن بۆ پرسی نوێنەرایەتی. لە نێو ئەمانەشدا دوو چەمکیان زۆر بڵاون. یەکەمیان چەمکی "ترەستی"یە کە بریتییە لە نوێنەرایەتیکردنی چاکەی گشتی یان بەرژەوەندیی باڵا. ڕەگی ئەم دیدە و جۆرە لە نوێنەرایەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەندام پەرلەمان و بیرمەندی ئینگلیزی، ئێدمۆند بێرک لە سەدەی هەژدە. بێرک داوا لە ئەندام پەرلەمان دەکات کە نوێنەری گەلەکەی یان خەڵکەکەی بێت، نەک نوێنەری بازنەی هەڵبژاردن. ئەمە لە هەمان کاتدا بە مانای ئەوە دێت کە نوێنەر دەبێت نوێنەرایەتیی بەهای باڵا بکات، نەک بە تەنها خواستی بازنەی هەڵبژاردنەکەی. بەم پێیە، ئەندامی پەرلەمان دەبێت بە پشتبەستن بە ئاگایی خۆی کارەکانی بکات، نەک تەنها بیری لە لای بەرژەوەندیی تەسکی بازنەی هەڵبژاردنەکەی بێت.

جۆری دووەم پێی دەوترێت دیلەگەیت یان شاندی. ئەم جۆرە

بە تەواوی پێچەوانەی ترەستییە. مەبەست لە دیلەگەیت ئەوەیە کە ئەرکی نوێنەر ئەوەیە دەنگدەرەکەی یان خەڵکانی بازنەی هەڵبژاردنەکەی بۆی دیاری دەکەن. بەم پێیە، ئەندامی پەرلەمان دەبێت تەنها لە خەمی بازنەکەیدا بێت و هەمیشە خواست و ئامانجی بازنەی هەڵبژاردنەکەی بکاتە پێوەری بڕیاردانی. بەڵام ئەندامی پەرلەمان لە دەزگایەکی وەک پەرلەماندا تەنها مامەڵە لەگەڵ ئەو بوارانە یان یاسایانەدا ناکات کە پەیوستن بە بازنەی هەڵبژاردنەکەیەوە. کەواتە چی دەبێت کاتێک بوارێک پەیوەست نییە بە بازنەی هەڵبژاردنی ئەندام پەرلەمانەوە، یان یاسایەک کە بە لای بازنەی هەڵبژاردنی ئەندام پەرلەمانەوە گرنگ نییە. لێرەدا ڕووبەڕووی جۆری سێیەمی نوێنەرایەتی دەبینەوە کە پێی دەڵێن پۆلیتیکۆ یان سیاسییانە. وەک لە ناوەکەیدا دیارە، پۆلیتیکۆ مانای ئەوەیە کە ئەندام پەرلەمان سیاسییانە دەنگ دەدات، ئەویش وەستاوە لەسەر جۆری یاسا و کێشەکان و پەیوەندیی لەگەڵ بازنەی هەڵبژاردنەکەیدا. نوێنەرایەتی لە ساڵانی ڕابوردوودا زیاتر کار و توێژینەوەی لەسەر کراوە، هەروەها نوێنەرایەتی خۆی وەک دیاردەیەک زیاتر ئاڵۆز بووە. ئەوەی ئێمە لێرەدا زیاتر جەختی لەسەر دەکەینەوە، نوێنەرایەتی پەرلەمانە، چونکە چەندین جۆری تری نوێنەرایەتی هەن.

نوێنەرایەتیکردنی دیموکراسی بە گشتی سێ بنەمای هەیە: دەبێت نوێنەر لە لایەن نوێنەرایەتکراوەوە ڕێگەپێدراو بێت. بەم پێیە، دەبێت نوێنەر بە خواستی خۆی دەنگ بدات یان نوێنەری خۆی هەڵبژێرێت. بوونی هەر جۆرێک لە ناچاری و فشار پرۆسەی نوێنەرایەتیکردن دەخاتە ژێر گومانەوە. دووەم، دەبێت هەڵسوکەوتی نوێنەر بە جۆرێک بێت کە لە بەرژەوەندیی نوێنەرایەتیکراودا بێت. بۆ دڵنیابوون لەمە، پێویستە کاری نوێنەر ئاشکرا بێت. سێیەم، دەبێت نوێنەرایەتیکراو ڕێگا و ئامرازی هەبێت هەتا پەیوەندیی

لەگەڵ نوێنەرانیدا هەبێت و بتوانێت بەرپرسیاری بکات.

نوێنەرایەتیکردن لە دونیادا هەتا دێت قورستر و پڕکێشەتر دەبێت، چونکە گۆڕانکاریی زۆر لەم بوارەدا ڕوویان داوە. بۆ نموونە، خواستی خەڵک زیادی کردووە. هەتا خواست زیاتر بێت، نوێنەرایەتی سەختتر دەبێت. لە هەمان کاتدا ئاگایی جەماوەر وەک جاران نییە. بە زیاتربوونی ئاگایی و هەبوونی زانیاری، دیسانەوە پرۆسەی نوێنەرایەتی سەختتر دەبێت. لە هەمان کاتدا خێرایی کێشەیەکی گەورەیە. لە کاتێکدا خەڵک دەخوازن هەتا دێت خێراتر کارەکانیان ڕاپەڕێنن، حکومەت و دامودەزگاکان بەو خێراییە ناگۆڕێن، ئەمەش وا دەکات کە پرسی نوێنەرایەتی دیسانەوە سەخت بێت. لە کوردستان، بە هۆی سیستەمی هەڵبژاردنەوە، خەڵکی ڕاستەوخۆ نوێنەرەکانی خۆیان ناناسن. ڕەنگە بوونی سیستەمێکی تێکەڵاو لەم بارەوە سوودمەند بێت، کە نوێنەر لە هەردوو ئاستی کوردستان و هەروەها ئاستی بازنەی هەڵبژاردندا هەڵببژێررێت، هەتا خواستی ناوچەیی و گشتی تێکەڵ بکرێت.

## گەشەی پەرلەمانی

پەرلەمان وەک دەزگایەک دەبێت لە چەند ئاستێکدا گەشە بکات: یەکەم ئاستی دەزگایی، دووەم، ئاستی ئاگایی، سێیەم، ئاستی سیاسی. پەرلەمانی کوردستان لە پاش دروستبوونی تووشی گەورەترین قەیران کە شەڕی ناوخۆ بوو. پاشان پارتە سیاسییەکان زیاتر وەک دوو پارتی خاوەن حکومەت کاریان دەکرد، نەک وەک دوو پارتی سیاسیی بەشدار لە حکومەتدا. ئەم نەبوونی جیاوازییەی نێوان پارتی سیاسی و دەزگاکان حکومەت، لە نێویاندا پەرلەمان، وای کرد کە کاری پەرلەمان و گەشەی پەرلەمان سەخت بێت. هەتا پارتی سیاسی بەهێز بێت، پەرلەمان لاواز دەبێت.

له لایەکی ترەوە، پەرلەمانی کوردستان کاتێکی زۆری ویست هەتا بنەما سەرەکییەکانی پەرلەمانی بونیاد نا، بنەمای هەرە سەرەکییش ئۆپۆزسیۆنە. پێش دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن و بەتایبەتی بزووتنەوەی گۆڕان، پاڵنەرێکی بەهێزی ناوخۆیی نەبوو بۆ فشارکردن بۆ گەشەی پەرلەمان. لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات، بە پێچەوانەوە، هەبوونی پەرلەمانی ئەورووپا و پرۆسەی بەئەندامبوونی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا پاڵنەرێکی سەرەکی بوو بۆ گەشەی پەرلەمان. نەبوونی فشاری ناوخۆیی و دەرەکی بۆ گەشەی پەرلەمان وای کرد کە گەشەی ئەم دەزگایە هاوتای دەزگاکانی تر نەبێت. وەک لە خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە، گەشەی ئەم دەزگایە یەکێکە لە کۆڵەکە هەرە سەرەکییەکانی بنەمای حوکمڕانی لە ناوەوە و دەرەوەدا. بۆیە دەبێت ئەم دەزگایە بکرێتە شوناسی دەسەڵاتی هەرێم، هەتا لە حکومەتەکانی تری ناوچەکەی جودا بکاتەوە. ئەم جوداییە لە زۆر ڕووەوە مایەی بەرهەمهێنانی هێز دەبێت. توانای خۆجوداکردنەوە یەکێکە لە بنەماکانی دەرکەوتن، بەدەستهێنانی پشتیوانی و شەرعییەت، هەموو ئەو خەسڵەتانەی کە هەرێم بە ڕادەیەکی زۆر پێویستی پێیانە بۆ پەیوەندیکردن بە دونیاوە و هەروەها بۆ مانەوە.

## گرنگیی پەرلەمانی کوردستان

پەرلەمانی کوردستان ئەو ناوەندەیە کە سەرچاوەی یاسایە لە هەرێمی کوردستاندا. پێدانی مافی یاسادارشتن بۆ هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەکی گەورەی هێزە بۆ سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان.. پەرلەمان لە کاتێکدا وەک دەزگایەکی یاساداڕێژەر دەبینرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەزگایەکە کە ئەو توانایە بە هەرێمی کوردستان دەبەخشێت کە لەمیانەی ئەم پرۆسەیەدا خەڵک و حکومەت پێکەوە گرێ بدات. ئەم سەرچاوەی

هێزە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگە. چونکە وەک لە ناوەکەیدا دیارە، حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی هەرێمییە. هەرێمیبوون سنووردارییەکی گەورەیە بۆ حکومەت لە کوردستان. بەڵام پەرلەمان لە ڕێگای توانای یاسادارشتن و نوێنەرایەتیی خەڵک و بوونی پرۆسەی دیموکراسی و بەشداریی هەموان، چ لە حکومەتدا، چ لە ئۆپۆزسیۆندا، بە مانایەکی تر، هەبوونی پانتاییەک بۆ کۆبوونەوەی هەموو هێزە سیاسییەکان، ئەو پاشخانە بە هەرێم دەبەخشێت کە هەرێم تەنها حکومەتێکی ئیداری نییە لە هەناوی عێراقدا، بەڵکو لەمیانەی پرۆسەی نوێنەرایەتی و دیموکراسییەوە بە ناوی خەڵکی کوردستانەوە قسە دەکات. ئەمەش پێگەیەکی گرنگ دەداتە پەرلەمان لە نێو جوگرافیای پرسی کورد و دۆخی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەرچەندە ئەم توانایە وەک پێویست سوودی لێ وەرنەگیراوە، بەڵام وەک ئەگەرێک یان توانایەکی پەنهان بوونی هەیە.

هەبوونی توانای یاسایی بۆ هەرێم، دەنگێکی یاسایی دەبەخشێتە بەشێک لە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هیچ ناوەند و دەزگا و پێگەیەکی تریان نییە تا ڕاستەوخۆ ئەم ماف و توانای یاسادارشتنەیان پێ ببەخشێت. بە هەبوونی مافێکی باش بۆ کورد لە دەستووری عێراقیدا، ئەم مافی یاسادارشتنە هێندەی تر بەهێزی دەکات.

هەبوونی توانای یاسادارشتن، لەسەر بنەمای پێداویستی و بەرژەوەندی و دید و ژیاری خەڵکی کوردستان، توانایەکی نوێیە، نەک تەنها بۆ خۆماڵیکردنی بەڕێوەبردن، کە بوارێکی ئێجگار گرنگە، بەڵکو بۆ ئامادەبوون و دواندنی دونیا. لە پرسی دیپلۆماسیی پەرلەمانیدا بە تایبەت باسی ئەم پرسە دەکەین. بەڵام لێرەدا زیاتر ئێستێک لەسەر بایەخی پەرلەمان بە گشتی دەکەین.

## ڕەهەندی کوردی

کورد، وەک گەلانی تری ناوچەکە، لە سەدەی ڕابوردوودا لە هەوڵی ئەوەدا بووە ببێتە نەتەوە. ئەم گواستنەوەیە کارێکی ئاسان نەبووە، هەروەها بۆ ئەوانی تریش ئاسان نەبووە. لە کاتێکدا کە پرۆسەی نەتەوەبوون بۆ کورد ئاسان نییە، چونکە ئامادەیی لە دونیادا نییە و ناتوانێت داکۆکی لە خۆی بکات و ددانپێدانەنراوە، ئەوا ئەوە پەرلەمانە کە وەک دەزگایەکی مۆدێرن دەتوانێت بەشێک لەم ئەرکە بەجێ بهێنێت.

هەموو کۆمەڵگایەک لە پێکهاتەو گروپ و چین و توێژی جیاواز پێک هاتووە، جیاوازی باوەڕ، چین، خواست، شوێن، دید. گەر ئەم جیاوازانە ڕێک بخرێن، ئەوا سەرچاوەی هێزن، نەک لاوازی. بۆیە سیستەمی پەرلەمانی لە کرۆکدا بە مانای ئەوە دێت کە پێکەوەبوونە بە جیاوازەوە. لەم پرۆسەی پێکەوەبوونەدا بەردەوام گۆڕا و نەگۆڕاو بەرهەم دێنەوە. گۆڕاو بریتییە لە دەستاودەستکردنیی سیاسی لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە، دید و بەرنامەی سیاسیی جیاواز. بەڵام نەگۆڕ بریتییە لە دەستوور، دەزگا لەگەڵ سیستەمدا. بەڵام ئەمانیش پرۆسەی گەشە و گۆڕانکاریی خۆیان هەیە. هەموو کۆمەڵگایەک بۆ ئەوەی سەقامگیر بێت و توانای گەشەی هەبێت، ئەم دوو بنەمای گۆڕاو و نەگۆڕاوە پێویستن. پەرلەمان ئەو دەزگایەیە کە هەردوو گۆڕاو و نەگۆڕاو دابین دەکات، لە هەمان کاتدا پێکەوەبوون بۆ جیاوازەکان دروست دەکات. پارتی سیاسی چ لە حکومەتدابێت یان لە ئۆپۆزسیۆندا، لە هەناوی پەرلەماندا پێکەوەن. دیارە لێرەدا ئۆپۆزسیۆنبوون پێویستی بە کاری زیاترە. چونکە هەموو سات و سەردەم و قۆناغێک پێویستی بە ئۆپۆزسیۆنبوون و پەیوەندیی ئۆپۆزسیۆنیی جیاواز هەیە. ئەم پێکەوەبوونە لە ناوەندێکدا سەرباری جیاوازییەکان بۆ گەلێک کە هێشتا دەرفەتی

ئەوەی نییە بە شێوازێکی سەردەمییانە ببیتە نەتەوە، هەنگاوێکی گرنگە. یەکێک لە لایەنە هەرە گرنگەکانی ئەم پرۆسەیە بریتییە لە زاڵبوون و لە ئەنجامدا تێپەڕاندنی شەڕی ناوخۆی کوردی. شەڕی ناوخۆی کوردی چەندین قۆناغی هەیە، ئەمڕۆ لە ئاڵۆزترین و هەستیارترین قۆناغیدایە. ئەگەر پەرلەمان لە لایەن سەرکردەی سیاسییەوە بە ئاگاییەکی نیشتمانییەوە بەو ئاڕاستەیەدا ببرێت کە پێکەوەیی و سەقامگیری دابین بکات، ئەوا دەتوانێت دۆخی سیاسیی کوردی لە نەبوونی هاوبەشەوە بگوێزێتەوە بۆ قۆناغێک کە تێیدا هاوبەشی و جیاوازی بە جودا بوونیان هەبێت. هەموو پرۆسەیەکی سیاسی لە هەناوی کایەیەکی سیاسیدا پێویستی بە ئەوەیە کە هاوبەش و جیاوازەکان دیاری بکات و لە یەکیان جودا بکاتەوە. ئەمە نزیکە لە گۆڕاو و نەگۆڕاوەوە، بەڵام جودایە.

پەرلەمان لە ئاستی ناوخۆی کۆمەڵگای کوردی و سیاسەتی نیشتمانیدا کۆمەڵێک سوودی تری هەیە، وەک نوێبوونەوەی نوخبەی سیاسی، بەیاساییبوونی بوارەکانی ژیان، دروستبوونی پەیوەندیی نێوان خەڵک و حکومەت. لە هەمان کاتدا، ئەگەر بێت و سیستەمی سیاسی پەرلەمانی بێت، ئەوا سەروەریی پەرلەمانی دێتە ئاراوە کە دەبێتە بەردی بناغەی حوکمی یاسا.

دیارە ئەگەر سەروەریی پەرلەمانی بچەسپێت، ئەوا دەبێت سیستەمی هەڵبژاردنی بگۆڕرێت بەوەی دەرفەت برەخسێنێت بۆ هەموو توێژێکی کۆمەڵایەتی هەتا بێنە ناو پەرلەمانەوە، چونکە لە کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای کوردیدا ئاسان نییە بۆ خەڵکی شارەزا تا لە هەڵبژاردن و کایەی سیاسیدا سەرکەوتوو بن.

## ڕەهەندی عێراقی

هەبوونی پەرلەمانی کوردستان لە هەناوی عێراقدا، سەربەخۆیی یاسایی و شەرعی دەداتە هەرێمی کوردستان. مەبەستمان لە شەرعی، ڕەهەندی ئایینی نییە، بەڵکو مەبەستم پاڵپشتی و ڕەزامەندیی خەڵکە. شەرعییەتی سیاسی بریتییە لە ڕازیبوونی خەڵک یان زۆرینەیان بە ئەو کارانەی کە نوخبەی سیاسی دەیانکات. ئەم پاشخانە یاسایی و شەرعییە لە کاتێکدا سەرچاوەی هێزە، لە هەمان کاتدا هاوتاییەک دەدات بە هەرێم لە بەرامبەر بەغدادا.

گەر ئەم پرسە لەمیانەی گەشەی دەوڵەتی عێراقیدا ببینین، دەبینین کە مێژووی دەوڵەتی عێراق بە گشتی مێژووی دەوڵەتێکی ناوەندییە کە ئامانجی ئەوە بووە لە ڕێگای سوپا و قوتابخانەوە خەڵکێک بۆ دەوڵەتەکەی دروست بکات، بەڵام ئەم پرۆسەیە بە دیکتاتۆری کۆتایی هات. بۆیە وەک لە سەرەوە باسمان کرد، عێراقی سەردەمی ئەمەریکی یان عێراقی پاش جەنگی سارد، عێراقێکی فرەناوەند و فرەگەل و فرەکەلتوورە، بۆیە بۆ چەسپاندن و درێژەدان بەم فرەییە، دەبێت دەزگای نوێنەرایەتی و حکومەتی هەرێمی هەبن، کە پەرلەمان بەرجەستەکەری ئەم پرۆسەیەیە. لە هەمان کاتدا بوونی پەرلەمانیش حکومەتی هەرێم لە ناودێکی جێبەجێکەرەوە دەگۆڕێت بۆ حکومەت. بۆ نموونە، ئەگەر هەرێم پەرلەمانی نەبێت، ناتوانین ناوی بنێین حکومەت، چونکە ئەو کاتە دەبێتە ناوەندێکی جێبەجێکەر بۆ یاسا و بڕیارەکانی ناوەندێکی تر.

## ڕەهەندی هەرێمی و نێودەوڵەتی

لەبەر ئەوەی لە جێگای تردا بە وردی و دوورودرێژی باسی ئەم بوارەمان کردووە، لێرەدا بە کورتی قسەی لەسەر

دەکەین. دیپلۆماسیی پەرلەمانی بوارێکی نوێیە لە دیپلۆماسیی نێودەوڵەتیدا. هەندێک بە دیپلۆماسیی یەک و نیو لە قەڵەمی دەدەن. دیپلۆماسیی یەک دیپلۆماسیی دەوڵەتە، کە جۆری باڵاو بڵاوی دیپلۆماسییە. دیپلۆماسیی دوو دیپلۆماسیی نادەوڵەتیە، تایبەتە بە زەمینەڕەخساندن بۆ ئەو دەوڵەت و هێزانەی کە لە پەیوەندیی خراپدان، هەتا بتوانن زەمینەیەک بۆ بەیەکگەیشتنیان بڕەخسێنن. ئەوا دیپلۆماسی پەرلەمانی لە نێوان ئەم دوو جۆرە لە دیپلۆماسییەتدایە. گەشەی دیپلۆماسیی پەرلەمانی پەیوەندیی بە گۆڕینی دۆخی سیاسیی جیهانەوە هەیە. ئەم بوارە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە گەشەکردنی زیاتردایە بە هۆکاری گۆڕانی دۆخی جیهان، گەشەی تەکنەلۆجی، بەشداری و خواستی خەڵکی لە سیستەمی حوکمڕانی و هەروەها نزیکبوونەوەی کۆمەڵگا مرۆییەکان و دروستبوونی هاوبەشی زۆر لە نێوان کۆمەڵگاکاندا. لە هەمان کاتدا، هەبوونی ڕەهەندی جیهانی بۆ زۆر بوار و یاسا، وەک ژینگە، تیرۆر، وزە، ئاسایش، بازرگانی لەگەڵ جیهانیبوونی مافەکانی مرۆڤ و مافە تایبەتەکانی تری وەک مافی ئاژەڵ و منداڵ.

گەر دیپلۆماسی کاری دەوڵەت بووە و هەتا ئاستێکی زۆر بە کاری دەوڵەت ماوەتەوە لە دونیادا، ئەوا گۆڕینی دونیا دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنێت کە دیپلۆماسیی پەرلەمانی ڕێچکەیەک بۆ کورد بکاتەوە لە ئامادەبوونی لە دونیادا. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتە بەرجەستە بێت، ئەوا دەبێت لە هەناوی پەرلەماندا ئامادەکاری و بنەمایەکی دیپلۆماسی هەبێت. پەرلەمان لە چەندین ئاستدا دەتوانێت لە دەرەوەی خۆی، لەگەڵ پەرلەمانەکانی تری دونیا، چ پەرلەمانی هەمان ئاست، هەرێمی، یان پەرلەمانی نیشتمانی، یان تەنانەت پەرلەمانی سەروونیشتمانی؛ وەک پەرلەمانی ئەورووپی ڕۆڵی هەبێت. دەکرێت تۆڕێک لە دەزگا لەم بوارەدا پێک بهێنرێن و کار بکەن: لە ڕێگای سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە، لە ڕێگای لیژنەی

کاروباری دەرەوە، لە ڕێگای لیژنەی ڕەوەندەوە. هەروەها دەکرێت کەسانێک تەرخان بکرێن بۆ دروستکردن و پەرەپێدانی پەیوەندیی پەرلەمانی لەگەڵ پەرلەمان و ناوەندە پەرلەمانییەکانی دونیادا، لە ئاستی توێژینەوە، کۆنفرانس، یاسادارشتن، ڕاهێنان، گرووپی دۆستایەتی و زۆر بواری تر.

هەبوونی شاندی پەرلەمانی خەسڵەتێکی جیاکاری دەبەخشێت بە هەرێم لە ناوچەکەدا، چونکە لە سەرتاپای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەرلەمان بە گشتی دەزگایەکی لاوەکی و لاوازە. ئەمە دەرفەتە بۆ کورد کە خۆی لە ئەوانیتر جودا بکاتەوە و لەمیانەی ناوەند و دەزگایەکی دیموکراسییانەوە پەیوەندی لەگەڵ دونیادا دروست بکات.

## چۆن پەرلەمان بەهێز بکرێت؟

نەک تەنها پەرلەمان، بەڵکو هەموو دەزگایەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بەوەیە کە کەلتووری تایبەت بە خۆی بەرهەم بهێنێت. ئەمە ئەرکێکە کە دەزگاکان لێی بێئاگان و لە ئەنجامدا دەکەونە ناو تۆڕی کەلتووری ئامادە و باڵاوە. پەرلەمان دەبێت خۆی بۆ خۆی کەلتووری پەرلەمانی بەرهەم بهێنێت. کەلتووری پەرلەمانی سیستەمێکی ئاڵۆزە کە سەرەتا لە کارایی و پاشان لە دەزگاییبوون و ئینجا لە هاتنەئارای بنەما بەرفراوانەکانی تری وەک پارتی سیاسیی سەردەمییانە، کۆتایی هێز وەک فاکتەری سیاسی، ئابووریی سەربەخۆ، بە مانای ئابووریی ئازاد و تاک لەگەڵ کەلتووری بەرفراوانی لیبراڵیزم لە خۆی دەگرێت. لیبراڵیزم لە کەلتووری ناوچەکەدا زۆر لاوازە، وەک عەلی عەلاوی دەڵێت: «بڕوام وایە کە کەلتووری لیبراڵیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەندە بوونی نییە، بە تایبەت ئەگەر لیبراڵیزم وەها بناسێنێت کە بریتییە لە بەهێزکردنی ئازادیی تاک و گرووپی بچۆلە...

ئازادی وەها پێناسە کراوە کە ڕێزگرتنە لە مافی تاکەکەسی و خەسڵەتی کەمینەکان.» لاوازیی کەلتووری لیبراڵ و تاکێتی، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر پەرلەمان هەیە. شایانی باسە کە ئایدەلۆژییەکانی دژەپەرلەمان پێگەیەکی بەهێزیان هەیە بەراورد بە ئایدەلۆژییە پەرلەماندۆستەکان. کەلتووری گشتی زیاتر قارەماندۆستییە. قارەماندۆست خەڵکانێکی بێتەحەمولن لەگەڵ حکومەتی دەستووری، هەوادارانی قارەماندۆستی نەگونجاون بۆ پێزانینی بەهای پەرلەمان.

لە دونیای ئێمەدا ئایدەلۆژیا ڕادیکالیزم و شۆڕشگێڕییەکان زیاتر جێگەی قبوڵن بۆ زۆرینەیەک لە خەڵک لە بەرامبەر کەلتووری پەرلەمانی کە بە خاوێتی و سازان ناسراوە. ڕەگی ئەمە لە دیدی چەپەوە ڕەنگە لە چەمکی ساویلکەیی پەرلەمانێتییەوە سەرچاوە بگرێت. کە کارل مارکس لە کتێبی هەژدەی برۆمێردا بۆ ئەو ڕۆژگارەی پاش شۆڕشی فەڕەنسی بەکاری دەهێنێت. مارکس لە وەڵامی ئەوانەدا کە بڕوایان وابوو دەشێت کۆمەڵگا لە ڕێگای پەرلەمانەوە بگاتە سۆشیالیزم، بڕوای وابوو کە پەرلەمان ڕووکەشێک دروست دەکات کە گوایە کێشەکان چارەسەر دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا پەرلەمان تەنها نوێنەرایەتیی چینێک دەکات و نایەوێت کێشەکان بە جیددی چارەسەر بن. دیارە پەرلەمان ناتوانێت ببێتە جێگایەک بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو، بەڵکو هەمیشە بەسەر ئەگەرەکاندا کراوەیە، بۆیە بۆ کەسێکی شۆڕشگێڕ کە تەنها دیدی خۆی پێ ڕەوایە، جێگایەکی نەگونجاوە. ئەگەر بیری ڕادیکاڵیزم بەشێک بێت لە لاوازیی کەلتووری پەرلەمانی، ئەوا ئایینیش پەیوەندییەکی شەرمنانەی هەیە لەگەڵ پەرلەماندا و زۆر بە تایبەتیتریش لەگەڵ لیبراڵیزمدا. هەرچەندە دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە پارتە کوردییە ئیسلامییەکان هەتا دێت میانڕەو دەبن و بەها سەردەمییەکان لە باوەش دەگرن.

## قەیرانی ناکارایی

پەرلەمان دەزگایەکی هەستیارە. لە هەموو دەزگایەکی تر زیاتر لە بەر چاوی خەڵکدایە و هەروەها دەبێت پەیوەندیی بە خەڵکەوە هەبێت. ئەگەر وا بیر لە پەرلەمان بکەینەوە کە بوونەوەرێکی جووت قاچە، ئەوا دەبێت قاچێکی لە ناو خەڵکدا بێت و قاچێکی تر لە هەناوی حکومەتدا هەتا بتوانێت پردێک لەو نێوانەدا دروست بکات. ئەم هەستیارییەی پەرلەمان وا دەکات کە تەنها لە کەشوهەوایەکدا کارا بێت کە بۆی گونجاوە، کاتێک ژینگەی سیاسی نەگونجاوە، ئەوا ناتوانێت بە ئاسانی کارا بێت. ئەمەشە کە ڕۆمانەکان دیکتاتۆرییان بە بەدیلی پەرلەمان دانا لە کاتی قەیراندا. ئەم تێزە ئەمڕۆ بە دوو جۆر بەرهەم دێتەوە: جۆرێک لای کارڵ شمیت، جۆرێکی تر لای ئاگامبێن. لە کوردستان ئەم دۆخە لە پەیوەست بە شەڕ و جۆری هێز و مەترسیی دەرەکییەوە بەکار دەبرێت. هەتا دەنگی هێزی چەک باڵاتر بێت، ئەوا پەرلەمان لاوازتر دەبێت. هەتا قەیران هەبێت، یان بە دیدی ئاگامبێن قەیران دروست بکرێت، ئەوا پەرلەمان ناتوانێت بە باشی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. بەم پێیە، پەرلەمان دەزگایەکی مەدەنییە، لە دۆخێکی مەدەنیدا برەو بە کارەکانی دەدات. بۆیە گرنگە جەخت لەسەر ڕەخساندنی زەمینەی مەدەنییەت بکرێتەوە.

## حیزبی سیاسیی بەهێز

حیزبە سیاسییەکان بەهێزترین ڕێکخراون لە کوردستاندا. بەهێزییان کۆمەڵێک ڕەگ و بنەمای هەیە، وەک هەبوونی چەکدار و هێزی ڕێکخراو، پارە، دەسەڵات، حەکایەت، یادەوەری لەگەڵ مێژوودا. لە هەمان کاتدا تەنها ناوەندێکن بۆ جووڵەی کۆمەڵایەتی یان گواستنەوە لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر. حیزبە سیاسییە

کوردییەکان لەسەر بنەمای کۆمیونیستی سۆڤییەتی بونیاد نراون. دەسەڵات لە کەسی سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا چڕ بووەتەوە. هەردوو سەرۆکی حیزب و ئەندامێتیی مەکتەبی سیاسی هەتا مردنن. دەسەڵات بە شێوەی تەقلیدی درێژەی پێ دەدرێت.

ئەگەر بەپێی تێزی لاوازبوونی پەرلەمان، کە لە بواری لێکۆڵینەوەی پەرلەمانیدا تێزێکی باڵایە، دۆخی کوردستان هەڵبسەنگێنین، بەپێی ئەم تێزە پارتی سیاسیی بەهێز دەبێتە هۆکاری پەرلەمانێکی لاواز؛ ئەم تێزە لە کوردستان زیاتر لە جێگاکانی تر بە ڕاست دەگەڕێت. لە کوردستان پەیوەندیی نێوان حیزبەکان و پەرلەمان زۆر ئاڵۆز و ناهاوسەنگە. حیزبی سیاسی لە پاشخانێکی نادیموکراتییەوە هاتووە و هەتا ئێستا ناتوانێت بە باشی پەیڕەوی ڕێسا دیموکراتییەکانی بکات. بە گشتی، لە سیستەمی پەرلەمانیدا پارتی سیاسی بەهێزە و هەروەها سیستەمی پەرلەمانی بەهێزیشی دەکات، بەهیزیی حیزب لە ئەنجامدا بە لاوازیی دەزگای پەرلەمان کۆتایی دێت، چونکە حیزب لە ڕێگای ژمارەوە دەتوانێت پەرلەمان و حکومەتیش کۆنترۆڵ بکات. بە تایبەت کاتێک کە ئۆپۆزسیۆن لاوازە. قەیرانی کۆنترۆڵی حیزب ئەوەیە کە دەسەڵاتێک دروست دەبێت لە سەرووی پەرلەمانەوە، لە دەرەوە ئیدارەی پەرلەمان دەدات. ئەمە بە تایبەت کاتێک کە سەرۆکی هیچ حیزبێک ئامادە نییە بێتە ناو پەرلەمان، چونکە بە جێگایەکی شایستە بە خۆی نازانێت.

## نەبوونی سیستەمێکی سیاسی ڕوون

سیستەمی سیاسی ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر سروشت و چۆنێتیی بەڕێوەچوونی پەرلەمان هەیە. لە ئێستادا کوردستان بە دەست یەکلاییکردنەوەی سیستەمە سیاسییەکەیەوە دەناڵێنێت. بەپێی سیستەمی سیاسی و دەستووریی عێراق، سیستەمی

سیاسی کوردستان دەبێت بە هەمان شێوەی عێراق سیستەمی پەرلەمانی هەبێت. بەڵام هەرێم جۆرێک لە سیستەمی تێکەڵی هەیە کە ناکارایە.

ڕەخنەگران دەڵێن ئەم سیستەمە تێکەڵە بۆ ئەمڕۆی هەرێم نەگونجاوە، بەڵکو بۆ خواستی نوخبەی سیاسی گونجاوە کە بڕوایان وەهایە نابێت دەسەڵات بەش بکرێت، بەڵکو دەبێت لە دەستی سەرۆک و دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بێت. هەنگاونان بەرەو سیستەمی پەرلەمانی وەک زۆر لە حیزبە سیاسییەکانیش داخوازین، هەنگاوێکی ئەرێنی دەبێت لە هاتنەئارای پەرلەمانێکی سەربەخۆ لە هەرێم. ئەم سیستەمەی ئێستا کە نە پەرلەمانییە و نە سەرۆکایەتی، ڕێگرە لە بەردەم کارابوونی پەرلەماندا بە تایبەت کە دابەشبوونی دەسەڵاتەکان ڕوون نین.

## کارەکانی پەرلەمان

وەک کاری سەرەکی، پەرلەمان سێ کاری هەیە: یاسادارشتن، کە لە ڕێگایەوە پەرلەمان حوکمڕانیی وڵات لە قاڵب دەدات و لە هەمان کاتدا بە ناوی خەڵکەوە شەرعییەتی پێ دەبەخشێت. دووەم، چاودێریکردن، کە پەرلەمان چاودێری دەکات بۆ فشارکردن لەپێناو جێبەجێکردنی یاساکان و پەیوەستبوون پێوەی. لە هەمان کاتدا نوێنەرایەتیکردنی بازنەی هەڵبژاردن و هاووڵاتیان.

چوار هۆکار هەن کە بڕیاردەرن لەوەی کە پەرلەمان چۆن بەم سێ کارە سەرەکییەی هەڵدەستێت:

یەکەم، دۆخی دەستووری و دەزگایی پەرلەمان توانای پەرلەمان دیاری دەکات لەوەی کە ئایا چۆن دەتوانێت دەسەڵاتەکانی پیادە بکات لە بەرامبەر دەسەڵاتەکانی جێبەجێکەر و دادوەریدا.

دووەم، لە زۆربەی پەرلەمانەکاندا لیژنەکان ئەو جێگایەن کە زۆربەی کاری پەرلەمانیان تێدا بە ڕێوە دەچێت و هەروەها

مەتبەخی ئامادەکاری یاسا و بڕیار و سازشکارین. هەبوونی سیستەمێکی بەهێز بۆ لیژنە هۆکارێکی گەورەیە لە کاریگەربوونی پەرلەمان و توانای بۆ ئەنجامدانی کارەکانی.

سێیەم، پەرلەمانی بەهێز وەک دەزگایەک، لەسەر ڕێکخراوەییبوونی پەرلەمان وەستاوە. بۆ ئەوەی پەرلەمان بە شێوازێکی باش و کاریگەر کارەکانی بکات، دەبێت ڕێکخراو یان ئۆرگەنایسەیشنی پەرلەمان بەهێز بێت، هەتا بتوانێت پشتیوانیی لۆجیستی و ئابووری و زانیاری دابین بکات بۆ فەراهەمبوونی کاری پەرلەمانی.

چوارەم، پارتی سیاسی و گرووپی سیاسی ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە توانای پەرلەمان بۆ فەراهەمکردنی کارەکانی. پارتی سیاسی و جۆری پارتی سیاسی و هەروەها سیستەمی سیاسی لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی و دۆخی ئاسایشی وڵات هەموو کاریگەرن لەسەر چۆنێتیی کاری پەرلەمان.

دیارە سەرباری ئەم کارە سەرەکییانە، پەرلەمان لە بواری تردا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاری جیاواز جیاواز دەکات. بوونی پەرلەمان ئاماژەیە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، لە ڕێگای ئەمەوە پەرلەمان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بەڕێوەچوون و هەڵسوڕانی سیستەمی سیاسیدا. لەگەڵ ئەمەشدا، پەرلەمان ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیمبوڵیی زۆری هەیە. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، پەرلەمان وەک ئەو ناوەندە دەبینرێت کە لە خەڵکەوە نزیکە. ئەنجامدانی خۆپیشاندان لە کوردستان لە بەردەم پەرلەماندا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پەرلەمان چ پێگەیەکی هەیە لە هەناوی کۆمەڵگا و چالاکوانانی نێو کۆمەڵگادا. بۆ نزیککردنەوەی زیاتر و دروستبوونی پردێکی پتەو لە نێوان کۆمەڵگا و پەرلەماندا، کردنەوەی دەرگای پەرلەمان بۆ سازدانی کۆڕ و سیمینار و پیشانگە و کار و چالاکیی کۆمەڵایەتی هەنگاوێکی باش دەبێت بەم ئاڕاستەیەدا.

## جۆری پەرلەمان

دەستووری وڵات، جۆری پەرلەمان دیاری دەکات. مەبەست لە جۆر ئەوەیە کە ئایا چەند ژووری هەیە. داڕشتنی یاسا بە شێوەیەکی سەرەکی لە لیژنەکاندایە یان لە هۆڵەکەدا.

## ڕۆڵی لیژنەی پەرلەمانی

لیژنەکان گرنگترین پێکهاتەی پەرلەمانن، لەوێدا نەک هەر یاساکان دادەڕێژرێن، بەڵکو هەر لیژنەیەک لە بواری خۆیدا دەرفەتی ئەوەی دەبێت کە زانیاری و داتا کۆ بکاتەوە، لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی ئاسانتر بانگهێشتی خەڵکانی شارەزا بکات هەتا سوود لە ئەزموون و زانیارییان وەربگرێت. لیژنە دەبێت ئەرشیف و کتێبخانە و پەیوەندیی تایبەتی هەبێت. لەبەر گرنگیی لیژنە، دەبێت لە دەستنیشانکردنی ئەندامەکانیدا شارەزایی، جیاوازی، بوونی خەڵکی شوێنی جیاواز و ئافرەت ڕەچاو بکرێت. لیژنەکان لە پەرلەماندا ئەو ناوەندانەن کە بە گشتی دوو جۆر کار دەکەن: یەکەم، ئەو کارانەی کە پەرلەمان بە گشتی پێی ناکرێن، دووەم، ئەو کارانەی کە وەک ئامادەکارییە بۆ بەڕێوەچوونی کاری پەرلەمانی. لیژنە کاری بەدواداچوون دەکات، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، هەروەها ئەرکی پشکنین و دڵنیابوونەوە و بینین ڕادەپەڕێنێت، لە هەمان کاتدا لیژنە بواری ئەوە دەدات کە بە ئاسانی بتوانرێت شایەدحاڵی ڕووداوێک یان کێشەیەک بانگهێشت بکرێت، هەروەها کەسی پسپۆر و شارەزاش لە بوارەکاندا ئاسانتر دەرفەتی ئەوەیان دەبێت کە لە بوارێکی تایبەتدا قسە بۆ لیژنە بکەن کە لیژنە کاری لەسەر دەکات. لەسەر ئەم بنەمایانە، لیژنە دەتوانێت بەڵگەی نەرم، کە مەبەست لێی ئەو زانیارییە زارەکییانەن دەربارەی بوارێک یان دۆخێکی تایبەت هەن، کۆ بکاتەوە و سوودیان لێببینێت

بۆ بڕیاردان یان داڕشتنی یاسا.

لیژنە کراوەیی و ئاسانیی زیاتری تێدایە، چونکە بە گشتی بچووکە و شێوازی بەڕێوەچوونی کارەکانی نافەرمییە. لیژنە دەتوانێت بچێتە جێگا جیاوازەکان ئەگەر پێویست بکات، بە تایبەت لە دۆخی ڕووداوی تایبەت و هەبوونی کێشەی تایبەت لە جێگایەک یان ناوچەیەکدا. لیژنەکان لە ڕووی کات و تەرخانکردنی کات بۆ لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی کارێک، خەسڵەتێکی گرنگیان هەیە، ئەویش ئەوەی کە دەتوانن کاتی پێویست بۆ بوارەکە تەرخان بکەن.

لە بواری چاودێری و لێپرسینەوەی حکومەتدا، لیژنە دەتوانێت بەرپرسی حکومی بانگهێشت بکات بۆ گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و دەستەبەرکردنی زانیاری و هەروەها پرساندن. جیاوازیی ئەمە لەگەڵ پەرلەماندا ئەوەیە کە بەڕێوەچوونی ئەم کارە دوور لە چاوی میدیا دەبێت. هەرچەندە لە هەندێک پەرلەماندا کاری لیژنەکان، بە تایبەتی لە کاتی بانگهێشتکردنی بەرپرسێکی حکومی، ڕاستەوخۆ پەخش دەکرێت، بۆ نموونە وەک لە کۆنگریسی ئەمەریکیدا دەیبینین. هەروەها بانگهێشتکردنی کاربەدەستانی خوارتر لە وەزیر، دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنێت کە زانیاریی زیاتر لە نێوان لیژنە و پەرلەمان و حکومەتدا بگۆڕرێتەوە.

## پێشنیازەکان:

### لە ناو پەرلەماندا

کۆمیتەی زیاتر بۆ پێداویستیی سەردەم لە ڕووی پرینسیپەوە

ئامانجی لیژنەکانی پەرلەمان ئەنجامدانی ئەوە کارانەیە کە پەرلەمان خۆی ناتوانێت بیانکات، وەک بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر، بەدەستهێنانی فاکت دەربارەی کەیسی تایبەت، بانگهێشتکردنی شارەزا و شایەتحاڵ، لەپێناو دارشتنی دەرئەنجامێکی عەقڵانییانە. لیژنە بە گشتی تایبەتمەند و بچووک و نافەرمین، بۆیە زیاتر بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و بۆچوون لە خەڵکانی شارەزا گونجاون.

لیژنە هەمیشەییەکانی ئێستای پەرلەمان ڕەنگدانەوەی پێداویستی و داخوازییەکانی ئێستای پەرلەمان نین، هێندەی ئاوێنەی وەزارەتەکانی حکومەتن. ئەمەش بە ڕوونی دەری دەخات کە ئەندازیارانی ئەم پەرلەمانە چۆن پەرلەمانیان وەک پاشکۆیەکی حکومەت بینیوە. لیژنە ئەو مەتبەخەیە کە زۆربەی یاساکان تێیدا دادەڕێژرێت و سازانی لەسەر دەکرێت. ئایا بواری یاسایە، کشتوکاڵە، داراییە، وزەیە، یان لە ڕاستیدا هەر بوارێکی ترە، لە دونیای ئەمڕۆدا زانیاریی نوێ پێداویستییەکی سەرەکییە بۆ بڕیاردان. لیژنە شارەزایان لە خۆی دەگرێت کە دەکرێت ببنە سەرچاوەیەکی دەگمەنی هێنانی زانیاری بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە. بۆ ناو کایەی سیاسەت و بڕیاردان.

## بونیادی ئەرشیڤخانە

ئەگەر پەرلەمانی کوردستان لە قۆناغی کۆرپەلەییدایە بەراورد بە پەرلەمانەکانی تر، ئەوا تەنها گەرەنتییەک بۆ گەشە، خۆی لە کەڵەکەکردنی مەعریفەدا دەبینێتەوە بە تێکەڵکردنی لەگەڵ ئەزموونەکاندا. هەبوونی ئەرشیڤخانەیەک پێداویستییەکی سەرەکییە. ئەرشیف گەرەنتیی کەڵەکەبوون، بەردەستبوون و دەستراگەیشتن دەدات. بەبێ هەبوونی دەزگایەکی لەو جۆرە، پەرلەمان گیرۆدەی کێشەی بێئەزموونیی هەمیشەیی دەبێت. گەشە تەنها بە بەدەستهێنان و کەڵەکەکردن دەستەبەر نابێت، بەڵکو هەروەها، بە تایبەتی، پێویستی بە کەڵەکردن و هێشتنەوە هەیە، ئەمە بۆ سەرمایە، مافەکان لەگەڵ زانیاری و زانستدا.

## پێداویستی هەبوونی کافێیەک بۆ بینینی خەڵک و دیپلۆماتان

بۆ پەرلەمان وەک جێگایەک بۆ پەیوەندیکردن، سازشکردن، دانوستان و ناسین، هەبوونی جێگایەکی نافەرمی زۆر پێویستە. کافێیەک ئەو پانتاییە دەستەبەر دەکات بۆ ئەوەی بتوانیت بە نافەرمی دیدار ساز بکەیت و گفتوگۆ بکەیت، بە دوورگرتن لە ڕیکۆردکردن، بەرپرسیارێتی لەپێناو بونیادنانی متمانە. ئەم خەسڵەتانە هاوکاریی ئەندامانی پەرلەمان دەکەن بۆ ئەوەی یەکتر ببینن، ئایدیا بگۆڕنەوە، هەروەها لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگادا دیدار ساز بکەن، ئەمە لە کاتێکدا ڕێز و دەرفەت بە خەڵکی دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا هێندە پڕ لە ڕەسمیات نابێت. هەروەها لە سەردەمێکدا کە پەرلەمان بە شێوەیەکی کاریگەر هەتا دێت زیاتر و زیاتر دەبێتە ئەکتەرێکی ناو کایەی دیپلۆماسی، هەبوونی کافێیەک ئاسانکاری دەکات بۆ سازدانی دیدار لە نێوان دیپلۆماتکاران و ئەندامانی پەرلەمان بەبێ بوونی هێندە ڕێگری و ڕەسمیات. پێویستبوونی ئەمە لەوەدایە کە کاری ڕاستەقینەی دیپلۆماسی لە دۆخی نافەرمیدا ئەنجام دەدرێت.

## ڕاوێژکاری پرۆفیشناڵ

لە دونیای ئەمڕۆدا سیاسەت جیاوازە، چونکە هەموو شتێکی تر جیاوازە. کۆمەڵگای کوردستان لە پەراوێزی دونیای مۆدێرندایە، بەڵام بە چڕی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی دونیا مۆدێرنەوە. سەرباری ئەمە، کۆمەڵگای کوردستانی زۆر دوورە لەوەی کە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن بێت. بەم پێیە، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی مۆدێرنەوە بەبێ ئەوەی مۆدێرن بێت. ئەم دۆخە ئاڵۆزە کاریگەریی لەسەر سیاسەتیش وەک هەر بوارێکی تر داناوە. ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی کە لە سەردەمی چوارەم شۆڕشی پیشەسازیدا ڕوویان داوە، مەعریفە بە ناچاری دەکاتە بەشێکی سەرەکی لە تێگەیشتنی دونیا لە ئاستی سیاسییشدا.

سیاسەتی کوردی و سیستەمی هەڵبژاردنی هەرێم، لەگەڵ کەلتوور و ئاگایی خەڵکیدا، بوار نادەن بە کەسانی خاوەن پاشخانی زانستی هەتا بە ئاسانی ببنە ئەندامی پەرلەمان. بۆیە زۆرینەی یاسادارێژەران لە قۆناغی جیاوازی داڕشتنی یاسادا لە زۆر بواردا پێویستیان بە زانیارییە. ڕاوێژکاری خاوەن پاشخانێکی زانستی لینک لە نێوان زانست و زانیاری و داتا و سیاسەتی ڕۆژانەدا دروست دەکات.

بواری نوێ وەک وزە، دارایی، ئابووری، ژینگە، تەکنەلۆجی، جیۆپۆلەتیک، حکومەتڕانی بە خێرایی دەگۆڕێن و بە ئاستێک گەشەیان کردووە لە خەیاڵی کەسدا نەبووە. لە ئێستادا ڕاوێژکار لەسەر بنەمای حیزبی دادەمەزرێت. حیزبەکان لەبری ئەرک، زیاتر وەک پاداشت مامەڵە لەگەڵ پۆستی ڕاوێژکاریدا دەکەن. ڕاوێژکار دەبێت لە سیاسەت دوور بخرێتەوە و ئەرکەکەی جیددیتر وەربگرێت.

## تۆکمەکردنی سەنتەری توێژینەوە: بەرهەمهێنانی مەعریفە

لە ئێستادا پەرلەمانی کوردستان سەنتەرێکی توێژینەوەی هەیە. ئەم سەنتەرە کاری خۆی ناکات. بە تایبەت شارەزای هیچ بوارێکی تێدا نییە، بۆیە ناتوانێت ڕۆڵی چاوەڕوانکراو ببینێت. چاوەڕوان دەکرێت ئەم سەنتەرە توێژینەوەی پڕزانیاری و بێلایەن و خوێنراوە یان ئاسان بەرهەم بهێنێت. ئەم خزمەتگوزارییانە بۆ ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەکان، فراکسیۆنەکانە هەتا بتوانن بە شێوەیەکی باشتر کارەکانیان ڕاپەڕێنن. سەرباری توێژینەوەی ورد و پڕزانیاری، ئەم سەنتەرە پێویستە کاری ڕاهێنان و دارشتنی پۆلەسی بکات، بە تایبەت لە کاتێکدا کە زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان یەکەم جاریانە دێنە پەرلەمان و بێئەزموونن. هەروەها سەنتەری توێژینەوە دەبێت لەگەڵ کتێبخانەدا بکرێن بە یەک.

# بوودجە و بوودجەگەرایی
# تیۆرەکانی و چۆنێتی فەراهەمکردنی
# بە بەباشترین شێوە

## ئەم کارە بۆ؟

بوودجە گرنگترین کاری هەر حکومەتێکە لەمیانەی ساڵدا. پرۆسەیەکە کە بە شێوازی جیاواز کاریگەریی لەسەر سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگا هەیە. بۆ فەراهەمکردنی بوودجە: داتا، زانیاری، توانای پێشبینی، پلانرێژی، بەرچاوڕوونی، هەماهەنگی و تایبەتمەندیی تەکنیکی پێویستن. هەموو ئەمانە تەنها کاتێک بەرجەستە دەبن کە بوودجە لە زانیارییەوە بگۆڕرێت بۆ یاسا. بوونی بوودجە دڵنیایی دەستەبەر دەکات بۆ بەڕێوەچوونی کار و سەرمایە و گەشەی کۆمەڵایەتی. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا پەیوەندییەکی ئابووری، بازرگانی، حکومەتڕانی لە نێوان کۆمەڵگا و دونیادا دادەڕێژێت. ئەم بابەتە بە ئامانجی دەستەبەرکردنی پاشخانێک و بەرچاوڕوونییەک لەم بوارە پڕ بایەخەدا نووسراوە.

## خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی پرۆسەی بوودجە

بوودجە پرۆسەیەکە لەمیانەی داڕشتن و فەراهەمکردنیدا سەرجەم دامودەزگاکانی وڵات لە خۆی دەگرێت و کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگا و سەرتاپا پێکهاتەکانی هەیە. هەروەها وەک پەنجەرەیەکە کە دونیای دەرەوە لێیەوە لە ناوەوەی کوردستان دەڕوانێت. بوودجە کۆمەڵێک خەسڵەتی بنەڕەتیی هەیە کە بە گشتی بریتین لە:

یەکەم، بوودجە تەنها تێپەڕاندنی پرۆژەیەک نییە لە نێوان حکومەت و پەرلەماندا لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا کۆتایی بێت، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامە. ئەم بەردەوامییە شێوازی جیاوازی هەیە؛ جگە لە پرۆژەی بوودجە، ڕاپۆرتی پێش بوودجە هەیە، پاش تێپەڕاندنی بوودجە، دەبێت ڕاپۆرتی مانگانە هەبێت، ئینجا ڕاپۆرتی نیوەی ساڵ و پاشان ڕاپۆرتی کۆتایی ساڵ. بەم جۆرە، سەرتاپا

ساڵ بوودجە ئامادەیی هەیە و هەموو ساڵێک دووبارە دەبێتەوە. لەگەڵ ئەمەدا، کاری پەرلەمان بە بەیاساییکردنی بوودجە کۆتایی نایەت، بەڵکو لە ئاستی لیژنە و ئەندامان و دەزگاکانیدا دەبێت چاودێری و فشار و هەڵسەنگاندن هەبن.

دووەم، بوودجەی ساڵێک بریتی نییە لە بوودجەی ساڵێکی دابڕاو، بەڵکو هەموو ساڵێک بەشێکە لە زنجیرەیەک، کە ساڵی پێش خۆی و ساڵی پاش خۆی پێکەوە دەبەستێت. بۆیە ئامادەکاریی بوودجە هەمیشە لە پرۆسەیەکی فرەمەودادایە.

سێیەم، تێپەڕاندنی بوودجە تەنها پرۆسەی شەرعییەتبەخشین نییە لە لایەن پەرلەمانەوە، بەڵکو دەبێت بەدواداچوون و چاودێری و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. ئەمەش دەرئەنجامی ئەو وەرچەرخانانەن کە بەسەر بوودجەدا هاتوون کە چۆن چۆنێتیی فەراهەمکردن و کرانەوەی بەرامبەر پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگا گرنگە.

چوارەم، پێویستە لە پەرلەمان لیژنەیەکی تایبەت بە بوودجە هەبێت کە هەماهەنگیی هەبێت لەگەڵ ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی داتا، وەزارەتەکان، پرۆژە پێشنیازکراوەکان، هەروەها زانکۆ و ناوەندکانی تر، بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنێتیی پلانڕێژیی هەنگاو بە هەنگاو بۆ داهاتوو.

پێنجەم، دەبێت لە کوردستان یاسای بوودجە هەبێت. بوونی یاسایەک کاری ئەنجامدان و فەراهەمکردنی بوودجە ئاسان دەکات.

شەشەم، دەبێت لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا هەموو ئەو کەرتانە بونیاد بنرێن کە پێویستن بۆ هاتنەئارای بوودجەیەکی سەردەمییانە، وەک دەزگای ژمێریاری، ئامار، توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری.

حەوتەم، دەبێت ڕێگا بە خاوەن بەرژەوەندییە تایبەتەکان بدرێت هەتا لۆبی بکەن لەسەر بوودجە، بۆ ئەم مەبەستەش، یاسایەک و کۆمەڵێک ڕێسای تایبەت گرنگن.

هەشتەم، بوودجە بۆ کوردستان تەنها پرۆسەیەکی دارایی یان ئابووری نییە، بەڵکو ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەیە لەسەر بوارەکانی تری وەک حوکمڕانی، مافی مرۆڤ، مافی پێکهاتەکان، ژینگە، دیپلۆماسی و پی ئار یان پەیوەندییە گشتییەکانە.

نۆیەم، کاتێک بوودجە بە شێوازێکی مۆدێرن فەراهەم دەکرێت، ئەوا بوارەکانی تری ناو کۆمەڵگا هان دەدات هەتا هەمان هەنگاو بنێن. کاتێک هەموو تاک و خێزان و ناوەند و کۆمپانیایەک بوودجە و عەقڵانییەتی بوودجە پەرە پێ دەدات کە لە ئەنجامدا بە سوودی هەموان دەشکێتەوە.

## بنەماکانی بوودجەیەکی سەردەمییانە

بۆ ئەوەی بوودجە ساڵانە وەک پرۆسەیەک دابڕێژرێت، جێبەجێ بکرێت و پاشان بتوانرێت دەرئەنجامەکانی هەڵبسەنگێنرێن، ئەوا هەبوونی کۆمەڵێک دەزگا و ناوەند و سیستەم پێویستن.

یەکەم، دەبێت سیستەمێکی ڕوونی ئابووری هەبیت بۆ وڵات. هەبوونی سیستەمی ئابووری هاوکاریی ئەوە دەکات کە ئایا ڕۆڵی حکومەت چییە، ڕۆڵی بازاڕ چییە، هەروەها پێگەی هاووڵاتی چییە: ئایا دانیشتوانی وڵات وەک هاووڵاتی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت یان وەک بەکاربەر، بەرخۆر (کۆنسیومەر).

دووەم، دەبیت دەستوورێک هەبیت کە تێیدا ئاماژە بۆ یاسای بوودجە و جیاکاریی دەسەڵاتەکان کرابێت و دیاری کرابێت.

سێیەم دەبێت سیستەمی سیاسیی وڵات ڕوون بێت بۆ ئەوەی ڕۆڵی دەسەڵاتە جیاوازەکان و جۆری پەیوەندییان لەمیانەی پرۆسەی بوودجەدا بە ڕوونی دیار بێت.

چوارەم، دەبێت ناوەندی ئۆدتینگی: (تەدقیق، تاوتوێ، بەدواداچوون) نیشمانی هەبێت، لەگەڵ ئامار و توێژینەوەی

ئابووری و کۆمەڵایەتی.

دەبێت لێرەدا ئاماژە بە خەسڵەتێکی تایبەتی زانستی بکەین، ئەویش بوونی ژمارەیە بە یەکەی بنەڕەتی زانیاری. بوودجە دەربڕینی بڕی سامانی وڵات و چۆنێتیی دابەشکردنیەتی لە ڕێگای ژمارەوە. ئەم ژمارانەی وەک ڕاستییەک وەردەگیرێن و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. بوونی ژمارە بە بنەمای کۆمەڵێک خەسڵەتی تری وەک دادپەروەری، ڕاستی، فاکت، هەژاری و دەوڵەمەندی، وەها دەکات کە بەرهەم هێنانی ژمارە و مامەڵەپێوەکردنی کارێکی سەرەکیی حوکمڕانی بێت. لێرەوەیە کە چەمکی ئامار یان ستاتسیک، بە مانای ئەو ژمارانە دێت کە گرنگن بۆ حکومەت یان دەوڵەت. ئەوەی لە دونیای ئێمەدا هەستی پێ دەکرێت، ئەوەیە هێشتا ژمارە و بەرهەمهێنانی ژمارە بە پرۆسەیەکی زانستی بە ڕێوە ناچن. دیارە گەشەی ژمارە وەک یەکەی زانستی داتای لێ کەوتەوە. داتا بە مانای ئەو بڕە ژمارە زۆرەیە کە لە توانای مرۆڤدا نییە بە ئاسانی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بۆیە پێویستی بە ئامێرە. ئەمەش سەرەتای پەیوەندیی نێوان حوکمڕانی و تەکنەلۆجیایە. لە دونیای سیاسەتی ئێمەدا، هێشتا بەرهەمهێنانی داتا لە قۆناغی سەرەتاییدایە. بەڵام کاتێک ژمارە دێتە زمان، کاریگەری لەسەر ئاگایی و باری دەروونی و خرۆشان و وروژان دروست دەکات.

## پاشخان

لە زۆربەی وڵاتانی دونیا، بە تایبەت لە وڵاتانی دیموکراسی و خاوەن دەزگادا، ڕۆژی تێپەڕاندنی بوودجە ڕۆژێکی تایبەتە. وەک دەڵێن، یەکێکە لەو ڕۆژە کەمانەی ساڵ کە خەڵک سەرنج و ئاگاییان دەخەنە سەر لێدوانی سیاسییەکان. بوودجە هیچ کەسێک بەدەر ناکات لە وڵاتدا، بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر ژیانی دانەنێت: چ بە باش، چ بە خراپ. لە هەمان کاتدا، لەبەر ئەوەی بوودجە بە

گشتی بوارێکی تەکنیکی و ماتماتیکییە، بە ئاسانی نابێتە مایەی سەرنجی زۆرینەی خەڵک بە شێوەیەکی ورد و قووڵ. وەک جۆرج بۆشی سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکی وتی، پڕە لە ژمارە. دیارە ژمارەش وشک و ڕەقە. بەڵام سەرباری ئەمە، بوودجە گرنگترین کاری حکومەتە لە ساڵێکدا کە کاریگەریی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان هەیە. لە هەمان کاتدا، بوودجەی ساڵانە ڕاستەوخۆ کاریگەریی زۆری لەسەر ژیانی هاووڵاتی هەیە لە ڕووی دڵنیایی، ئاسایش، ئابووری، دەروونی و هەروەها سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە.

بوودجە بریتییە لە داهاتی گشتی لە دەستی دەسەڵاتی سیاسیدا. دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوەبەری بواری گشتییە، بۆیە ئەرکی سەرەکیی دەسەڵاتی سیاسی و حکومەتە کە ئەم داهاتە گشتییە بۆ سوودی گشتی بەکار بهێنێت. ئەم پرۆسەیە هەتا بڵێیت ئاڵۆزە. چۆن داهاتی گشتی بەرهەم دێت، چۆن بە ڕێوە دەبرێت و چۆن دابەش دەکرێت. کاتێک باس لە گشت، پەبلیک، یان سیاسەت دەکەین، ئەوا لە هەمان کاتدا باس لە پرۆسەیەک دەکەین کە تێیدا تایبەت لە گشت جودا کراوەتەوە. بەڵام تایبەت بەدەر نییە لە گشت. کاتێک ئێمە بواری گشتی دادەڕێژین، ئەوا دەبێت بیر لە ژیانی تایبەتی تاکەکانی کۆمەڵگا بکەینەوە. بەڵام هەر کەسێک، هەر گرووپێک، هەر ناوچەیەک دەخوازێت بە جۆرێک بژی، بۆیە ژیانی گشتی بە هیچ شێوەیەک هاوشێوە نییە. بۆیە کاری دەسەڵاتی سیاسییە کە بواری گشتی دیاری بکات. ئەمەش لەسەر پاشخانی ئایدەلۆژیی لایەنە سیاسییەکان وەستاوە. با نموونەیەکی زۆر زەق باس بکەین. لە بەریتانیا دوو پارتی سیاسی هەن، پارتی پارێزگاران و پارتی کار. پارتی پارێزگاران وەک پارتێکی ڕاستڕەوی میانڕەو کرۆکی فەلسەفەکەی لەسەر بازاڕ بونیاد ناوە. لە هەمان کاتدا پارتی کار وەک پارتێکی چەپ کرۆکی فەلسەفە سیاسییەکەی لەسەر جڤات یان سۆشیال بونیاد

ناوە. ئەم جیاوازییە فەلسەفییە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر چۆنێتیی داڕشتنی بوودجە هەیە، چونکە هەریەکەیان بە جۆرێک بواری تایبەت و گشت دادەڕێژن. لای پارتی پارێزگاران وەها باشە کە خەڵکی کار و پارەیان هەبێت و خۆیان بە داهاتی خۆیان خزمەتگوزارییەکان بۆ خۆیان دابین بکەن. لای پارتی کار ئەرکی حکومەت ئەوەیە کە ئەو خزمەتگوزارییانە پێشکەش بکات کە لە خزمەتی گشتیدان، وەک گواستنەوە، تەندروستی، خوێندن.

لە کوردستان، وەک زۆر کۆمەڵگاکانی تری ڕۆژهەڵات، بواری تایبەت و بواری گشت ڕێک نەخراون. بەشی زۆری بوودجە لە کوردستان و لە عێراقیشدا بۆ بواری خەرجییە دووبارە و بێئامانجەکانن. مەبەستمان لەمە ئەو بوارەیە کە لە بواری بوودجەگەراییدا بە ڕیکورێنت یان خەرجییە دووبارەکان دەناسرێت، جاری بە عەرەبی. بەڵام دووبارە تەنها سیفاتی سەرەکییان نییە، بەڵکو ئەم خەرجییە نابێتە هۆکاری هیچ بەرهەمهێنانێک یان سوودی تری ئابووری، بەڵکو کارە سەرەکییەکەی بەڕێوەچوونی کۆئامرازی سیستەمی حوکمڕانییە. حکومەت نابێت داهات بەرهەم بهێنێت بۆ بەڕێوەچوونی خۆی، بەڵکو دەبێت خۆی بە ڕێوە ببات بۆ بەڕێوەچوونی داخوازییە کۆمەڵایەتییەکان و پەرەپێدانیان، بە ئاڕاستەی خواستە داهاتووییەکان. بە مانایەکی تر، دەبێت ئامانجی بوودجە بەڕێوەچوونی خواستی ئێستا بێت بە ئاڕاستەی داهاتوودا.

بوودجە: کاریگەرە، ئاڵۆزە، هەروەها ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ژیانی هەموانەوە هەیە. ڕەنگە بە هۆی نوێیەتیی ئەم بوارەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بوودجە وا ببینرێت کە تەنها کاری پەرلەمانە، بەڵام لە ڕاستیدا پەرلەمان تەنها بەشێکە لە پرۆسەی داڕشتن و تێپەڕاندن و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی پرۆسەی بوودجە. ڕۆڵی پەرلەمان گرنگە، چونکە بوودجە لە پلانێکەوە دەگۆڕێت بۆ یاسا، بەبێ ئەم پرۆسەیە ناتوانرێت بوودجە بخرێتە بواری

جێبەجێکردنەوە. بوودجە بۆ ئێمەی کورد نوێیە، بۆیە دەبێت وەک پرۆسەیەک بیبینین کە چۆن ساڵ دوای ساڵ باشتری بکەین. بوودجەی هیچ ساڵێک لە هیچ ساڵێکی تر ناچێت، بەڵام سەرباری ئەمە، دەکرێت باس لە کەڵەکەبوونی ئەزموون و فێربوون بکەین. بەڵام دەبێت هەمیشە ئەوەمان لە یاد بێت کە بوودجە هەمیشە بۆ داهاتووە. داهاتووش هەمیشە بڕێکی زۆری بە نەزانراو دەمێنێتەوە. ئەگەر بتوانین بڵێین بوودجە بە گشتی دابەش دەبێت بۆ دوو بەش: بەشێکی جێگیرە و بەشێکی ناجێگر، ئەوا هەر ساڵێک ڕەنگە بەشی جێگیر و ناجێگری بە تەواوی بگۆڕێت. ئەمە بە تایبەت لە سەردەمی جیهانگیریدا. هەرچەندە ئێمە لە کوردستان ڕەنگە بە تەواوی بە ڕاستەوخۆیی پەیوەندیمان بە دونیاوە نەبێت، بەڵام سەرباری ئەمە، لە دڵی پرۆسەی جیهانگەرییداین، بە خواست و هەروەها دژ بە خواستی خۆمان.

بوودجە پرۆسەیەکی سیاسییە، کە سیاسییانە بە ڕێوە دەچێت، بەڵام بە هەماهەنگی لەگەڵ زانستدا. بۆ ئەوەی بوودجە فەراهەم بێت، دەبێت ئاماری فرەچەشنی دانیشتوان هەبێت، ئامارێک کە پۆلێنی جیاوازی توێژە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا کرابێت. بۆ نموونە، ژمارەی بێکاران، ژمارەی پەککەوتە، ژمارەی کەمئەندام، ژمارەی منداڵ، ژمارەی خەڵکی خاوەن پیشەی جیاواز، ڕێژەی خوێندەواری و نەخوێندەواری. دیارە ئەمانە تەنها لە ڕووی ژمارەوە گرنگ نین، بەڵکو شوێنی دانیشتنیان، جۆری ژیار و ژینگەیان. بە هۆی ئەم هەموو بوارە جیاوازانەوە ئەستەمە بوودجە هاوسنگ بێت. دیارە لێرەدا مەبەستمان لە بوودجەی ناهاوسەنگ ئەوە نییە کە بڕی داهات و خەرجی وەک یەک نین. لە ئەدەبیاتی بوودجەدا چەمکی بوودجەی هاوسەنگ بە گشتی بۆ ئەوە بەکار دێت کە ئایا بڕی داهات و خەرجی وەک یەکن یان کورتهێنان یان زیادەبوون لە ئارادایە. بەڵکو مەبەست لە هاوسەنگ ئەوەیە کە

هەموو پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگا وەک یەک سوودمەند نابن. ئەمەش لە ئەنجامدا دەبێتە هۆکاری ململانێ و ناڕەزایی. بۆیە ئەستەمە بوودجەیەک تێ بپەڕێنرێت کە هەموان دڵخۆش بکات. لێرەوە دیموکراسی دەبێتە پایەیەکی پڕبایەخی بوودجە، چونکە لە دیموکراسیدا دەبێت پێکهاتە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا ئازادانە ڕای خۆیان دەرببڕن. لەم ڕێگایەوە داکۆکی لە خۆیان بکەن و مافی ئەوەیان پێ بدرێت کە لە ڕێگای دەزگا و ڕێکخراو و لۆبی و پەرلەمان و میدیاوە فشار بکەن.

گەر وردتر قسە بکەین، بۆ ئەوەی بوودجە بە شێوەیەکی زانستی دابڕێژرێت و ببێتە مایەی ڕەزامەندیی هەموو لایەنە سیاسییەکان و بە سوودی کۆمەڵگا بشکێتەوە، دەبێت ئۆپۆزسیۆنێکی چالاک و کۆمەڵگای مەدەنیی زیندوو هەبێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕێسا نوێیەکانی زانستی بوودجەدا.

## بوودجە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا

لە پەیڕەوی نوێی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا بوودجە بە وردی ئاماژەی بۆ کراوە. بەشی نۆیەمی پەیڕەوی ناوخۆ بۆ بوودجە تەرخان کراوە. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، پەرلەمان چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە حکومەت پرۆژەی بوودجەی بۆ بنێرێت، بۆ ئەم مەبەستەش کاتی وەک میکانیزمێکی فشار لەسەر حکومەت دیاری کردووە.

ئەم میکانیزمی کاتە هەنگاوێکی باشە بۆ ئەوەی حکومەت پێش هەموو ساڵێکی دارایی پلانڕێژی بکات. بەڵام ئەوەی دەبوو پەیڕەوی ناوخۆ ئاماژەی بۆ بکردایە، هەماهەنگیی حکومەت و پەرلەمانە لە داڕشتنی پرۆژەی بوودجەدا. چونکە کاتێک پەرلەمان چاوەڕێی پرۆژەیەکی ئامادەکراوە، ئەوا هەم لە ڕووی کات و هەم لە ڕووی زانیاری و چۆنێتیی گەیشتن بەو جۆرە پلانانە لە

پرۆژەکەدان، پەرلەمان کێشە دەبێت. بە تایبەت کاتێک کە پەرلەمان لە ڕووی سەرچاوە و کاتەوە هێندە بەتوانا نییە. بۆیە وا باشە پەرلەمان لە سەرەتاوە هەماهەنگیی هەبێت و بەشێک بێت لە پرۆسەکە، ئەوەش لە ڕێگای لیژنەی تایبەت بە بوودجە. کاتێک کە لیژنە لە سەرەتاوە هەماهەنگن، ئەوا زانیاری و کرداری داڕشتنی بوودجە ڕوونتر و سادەتر دەبێت. بە تایبەت کاتێک کە بوودجە بریتییە لە پرۆژەیەکی پەرت و بەشبەش. بە جۆرێک، کە دەتوانین بڵێین کە هەر دێڕێک لە بوودجە تایبەتە بە بوارێکی تایبەت.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی باس لە دیدێکی تیۆری بکەین لە پەیوەست بە پەیوەندیی داڕێژەرانی بوودجە و پلانی بوودجدا. ئەم دیدە تیۆرییە ئەوەیە کە کاتێک هەر بوودجەداڕێژەرێک لەمیانەی پرۆسەی بوودجەدا هەستی نەکرد بە تێچوونی تەواوی بڕیارەکەی، ئەوا بە ئاسانی بڕیار دەدات. بەو مانایە، ئەگەر بۆ نموونە پەرلەمان نەزانێت بڕی داهاتی ڕاستەقینە چەندە، ئەوا ڕەنگە بۆ ئامانجی سیاسیی تایبەتی خۆی هەوڵی ئەوە بدات کە هەمیشە بڕی خەرجی زیاد بکات، چونکە خەرجی زۆر لە ڕووی سیاسییەوە باشە. بەڵام ڕەنگە لە ڕووی ئابوورییەوە جیاواز بێت. ئەمەشە هەمیشە هەوڵ دەدرێت کە ڕۆڵی پەرلەمان لە داڕشتنی بوودجەدا سنووردار بکرێت: ئەم دیدە لە لایەن واینگاست و شێپسیڵ و جۆنسنەوە لە وتارێکدا کاری لەسەر کراوە بە ناوی ئابووریی سیاسیی سوود و تێچوون: مامەڵەی نیوکلاسیکییانە بۆ سیاسەتی دابەشکردن، ساڵی ١٩٨١. وا بزانم پەندێکی پێشینانی کوردی هەیە کە دەڵێت: گەنم لە ژن بکڕە و دۆ لە پیاو، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەربڕی ئەم دۆخەیە. هەمیشە ئەوەی کە ئەرکی کێشاوە بە بەرهەمهێنانی کاڵایەک یان مەسرەفی تێدا کردووە، بە ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

پەیڕەوی ناوخۆ ماف دەداتە پەرلەمان کە تەرخانکراوی

بوودجە هەڵبوەشێنێتەوە، یان کەمی بکاتەوە، یان لە ماددەیەک بۆ ماددەیەکی تر، یان لە بەشێک بۆ بەشێکی تر، یان لە دەروازەیەک بۆ دەروازەیەکی تری بیگوێزێتەوە. هەرچەندە ئەم مافانە باشن، بەڵام جێگەیان پەیڕەوەی ناوخۆ نییە، باشتر بوو لە دەستووردا بن یان لە دەقێکی یاسایی هاوتای دەستووردا. لە هەمان کاتدا دەتوانین بڵێین ئەم مافانە لە پەرلەمانەکانی تریشدا دراون. بە گشتی، بۆ پەرلەمان ئاسانە کە لە بوودجە کەم بکاتەوە یان جێگۆڕکێی پێ بکات، بەڵام ئاسان نییە زیادی بکات. ئەگەر پەرلەمان بیەوێت هەر زیادەیەک بکات، ئەوا ئاسان نابێت، چونکە بۆ ئەنجامدانی هەر زیادەیەک، پێویستی بە بەهانەیە کە باوەڕ بە حکومەت بهێنێت. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە بڕیاردەری کۆتایی هەر زیادکردنێک حکومەتە، نەک پەرلەمان. بەم پێیە، دەتوانین بڵێین پەرلەمان چەند دەسەڵاتێکی هەیە، وەک دەسەڵاتی هەموارکردن، جێگۆڕکێ، لابردن، هەروەها تێنەپەڕاندن، بەڵام بۆ بەندێک، نەک بۆ سەرجەم بوودجە. دەکرا پەرلەمان، هاوشان بە پەرلەمانەکانی تری دونیا، هەندێک مافی تری بە دەست بهێنایە. بۆ نموونە، ئەگەر پەرلەمان خەرجییەک بە زیاد دەزانیت و داوای لابردنی دەکات، ئەوا دەتوانێت ئەڵتەرناتیڤی بۆ بدۆزێتەوە؛ لە کاتی یەکسانبوونی بڕی تێچووندا بەدیلەکەی پەرلەمان قبوڵ بکرێت. هەروەها لە هەندێک باردا پەرلەمان دەبێت مافی تێنەپەڕاندنی هەبێت، نەک تەنها مافی دەستکاریکردنی ناوەڕۆک. ئەم مافی ڤیتۆیە دەبێت وەک کاری فشار دابڕێژرێت، بە جۆرێک، کە لە خزمەتی باشکردنی بوودجەدا بێت، نەک جەنگی نێوان پەرلەمان و حکومەت. چونکە تەنها دەسەڵاتی دەستکاریی ناوەڕۆک ڕۆڵی پەرلەمان سنووردار دەکات.

## چەمکی بوودجە (bougette)

چەمکی بوودجە لە فەڕەنسیی کۆندا بە مانای جانتای بچووک دێت. لە زمانی ئینگلیزیدا بە مانای ئەو جانتا بچکۆلە لە چەرم دروستکراوە دێت کە وەزیری دارایی بە دەستیەوە دەگرێت بۆ پەرلەمان. لەمیانەی کاتدا، ئەم ناوە کە مانای جانتایە، بوو بە چەمکی دەربڕینی ئەو پلانەی کە لە ناو جانتاکەدایە. بەم پێیە، ئەمڕۆ چەمکی بوودجە بە مانای ئەو پلانە داڕێژراوەیە کە ساڵانە حکومەت لەگەڵ پەرلەماندا دای دەڕێژێت بۆ چۆنێتیی خەرجکردنی داهاتەکان. بە لای بوودجەناسێکی وەک ویلادیڤیسکییەوە جۆرێکە لە گرێبەست. دیارە گرێبەست لە نێوان خەڵک و حکومەتدا بۆ ڕاگەیاندنی بڕی داهات و چۆنێتیی خەرجکردنی، هەروەها ئەو لایەنانەی کە لێی سوودمەند دەبن، ئەوانەی لێی زەرەرمەند دەبن لەگەڵ دیاریکردنی دۆخی دارایی وڵات، کە ئایا داهات زیادی هەیە یان کەم، ئەگەر کەمی هەبوو، چۆن چارەسەر دەکرێت، یان چۆن پڕ دەکرێتەوە. لێرەوە بوودجە قسە لەسەر بواری قەرز و ئیدارەی قەرز و لایەنە قەرزلێکراوەکانیش دەکات. بۆیە بە دیدی ڕێکخراوی چاودێریی نێودەوڵەتی، ئای ئێم ئێف، بوودجە هەموو ئەو داهات و خەرجی و داراییانەی پرۆژە حکومییەکانە کە لە دۆکیومێنتی بوودجەدا ئاماژەیان بۆ کراوە و لە لایەن پەرلەمانەوە شەرعییەتیان پێ بەخشراوە. بەم پێیە، بوودجە پرۆسەی پێشبینیکردنی ماکرۆ-ئیکۆنۆمییە، یان ئابووریی گشتی (الاقتصاد الكلي).

کۆنترین پێناسە لە سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسییەوەیە کە بوودجە وەها پێناسە دەکات: ئەو دۆکیومێنتەیە کە پێشبینی و بڕیاری داهات و خەرجیی ساڵانەی دەوڵەتە. لە ڕووی مێژووییەوە، ڕەنگە سەرەتای پرۆسەی بوودجە بگەڕێتەوە بۆ ماگناکارتا، لە بەریتانیا، کە خۆی لە سنووردارکردنی دەسەڵاتی

پادشادا دەبینێتەوە لە پێشنیازکردنی هەر باج یان لیڤی[1]یەکی نوێ بەبێ ڕاوێژی میر و کوێخاکان. تەمەنی ماگناکارتا زیاتر لە هەشت سەدەیە. لێرەوە پرۆسەی ئیدارەدانی داهاتی وڵات تەنها لە دەستی پادشادا نەما، بەڵکو پەرلەمانیش بوو بە بەشێک لە پرۆسەی بوودجەگەرایی. ساڵی ١٦٩٨ پەرلەمانی بەریتانی بۆ یەکەم جار بڕیاری دا کە بڕی بوودجە یان خەرجیی پادشا دیاری بکات کە خۆی لە حەوتسەد هەزار پاوەنددا دەبینییەوە، بە مەرجێک پادشا دەستبەرداری هەموو داهاتەکانی تری ببێت. ئەمە بوو بە سەرەتای جیاکاریی داهاتی پادشا و داهاتی گشتی. ئەم پرۆسەی جیاکاری و ڕێکخستنە بنەمای سەرەکیی مۆدێلی حوکمڕانیی سەردەمە. یان گواستنەوە لە سەردەمی سەدە ناوەندییەکانەوە بۆ مۆدێرنە. خەسڵەتی سەرەکیی مۆدێرنە سنووردارکردن و ڕێکخستن و فراوانکردنی بنکەی بڕیارە. دیارە وەک دەردەکەوێت، ئەم پرۆسەیە تەنها بریتی نییە لە ئیدارەی پارە، یان سامان، بەڵکو ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دەسەڵات و سیستەمی سیاسی و مافەوە.

بوودجە لە ئەمەریکا تا ئاستێک مێژوویەکی جیاوازی هەیە. ئەمەریکا چونکە وڵاتێکی کۆلۆنیالیکراو بوو، ئەوا کۆنگریس هەمیشە لە دەسەڵاتی مەلیکی ئەودیو زەریاکان (لەندەن) بەگومان بوو، بۆیە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە چۆن هەر خەرجییەک لە لایەن حکومەتەوە بە ئاسانی تێ نەپەڕێنرێت. ئەم کەلتوورە هەتا ئەمرۆ بڵاوە کە دیدێکی نێگەتیف هەیە بۆ حکومەت. ئەم کەلتوورە پێمان دەڵێت کە پەیوەندیی باشی نێوان خەڵک و دەسەڵات لەگەڵ دەزگای پەرلەمان و حکومەتدا یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بوودجە بە باشی و بە خێرایی تێ بپەڕێنرێت.

مۆدێلی بوودجەی ئەمرۆ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سەرەتای

[1] لیڤی: بڕی پارەی داواکراو لە شێوەی باجی زیادە لە کاتی شەڕ و قەیراندا.

سەدەی نۆزدە لە فەڕەنسا. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، فەڕەنسا بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی بنەماکانی بوودجەی سەردەمی پەیڕەو دەکرد.[٢]

ئەم مێژووە پێمان دەڵێت کە یەکەم، بوودجە نوێیە؛ دووەم، بوودجە دیاردەیەکی مۆدێرنە، لەگەڵ گەشە و فراوانبوونی بنکەی بڕیاردا؛ سێیەم، بوودجە هەتا دێت بەرفراوان دەبێت و لە پرۆسەی ڕێکخستنی داهاتی وڵاتێکەوە دەبێتە پرۆسەی پێگە و پەیوەندیی دارایی و ئابووریی وڵاتێک لە دونیادا. چوارەم، بوودجە دەربڕی دۆخی وڵاتە، وەک بەڵگەنامەیەکە بۆ دەرەوە و ناوەوە کە دەبێت لە ساڵی داهاتوودا چاوەڕوانی چی بکەن، ئەمەش واتە بەرپرسیارێتییەکان چین، هەروەها دەبێتە بنەمای پلانڕێژیی ئەوانی تر.

## قەیرانی ئەدەبیاتی بوودجە

کە دێتە سەر ئەدەبیاتی بوودجە، ئەوا بوودجە کۆمەڵێک چەمک و زاراوە و وشەی تایبەتی خۆی هەیە کە وەرگێڕانیان بۆ زمانی کوردی کارێکی ئاسان نابێت، ئەوەش لەبەر نەبوونی بەرانبەر و هەروەها لەبەر نەبوونی پرۆسەکە بە گشتی. ئەم هەژارییە لە ڕووی زمانەوە تەنها لە شێوازی دەربڕیندا ڕەنگ ناداتەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئاستی ئاگایی ئێمە، چۆنێتیی دەربڕینی ئێمە بۆ بوودجە و ڕەهەندە زۆر و ئاڵۆزەکانی، هەروەها سەختی گەیاندنی پەیام لەبارەیەوە. دەبێت ئێمە لە یەک کاتدا بە چەند ئاراستەیەکدا هەوڵ بدەین بۆ پەرەدان بە کەلتووری بوودجە لە پانتایی گشتی و ئاگایی گشتیدا، یەکەم، چەمکەکان ئاسان بکەینەوە

٢ بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بگەڕێوە کتێبی یاسادارێژەر و پرۆسەی بوودجە لە لایەن یواخیم ڤێنەر کە ساڵی ٢٠١٠ لە لایەن دەزگای چاپی پالگرەیڤەوە بڵاوکراوەتەوە.

و بڵاویان بکەینەوە، دووەم، هەوڵ بدەین زاراوەی خۆمانی بۆ دابڕێژین. چونکە لە ڕاستیدا ئەگەر ئەدەبیاتی ئەم بوارە بە زمانی تەکنیکی مایەوە، ئەوا لە ئەنجامدا تووشی سنووربەندی دەبێت.

هەروەها گرنگە بۆ خەڵکانی تایبەتمەند ئەم چەمکانە چ لە ڕووی تیۆری، ئیداری، پراکتیزەیی، ئابووری و حوکمڕانییەوە بە زمانێکی تر بزانن بۆ ئەوەی باشتر لە مانای ناوەکیی چەمکەکان تێ بگەن. هەروەها گرنگە ئەندام پەرلەمان بە گشتی و بە تایبەتییش ئەندامانی لیژنەی دارایی و ئابووری، کە زمانێکی تر بزانن و خۆیانی لەگەڵدا ئاشنا بکەن، چونکە هەتا دێت ئەدەبیاتی بوودجە بەرفراوان دەبێت و لە هەمان کاتدا تەکنیکی و زانستی دەبێت. هەروەها زانینی زمان و شارەزایی لە ئەدەبیاتدا کارئاسانی دەکات هەتا ئەندامان لە ئەدەبیات و ڕاهێنانەکانی ڕێکخراوە جیهانییەکانی وەک بانکی جیهانی، ئای ئێم ئێف و هەروەها پەرلەمانی ئەورووپی سوودمەند بن.

## مێژووی بوودجە لە کوردستان و ناوچەکەدا

بوودجە تەنها وەک چەمک نوێ نییە، بەڵکو وەک دیاردە و پرۆسەش نوێیە. وەک زۆر بوارەکانی حوکمڕانی، ئەم چەمک و پرۆسەیە لە دەرەوە هێنراوە. لە کاتی دروستکردنی دەوڵەتی عێراق لە لایەن ئینگلیزەوە، بەریتانییەکان عێراقیان وەک بەشێک لە ئیمپراتۆرییەتەکەیان دروست کرد. ئەم پرۆسەی دروستکردنەی عێراق بە ئاوێنەی بەریتانیا لە زۆر بواردا ڕەنگی دایەوە، وەک مەلەکیەت، بوونی دەستوور، هەروەها لە سیستەمی سیاسی و بیرۆکراسیدا. بوونی پەرلەمان و تێپەڕاندنی بوودجە یەکێک بوو لەو دیاردانە.

یەکێک لەو دۆکیومێنتانەی بوودجە لە بەردەستدایە، بوودجەی ساڵی ١٩٤٦ە. لێرەدا بە مەبەستی دەستنیشانکردنی

بنەمای پرۆسەی بوودجەگەرایی لە عێراقدا، خوێندنەوەیەکی خێرای بۆ دەکەین. دۆکیومێنتی بوودجەی شانشینی عێراق لە شێوەی کتێبێکدا لە لایەن چاپخانەی «الحکومة» لە بەغداد لە ساڵی ١٩٤٦دا چاپ کراوە. ئەم کتێبە بوودجەی عێراقی ئەو ساڵەی تێدایە کە لە ڕێکەوتی ٢١ی ئایاری ئەو ساڵەدا ئەنجومەنی وەزیران بە ئەنجومەنی ئوممە (پەرلەمان)ی داوە. کتێبەکە لە لایەن وەزارەتی داراییەوە (المالیة) ئامادە کراوە.

لە لاپەڕەی یەکی کتێبەکەدا ڕوونکردنەوەیەک هەیە کە لە چەند لایەکەوە جێگای بایەخە. ڕوونکردنەوەکە باس لە ئەو بەش و دەروازانە دەکات کە بۆ بوودجەی ئەو ساڵە، وەک زیادەیەک، بە بەراورد بە بوودجەی ساڵی پێشوو زیاد کراوە. ئەم ڕوونکردنەوەیە پێمان دەڵێت کە میتۆدی ئامادەکردنی بوودجە لە عێراق میتۆدی باوی ئینکریمێنتاڵیزم بووە.

بەپێی ئەم میتۆدە، ئامادەکردنی بوودجە بریتییە لە پێداچوونەوەی بوودجەی ساڵی پێشوو بە زیادکردن یان کەمکردنی خەرجییەکان بۆ لایەن و ناوەند و شوێنە جیاوازەکان. ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە ئەم میتۆدە هەتا ئەمڕۆ لە عێراقدا پیادە دەکرێت. ئەم دۆکیومێنتە چەند خاڵێکی گرنگمان پێ دەڵێت:

یەکەم: لە ڕووی میتۆدەوە پێمان دەڵێت کە میتۆدی ئامادەکردنی بوودجەی ئەو ساڵە لە عێراقدا چۆن بووە. ئەمەش هاوکارە بۆ ئەوەی بزانین کە ساڵی پێشتر چۆن بووە، دیارە بە نزیکی، هەروەها ئەولەویاتی حکومەت چی بووە.

دووەم: پەیڕەوکردنی ئەم میتۆدە، هەرچەندە لە زۆر لاوە نەگونجاوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەڵگەنامەیەکە بۆ ئەوەی بزانین کە سیستەمی حوکمڕانی لە عێراقدا چۆن گەشەی کردووە. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٤٦ چوار بوار زیاد کراوە، یەکەمیان تایبەتە بە ئیدارەی لیوا ناوخۆییەکان، لیوا ناوی

یەکەی ئیداری بووە کە ئێستا پارێزگا لە جێگایەتی، دووەم، بەشی عێراق لە تێچوونی دەزگا نێودەوڵەتییەکان وەک نەتەوە یەکگرتووەکان، دەزگای فریاگوزاریی نێودەوڵەتی، هەروەها کۆنفرانسی خۆراک و کشتوکاڵ لەگەڵ عوسبەت ئەلئومەم. سێیەم، دابەشکردنی جۆ بەسەر زیانلێکەوتووانی جووڵانەوەی بارزان، چوارەم، لیژنەی وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی سەر بە وەزارەتی مەعاریف.؛ دیارە بوودجە وەک دۆکیومێنتێکی مێژوویی زۆر شتمان پێ دەڵێت کە لێرەدا جێگای سەرنجی ئێمە نین، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوە پیشان دەدات کە عێراق چۆن گەشەی کردووە، کێشەکانی چی بوون. ئەمە لە هەموو بوودجەیەکەدا بە زەقی ڕەنگ دەداتەوە. بۆیە بوودجە بریتییە لە جووڵە و پلانی دەوڵەت لە هەموو ئاستێکدا لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

سێیەم، میتۆدەکە بە ڕوونی گەشەی ئابووریمان پێ دەڵێت لەو ساڵەدا، هەروەها بەراورد بە ساڵی پێشوو. بۆ نموونە، داهاتی چاوەڕوانکراو لە ساڵی ١٩٤٦دا بریتییە لە ٢٠٤٤٧٧٠٠ دینار، بەراورد بە ساڵی ١٩٤٥ بڕێک زیادی کردووە کاتێک داهاتی ساڵی ١٩٤٥ بریتی بووە لە ١٨٠٧٣٤٧٠ ئەگەر لە ڕووی ماتماتیکی ڕووتەوە بەروارد بکەین، ئەوا زیادەکە نزیکەی دوو ملیۆنە، بەڵام وەک دۆکیومێنتی بوودجەکە پێمان دەڵێت، بڕی ڕاستەقینە ٨٠٦١٠ دینارە بە هۆکاری هەڵاوسان و گرانبوونی نرخی شمەکەکان. دیارە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ساڵی ١٩٤٦ یەکەم ساڵی پاش کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانە.

## پاشخانی بوودجە لە هەرێم

کوردستان بە هۆی ئەوەی لە مێژووودا حکومەتی خۆی نەبووە، بوودجە و بوودجەگەرایی لە مێژووەکەیدا نوێیە. کورد پاش ڕاپەڕین دەبێتە حاکمی خۆی لە عێراق. بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە کە یەکەم بوودجە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی نەوەدەکان. یەکەم بوودجە کە لە بەردەستدایە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٦. ئەم دۆکیومێنتە زۆر سادە و کورتە، بە جۆرێک، زۆربەی زۆری خەسڵەتەکانی بوودجە لە خۆی ناگرێت. سەرتاپا دۆکیومێنتەکە یان پرۆژەکە لە تەنها یانزە مادەی کورت پێک هاتووە. بە گشتی، دوو بوار لە خۆی دەگرێت، یەکەم، دیاریکردنی ئەو لایەنانەی کە مافی گواستنەوە و خەرجکردنیان هەیە لەگەڵ خەمڵاندنی داهاتی هەرێم. دۆکیومێنتەکە بە هیچ شێوەیەک باس لە سەرچاوەکانی داهات و چۆنێتیی بەدەستهێنانی ناکات، هەروەها بە هیچ جۆرێک ئاماژە بۆ ئەوە ناکات کە چۆن خەمڵاندن ئەنجام دراوە، ئایا ئەو ئەگەرانە چین کە ڕەنگە کاریگەری بخەنە سەر ئەگەری کەم و زیادبوونی داهات، یان لە کاتی کەم و زیادبووندا پلانەکان چین. داهات بە گشتی بۆ وەزارەت و دەزگاکانی حکومەتە. هەروەها شایانی باسە کە ئەم دۆکیومێنتی بوودجەیە بوودجەی وەزارەتی پێشمەرگە لە خۆی ناگرێت. دیارە دوو هۆکاری زۆر گرنگ هەن کە دەبێت لێرەدا ئاماژەیان بۆ بکرێت: یەکەم، ئایا دۆخی حکومەت و ئابووری لەو کاتەدا بەو شێوەیە بووە، دووەم، یان هەر ئەوەندە ئاگایی بەرامبەر بوودجە و بوودجەگەرایی هەبووە؟ دیارە ڕوونە کە ساڵی ١٩٩٦ گەرمەی شەڕی ناوخۆ بووە لە کوردستان. هەرچەندە ئامانجی ئەم نووسینە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە نییە. بەڵام هەبوونی تێگەیشتنێک لەوەی کە ئاگایی ئێمە لەمیانەی کاتدا چۆن بەرامبەر پرۆسەیەکی ئاڵۆزی وەک بوودجە گەشەی کردووە،

گرنگە. بەڵام ئەگەر بوودجەی ساڵانی نەوەدەکان بتوانرێت بە ئاسانی وەها ببینرێت کە لە دۆخێکی ئاساییدا نەبووە. هەرچەندە بوودجە وەک پرۆسەی ڕێکخستنی داهات لە ساتەوەختی قەیراندا گرنگییەکەی زیاتر دەکات هەتا لە ساتەوەختی ئاساییدا، ئەوا دەبینین کە بوودجەی ساڵانی پاش دووهەزاریش هێندە گەشەی بە خۆیەوە نەدیوە. ئێمە هەتا ئێستا کە دێتە سەر بوودجە، جگە لە دۆکیومێنتی کۆتایی، هیچ دەقێکی ترمان نییە. لە کاتێکدا لە حکومەتەکانی دونیادا وەها باوە کە دەقی پێش کۆتایی یان پری-بوودجە هەیە. ناوەندێکی بوودجەداڕشتن هەیە و سایتی تایبەتی خۆی هەیە. لە هەمان کاتدا دۆکیومێنتی بوودجە پاشخانی هەیە و پاشخانەکەی بڵاو دەکرێتەوە. ئەمە نەک تەنها بۆ ئەندامانی پەرلەمان، بەڵکو بۆ بازاڕ و وەبەرهەمهێن و کۆمپانیا بیانییەکان و هەروەها قونسوڵخانەکانیش گرنگە. وەک لە جێگای تری ئەم کتێبەدا دێمەوە سەری کە چۆن بوودجە ڕەهەندی دیپلۆماسییشی هەیە.

دەکرێت بپرسین ئایا ئەو بنەما زانستی و پێشبینییانە چین کە بوودجەیان لەسەر بونیاد نراوە. بۆ نموونە، گریمان لە بوودجەدا نرخی نەوت بۆ ساڵێک بە بڕی ١٠٠ دۆلار خەمڵێنراوە، ئەوا دەبێت ئەو بنەمایە ڕوون بکرێتەوە کە بۆچی و چۆن ئەم نرخە دانراوە. چەندێک ئەگەری کەم و زیادی هەیە. لە ساتی زیادبووندا کێشە دروست نابێت، هەرچەندە دەبێت حکومەت پلانی چۆنێتیی خەرجیی زیادەی هەبێت، بەڵام لە ساتی دابەزینی نرخدا چۆن بۆشایی پڕ دەکرێتەوە.

بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە تەنها بڕی داهات و چۆنێتیی بەدەستهێنانی گرنگ نییە، بەڵکو هەروەها خەرجی و چۆنێتیشی گرنگە ئەگەر گرنگتر نەبێت. جۆری خەرجی جۆری کۆمەڵگا لە قاڵب دەدات، بە تایبەتی لە ئابوورییەکدا کە حکومەت

یان دەوڵەت شائەکتەری ئابوورییە.

## بایەخی مێژوویی بوودجە

لە کاتێکدا بوودجە وەها دەبینرێت کە پلانی ساڵێکی حکومەتە و بە گشتی بە ئاڕاستەی داهاتووە، ئەوا لە ڕێگای بوودجەوە حکومەت پێشبینیی داهات و خەرجییەکانی دەکات. ئەم پێشبینییە یەکێکە لە کۆڵەکەکانی سیستەمی سەرمایەداری و هەرگیز ئاسان نییە و هەمیشە بە ناتەواوی و جێی مەترسی دەمێنێتەوە. بە تایبەت لە چەند ئاستێکدا هەرگیز ناتوانرێت زانیاری تەواو بە دەست بهێنرێت. بەڵام هەبوونی دۆکیومێنت بە بەردەوامی دەبێتە پاشخانێک هەتا خەڵکانی شارەزا بتوانن ڕێڕەوێک بۆ سیستەمی حوکمڕانی دابڕێژن کە تێیدا ئەو بوارانە دەستنیشان بکەن کە خەرجییان بۆ کراوە، ئەو بوارانەی کە خەرجییان بۆ نەکراوە، چی بایەخی پێ دراوە، لە کوێی وڵات و بە چ هۆکارێک. هەموو ئەمانە زانیاریی گرنگ و داتای دەگمەنن بۆ بەرچاوڕوونی و باشتر پێشبینیکردنی ئەگەر و قەیرانەکان. هەروەها بۆ داڕشتنی بنەمایەک بۆ چۆنێتیی پرۆسەی دادپەروەری لە کۆمەڵگادا: ئایا لەمیانەی مێژوودا کێ زۆرتر سوودمەند بووە و کێ کەمتر و لە ئەنجامدا چ جۆرە چینکارییەک و توێژی کۆمەڵایەتی هاتوونەتە ئاراوە. هەروەها ئەم پاشخانە بۆ هاوسەنگی لە پرۆسەی گەشەی درێژخایەندا گرنگە.

ئەگەر ئابووریی بازاڕ یان سەرمایەداری لەگەڵ قەیراندا ئاشنایە، ئەوا قەیران بۆ ئابووریی دەوڵەتی بە هەمان شێوە نییە. قەیرانی ئابووریی دەوڵەتی ترسی ئاسایشی و سەقامگیری و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی هەیە. دەکرێت ڕووداوەکانی وەک شۆڕشی ئێرانی لە کۆتایی حەفتاکان و بەهاری عەرەبی لەم میانەیەدا ببینرێن؛ بەڵام هەتا داتا و دۆکیومێنت و پرۆسەی

مێژوویی زیاتر بن، ئەم پرۆسەیە ئاسانتر دەبێت.

دیارە بۆ تێگەیشتن لە ئابووریی سیاسیی هەرێمی کوردستان، دوو پرۆسەی بوودجە گرنگن: پرۆسەی بوودجەی عێراق و پرۆسەی بوودجەی کوردستان. ئەو میتۆدەی کە بوودجەی عێراقی لەسەر بونیاد نراوە، کۆنە و زۆربەی وڵاتانی دونیا ئەمڕۆ دەستبەرداری بوون، کە میتۆدی ئینکریمێنتاڵیزمە: واتە پێداچوونەوەی بوودجەی ڕابوردوو و کردنی بە بنەمای بوودجەی داهاتوو. بەڵام ئەگەر تەماشایەکی دۆکیومێنتی بوودجەی ساڵانی پێشووی هەرێمی کوردستان بکەیت، دەبینیت کەم تا زۆر بە هەمان میتۆد کاری لەسەر کراوە. دیارە لە کاتێکدا دەبێت کاری بوودجەداڕێژی لە داهاتوو گۆڕانکاریی بەسەردا بێت لە ڕێگای ناساندنی میتۆدی نوێی بوودجە: لەم کتێبەدا و بۆ ئەو مەبەستە، چەند میتۆدێکی نوێ دەخەینە بەرچاو. لە هەمان کاتدا دەتوانرێت سوود لە دۆکیومێنتی بوودجەکانی ڕابوردوو وەربگیرێت بۆ خوێندنەوەیان و داڕشتنی ڕێڕەوی خەرجیی داهات لە وڵاتدا. ئەم کارە بە کەسی ئەندام پەرلەمان ناکرێت، هەروەها بە حکومەتیش ناکرێت چونکە حکومەت لایەنی داڕێژەری ئەم پرۆسەیەیە، بۆیە دەبێت ناوەندێکی ئابووری و دارایی و تایبەت بە بوودجە هەبێت کە هەموو ساڵێک چەند ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەیەک بکات بە سوودبینین لە مێژوو، لە میتۆدی نوێ، هەروەها لە گەشەی کۆمەڵایەتی و هەنووکەیی بوارەکان.

ئەوەی لە بوودجەی عێراقی سەردەمی مەلەکیی عێراقدا جێگەی سەرنجە، ئەو وردەکارییەیە کە لە بواری داهاتدا پەیڕەو کراوە، بە جۆرێک، داهاتی هەموو بوارەکانی حکومەت لەگەڵ خەرجییەکانیاندا تۆمار کراوە، لە هەندێ بەشیدا لەگەڵ ساڵی پێشوویشدا. بە جۆرێک، دەتوانین بڵێین کە بوودجە هیچ لایەنێکی نادیاری تێدا نییە کە بە ئاسانی دەستنیشان نەکرێت.

بەڵام سەرباری ئەمە، بوودجە تەنها پلان نییە، بەڵکو ماددەی بوودجە کە پارەیە، بوونەوەرێکی سیحراوییە و پێویستە لە هەموو ڕووییەکەوە تێگەیشتن هەبێت لەسەری، نەک تەنها لە ڕووی نرخ و بەها و بڕ و چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵاوسان و هاوسەنگکردنی سوو بەپێی گۆڕانکاری بازاڕ، بەڵام لە ڕووی ئەخلاقی و فەلسەفییشەوە. دیارە ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین، ئەوەیە کە کوردستان کە دێتە سەر مامەڵەی پارە، بە هۆی نەبوونی سەروەری، بانکی ناوەندی و نەبوونی توانای چاپکردنی پارە، دەسەڵاتی سنووردارە. بە تایبەتی لە ڕووی لەچاپدانەوە کە لە ئابووریی باوی ئەمڕۆدا، ئابووریی لیبراڵ، یان بازاڕیی ئازاد، مۆنیتەریزم، یان بەکارهێنانی بڕی پارە بۆ دروستکردنی باوەڕ و پەیوەندیی خەڵک و بازاڕ و ئاسانکاریی بازاڕ، کوردستان توانای سنووردارە.

ئەمە هەروەها گرنگە لە بواری ئابووری دارایی، فایننس. بە پوختی، پارە دەکرێتە ئامرازێکی گرنگی جووڵە و سنووردارکردنی لە ئابووری و کۆمەڵگادا. چەمکی وەک کوانتەتیڤ ئیز، بەمانای ئاسانکردنی خولانەوەی پارە دێت لە کۆمەڵگادا، کە بووەتە یەکێک لە میتۆدە سەرەکییەکانی بەڕێوەبردنی ئابووریی دونیای ئەمڕۆ. دیارە ئەمە بەبێ قەیران نەبووە، چونکە هەڵاوسان و پارەی خەیاڵی، نەک بە مانای پارەی زۆر، کە لە نێو خەڵکیدا باوە، بەڵکو بە مانای پارەی نەبوو، هەروەها قەرزباریی زۆر و لە ئەنجامدا داڕمانی ئابووریی لێ کەوتەوە.

## پارە و بوودجە

بوودجە ناوێکە بۆ پرۆسەیەک کە بە بوودجەگەرایی ناوی دەبەین. پرۆسەی بوودجەگەرایی بە کورتی واتە چۆنێتیی ئیدارەدانی پارە. بۆیە پێش ئەوەی هەر قسەیەک لەسەر بوودجە

بکەین، دەبێت پێشەکی قسە لەسەر پارە بکەین. پارە لای هەموان ناسراوە و لای هەموان خۆشەویستە. بەڵام تێگەیشتن لێی جیاوازە. بە گشتی، دوو تیۆری سەرەکی هەن بۆ قسەکردن لەسەر پارە، تیۆری یەکەمیان کە تیۆری هەرە باوە، تیۆری بارتەر یان گۆڕینەوەیە. بەپێی ئەم تیۆرە، سەرەتا مرۆڤ بۆ ڕاییکردنی کارەکانی و دابینکردنی پێداویستییەکانی، شمەکە جیاوازەکانی دەگۆڕییەوە. لە ناو کوردەواریدا باوە کە دەڵێن شووتی بە گەنم یان جۆ. بەڵام ئەم گۆڕینەوەیە نەیتوانی بەردەوام بێت و هەموو پێداویستییە زۆرەکانی خەڵکی دابین بکات، بۆیە لە ئەنجامدا خەڵک پارەیان داهێنا، کە سەرەتا بریتی بوو لە زیو، وەک لە دۆکیومێنتەکانی میسۆپۆتامیا و دەقە کۆنەکانی تردا ئاماژەی بۆ کراوە.

پارە کارئاسانی دەکات بۆ گۆڕینەوەی شتەکان لە نێوان خەڵکی ناسراو و نەناسراودا. چونکە پارە ئەو شمەکەیە کە بە هەموو شتێک دەگۆڕرێتەوە. لە کرۆکی ئەم پرۆسەیەدا کۆمەڵێک خەسڵەت هەن، وەک باوەڕ، بەها، قەرز، هەروەها گۆڕینەوەی بێسنوور. ئەوەی پارچەکاغەزێک دەکات بە پارە، باوەڕە کە لەو پارچەکاغەزەدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەم باوەڕە هێزەکان دەیدەن بەو پارچەکاغەزە. بۆ ئەوەی پارچەکاغەزێک ببێت بە پارە، ئەوا دەبێت هێزێکی ئابووری و سیاسی لە پشتیەوە بێت، کە ئەو پارەیە سیمبول و نوێنەری ئەو هێزەیە. بۆیە گرنگ نییە پارەکەی تۆ چ دراوێکە، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ڕەنج و کۆششی ئەوانی ترەوە لەگەڵ دۆخی سیاسی و ئابووریدا.

تیۆری دووەم، کە تیۆرێکی کەمتر باوە، تیۆری قەرزە. دەیڤید گرابەر لە کتێبی قەرز: پێنج هەزار ساڵی یەکەمدا سەرهەڵدانی پارە دەبەستێتەوە بە قەرز و کریدیتەوە. ئەم دیدە لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر کاری لەسەر کرا، لە ئەنجامی قەیرانی دارایی جیهانی لە

ساڵی ٢٠٠٨ کە پەیوەندیی پارە و قەرز کرۆکی ئەم قەیرانە بوو.

پارە دەدرێت بە قەرز، بەڵام قەرز پارە پەیدا دەکات. ئەوە زانراوە کە بانک بۆ هەر دۆلارێک بڕی ١٠ دۆلار قەرز دەدات. بەم پێیە، پارە بریتییە لە خەیاڵ. ئەمەشە وەهای کردووە کە مێژوونووسی ناسراوی ئیسرائیلی، یوڤال حەریری، بڕوای وەهابێت کە ئەوەی ئیمەی مرۆڤ لە ئاژەڵ جودا دەکاتەوە، ئەوەیە کە توانای وێناکردنی دونیایەکی ترمان هەیە؛ جودا لە دونیای واقیعی. بە لای ئەوەوە پارە یەکێکە لە بەربڵاوترین خەیاڵی هاوبەش و بڕواپێکراوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. بەڵام بۆ ئەوەی دیدێکی قووڵ و تایبەتمان هەبێت بۆ پارە، ڕەنگە بە جەستەیەکی بێئۆرگانی وەسف بکەین. چەمکی جەستەی بێئۆرگان لە هەردوو فەیلەسوفی فەڕەنسی، دۆلۆز و گواتارییەوە وەرگیراوە. مەبەستمان لە جەستەی بێئۆرگان چییە؟ پارە جەستەی هەیە، بەڵام هیچ ئۆرگانێکی نییە، لە هەمان کاتدا کار دەکات، بەڵام هەمیشە بە پەیوەندی بە ئۆرگانەکانی ترەوە. بەم پێیە، پارە کاتێک بەهای هەیە کە بتوانرێت بگۆڕرێتەوە. ئەم توانای گۆڕینەوەیە وەهای لە پارە کردووە کە ببێتە ناوەندی پێکەوەگرێدانی جەستە ئۆرگاندارەکان، کە بە ئاسانی ناتوانن پێکەوە ببەسترێن. بە زمانێکی تر، بۆ ئەوەی کەسێک بتوانێت تەنها یەک شت بەرهەم بهێنێت و بیگۆڕێتەوە بە پارە و لە ئەنجامدا پارەکە هەموو پێداویستییەکانی دابین بکات، ئەوا دەبێت پارە توانای گۆڕینەوەی ناکۆتایی هەبێت.

هەموو ئەمانە وەها دەکات کە پارە زۆر خەسڵەت و توانا و هێز و جوانی و بەها ببەخشێ بە خاوەنەکەی. لە هەمان کاتدا پارە ئاسانکاری دابین دەکات بۆ بەڕێوەچوونی پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان. کاتێک لەم ڕوانگەیە دەڕوانین ئەوا بە سوود بینین لە دیدەکانی گیورگ سیمیل (بیرمەندو کۆمەڵناس و فەیلەسوفی نەمساوی)، ئەوا دەتوانین بڵێین کە پارە ناوەندی گۆڕینەوەیە،

گرنگترین کاری ئەم سەردەمەیە لەگەڵ ئەمەدا، پارە دابینکەری بەها یان خەزێنەی بەهایە، بەڵام لە هەموو گرنگتر پارە دابینکەری ئازادییە.

دیارە دەکرێت لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئیستاتیکی یان جوانناسییەوە لێی بنوارین، بەوەی پارە ناشیرینییەکانی مرۆڤ دەشارێتەوە، وەک مارکس دەڵێت، هەروەها جوانییەک دەبەخشێتە مرۆڤ کە خۆی لە دەسەڵات و تواناادا دەبینێتەوە. بێگومان لەبەر ئەم هەموو خەسڵەتانە، پارە تا ئەوپەڕی سێکسییە.

هەموو ئەمانە لە هەمان کاتدا وەستاوە لەسەر ئەو باوەڕە باوەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە، چ دەربارەی پارە، یان دەربارەی سەروەت و سامان، یان دەوڵەمەندی و هەژاری. هەتا دێت، گرنگیی پارە لە دونیای ئەمڕۆد زیاد دەبێت، ئەمە بە تایبەتی لەگەڵ گەشەی بیری تاکگەرایی، لیبراڵیزم، خواستی سەفەر و گەشت و هەبوونی شمەک. ئەم وەرچەرخانە لە ژیان و ئایدیا و ئامرازدا هەموو پێکەوە وەها دەکەن کە داهاتی گشتیی وڵات زیاتر ببێتە جێگای بایەخی هاووڵاتیان. دیارە لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ جۆری داهاتی گشتی بکەین. لە دونیادا بە گشتی دوو جۆر داهاتی گشتی هەن، باج یان کرێ. ئاشکرایە کە هەموو سیستەمێک تێکەڵە لەم دوانە؛ بەڵام لێرەدا ڕێژەکە گرنگە. ئەگەر هاتوو سیستەمێکی حوکمڕانی لە وڵاتێکدا سەرچاوەی زۆربەی داهاتەکەی باج بوو، ئەوا ناچارە زیاتر دیموکرات بێت لە وڵاتێکی تر کە بڕێکی کەمی داهاتەکەی لە باجەوەیە. بڕی کەم و زیادی دیموکراسی ڕاستەوخۆ واتە دیاریکردنی پێگەی خەڵک لە سیستەمی سیاسی و هەروەها ڕۆڵی دەزگایەکی وەک پەرلەمان لەم بوارەدا. بەڵام بە پوختی دەتوانین بڵێین ئەگەر باج پارەی خەڵکە و حکومەت بۆ بەرژەوەندیی گشتی خەرجی دەکات، ئەوا کرێ کە بڕی زۆری سەرچاوەکەی سامانە سروشتییەکانە، وەک نەوت ، گاز، ئاو، دار، کانزاکان، خەڵک هەتا

دێت زیاتر وەک سامانی گشتی تەماشای دەکەن و لە ئەنجامدا هەر داهاتێکی دەستکەوتوو لێیەوە وەک داهاتی گشتی دەبینرێت. بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەمە پرۆسەیەکی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو زیاتر باوەڕ یان ئایدەلۆژیایە.

هەموو ئەمانە وەها دەکەن کە بوودجە و پرۆسەی بوودجەگەرایی، سەرباری ئاڵۆزی و وشکیی بوارەکە، زیاتر و زیاتر ببێتە مایەی سەرنج و بایەخی خەڵکی. بە گشتی، لێرەدا دەتوانین چەند خەسڵەتێکی تایبەتی بوودجە لە دونیای ئەمڕۆدا دیاری بکەین:

یەکەم، بوودجە داهات یان سامانی گشتییە، کە چاوەڕوان دەکرێت لە ڕێگای حکومەتەوە وەربگێڕرێت بۆ سوودی گشتی. ئەم پرۆسەیە وەها دەکات هەتا دێت خەڵکی زیاتر خوازیاری ئەوە بن کە بزانن داهاتی گشتی چەندە و چۆن سەرف دەکرێت. بۆیە شەفافییەت و بوونی پلانی ڕوون و سوودبەخش بۆ خەرجکردن جێگای سەرنجی خەڵکن.

دووەم، بوودجە بریتییە لە پلانڕێژی بۆ داهاتوو. بۆیە لەگەڵ خۆیدا هەمیشە چەند کاریگەرییەکی دەبێت. هەریەک لەم کاریگەرییانە وەک ئەرکێک و بوارێکی لێپرسینەوە دەبێت بۆ حکومەت و پەرلەمان. ئەم کاریگەرییانە زۆرن، بۆ نموونە، بوودجە چاوەڕوانی دروست دەکات. کاتێک خەڵک چاوەڕان دەبن، ئەوا دۆخێکی دەروونییان لە لا دروست دەبێت بۆ ئەوەی چاوەڕوانییەکەیان فەراهەم بێت. ئەم دۆخە دەروونییە فشار و چاوەڕوانی لەسەر حکومەت و پەرلەمان دروست دەکات. لە هەمان کاتدا، بوودجە جۆرێک لە پەیمانە، بە تایبەتی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی. ئەم پەیمانە کۆمەڵایەتییە سەقامگیریی کۆمەڵایەتی بەرهەم دەهێنێت. بۆیە جێبەجێکردن و نەکردنی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پەیوەندیی نێوان خەڵک و حکومەت دەبێت.

سێیەم، بوودجە جۆرێکە لە ڕەوشت و ئەرکڕاپەڕاندن. لە ئاستی ڕەوشتدا دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئایا دەسەڵات چەند خەمی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دەخوات، ئایا چ پێکهاتەیەک زۆرترینی بەردەکەوێت و چ پێکهاتەیەک کەمترین. یان چ پێکهاتەیەک ئاماژەی بۆ کراوە و چ پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی، چ منداڵ، کەمئەندام، لاوان، پیران، فەرامۆش کراون.

چوارەم، بوودجە و بوودجەگەرایی ڕەنگدانەوەی چۆنێتیی بەڕێوەچوونی دادپەروەرییە لە کۆمەڵگادا. دادپەروەری تەنها بریتی نییە لە هاوکاریی ئەوانەی کە ناتوانن هاوکاریی خۆیان بکەن، بەڵکو بریتییە لە دروستکردنی دەرفەتی یەکسان، بیرکردنەوە لە داهاتوو، پەرەدان بە بواری جیاواز جیاواز.

بەڵام کاتێک پارە هێندە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە جۆری ژیانی ئەم سەردەمەدا، ئەوا بڕی پارە، چۆنێتیی بەدەستهێنانی، چۆنێتی دەرفەت بۆ فەراهەمکردنی. ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەیە لەسەر جۆری ژیان، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، سەرکەوتن یان پەراوێزبوون، لەگەڵ گەیشتن بە خەونەکانی تاکدا. بۆیە پارە و سیاسەتی پارە یەکێکە لە گرنگترین ڕەهەندەکانی سیاسەتی هەر وڵاتێک بۆ دابینکردنی دادپەروەری و سەقامگیری لەگەڵ ئاسایشی کۆمەڵایەتی و نیشتمانیدا. گرنگیی پارە وەها دەکات کە بە شێوەیەکی یەکسان چەند گرنگە، هێندەش ترسناک بێت. بۆیە دەبینین خەڵکانێک هەن بە سەرچاوەی هەموو بەڵا و شەڕەکانی دەبینن، هەندێکی تریش بە دەرمانی دەردان. هەردوو دیدەکە ڕاستن، بەڵام بە تەنها، تەنها نیوەی ڕاستین.

هەبوونی ئەم هەموو ڕەهەندە جیاواز و ئاڵۆزە وەها دەکات کە ئیدارەدانی بوودجەی وڵات پرۆسەیەکی فرەئاست و فرەڕەهەندبێت، بۆیە دەبێت بوودجە تەنها بەشێک نەبێت لە کاری حکومەت و پەرلەمان یان بەشێک لە حکومەت و پەرلەمان،

بەڵکو پرۆسەیەکی گشتگیر بێت. ئەگەر وەها بیر بکەینەوە کە وڵاتماڵێکە، ئەوا نابێت داهاتی ماڵ هیچ کەسێک لە ئەندامانی ماڵ فەرامۆش بکات.

لە لایەکی ترەوە، بوودجە هەموو بوارێک دەگرێتەوە، بۆیە وەک بوودجەناسی گەورە ڤیلداڤیسکی دەڵێت، بوودجە سیاسەتە، لە هەمان کاتدا زانست و هونەر و ئەخلاق و ویژدانە. بەڵام سەرباری ئەم هەموو ڕەهەندەی، بوودجە جێگای بەتەنگەوەهاتنی زۆر لایەنە کە لە هەمان کاتدا وەهای لێ دەکات ببێتە جێگای ململانێی نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگا. ئەم دۆخە وەهای کردووە کە بوودجە بۆ هەر گرووپێک، هەر پێکهاتەیەک، بگرە هەر تاکێکی کۆمەڵگا مانایەکی تایبەت و جیاوازی هەبێت. گەیشتن بە هاوسەنگی لە هەناوی ئەم هەموو جیاوازانەدا ئاسان نییە. بۆیە هەتا پرۆسەکە تۆکمە و زانستی و کراوەبێت، باشترە.

لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەو جووڵە فیکری و کۆمەڵایەتی و سیاسییە بکەین کە هەوڵ دەدات پارە یان بوونی پارە لای هەموو کەسێک بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی بکات بە ماف. ئەم جووڵانەوەیە بە جووڵانەوەی داهاتی بنەڕەتی ناسراوە. لە ڕووی مێژووییەوە ڕەگی دەگەڕێتەوە بۆ یۆتاپیای تۆماس مۆر، بەڵام وەک بزووتنەوەیەکی دیار، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردووەوە دەستی بە جووڵە کردووە. ڕەنگە دیارترین کارێک لەم بوارەدا لە ڕووی سیاسییەوە ڕیفراندۆمی سویسرا بێت بۆ ئەم بوارە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر پارە لە بەهایەکی بەدەستهێنراوەوە بگۆڕێت بۆ ماف، ئەوا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی چۆن دەگۆڕێت؟ هەموان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەم پرۆسەیە سوودمەندە بۆ هەموان، بەڵام زۆرینەی ڕەخنەکان لە ناواقیعیبووندایە. ئەم تێزە هەتا دێت زیاتر گەشە دەکات، ئەوەش  بە هۆکاری تەکنەلۆجی و بەرفراوانبوونی جیاوازیی نێوان چینەکان و لە سەرووی هەموویەوە ئەنجامدانی

کار لە لایەن ڕۆبۆتەوە، بە جۆرێک، کە کار بە وەرچەرخانێکی ترسناکدا دەڕوات. لە لایەک خەڵک بەردەوام لە زیادبووندایە، بەڵام هەتا دێت کار زیاتر لە لایەن ڕۆبۆتەوە ئەنجام دەدرێت. لە هەمان کاتدا، کار چیدی وەها نابینرێت بەوەی کە ڕێگای دەرچوونی کەسێک بێت لە هەژاری. ئەم دیدە بەشێکی سەرەکییە لە ئەو ڕەخنانەی کە ئاڕاستەی ئابووریی لیبراڵیزم یان نیولیبراڵیزم دەکرێت، بۆ نموونە، کارەکانی ئابووریناسی فەڕەنسی، تۆماس پیکتی.

## پێش بوودجە: قۆناغی بەرایی

پێش پرۆژەی بوودجە، ئەنجامدانی ڕاپۆرتێک دەربارەی بوودجە پێویستە. ئەم ڕاپۆرتە سوودمەندە لە هاندان و زەمینەسازی بۆ دروستکردنی گفتوگۆیەکی زانستی دەربارەی بوودجە. هەروەها لە ئاگایی ئەندامانی پەرلەمان و خەڵکدا زەمینەی ئەوە دەسازێنێت کە چاوەڕێی چی بکەن و دەتوانرێت چی بکرێت بەو بڕە داهاتەی کە لە بەردەستدایە. ڕاپۆرتی پێش بوودجە دەبێت بە مانگێک پێش پرۆژەی بوودجە ئامادە بکرێت. ڕاپۆرتەکە دەبێت چەند خاڵێک لە خۆی بگرێت:

یەکەم، لەبەر ئەوەی لە دوایین ڕەشنووسی بوودجەدا ناتوانرێت بە دوورودرێژی باس لە داهاتوو بکرێت، بۆیە دەبێت ڕاپۆرتی پێش بوودجە پلانی دوورمەودای حکومەت لە خۆی بگرێت.

دووەم، دەبێت نیازی حکومەت ئاشکرا بکات لە ڕووی ئابووری و پۆلەسیی داراییەوە، بە لای کەمەوە بۆ دووساڵی داهاتوو.

سێیەم، دەبێت ئاستی گشتیی داهات لە خۆی بگرێت، هەروەها کەمی، زیادە لەگەڵ قەرزدا ڕوون بکاتەوە.

بوونی ئەم ڕاپۆرتە زەمینەی ئەوە دەسازێنێت کە ئەوانەی بوودجە بە لایانەوە جێگای بایەخە، پاش بڵاوبوونەوەی پرۆژەی

بوودجە بتوانن لە دیدێکی فراوانترەوە پرسەکان ببینن، هەروەها پاشخانی هەنگاو و پلانەکان بزانن. سەربارى ئەمانە، لە ڕووی ئامادەیی دەروونی و فیکرییەوە وەک هەنگاوێکی پێشینە دەبێت بۆ دوایین پلانی بوودجە.

## چەند چەمکێکی سەرەکیی بوودجە

بوودجە بۆ خۆی زانستێکی تایبەتە. هەموو بوارێکی تایبەت زمان و وشەکان تێیاندا مانای تایبەت و جیاوازی هەیە. دەکرێت بڵێین کە دەبێت زمانی بوودجە فێر ببین. زمانی بوودجە تەنها زمانی ژمارەکان نییە، بەڵکو زمانی ئابووری و دارایی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییە. لێرەدا بە کورتی هەندێک چەمک ڕاڤە دەکەین کە چەمکی سەرەکین و بۆ تێگەیشتن لە پرۆژەی بوودجە و ئەدەبیاتی بوودجە، هەبوونی زانیاری لەبارەیانەوە پێویستە.

## داهات

داهات بریتییە لە بڕی پارەی بەدەستهێنراو لە ئەنجامی چالاکییەکانی حکومەت و کۆمەڵگا، یان تاکەکانی نێو کۆمەڵگا. دەکرێت بە گشتی بوترێت کە داهاتی دەوڵەت یان حکومەت لە کرێ و باج و چالاکییەکانی دەزگاکانی حکومەت لەگەڵ ڕوسوماتەوەیە. چالاکیی دەوڵەت، یان حکومەت چییە: لە هەموو وڵاتێکدا موڵکی گشتی هەیە کە حکومەت ڕاستەوخۆ سوودی لێ دەبینێت و داهاتەکەی بۆ حکومەتە یان حکومەت دەیدات بە کرێ. ئەمە خۆی لە زەویوزاری کشتوکاڵی، عەقارات، هەروەها کەرتی خزمەتگوزاری و گەشتیاری و کەرتی تردا دەبینێتەوە. دیارە حکومەت لە خاوەنێتی ئەم موڵکانەدا هەمیشە یەکێک لەم دوو مەبەستەی هەیە: یەکەم، بە مەبەستی هاوکاری و دابینکردنی هەلی کار، دووەم: بە مەبەستی دابینکردنی داهات. لە هەردوو بارەکەدا

دەبێت ئامانجەکە سوود و قازانجی گشتی بێت. هەروەها حکومەت وەک بەڕێوەبەری موڵکی گشتی دەبێت ئەم موڵکە گشتییانە بۆ سوودی کۆمەڵایەتی، بە تایبەت بۆ ئەو لایەنە کۆمەڵایەتییانە بەکار بهێنێت کە لە ڕووی دارایی و ئابوورییەوە لاوازن، ئیتر ئایا بە مەبەستی هاوکارییە، یان دابینکردنی دەرفەتە بۆ خۆبونیادنان، یان بە مەبەستی تۆڕی پاراستنە.

دەکرێت ئەمە لە بواری پیشەسازییشدا هەبێت، وەک خاوەندێتیی حکومەت بۆ کارگە و بوارە پیشەسازییەکان. لە زۆر وڵاتدا ئەم خاوەنێتییە یان بە ئامانجی ئایدەلۆژییە، بۆ نموونە سۆشیالیزم، یان بە مەبەستی زەمینەسازییە بۆ گواستنەوە بۆ ئابووریی بازاڕ. لە زۆر وڵاتانی گەشەکردوودا دەوڵەت ڕۆڵی زەمینەساز دەبینێت بۆ هاتنی ئابووریی ئازاد، یان ئابووریی بازاڕ یان سەرمایەداری. چونکە بە گشتی سەرمایەدار کەمە، هەروەها توانای ڕیسک و دروستکردنی پرۆژەی زەبەلاحی وەک پرۆژە ژێرخانییەکان نییە، ئەوا دەبێت دەوڵەت ئەم زەمینانە برەخسێنێت. پاشان لە قۆناغی تردا ئەم پرۆژە گشتییانە بە مۆدێلی جیاواز دەگوێزرێنەوە بۆ ناو کۆمەڵگا بە ئامانجی بونیادنانی سەرمایەداری. ئەم پرۆسەیە هەمیشە گەرەنتیی سەرکەوتنی نییە، ئەگەر بە خێرایی و بەبێ پلان ڕوو بدات. وەک لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و یەکێتیی سۆڤییەتی پێشوو بینیمان، دەبێتە هۆکاری هاتنەئارای نادادپەروەری و داتەپینی ئابووری. بۆیە گواستنەوە بۆ سەرمایەداری دەبێت بە ئامانجی باشتر بەڕێوەچوون، بەرهەمهێنانی باشتر، کارکردنی باشتر و هەروەها بەدەستهێنانی باج و سووککردنی ئەرک حکومەت بێت بۆ بووژاندنەوەی بوارەکانی تر.

سەرباری موڵک و پیشەسازی، دەکرێت حکومەت بە چالاکیی داراییش هەستێت. حکومەت بە چەندین شێواز دەتوانێت سوود لە کەرتی دارایی ببینێت، ئەوەش لە ڕێگای دەرکردنی سەنەدات،

قەرزپێدان، هەبوونی بۆرسە و هەروەها بانک. لەگەڵ ئەمانەدا، حکومەت سەرچاوەیەکی تری داهاتی هەیە کە پێی دەوترێت ڕسوم یان ڕسومات، ئەویش بریتییە لە بڕی پارەی وەرگیراو لە هەر خزمەتگوزارییەکی حکومی بۆ کەسێک، کە زۆر جار لە ڕێگای پول یان دراوەوە دەبێت. ئاشکرایە کە دەبێت بڕی چۆنێتیی ڕوسومات شەرعی بێت، بەو مانایەی کە دەبێت پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات، نەک بە ئارەزوو بێت. ئەم پارەیە وەک داهات دەچێتە خەزێنەی گشتییەوە. ئەم داهاتانە بەسەر داهاتی وەزارەتەکاندا بەش دەبن. هەر وەزارەتێک پرۆسەی بوودجەی تایبەتی خۆی هەیە، کە ئێمە لێرەدا بواری باسکردنیمان نییە. لە هەمان کاتدا ئاتاوات و دۆمینیش هەن وەک سەرچاوەی داهات. ئاتاوات بریتییە لە وەرگرتنی پارە لە بەرامبەر سوودبینین لە موڵکی دەوڵەت یان موڵکی گشتی لە لایەن خەڵکانێکەوە کە کارێک دەکەن وەک گرێبەست: بۆ نموونە، کاتێک کەسێک گرێبەستی دروستکردنی ڕێگایەکی هەیە، ئەوا دەبێت ئاتاوات بدات، چونکە لە کاتی کارکردنیدا سوود لە موڵکی گشتی دەبینێت. بەڵام دۆمەین زیاتر بریتییە لە سوودبینین لە بوارە گشتییەکانی وەک سەردانی باخچەی ئاژەڵان، مۆزەخانە، یان هەر ناوەندێکی هاوشێوە کە حکومەت بە ڕێوەی ببات. بە زۆری دەکرێت ئەم داهاتانە وەک داهاتی تایبەتی ئەو دەزگایانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و ببێتە بەشێک لە بوودجەی ئەو ناوەندانە، هەتا باشتر کارەکانیان بە ڕێوە ببەن و ئەرکی کەمتر بخەنە سەر حکومەت یان داهاتی گشتی.

لێرەدا دەبێت بە تایبەت ئاماژە بە داهاتی سامانی سروشتی بدەین، کە بە شێوەی کرێیە، بەڵام حکومەت نەک هەر کرێ، بەڵکو باج و پێشینەش لەم بوارەدا وەردەگرێت. ئەم داهاتە مایەی مشتومڕی تیۆری و سیاسی و فیکریی زۆرە. بە گشتی، وەها دەبینرێت ئەگەر بتوانرێت لە دەرەوەی داهاتی گشتیی حکومەت

بێت، ئەوا زیانی زۆر لە پرۆسەی ئابووری و دارایی وڵات نادات. بەڵام ئاسان نییە بۆ هەموو حکومەتێک بتوانێت ئەم داهاتە بخاتە دەرەوەی داهاتی گشتی؛ ڕەنگە ئەمە بۆ وڵاتێکی وەک نەرویج ئاسان بێت، چونکە کاتێک کە سامانی سروشتیی تێیدا دۆزرایەوە، نەرویج خۆی وڵاتێکی پیشەسازی بوو. بەڵام لە جێگاکانی تر دۆخەکە بەم جۆرە نییە. بۆیە هەر زوو سامانی سروشتی دەبێتە سەرچاوەی سەرەکیی داهات. داهاتی پشتبەستوو بە سامانی سروشتی کۆمەڵێک کێشەی زۆری هەیە، وەک ناسەقامگیریی بڕی داهات، نەبوونی توانا بەسەر دیاریکردنی نرخی کاڵا (نەوت و گاز)، بوونی بڕی زۆری داهات، پێویستنەبوونی بووژاندنەوەی کەرتەکانی تر. هەموو ئەمانە کاریگەریی نێگەتیڤیان لەسەر ئابووری و ئابووریی سیاسی و سیاسەتی دارایی هەیە.

ئابووریی نەوتی کۆمەڵێک دەرئەنجامی هەیە: یەکەم، قەرزکردن بە ئاسانی، دووەم، بینینی داهات بە ئاسانی، سێیەم، خەرجکردنی زۆر بۆ مەبەستی سیاسی، چوارەم، بەسیاسیکردنی ئابووری.

ئەگەر وانەیەک لە نەرویجەوە وەربگرین وەک وڵاتێکی سەرکەوتوو لە بواری ئیدارەدانی داهاتی سامانی سروشتی و ئابووریی پیشەسازی، ئەوەیە کە دەبێت وەک چۆن نەرویجییەکان داهاتەکەیان تەرخان کردووە بۆ خانەنشینی، پێنشن، وەک بوارێکی گران و گەورە، ئەوا دەبێت لە کوردستان لە پەیوەندیدا بە داهاتی نەوتەوە بوودجەیەک هەبێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم، بوودجەیەک، یان داهاتی وڵات جودا لە سامانی سروشتی دیاری بکرێت.

دووەم، بڕی خەرجیی پێویست دەستنیشان بکرێت.

سێیەم، بڕی داهاتی سامانی سروشتی بە جودا دیاری بکرێت.

چوارەم، ئەو بڕە پارەیەی کە پێویستە، بە پڕکردنەوەی بوودجە لە

داهاتی سامانی سروشتی بهێنرێت.
پێنجەم، دەبێت پلانڕێژیی سەرەکیی بوودجە هەمیشە بەو ئاڕاستەیەدا بێت کە چۆن بڕی پارەی هێنراو لە کەرتی سامانی سروشتی کەم بکرێتەوە.
شەشەم، بڕی داهاتی سامانی سروشتی بۆ بونیادنانی ژێرخان و پرۆژە داهاتووییەکان تەرخان بکرێت.

بەم پێیە ئەو برە پارەیەی کە لە سامانی سروشتییەوە دێت، نە ڕاستەوخۆ بەشێکە لە داهاتی گشتی، نە لە دەرەوەیەتی. ئەمەش وەها دەکات کە داهاتی سامانی سروشتی نەبێتە هۆکاری پەکخستنی کەرتەکانی تری وەک گەشتیاری، خزمەتگوزاری، پیشەسازی، کشتوکاڵ، تەکنەلۆجی، خوێندن، کەلتوور و وەرزش.

بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بڕی زۆر کار دابین بکەین، ئەوا دەبێت، بوارەکانی ژیان زیاتر و زیاتر بکەینە بواری دابینکردنی کار و سووڕانەوەی پارە. بەتەقلیدیمانەوەی ئابووریی ئێمە وەها دەکات کە دابینکردنی کار سەخت بێت. دەبێت بوارەکانی وەک هونەر، وەرزش، پیشەسازی، کشتوکاڵ و کاتی بەتاڵ هەموو بکرێتە بواری دابینکردنی کار.

بەڵام کاتێک حکومەت داهاتی سامانی سروشتی ڕاستەوخۆ دەکاتە بڕبڕەی پشتی داهاتی وڵات، ئەوا بەردەوام ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە دەبێتەوە:
یەکەم، پشتبەستنی ڕاستەوخۆی خەڵک بە داهاتی حکومەت، یان مووچە.
دووەم، ئەم جۆرە حکومەتانە دیدێکی وەها بە خەڵکی دەدەن کە دەتوانن بەبێ بەرامبەر هەموو شتێک دابین بکەن، بۆیە زۆر بوار پێویستیان بەوەیە کە پشتیوانی بکرێن، وەک وزە، کارەبا، خۆراک، دەرمان و سووتەمەنی. ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆکاری مەسرەفی زۆر و خەرجیی زۆر. کە زیانەکانی لە

ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەوە زۆرن.

سێیەم، ئەم جۆرە حکومەتە ناتوانێت بە ئاسانی پلانڕێژیی ئابووری بکات، چونکە هەر گۆڕانکارییەک دەبێتە هۆی پەرچەکرداری گەورە لە ناو کۆمەڵگادا.

چوارەم، بە هاتنی نەوەی نوێ، ناتوانرێ بە هەمان گوڕ پێداویستییەکانیان دابین بکرێت، بۆیە لە نێو گەنجاندا هەمیشە بێکاری و نائومێدی و ناسەقامگیریی سیاسی زۆر دەبێت.

پێنجەم، لە ڕووی ئیتیکی کار و هەڵویستی سیاسییەوە کێشەی زۆر دەبێت. چونکە خەڵکی بە گشتی مەیلی کارکردنیان نابێت، لە هەمان کاتدا، کاتی زۆریان دەبێت بۆ سەرقاڵبوون بە کاری سیاسییەوە.

شەشەم، لەم جۆرە ئابوورییەدا نرخی کاڵا و خانووبەرە و شتومەک زیاد لە پێویست گران دەبن. بۆیە زۆرینە، بە تایبەت لە نێو نوخبەدا، لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت کە چۆن دەستی بە کاری مووچەبەرز بگات. ئەمەش وەها دەکات کەرتەکانی وەک خوێندنی باڵا، تەندروستی و کەرتی تر زیانی زۆریان بەربکەوێت.

## خەرجی

خەرجی گەورەترین چالاکیی حکومەتە. جۆر و بڕی خەرجی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە جۆری حکومەت و سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە. بەم پێیە، خەرجی بریتییە لە خەرجکردنی پارەی بەدەستهێنراو لە لایەن یەکێک لە دەزگاکانی حکومەتەوە بە مەبەستی سوودی گشتی. هەروەها خەرجی پەیوەستە بە ئاگایی باو و جۆری پەیوەندیی حکومەت و خەڵکەوە. لە دەوڵەتی بازاڕدا دەوڵەت هەوڵ دەدات کە بازاڕ بە گشتی جێگەی دەوڵەت بگرێتەوە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی کۆمەڵگا. لە

دەوڵەتی سۆشیالیستیدا دەوڵەت خزمەتگوزارییە گشتییەکان دابین دەکات لە بەرامبەر کارکردن بۆ حکومەت یان باج. بەڵام لە دەوڵەتی کرێدا (ڕێنت)، دەوڵەت خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان دابین دەکات، ئەوەش زیاتر بە ئامانجی ئاسایشی و سیاسی، نەک ئابووری. بۆیە پرۆسەی خەرجی بە گشتی سێ خەسڵەتی هەیە: خەسڵەتی دارایی، خەسڵەتی دەزگایی، خەسڵەتی سوود. یەکێک لە تیۆرە کۆن و باوەکانی ئەم بوارە تیۆری ڤاگنەرە. ئەم تیۆرە لەسەر ئەو باوەڕە بونیاد نراوە کە هەتا حکومەت خەرجی زیاتر بکات، ئاستی گەشە بەرزتر دەبێتەوە. ئەم پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی نێوان گەشە و چالاکیی حکومەت ئەمڕۆ زیاتر لەژێر ڕەخنەدایە. ڤاگنەر میتۆدەکەی مێژوویی بوو، بەو مانایەی لە هەوڵی بۆ داڕشتنی تیۆرەکەی، کۆمەڵگاکانی لە ڕووی مێژووییەوە بەراورد کردبوو. لەمیانەی ئەم بەراوردکردنەدا ئەوەی بۆ ڕوون بووەوە کە هەتا کۆمەڵگا زیاتر پێش بکەوێت، حکومەت لە هەموو ئاستەکانیدا چالاکتر دەبێت و لە ئەنجامدا خەرجیی زۆرتر دەبێت. دەکرێت بڵێین کە پێشکەوتنی کۆمەڵگا حکومەت ناچار دەکات کە دەستوەردانی زیاتر بکات. بۆ نموونە، کاتێک لە کوردستان کۆمەڵگای کوردی هەتا دێت شاری دەبێت، ئەوا زیاتر فشار لەسەر حکومەت دەکات بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری. بۆیە دەبێت حکومەت وەها پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دابڕێژێت کە بتوانێت بە ڕێوەی ببات. کاتێک گەشە دەبێتە مایەی مەسرەفی زیاتر، ئەوا لە هەمان کاتدا دەبێت گەشە ببێتە مایەی داهاتی زیاتریش. دیارە ئەمە لە ڕووی دیموگرافییشەوە وەهایە. کۆلن و کلارک، لە کتێبی دارایی گشتی و بەهای پارەدا وەها دەبینن کە ئەگەر حکومەت لە ٢٥ ٪ زیاتر بەشدار بوو لە چالاکیی ئابووریدا، ئەوا هەڵاوسان دێتە ئاراوە، تەنانەت ئەگەر بوودجە هاوسەنگیش بوو. بوودجەی هاوسەنگ بە مانای ئەوەیە کە داهات و خەرجی یەکسان بن.

تیۆرەکەی ئەوان لەسەر چەند تێزێک بونیاد نراوە. یەکەم: کاتێک حکومەت لە چارەکێکی ئابووریی زیاتر دەست وەردەدات، ئەوا ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی خەڵکی دەگۆڕێت و هەوڵی کارکردنیان لاواز دەبێت و بەرهەمهێنان کەم دەبێتەوە. دووەم: لە هەمان کاتدا، کاتێک سیستەمی باج پرۆگریسیڤە، بە مانای ئەوەی هەتا داهاتت زیاتر بێت باجی زیاتر دەدەیت، ئەوا لە ئەنجامدا خەڵک کاری زیاتر ناکەن بۆ ئەوەی باجی زیاتر نەدەن.

لە کوردستان هەتا ئێستا حکومەت دڵی هەڵسوڕانی ئابوورییە. ئەگەر حکومەت پرۆژەکانی بوەستێنێت، ئەوا دەستوبرد قەیران لە بواری کاردا ڕوو دەدات، بە تایبەت لە بواری خانووبەرە و خزمەتگوزارییەکانی تر کە پەیوەستن بەم بوارەوە، وەک بەرهەمهێنانی کەرەستەکانی خانووبەرە، گواستنەوە، دروستکردن. ئەم ئابوورییە حکومییە دیاردەیەکی ئابووری و سیاسیی نەگونجاوە لەگەڵ گەشەی ئابووریدا. دەبێت حکومەت ساڵ لە دوای ساڵ لە هەوڵی ئەوەدا بێت کە چۆن هەڵسونێڕی ئابووری لە حکومەتەوە بگوێزرێتەوە بۆ کەرتی تایبەت. کاری حکومەت زیاتر لە بوارەکانی زەمینەسازی و باج و دابینکردنی بواری نوێدا بێت.

## پاڵنەرەکانی خەرجی

پاش جەنگی دووەمی جیهان، کاتێک سەربازەکان لە جەنگ گەڕانەوە، داوای مافی خۆیان کرد، لە ئەنجامدا چەمکی خۆشگوزەرانی هاتە ئاراوە. ئەم چەمکە بەو مانایە دێت کە لەسەر حکومەتە نەهێڵێت کەس لە هەژاریدا بژی، بەوەی ئەگەر کەسێک بێکار بوو، هاوکاریی بێکاریی بۆ دابین بکات. ئەمە لە هەمان کاتدا ئەوانەش دەگرێتەوە کە توانای کارکردنیان نییە. وەک دیارە، پێناسەی ئابوورییانەی بێکار ئەو کەسە نییە کە کار ناکات، بەڵکو ئەو کەسەیە کە دەیەوێت کار بکات و کاری دەست ناکەوێت.

ئەم دیدە پاش گەڕانەوەی سەربازەکان لە جەنگ بوو بە واقیع. ئەمڕۆ لە دونیادا هەتا دێت زیاتر چاوەڕوان دەکرێت کە حکومەت خزمەتگوزاری و کارەکان دابین بکات. دیارە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردووەوە مۆدێلەکە بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەدا ڕۆیشت، بەوەی کە حکومەت دەتوانێت زیاتر لە ڕێگای بازاڕەوە، یان لە ڕێگای کەرتی تایبەتەوە کارەکانی بە ڕێوە ببات، هەروەها ئەوەشی کە لە ڕێگای کەرتی تایبەتەوە بە ڕێوە ناچێت، دەتوانرێت بە هەمان ئیپۆسی کەرتی تایبەت بە ڕێوە ببرێت، ئەویش بە مانای چاکیی کار و بەفیڕۆنەدان و بوونی ئامانج و بەرهەمی دیار و چاودێری. لە هەمان کاتدا مۆدێلێکی تریش لە ئارادایە کە پێکەوەکارکردنی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتییە. کاتێک حکومەت ناتوانێت کەرتێک بدات بە کەرتی تایبەت، بۆ هەمیشە، ئەوا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەیدات بە کەرتی تایبەت، پاشان دەیگەڕێنێتەوە بۆ کەرتی گشتی.

ئەمە بە گشتی لە بواری ژێرخاندا زۆر باوە. بۆ نموونە، حکومەت لە کاتێکدا پێویستی بەوەیە کە ڕێگایەک بۆ ناوچەیەک دروست بکات بەڵام توانای دارایی نییە، ئەوا دەتوانێت دروستکردنی ئەو ڕێگایە بدات بە کەرتی تایبەت، ئەو کۆمپانیایەش پاش تەواوبوونی ڕێگاکە، بڕێک پارە لە بەکارهێنەرانی ڕێگاکە وەربگرن لە بەرامبەر بەکارهێنانیدا، پاش بەدەستهێنانەوەی سەرمایە و بڕی قازانجی دیاریکراو، دەتوانرێت ڕێگاکە بگەڕێنرێتەوە بۆ کەرتی گشتی یان حکومەت.

هەموو ئەم ڕێگا جیاوازانە لەپێناوی ئەوەدان کە چۆن بە داهاتی کەم یان سنووردار بتوانرێت کار و خزمەتگوزاریی زیاتر دابین بکرێت.

## سوودەکانی بوودجە

بوودجە تەنها پرۆژەی خەرجیی داهات نییە لە لایەن حکومەتەوە، بەڵکو لە ڕێگای داهاتەوە، چەندین سوود و کاریگەریی تری لەسەر پرۆسەی حوکمڕانی هەیە: بە جۆرێک، بەبێ بوونی بوودجەیەک ئەستەمە کۆدەزگای حکومەت بە شێوەیەکی باش و بەرچاوڕوون پێکەوە کار بکەن.

بە گشتی بوودجە ئەم نۆ سوودەی خوارەوەی هەیە:

یەکەم، نەخشەیەکە بۆ چاودێری، بوودجە وەک نەخشەیەک وەهایە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕێگایەی کە حکومەت و دەزگاکانی دەبێت پێیدا برۆن هەتا بە باشی بگەنە ئامانجەکانیان. لە هەمان کاتدا هەموو هەنگاوەکان و ڕێگاکان لە خۆی دەگرێت، بۆیە دەکرێت وەک دۆکیومێنتێک بەکار بهێنرێت بۆ چاودێریکردن. دیارە کە چاودێری یەکێکە لە کارە سەرەکییەکانی پەرلەمان.

دووەم، کۆنترۆڵکردن، هەبوونی بوودجە دڵنیایی بە فەراهەمکردن و جێبەجێکردنی پرۆژەکان دەبەخشێت، دەتوانرێت بوودجە وەک ئامرازێکی کۆنترۆڵکردن لەپێناوی جێبەجێکردندا بەکار بهێنرێت. لێرەدا کۆنترۆڵکردن بە مانای دەستبەسەرداگرتن نایەت، بەڵکو بە مانای ئەوە دێت کە چۆن پرۆسەکە ئاڕاستە بکرێت.

سێیەم، هەماهەنگی، بوودجە پەیوەندیی نێوان دەزگا و ناوەندەکان دادەڕێژێت بۆ گەیشتن بە ئامانج. لێرەوە دەبێتە بنەمای هەماهەنگیی نێوان دەزگاکان و ناوەندەکان بۆ چۆنێتیی کارکردن و دابەشکردنی کار و جێبەجێکردن.

چوارەم، پەیوەندیکردن، بوودجە ڕێگایەکە یان ناوەندێکە کە حکومەت و پەرلەمان و دەزگاکانی تر بۆ خەڵکی بەیان دەکەن کە نیازیانە چی بکەن. لێرەوە بوودجە دەبێتە ئامرازێکی پەیوەندی و

لەیەکگەیشتن لە نێوان خەڵک و دەزگا جیاوازەکانی حکومەتدا.

پێنجەم، فەرمان، بوودجە پرۆژەیەکە بۆ جێبەجێکردن، بەم پێیە، فەرمانێکە کە حکومەت و دەزگاکانی دەبێت جێبەجێی بکەن. بۆیە بوودجە جۆرێکە لە فەرمان لە شێوەی یاسادا.

شەشەم، ڕێگەپێدان، بوودجە دۆکیومێنتێکە کە تێیدا هەموو ئەو کار و پرسانە دیاری کراون کە بە شێوەیەکی شەرعی و یاسایی ڕێگەپێدراوە کە ئەنجام بدرێن..

حەوتەم، پاڵنەر و هاندەر؛ بوودجە دەکرێت ببێتە ئامرازی پاڵنەر بۆ ئەنجامدانی کارەکان بە شێوەیەکی باشتر و خێراتر.

هەشتەم، پێوانی کردار، لەمیانەی گەشەی زانستی بوودجەدا، بوودجە تەنها تەرخانکردن و دابەشکردن نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا چۆنێتیی خەرجکردن و دەرئەنجامی ئەو خەرجییەش بواری بوودجەیە. بۆیە بوودجە دەبێتە پێوەری کار و چالاکییەکانی حکومەت و پەرلەمان.

نۆیەم، بوودجەیەک گەر بە باشی داڕێژرابێت، ئەوا ئامرازێکی باشە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو لێکەوتانەی کە لە ئەنجامی گۆڕانکاریی پێشنیازکراودا دێنە ئاراوە.

ئەم هەموو سوودانەی بوودجە ئەم دۆکیومێنتە وەها لێ دەکەن کە بتوانین ناوی بنێین دڵی حوکمڕانی. ئەگەر بوودجە بە باشی دابڕێژرێت و فەراهەم بکرێت و جێبەجێ بکرێت و سوود لە خەسڵەتەکانی وەربگیرێت، ئەوا لە زۆر بواری حوکمڕانیدا سوودمەند دەبێت.

## بوودجە: تیۆرەکانی و ئامانجەکانی

کارکردن لەسەر بوودجە کارێکی ئاسان نییە، چونکە بوودجە بە لای زۆر لایەنەوە جێگای گرنگییە و هەر لایەنێک بە دیدێکی تایبەتی خۆی دەیبینێت. لە هەوڵدان بۆ توێژینەوەی بوودجە،

دەکرێت کار لەسەر لایەنی ئابووری، دارایی، پلانڕێژی و ڕۆڵی یاساداڕێژەران بکرێت. لە هەمان کاتدا دەتوانرێت لە ڕووی زانستی سیاسی و حوکمڕانی و دارایی گشتی و ئابووری و هەروەها ئایدەلۆژییەوە لێی بکۆڵرێتەوە. ئەم فرەڕەهەندییەی بوودجە وەهای کردووە کە کارکردن لەسەر بوودجە لە یەک ڕوانگەوە هەمیشە بە کارێکی پڕ لە کەموکورتی بمێنێتەوە.

لە کاتێکدا ڕۆڵ و هەر یەک لەو لایەنانە گرنگن، بەڵام تێڕوانینی هەر یەک لەو لایەنانەش گرنگە. لە لای کەسی سیاسی بوودجە ڕۆڵ و مانایەکی تایبەتی هەیە، لە لای خەڵکی ئاسایی مانایەکی تر، لە لای بیزنیسمانێک مانایەکی تر هەیە، هەروەها لە لای کۆمپانیا و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان گرنگیی تری هەیە.

بوودجە سروشتێکی دیاریکراوی هەیە، بە ڕوونی جیاوازە لە مامەڵە و هەڵسوکەوتی تری سیاسی، چ لە حکومەت و چ لە پەرلەمان. بوودجە پێش هەموو شتێک پرۆسەیە، نەک دەزگا، بەڵکو لە ڕاستیدا وەک پرۆسەیەک چەندین دەزگای جیاواز لە خۆی دەگرێت. دوایین دەرئەنجامی پرۆسەکە پرۆژەی بوودجەیە کە بوارە جیاوازەکانی بوودجە لە خۆی دەگرێت لەمیانەی کاتێکی دیاریکراودا. پرۆژەی بوودجە لە هەمان کاتدا پرۆسەی بوودجەگەرایی لە خۆی دەگرێت، ئەویش لە چۆنێتیی فەراهەمکردن و جێبەجێکردنیدا.

بوودجە چەند گرنگە، هێندەش بوودجەگەرایی، چونکە بوودجەگەرایی دەرخەری شێوازی حوکمڕانییە. لە ئەنجامدا ئەگەر پرۆسەیەکی باشی بوودجەگەرایی لە ئارادا نەبێت، ئەوا بوودجە چەندێک لە ڕووی ناوەڕۆک و داڕشتنەوە باش بێت، ئەستەمە جێبەجێ بکرێت. بۆیە کاتێک بیر لە بوودجە دەکرێتەوە، ئەوا دەبێت هەمیشە هاوتەریب بیر لەو دەزگا و ناوەند و بیرۆکراسیەتانە بکرێتەوە کە دەبنە هۆی جێبەجێکردنی.

## تیۆرەکانی بوودجە

وەک ئیرین ڕوبن ئاماژەی بۆ دەکات، دەتوانین بڵێین بە گشتی دوو جۆر لە تیۆری بوودجە هەیە: وەسفی یان نۆرمەتیڤ لەگەڵ بەهایی. تیۆری وەسفی بە گشتی لەسەر بنەمای چاودێریی نزیک و ورد یان بەشداری لە چالاکیی کەرتی گشتیدا بونیاد نراوە. لەم ڕووەوە، تیۆرناسەکان مۆدەکان و هەنگاوەکان و هۆکارەکانیان لەبەرچاو دەگرن. بەڵام تیۆریستە بەهاییەکان بە گشتی لەسەر بنەمای چاودێریی کەمتر بونیاد نراون بەراورد بە تیۆرە وەسفییەکان، هەروەها پێشنیازەکانیان زیاتر لەسەر بنەمای بەها پێشنیاز کراوە، نەک لەسەر بنەمای واقیع یان چاودێری. ئەمە بە مانای ئەوە دێت، ئەوەی پێشنیاز کراوە، بە سروشتی خۆی باشە یان خراپ، نەک بەوەی دەرئەنجامی واقیعەکە بێت. بەڵام بە گشتی، ئەو بەهایانەی کە تیۆریستە بەهاخوازەکان پێشنیازیان کردووە، کاریگەریی گەورەی هەبووە لەسەر گۆڕینی ڕەفتاری بوودجەداڕێژەران. بە پێچەوانەوە، تیۆریستەکانی لایەنی وەسفگەرایی لاواز بوون لە تیۆرەکردن و دانانی کاریگەری لەسەر پرۆسەی بوودجەگەرایی. بەڵام لە ساڵانی ڕابوردوودا تیۆرە وەسفییەکان گۆڕانکاریی باشیان بەسەردا هاتووە.

بێگومان لە ڕووی پیادەکردنەوە پێویستە هەردوو بوارەکە هەڵبسەنگێنرێن، چونکە تێکەڵکردنی بەها و واقیع پێویستە بۆ ئەوەی بوودجەیەکی گونجاو هەبێت، لە هەر ساتەوەختێکدا.

## تیۆری ئینکریمێنتاڵیزم

لە شەستەکانی سەدەی ڕابوردوودا ئەم تیۆرە لە ڕێگای کار و توێژینەوەکانی کەسانی وەک ئارۆن ڤلادیڤیسکی لە کتێبی پرۆسەی بوودجە، هەروەها ڕیتچارد فیننۆ لە کتێبی دەسەڵاتی

قاسە ڕەگی داکوتا. ئەم مۆدێلە لە بوودجەدارِشتن لەسەر ئەو باوەڕە دارِێژراوە کە پێداویستییەکانی مرۆڤ بە کەمی دەگۆڕێن، بۆیە دەتوانرێت بوودجەی ساڵێک بکرێتە بنەما و ساڵ لە دوای ساڵ بڕی بۆ زیاد بکرێت بۆ وەڵامدانەوەی زیادکردنەکان لە بواری دیموگرافی، هەڵاوسان و پێداویستی.

ئەم تیۆرە هەروەها پشت بەو دیدە دەبەستێت کە گوایە خەڵکی و زۆربەی سیاسییەکان شارەزایی و ئارەزووی ئەوەیان نییە کە لە تانوپۆی بوودجە بکۆڵنەوە، بۆیە بە گشتی سیاسییەکان خۆیان لە ململانێ دەپارێزن. ئەمەش مانای ئەوەیە کە بوودجەی ساڵی ڕابوردوو بە هەندێک زیادکردنەوە گونجاوە. ئەم تیۆرە سادە و ئاسان بوو، بەڵام بێکێشە نەبوو. بۆیە پاش حەفتاکان، لە هەموو بوارێکدا بوو جێگای ڕەخنە و پێداچوونەوە. بە گشتی، ئینکریمێنتاڵیزم پرۆسەی مایکرۆ بوو لە بواری بوودجەگەرایيدا. مایکرۆ بە مانای ئەوەی کە بایەخی بە بەش دەدا، نەک گشت. بۆ نموونە، لە ڕێگای پێداچوونەوە و زیادکردنی ساڵ لە دوای ساڵ، ئەوا فۆرمی گشتی بوودجەی وەک خۆی بەبێ دەستکاری دەمێنێتەوە، بەڵام بەشەکانی تر دەستکاری دەکرێت. بەپێی ئەم تیۆرە، بوودجەگەرایی پرۆسەیەکی لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە کە دەستکارییەکی کەمی بوودجەی پێشوو دەکرێت لەسەر بنەمای بەشداریی لایەنەکان و مامەڵەی نێوان هێزەکان فەراهەم بکرێت. لەم ڕووەوە ئینکریمێنتاڵیزم بەتەواوی ماکرۆی بێبایەخ دەکرد.

هەرچەندە لە ڕووی واقیعییەوە لێی بنوارِیت ئینکریمێنتاڵیزم مانادارە، چونکە لە ڕاستیدا ساڵانە حکومەت بە ئاستێکی زۆر ناگۆڕێت، بەڵکو ئاستی گۆڕانکاری سنووردارە، تەنها لە ساتەوەختی قەیراندا نەبێت. ئەمەش مانای ئەوەیە لە کاتێکدا تیۆرەکە کێشەی زۆری تێدایە، بەڵام هێشتا بە تەواوی بێبنەما نییە. بەڵام سەرباری نەهاتنەئارای تیۆرێکی گشتگیری تر لە بواری بوودجەگەرایيدا،

تیۆرەی ئینکریمێنتاڵیزم نەیتوانی درێژە بە خۆی بدات. قەیران و کەمیی پارە حکومەت و لایەنەکانی تریان ناچار کرد کە بیر لە میتۆدی تر بکەنەوە بۆ دارشتنی بوودجە. هەروەها ئینکریمێنتاڵیزم لاوازیی تری زۆر بوو، بۆ نموونە: توانای پێشبینیی نەبوو، گرنگیی بە ڕۆڵی ئەکتەر و خاوەن بەرژەوەندییەکان و بڕیاردارێژەران نەدەدا. سادە و ئاسان و گشتگیر بوو، بەڵام پاش تێپەڕینی کات، ئەم سادە و ئاسانییەی کە ئەم تیۆرەی پێ ناسرابوو، بوو بە مایەی ئەوەی کە لاواز و پڕ لە قەیران دەربکەوێت.

شایانی ئاماژەبۆکردنە کە ڤالدەڤیسکی خۆشی لە حەفتاکاندا بە تەواوی پشتی لەم تیۆرە کرد. تیۆری ئینکرێمێنتاڵیزم بە مۆدێلی بیرکاری بریتییە لە:

$$Y=bX+e$$

Y وای بڕیاری بوودجەی ساڵی پێشووە، b بێ ئەو پارامیتەرەیە کە ڕێژەی بڕی هەڵەکانە، X ئێکس بڕیاری بوودجەی ئێستایی، e ئی ڕێژەی هەڵەی بە بڕی سەدی.

بەم پێیە، بوودجەی ساڵێک بریتییە لە بوودجەی ساڵی ڕابوردوو بە زیادکردنی ڕێژەیەک بۆ زیادبوونەکانی ماوەی نێوان بوودجەی پێشوو و ئەم بوودجەیە لەگەڵ دیاریکردنی بڕێک بۆ هەڵە. لەم ڕوانگەیەوە، بوودجەی ئینکریمێنتاڵیزم مێژوو تێیدا ڕۆڵی بنەما دەگێڕێت. بە ئاگایی و بەبێ ئاگایی، لە کوردستان و عێراق هەتا ئەمڕۆش ئەم مۆدیلە لە ئارادایە.

## بوودجەی بنەما سفری

بنەما سفری بە مانای ئەوە دێت کە مێژوو یان پرۆژەکانی تر بە هێند وەرنەگیرێت. وەک لە جێگایەکی تردا ڕاڤەمان کرد، زاڵترین مۆدێلی بوودجە ئەوەیە کە پێداچوونەوە بە بوودجەی

ساڵی پێشتردا بکرێت و لەگەڵ ساڵی داهاتوودا بگونجێنرێت، بەڵام بوودجەی بنەما سفری مانای ئەوەیە کە بوودجەی ساڵی پێشتر پشتگوێ بخرێت. ئەگەر بە زمانێکی تر قسە بکەین، ئەوا بەپێی ئەم شێوازە، دەتوانین بڵێین مێژوو لە پرۆسەی بوودجەگەریدا وەلا دەخرێت، بەمەش دەرفەت دەڕەخسێنرێت هەتا هەموو بوارێک سەرلەنوێ هەڵبسەنگێرێن. لە هەمان کاتدا دەبێت هەر خەرجییەک بەهانە و بیانووی خۆی هەبێت هەتا پەرلەمان شەرعییەتی بداتێ. چونکە یەکێک لە مەترسییەکانی مۆدێلی پێداچوونەوەی بوودجەی پێشوو ئەوەیە کە زۆر بوار وەک دۆگما یان ڕۆتینیان لێ بێت و ئیتر بەبێ پێداچوونەوە تێ بپەڕێنرێن.

ئەم مۆدێلە ئازادییەک دەهێنێتە ئاراوە لە چۆنێتیی مامەڵە لەگەڵ خەرجکردندا، کە ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی بتوانرێت بە چاوێکی تر و بە میتۆدێکی باشتر خەرجییەکان هەڵبسەنگێنرێن. هەروەها ئەم میتۆدە لە بەر کۆمەڵێک هۆکار بەسوودە:

یەکەم، هەموو ئەو بەهانە و خوو و باوەڕە پێشینەییانە لادەبات کە خەرجی یان هاریکاری ئۆتۆماتیکییانە دابەش بکرێت. بۆ هەموو بڕێک لە خەرجی، دەبێت سەرلەنوێ هۆکار و چۆنێتیی خەرجکردن و ئامانج دیاری بکرێت.

دووەم، لە ڕێگای ئەم میتۆدەوە ئەو شێواز خەرجییانەی کە بنەمایەکی بەسوود و زانستییان، نییە جێگەیان نابێتەوە.

سێیەم، داهات لە ئەو بوارانە دەگوێزێتەوە کە ئەولەوییەت نین یان پێویست نین بۆ ئەو بوارانەی کە بەبایەخ و گرنگن.

لایەنی نەرێیی ئەم میتۆدە ئەوەیە کە ئاسان نییە و کات و وزەی زۆری دەوێت، بۆیە لە ساڵانی ڕابوردوودا بەکاربردنی کەم بووەتەوە.

## تیۆری ئەنجامگەرایی

ئەگەر تیۆرەکانی بوودجە بە گشتی جەخت لەسەر بڕی پارە و خەرجی دەکەنەوە، ئەوا تیۆری پریفۆرمەنس یان ئەنجامگەرایی جەخت لەسەر ئەنجام دەکاتەوە. بە مانایەکی تر، ئەوەی گرنگە، ئەوەیە کە لە بوودجەدا کە لە ئەو بڕە پارەیەی کە تەرخان کراوە، چی ئەنجام دراوە. بۆیە ئەم دیدەی بوودجە زیاتر جەخت لەسەر چۆنێتیی ئەنجامدانی کارەکە دەکاتەوە. بە گشتی، ئەم تیۆرە لەسەر ئەم بنەمایانە داڕێژراوە:

یەکەم ئامانج، هەموو دەزگایەک دەبێت پلانی ستراتیژیی خۆیان دابڕێژن کە چۆن بە بڕی خەرجییەکانیان ئامانجەکانیان بەدی دەهێنن. ئەم ستراتیژە دەبێت ئەو ئامانجانە لە خۆی بگرێت کە لە سوودی گشتیدان.

دووەم، پێوەر، دەزگاکان دەبێت لەسەر بنەمای ستراتیژەکەیان ئەو بنەمایانە دابڕێژن کە چۆن بە باشترین شێوە دەگەنە ئەنجامەکانیان.

سێیەم، پەیوەستکرد، دەبێت لە نێوان ئامانج و کرداردا پەیوەندی هەبێت. چونکە هەردوو بەشی سەرەکیی پرۆسەی بوودجەگەرایین. چۆنێتیی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو بوارە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر چۆنێتیی ئەنجام هەیە.

یەکێک لە لایەنە قورسەکانی جەختکردنەوە لەسەر کردار و ئەنجام ئەوەیە کە چۆن کارەکان بپێورێن. لەم پێناوەدا چەند چەمکێک گرنگە:

دیاریکردنی خزمەتگوزارییەکان و چۆنێتیی تەرخانکردنی بڕی پارەی پێویست بۆیان، خەمڵاندن ئاوتپوت بریتییە لە بڕی کاری ئەنجامدراو.

بەراوردکردنی نێوان پلان و ئەنجام بۆ زانینی بڕی

ئەنجامدراوی پلان و بڕی ئەنجامنەدراو، کە هەروەها دەتوانرێت چۆنێتیی کارەکان بپێوێت.

بەراوردکاریی کۆتایی بریتییە لە بەراوردکردنی پرۆژەی ئەنجامدراو و بڕی پارەی تەرخانکراو، ئایا ئەو بڕە پارەیە، لە بەرامبەر ئەو پرۆژانەدا، لە ماوەی ئەو کاتەدا کارێکی باشە یان خراپە.

## تیۆری ئەولەوییەتدانان

تیۆری ئەولەوییەتدان لە چەند ڕوویەکەوە جیاوازە لە تیۆری تەقلیدیی بوودجە. بەپێی ئەم تیۆرە، هەنگاوی سەرەتا ئەوە نییە کە لە بوودجەی ساڵی پێشووەوە دەست پێ بکرێت، بەڵکو سەرەتا دەبێت بڕی داهات دیاری بکرێت، پاشان کارە گرنگ و ئەولەوییەتەکان، پاش دیاریکردنی بڕی داهات و ئەولەوییەت، هەوڵی پێکەوەگرێدانیان بدرێت، بەوەی کە ئەو داهاتەی کە هەیە، بەشی ئەنجامدانی چەندێک لە ئەولەوییەتەکان دەکات، لێرەدا جارێکی تر ئەولەوییەت ڕیزبەندییەکی نوێ وەردەگرێت، بە تایبەت ئەگەر نەتوانرا هەموو ئەولەوییەتەکان جێبەجێ بکرێن یان بڕی داهاتی پێویست نەبوو بۆیان. پاش دیاریکردنی ئەو ئەولەوییەتانەی کە گرنگن و دەتوانرێت بە بڕی داهاتی ئەو ساڵە جێبەجێ بکرێن، ئەوا پرۆژەی سەرفکردنی داهات بۆیان دەست پێ دەکات. سەرباری ئەمە، ئەم شێوازە گرنگی دەدات بە ئەنجامدان و دەرئەنجام.

مەبەست لێی دیاریکردنی پرۆژەکان و چۆنێتی خەرجکردنی داهاتە بۆ ئەنجامدانیان. بەم پێیە، تیۆری ئەولەویات لەم ڕێگایەوە جۆری خزمەتگوزارییەکان و هۆکارەکانیان، تێچوون و هەروەها

سوود و دەرئەنجامەکانیان دیاری دەکات. بەم پێیە:

یەکەم، ئەولەوییەت بۆ خزمەتگوزارییە. داڕشتنی بوودجە بەپێی ئەم تیۆرە گرنگیدانە بە بەرنامە و خزمەتگوزاری، نەک وەزارەت.

دووەم، بوارە گرنگەکان بە باشی ئەنجام دەدا. بەپێی ئەم دیدە، لە کاتی قەیراندا دەبێت حکومەت جیاکاری بکات لە نێوان ئەوەی چ پرۆژەیەک گرنگە و چ پرۆژەیەک گرنگ نییە، بەم پێیە، بایەخ بدات بە گرنگەکان و ئەو پرۆژەکانی تر بوەستێنێت. ئەم دیدە پێچەوانەی دیدی باوی بەردەوامیدانە بە بوودجە وەک ساڵی پێشوو، وەک لە تیۆرەی باڵای ئینکرەمێنتاڵیستیدا بینیمان.

سێیەم، پێداچوونەوە بە خەرجییەکانی ڕابوردوودا دەکات. تیۆری باوی بوودجە کە درێژەدانە بە پرۆژەی ساڵی پێشوو، هەرگیز خەرجییەکانی ساڵی پێشوو ناخاتە ژێر پرسیارەوە، بە پێچەوانەوە، تیۆری ئەولەوییەت، لەپێناو باشترکردنی جۆری خزمەتگوزاریدا خەرجییەکانی پێشوو دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

چوارەم، تیۆری ئەولەوییەت لە داهاتی چاوەڕوانکراوەوە دەست پێ دەکات، نەک لە پرۆژەی ساڵی پێشوو. بەم پێیە، ئەوەی بنەمای بوودجەیە، پرۆژەی ساڵی پێشوو نییە، بەڵکو بڕی ئەو داهاتەیە کە ساڵی داهاتوو چاوەڕوان دەکرێت.

پێنجەم، نرخی ڕاستەقینەی تێچوون دەزانێت. فۆکەس دەخاتە سەر نرخی ڕاستەقینەی پرۆژەکان. ئەم تیۆرە جەخت لەوە دەکاتەوە کە تێچوون ڕاستەقینەیە نەک گۆترە، خەمڵێنراو.

شەشەم، کاتێک بوودجە لەسەر بنەمای خەرجکردنی داهات بۆ ئەو پرۆژانە داڕێژراوە کە بە لای خەڵک و جڤاتەوە گرنگن،

ئەوا بڕیاری حکومەت لای خەڵکی جێگەی گومان و لێکدانەوەی جیاواز نابێت.

حەوتەم، شەفافییەت بەردەستە. لە تیۆری تەقلیدیی بوودجەدا شەفافییەت بەردەست نییە. هەرگیز بە تەواوی نازانرێت بڕی پارەی تەرخانکراو چۆن ژیانی کۆمەڵگا دەگۆڕێت. بەڵام بەپێی ئەم تیۆرە، فۆکەس لەسەر کاری ئەنجامدراوە لە ناو کۆمەڵگادا.

هەشتەم، لە تیۆری تەقلیدیی بوودجەدا بەرپرسیارێتی ئەوەیە کە دەبێت لە سنووری دیاریکراوی خەرجیدا بمێنیتەوە. بە پێچەوانەوە، لە دیدی تیۆری ئەولەوییەتەوە بەرپرسیارێتی لەسەر دەرئەنجامە.

وەک لەسەرەوە بینیمان، چەندین میتۆدی جیاواز هەن بۆ داڕشتنی بوودجە. بۆ بوودجەداڕێژەر وا باشە بە وردی ئاگای لە هەموو ئەم میتۆد و تیۆرانە بێت، چونکە دەکرێت هەموویان بە بڕ و شێوازی جیاواز بەسوود بن بۆ داڕشتنی بوودجەیەکی تۆکمە بۆ حکومەت و کۆمەڵگا لە هەر ساڵێکدا. پێداویستیی بەکارهێنانی هەر تیۆرێک یان مۆدێلێک، دەکرێت لەسەر جۆری قەیران و پێداویستیی کۆمەڵایەتی و جۆری پلانی ئابووری بوەستێت. بۆیە ئاساییە ئەگەر لە هەمان کاتدا سوود لە هەموو میتۆدەکان وەربگیرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی کە ئەویش داڕشتنی بوودجەیەکی باش و واقیعییە.

## یاسای بوودجە

بوودجە پێویستی بە پشتیوانییەکی بەهێزە لە ڕووی یاساییەوە. بۆیە لە ئەگەری بوونی دەستووری کوردستاندا دەبێت یاسایەک بۆ بوودجە هەبێت. لە پرۆژەی دەستووری ئێستادا یاسای بودجە بوونی نییە. هەروەها لە هەرێمی کوردستاندا یاسای بوودجە بوونی نییە. بوودجە لە هەردوو پرۆژەی دەستوور و پەیڕەوی ناوخۆشدا وەک پرۆسەیەکی میکانیکی ئاماژەی بۆ کراوە. ئەمە کەلێنێکی گەورەیە لە پرۆسەی دارایی و ئابووری و بوودجەگەرایی و حکومداریدا. وەک ئەزموونی وڵاتان و دەزگا گەورەکانی وەک ئای ئێم ئێف و بانکی جیهانی پێمان دەڵێن، بوونی یاسایەکی تایبەت بە بوودجە گرنگە.

هەبوونی یاسایەکی تایبەت بۆ بوودجە پێویستە، بۆیە لە هەندێک وڵاتدا بەشێکی تایبەت لە دەستوور تایبەت کراوە بە دارایی گشتی. دەکرێت ئەم یاسایە لە دەستووردا وەک بەشێک لە کاری بەشی یاسادارشتن، پەرلەمان لەگەڵ (دەسەڵاتی جێبەجێکەر) حکومەت یان کاری هەماهەنگی هەردوو لا بێت. هەروەها دەکرێت بەشێک بێت لە ئەو بڕگە یاساییانەی کە پەیوەستە بە پەیوەندیی نێوان ناوەند و فیدڕاڵ، یان بەشێکی سەربەخۆ بێت لە بواری دارایی گشتیدا. بەڵام لە هەمان کاتدا مەرج نییە یاسای بوودجە بەشێک بێت لە دەستوور، بە تایبەت کاتێک بوودجە بە خێرایی گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، ئەگەر لە دەستووردا بوو، ئەوا دەبێت تەنها هێڵە گشتییەکانی دیاری بکرێت. بەڵام ئەگەر یاسا و بڕیار هەمان سەنگیان هەبوو، ئەوا دەتوانرێت بە بڕیار پرسی یاسایی بوودجە چارەسەر بکرێت. ئەم بوارە نوێیە، بەڵام زیاتر و زیاتر

کاریگەرە. بۆ نموونە، سوید لە ساڵی ١٩٩٦دا یاسای بوودجەی تێ پەڕاند. دیارە دەبێت ئەوە ڕوون بێت مەبەستمان لە یاسای بوودجە، یاسای تێپەڕاندنی پرۆسەی بوودجەی ساڵانە نییە.

## یاسای بوودجە لەپێناو کۆمەڵێک ئامانجدایە:

یەکەم، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێک لایەنی تایبەتی بوودجەدا.
دووەم، بۆ هێنانەئارای پرینسیپە نوێیەکانی بوودجەگەرایی، وەک: شەفافییەت، بەرپرسیارێتی، سەقامگیری دارایی و بەردەوامی، هەروەها کرداری بوودجە.
سێیەم، بۆ ڕوونکردنەوەی دەسەڵات و ڕۆڵی هەریەک لە حکومەت و پەرلەمان.

ڕەنگە لە هەمان کاتدا لە یاساکەدا ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و هاوسەنگیی بەرژەوەندی لایەنەکان لە خۆی بگرێت. بە گشتی ئەم یاسایە ئامرازێکە بۆ باشتر بەدیهێنانی ئامانجەکانی بوودجە، بۆیە دەبێت ئەم چوار ئامانجە لە خۆی بگرێت:
یەکەم، گەیشتن بە سەقامگیری دارایی گشتی لە مەودای کورتتدا، هەروەها توانای بەردەوامیدانی دارایی لە مەودای مامناوەنددا.
دووەم، بەهێزکردنی دابەشکردنی سەرچاوەکان.
سێیەم، باشترکردنی چۆنێتیی خەرجی.
چوارەم، باشترکردنی زانیاریی بوودجەیی کە پێشکەش بە پەرلەمان و خەڵک دەکرێت.

دیارە ئەم یاسایە بۆ ئەوەی کاریگەریی هەبێت، دەبێت پێش تێپەڕاندنی زەمینەسازیی دەزگایی بۆ بکرێت. ئەم زەمینەسازییە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە سیستەمی سیاسی و ئابووری و ئیداریی

وڵاتەوە. هەروەها هەریەک لە سیستەمی حیزبایەتی و جۆری سیستەمی پەرلەمانی کاریگەرییان هەیە لەسەری.

## بوودجە و پرۆسەکانی

فەراهەمکردنی بوودجە پرۆسەیە. ئەم پرۆسەیە بە چەند قۆناغێکدا تێ دەپەڕێت. بەڵام پێش ئەوەی باس لە ئەم قۆناغانە بکەم، پێویستە باسێک لە ئەو چەمکانە بکەم کە پەیوەستن بە پرۆسەی بوودجەگەراییەوە. بەپێی ئیرین ڕۆبین، ئەم چەمکانە پێنج چەمکن:

یەکەم: ڕیفۆرمیست، هەڵگرانی ئەم دیدە وەها دەبینن کە بوودجە دەبێت لەسەر بنەمای گونجاوێتی و چاکێتی و کاریگەری دابڕێژرێت، نەک سیاسەت. لە کاتێکدا هەوڵ و کرداری سیاسییەکان، لۆبیکەرەکان، هەمووی لەسەر بایەخدان بە ڕەهەندی سیاسی وەستاوە. بەڵام ئەمە عەقڵانی نییە و بە گشتی بەرهەمدار نییە. بۆیە لە ئەنجامدا لە نێوان بیرۆکرات و سیاسییەکاندا هەمیشە ململانێ هەیە. لە کاتێکدا کە بیرۆکراتەکان ڕەنگە بیر لە لایەنی تەکنیکی و چۆنێتیی گونجاوی و سوودی بوودجە بکەنەوە، بەڵام سیاسی بیر لە لایەنی سیاسی دەکاتەوە.

دووەم، ئینکریمێنتاڵیزم: بەپێی ئەم دیدە، بڕیاری بوودجە لەسەر بنەمای مامەڵەی نێوان خاوەن بەرژەوەندییەکاندا دەبێت. هەمیشە گۆڕانکاریی کەم لە ئەو پلانانەدا دەکرێت کە ساڵانی پێشوو داڕێژاون. لە ڕێگای ئەم میتۆدەوە هەموو ساڵێک گۆڕانکارییەکانی ناو بوودجە لە پرۆسەیەکی دانوستانیدا فەراهەم دەبن.

سێیەم، چەمکی خاوەن بەرژەوەندییە تایبەتەکان. بەپێی

ئەم تیۆرە، پەیوەندییەکی سێکوچکەیی هەیە لە نێوان خاوەن بەرژەوەندییە تایبەتەکان کە لۆبیی پەرلەمان دەکەن بۆ ئەوەی بوودجە بە جۆرێک دابڕێژرێت کە لە قازانجیان بێت. مەترسیی ئەمە لەوەدایە کاتێک کە چارەنووسی کەسی سیاسی بەسترابێتەوە بە بڕیاری کەسی خاوەن بەرژەوەندیی تایبەتەوە. بەو مانایە، وەک لە زۆر وڵاتانی دیموکراسیدا بە ڕێوە دەچێت، ئەوەی کە بڕیاردەرە لەسەر چارەنووسی کەسی سیاسی لەمیانەی هەڵبژاردندا، ئەوانەن کە پشتیوانیی دارایی کامپەینەکە دەکەن. بۆیە بوودجە، وەک سیاسەتی چۆنێتیی خەرجکردنی داهاتی وڵات، دەبێت بە جۆرێک بێت کە بەرژەوەندیی گشتی لەبەرچاو بگرێت پێش بەرژەوەندیی تایبەت. بەڵام بێگومان جۆری تر لە خاوەن بەرژەوەندیی تایبەت هەن، کە دەبێت بە ئاسانی بواری لۆبیکردنیان پێ بدرێت، وەک خەڵکانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، ئافرەتان، منداڵان، ڕێکخراوی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئابووری.

چەمکی چوارەم؛ کاتێک پرۆسەی بوودجە دەبێتە ئامانجی لایەنێکی سیاسی بۆ ئامانجی سیاسی، ئەم بەسیاسیبوونە لە ئەنجامی لاسەنگیدا زیان بە بوودجە دەگەیەنێت کە لە بنەمادا مەبەست لێی چۆنێتیی خەرجکردنی داهاتی گشتییە لە سوودی گشتی.

پێنجەم، بوودجە وەک ئامرازی دانوستان لە لایەن بڕیاردارێژەرانەوە. داڕێژەرانی پۆلەسی بۆ گەیشتن بە سازان لەمیانەی جیاوازییەکانیان، بوودجە دەکەنە بواری گەیشتن بە ئامانجی هاوبەشیان.

## پرۆسەکانی بوودجە

### پرۆسەی سیاسی:

لە ڕووی سیاسییەوە، هەموو گرووپ و لایەن و پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگا، لە ململانێدان بۆ دەستگەیشتن یان بردنی برێک لە سەرمایەیەکی دیاریکراو. بە مانایەکی تر، ئەوەی وەک سەرمایە هەیە، هەرگیز بەشی هەموان ناکات وەک یەک، بۆیە لە دەرئەنجامدا ململانێ دێتە ئاراوە. تێگەیشتن لە ئەو دۆخە سیاسییەی کە پلانی بوودجەی تێدا دارێژراوە، کۆڵەکەی سەرکەوتنی بوودجەیە و لە هەمان کاتدا تەنها بە ئاگاداربوون لە دۆخی دەزگایی و سیاسییە کە دەتوانرێت ئامانجەکان بە باشی فەراهەم بکرێن. بوودجەی نیشتمانی، بە زمانی نەقدی (مۆنیتەری) قسە بکەین، نوێنەرایەتیی چالاکییەکانی حکومەت دەکات. حکومڕانی بە گشتی بریتییە لە ئیدارەدانی بوودجە بە ئامانجی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تاکی.

لە هەمان کاتدا بوودجە دەبێتە بابەتی سیاسەت-پێوەکردن لە هەناوی پەرلەماندا لە نێوان حیزب یان حیزبەکانی دەسەڵات لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا. لە زۆر وڵات ئۆپۆزسیۆن بە جودا پلانی بوودجە ئامادە دەکات، بە مەبەستی فشار و هەروەها مامەڵەی سیاسی. بوودجە ئەگەر گرنگترین کاری پەرلەمان بێت لە ساڵێکدا، ئەوا ئۆپۆزسیۆن ناتوانێت بەبێ هەوڵدان بۆ کاریگەری لەسەر دانان ڕێگە بە تێپەڕاندنی بدات. دیارە ئۆپۆزسیۆن یان ئۆپۆزسیۆنەکان هەریەک نوێنەری پێکهاتەی خۆیانن، بوودجەش لە دید و ڕوانگەی پێکهاتە و دەنگدەرییانەوە دەبینن. هەروەها ئەگەر سیستەمی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای فرەبازنەیی بوو، ئەوا ئەندامانی پەرلەمان لە ڕوانگەی بازنەی خۆیانەوە لە بوودجە دەڕوانن.

## پرۆسەی ئابووری

لە ڕووی ئابوورییەوە بوودجە دەرخەری پلان و نیاز و کارەکانی حکومەتە. هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەولەوییاتی حکومەتی لەسەر کارە. بوودجە پەیوەندیی کەرتە ئابوورییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بە حکومەتەوە دادەڕێژێت. بۆ نموونە، کاتێک بوودجەی ساڵێک ئەولەوییەتی بۆ ژێرخانە، ئەوا کەرت و کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانییەکان لەو بوارەدا هەوڵ دەدەن لە پەیوەندیدا بن لەگەڵ دەزگاکانی حکومەتدا. هەروەها بوودجە چۆنێتیی دۆخی ئابووری دەردەخات کە ئایا تەندروستە یان قەرزبارە. لە هەمان کاتدا، کێن ئەوانەی کە سوودمەند دەبن و ئەوانەی کە سوودمەند نابن؟

## پرۆسەی ئیداری

تەنها لە بوودجەدا دەتوانرێت ڕوانگە و ڕێرەوی دارایی حکومەت ببینرێت. ئەمە شێوازی ئیدارەدانی حکومەتیش ڕوون دەکاتەوە. بوودجە زۆر بوار و لایەن پێکەوە گرێ دەدات، بە جۆرێک، کە چۆنێتیی کارکردن و ئەنجامدانی پلانەکان بەرجەستە دەکات. لە هەمان کاتدا بوودجە دەرخەری ئەوەیە کە حکومەت چەند توانای هەیە، چونکە بوودجەی ساڵێک تەنها بریتی نییە لە بڕی ئەو داهاتەی کە بۆ ساڵێک تەرخان کراوە، بەڵکو لە هەمان کاتدا ڕەنگدانەوەی توانای حکومەتە. بەم پێیە، حکومەت لە ڕێگای بوودجەوە ئەوە بەیان دەکات کە دەتوانێت چەندێک ئەنجام بدات بەو توانایانەی کە لەگەڵ ئەو داهاتەدا هەیەتی. ئەمە تەنها ڕەهەندی فیزیکیی نییە؛ بە مانای ئەوەی تەنها خۆی لە دروستکردن و بونیادناندا نابینێتەوە، بەڵکو ڕەهەندی ئاسایش و بەها و ماف و خۆشگوزەرانییشی هەیە.

## پرۆسەی مافی مرۆڤ

لە کاتێکدا بوودجە گرنگترین بواری کاری حکومەت و پەرلەمانە لە ساڵێکدا، ئەوا دەبێت ئەم بوارە هەموو هەنگاوەکانی بەپێی مافەکانی مرۆڤ بێت. حکومەت دەبێت هەموو توانا و ئامرازەکانی بخاتە گەڕ بۆ دابینکردنی خۆشحاڵی و خۆشگوزەرانیی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازییان. دەکرێت لە ئابوورییەک کە بڕی زۆری داهاتەکەی لە کرێی سامانی سروشتییەوەیە، ئەم داهاتە بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی داهاتی تر بهێنرێتە ئاراوە، هاوتەریب بەو داهاتە بۆ فەراهەمکردنی خواستەکانی ئەو چینانەی کە ناتوانن بژێویی خۆیان دابین بکەن.

لە هەمان کاتدا دەبێت بڕگەکانی بوودجە پەیڕەوی مافەکانی مرۆڤ بکات لە هەموو ڕوویەکەوە. بە مانایەکی تر، بە هیچ شێوەیەک نەبێتە ڕێگر، بەو مانایەی زیان بە مافەکانی مرۆڤ بگەیەنێت، لە هەمان کاتدا دەبێت بەو ئاڕاستەیەدا ببرێت کە ببێتە مایەی دابینکردنی مافەکان.

## پرۆسەی دیپلۆماسی

ئەگەر ئەو پرۆسانەی سەرەوە بۆ هەموو وڵاتێکی تری دونیا بێت بەبێ جیاوازی، ئەوا بۆ کوردستان بوودجە و چۆنێتیی بوودجە ڕەنگدانەوەی دیپلۆماسییشی دەبێت. وەک ڕوونە، یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خراپیی سیستەمی حوکمڕانییە، بە جۆرێک، دەتوانرێت بوترێت بە گشتی بوودجە و بوودجەگەرایی بە شێوەیەکی سەردەمییانە بە ڕێوە ناچێت. بۆیە هەبوونی بوودجەیەکی سەردەمییانە دەرخەری چەند خەسڵەتێکە: یەکەم، هەبوونی توانای حوکمڕانی، دووەم، خۆجیاکردنەوە لە دەوروبەر، سێیەم، ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بازاڕی وڵاتانی تر.

هەموو ئەمانە لە ئاستی وێنا و تایبەتمەندی و ئاسایش و ئابووریدا دەبنە سەرچاوەی دیپلۆماسی بۆ کوردستان. لە هەمان کاتدا ئاسانکاری دەکەن بۆ فەراهەمکردنی پەیوەندیی دارایی لەگەڵ ناوەندە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکانی وەک بانکی نێودەوڵەتی، ئای ئێم ئێف، بانکی ئەورووپی، یەکێتیی ئەورووپا و زۆر ناوەندی تر.

دیارە هەموو ئەمانە بنەمای ئابووریی دیپلۆماسی دادەڕێژن کە لە دونیای ئەمڕۆدا لە هەرە گرنگترین بەشەکانی ئابوورییە. گەر لە ستراکتۆری هەر باڵوێزخانەیەک یان کونسوڵخانەیەک بنواڕیت، ئەوا هەر زوو بۆت دەردەکەوێت کە ئابووری و سلکی ئابووری چەند لە بواری دیپلۆماسیدا گرنگە. وڵاتانی بەرهەمهێن ئامانجی گەورەیان ئەوەیە کە کار و دەرفەت بۆ کۆمپانیاکانیان دابین بکەن، چونکە هەرچەندە ئەو کۆمپانیایە سەر بە کەرتی تایبەتن، بەڵام هەتا داهاتیان زیاد ببێت، باجی زیاتر بە وڵاتەکەیان دەدەن.

## ستانداردەکانی بوودجە

بوودجە کۆمەڵێک ستانداری هەیە کە دەبێت لە ساتی داڕشتنی بوودجەدا پەیڕەو بکرێن.

یەکەم: دەبێت گشتگیر بێت، کۆمپرەهێنسیڤ، هەموو سەرچاوەکانی داهاتی حکومەت لە خۆی بگرێت. لەم ڕووەوە بوودجە زیاتر جەخت لەسەر خەرجکردن و دابینکردن دەکاتەوە، هەروەها ڕێگای جیاواز دەخاتە بەر چاو کە چۆن حکومەت خەرجییەکانی بە ڕێوە ببات. ئەمەش هاوکاریی حکومەت دەکات هەتا خۆی لە مایەپووچبوون بپارێزێت.

دووەم، ڕاشکاو و ڕوون، بوودجە نابێت لەسەر بنەمای لایەنگیری داڕێژرابێت. بە زمانی ئینگلیزی پێی دەوترێت پرۆجێکشن. مەبەست لە بێلایەنی ئەوەیە کە داڕشتنی بوودجە ڕاشکاوانە بێت. نابێت بە ئامانجی سیاسیی لایەنێک یان دوان هیچ شتێک

بشاریتەوە. بۆ فەراهەمبوونی ڕاشکاویتی لە بوودجەدا، دەبێت ناوەندێک یان دەزگایەکی بێلایەنی سەربەخۆی زانستی هەبێت بۆ ژمێریاری بە نوێترین میتۆدی ژمێریاری کە هەموو پێشنیازەکانی بوودجە دیاری بکات و بیانناسێنێتەوە و هەڵیان بسەنگێنێت بۆ فەراهەبوونی زیاتر، پێویستە ناوەند و لایەنی حکومی جیاواز بەشدار بن لە داڕشتن و وێڕای جیاوازییەکانیان پێکەوە دیبەت بکەن لەپێناو گەیشتن بە سازان. لە هەمان کاتدا گەیشتن بە ڕێک و ڕەوانیی بڕە تەرخانکراوەکان، دیسانەوە بە گفتوگۆی نێوان ئەم ناوەند و دەزگا جیاوازانە دەبێت.

سێیەم، فرەمەودا، ئامانجە کورتمەوداکان و لە هەمان کاتدا ئامانجە دوورمەوداکان لە خۆی بگرێت. فرەمەودایی ناهێڵێت حکومەت کورتبین بێت، کە ڕەنگە بەشی زۆری پلانی بوودجە بۆ مەبەستی ڕازیکردنی دەنگدەر داڕێژرابێت و هەموو لایەنە ژێرخانی و دوورخایەنەکان فەرامۆش بکات. لە هەمان کاتدا بڕیاردارێژەران ناچار دەکات هەتا بیر لە نەوەکانی داهاتوو بکەنەوە، بە جۆرێک، چانسی ئەوە کەم دەکاتەوە کە نەوەکانی داهاتوو تووشی قەیرانی دارایی و ئابووریی گەورە بین. بۆ فەراهەمکردنی فرەمەودایی، دەبێت لە کاتی داڕشتنی بوودجەی ساڵانەدا هەمیشە بیر لە ئاسۆی دوورتر لە ساڵێک بکرێتەوە. لە هەمان کاتدا خەرجی بۆ پرۆژە درێژخایەنەکان تەرخان بکرێت لەگەڵ جەختکردنەوە لە تێچوونی پیربوون یان کۆنبوونی ژێرخان و ئامرازەکان.

چوارەم، سنووردارکردن. مەبەست لە سنووردارکردن ئەوەیە کە بڕی خەرجی بۆ پرۆژەکان کراوە نەبێت لە لایەن حکومەتەوە، بەڵکو لە ئاستێکی دیاریکراودا بوەستێنرێت. ئامانج لەمەش ئەوەیە کە حکومەت دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە چۆن

پرۆژەکان بە بوودجەی تەرخانکراو بۆیان جێبەجێ بکات، نەک ئازادیی ئەوەی هەبێت کە بەردەوام بوودجە و بڕی نوێی بۆ تەرخان بکات. بۆ فەراهەمکردنی ئەم پرۆژەیە، دەبێت سەقفێک بۆ خەرجکردن دیاری بکرێت، هەروەها لە هەمان کاتدا پرۆسەیەک دابڕێژرێت بۆ ئەوەی لایەنە بەشدارەکانی هەر پرۆژەیەک ڕێز لە پلان و نەخشەکانیان بگرن. پێویست ناکات ئەمە دەستوورییانە بێت یان لە دەستووردا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو پێدانی دەسەڵات بە لایەنێکی سەربەخۆی پرۆفیشناڵ هەتا کۆنترۆڵ بگرێتە دەست و لە هەمان کاتدا بە ئاگاییەوە بڕی قەرزی پێویست بە باشی هەڵسەنگێنرابێت.

پێنجەم، بەدوای ئەو شێوازانەدا بگەڕێت کە زۆرترین کاریگەریی هەیە بە کەمترین تێچوون. ئاشکرایە کە بوودجە لەبەر گرنگییەکەی، هەمیشە لە لایەن سیاسییەکانەوە وەک دۆکیومێنتێکی سیاسی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت کە ئامانج لێی ئەوەیە سەرنجی خەڵکی بۆ ڕابکێشرێت. یەکێک لەم ڕێگایانە ئەوەیە کە بڕی زۆری پارە بەبێ هیچ هەڵسەنگاندن و گرتنەبەری میتۆدێکی زانستی بۆ پرۆژەکان تەرخان بکرێت لەپێناو ئەوەی ببێتە مایەی سەرنجی هاووڵاتیان. پرۆسەی باشی بوودجە دەرفەت دەخولقێنێت هەتا تێچوون و ئەنجام بەراورد بکرێن. دەشێت ئەم بەراوردکردنە بە سێ جۆر فەراهەم بکرێت: یەکەم، بۆ یەک بەرنامە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر. بۆ نموونە، ئەگەر لە هەموو ساڵێکی بوودجەدا بڕێک داهات بۆ بوارێکی تایبەت خەرج دەکرێت، ئەوا دەکرێت بەراورد لە نێوان ساڵێک و ساڵێکی تر بکرێت، ئەوەش لە ڕووی ئەنجامدان و کاریگەری و بەرەوپێشچوونەوە. لە هەمان کاتدا دەکرێت بەراورد بکرێت لە نێوان ئەو هەموو بەرنامانەی کە یەک ئامانجیان هەیە، لەم ڕووەوە کاریگەریی

جۆریی بەرنامەکان دەردەکەوێت.

سێیەم، بەراورد لە نێوان ئەو بەرنامانەی کە ئامانجی جیاوازیان هەبووە. ئەم بەراوردکارییانە تەنها ڕێگان بۆ زانین یان گەیشتن بە بەرنامەیەکی باشی چۆنێتیی دابەشکردنی خەرجی. بۆ فەراهەمکردنی ئەم ئامانجە، دەبێت بوودجە گرێ بدرێت بە پرۆسەیەکەوە کە ئامانج و خواستەکانی سیاسییەکان پێکەوە گرێ بدات، لە هەمان کاتدا سیستەمێکی ژمێریاریی ئیداری پێویستە کە تێچوون گرێ بدات بە فەراهەمکردنەوە. بە مانایەکی تر، ئایا چەند سەرف کراوە و چی کراوە. لە هەمان کاتدا پێویستە ڕاڤەکاریی بوودجە و هەڵسەنگاندن و هەڵسەنگاندنی سیاسی پێکەوە گرێ بدرێن. لە سەرووی ئەمانەوە، دەبێت یاساداڕێژەر یان ئەندام پەرلەمان هەمیشە بەگومان بێت لە هەر خەرجییەک کە مەبەستەکەی ساغ نەکراوەتەوە.

شەشەم، هاوکار، نابێت بوودجە بەسەر بڕیارە گرنگەکانی تردا زاڵ بێت. مەبەست لەمە ئەوەیە کە هەرگیز ناتوانرێت هەموو بوارەکانی پیادەکردنی بوودجە لە دۆکیومێنتی بوودجەدا جێگەیان بکرێتەوە. لەمیانەی جێبەجێکردندا هەر دەزگایەک یان ئۆفیسێک یان وەزارەتێک پێویستی بە وردەپلانی خۆی هەیە، بە ئیدارەدانی کەسەکان، بە مامەڵە لەگەڵ هاوولاتیان و زۆر بواری تر. لەپێناوی جێبەجێکردنێکی باشتر، دەبێت هەمیشە پلانی بوودجە بیر لە هارمۆنی بکاتەوە. نابێت پەرلەمان تەنها بیر لە تێپەڕاندنی یاسایەک بکاتەوە بە ئامانجی سیاسی و تایبەت، بەڵکو دەبێت بیر لە سەرجەم قۆناغەکانی بوودجە بکرێتەوە، چونکە دەکرێت بوودجەیەکی یوتوپیایی تێ بپەڕێنرێت، بەڵام کاتێک کە جێبەجێ ناکرێت، یان توانای جێبەجێکردنی نییە، ئەوا لە ساڵی داهاتوودا سەنگی پەرلەمان

لە پرۆسەکەدا کەم دەبێتەوە. ئەمە تەنانەت لە ساتەوەختی سەختی و قەیرانیشدا. پراگماتیکبوونی بوودجە بنەمای سەرکەوتنیەتی. لە هەمان کاتدا، کاتێک بوودجە پراگماتیستانە دادەڕێژرێت، ئەوا بەهانەی جێبەجێنەکردنی کەمتر دەبێت و لێپرسینەوە کاریگەرتر و ئاسانتر دەبێت. ئەمەش گرنگە لە کاتێکدا کە کاری پەرلەمان هەر بە ئەوەوە ناوەستێت کە یاسایەک تێ بپەڕێنێت، بەڵکو دەبێت لە هەموو قۆناغەکاندا لە پرۆسەی کەڵەکەکردنی زانیاریدا بەشدار بێت بە ئامانجی باشترکردنی بەردەوامیی پرۆسەی بوودجە. بۆ پیادەکردنی ئەم ئامانجە، وەها باشە پەیوەندی لە نێوان مانیجەر و ئەندام پەرلەماندا هەبێت بۆ دروستبوونی پەیوەندییەکی نزیک و واقیعی لەگەڵ چۆنێتیی بەڕێوەچوونی جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا.

حەوتەم، کات ئێجگار گرنگە لە بوودجەدا، بۆیە دەبێت بوودجە لە کاتی خۆیدا تێ بپەڕێنرێت. ئەگەر بوودجە دوا بکەوێت، کاریگەریی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان دەبێت. بۆیە دەبێت بوودجە لە کاتی خۆیدا بێت، هەموو ئەرکەکانی لە کاتی چاوەڕوانکراودا جێبەجێ بکات. لە ئەدەبیاتی بوودجەدا ساڵی دارایی (فیسیکاڵ) هەیە، زۆر گرنگە کە بوودجە پێش دەستپێکردنی ساڵی دارایی تێ بپەڕێنرێت. بۆ فەراهەمبوونی ئەم ئامانجە، دەبێت بوودجە وەها سەیر بکرێت کە دۆکیومێنتێکە یان یاسایەکە کە تێپەڕاندنی لە قازانجی گشتیدایە. ئەم ئاگاییە دەبێت لە ڕێگای میدیاوە بە خەڵکی بگەیەنرێت بۆ ئەوەی کەس بە ئاسانی تەگەرە نەخاتە بەردەم تێپەڕاندنی بوودجە. یان بە مانایەکی تر، لە قازانجی کەس نەبێت کە بوودجە دوابخات یان کێشەی بۆ دروست بکات. بەڵکو هەموو لایەنەکانی پەرلەمان وەها ببینن کە تێپەڕاندنی بوودجە لە قازانجی

هەموانە. دیارە میکانیزمی کات هەروەها گۆڕانکاری بەسەر ڕۆڵی ئەکتەرەکاندا دەهێنێت. بۆ نموونە، لە کاتی دواکەتنی حکومەت لە ئامادەکردنی پرۆژەی بوودجەدا، پەرلەمان دەسەڵاتی زیاتر دەبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ بوودجەدا. لە جێگای تر بە وردی باسی ئەم دۆخەمان کردووە.

هەشتەم، شەرعی بێت، بەو پێیەی بڕیارە گرنگەکان لە لایەن خەڵکانی خاوەن مافی شەرعییەتدانەوە دەدرێن. پەرلەمان پەیوەستە بە لیبراڵیزم و سەرمایەدارییەوە. لە لیبراڵیزم و سەرمایەداریدا خەڵکی خاوەن سەرمایە و توانا و هێز و بەرژەوەندی کاریگەرییان زۆرترە لە خەڵکانی تر، لە ڕێگای جیاواز جیاوازەوە. ئەگەر خەڵکی ئاسایی تەنها دەنگێکی هەیە وەک ئامرازی فشار، ئەوا خەڵکی خاوەن سەرمایە ئامرازی تری زۆریان هەیە بۆ فشارکردن. بەڵام ستاندارێکی بوودجە ئەوەیە کە دەبێت شەرعی بێت، بەو مانایەی ڕەنگدانەوەی خواستی زۆرینەی پەرلەمانی بێت، نەک کەمینە. لە هەمان کاتدا هەوڵ بدات لایەنگریی تێدا نەبێت. بۆ فەراهەمکردنی ئەم بوارە، دەبێت شەفافییەت زیاتر بێت لە بوودجەدا، لە قۆناغە جیاوازەکانی بوودجەدا دۆکیومێنت و دیبەیتەکان بڵاو بکرێنەوە، هەروەها ڕای گشتی بە هێند وەربگیرێت، بەڵام بۆ ئەوەی ڕای گشتی کاریگەریی هەبێت، دەبێت زانیاریی تەندروستیان بۆ دابین بکرێت، نەک ئاڕاستە بکرێن.

نۆیەم، بەرپرسانە بێت، ئەو پۆلەسییانە جێبەجێ بکات کە وەڵامدانەوەی خواستەکانی هاووڵاتیانن.

بوونی هەریەک لەم نۆ خاڵە لە بوودجەدا گرنگە و هەبوونی هەموویان وەها دەکات کە پلانی بوودجە پلانێکی ستاندار بێت.

## قۆناغەکانی بوودجە

هەموو بوودجەیەک بە قۆناغ ئامادە دەکرێت. دەکرێت بگوترێت کە بوودجە بە گشتی چوار قۆناغی هەیە:

قۆناغی داڕشتن، لەم قۆناغەدا بوودجە دادەڕێژرێت. بە گشتی، حکومەت بوودجە دادەڕێژێت. لە هەناوی حکومەتدا یان لیژنە پێک دێت یان ئۆفیسی سەرۆک وەزیران بە کارەکە هەڵدەستێت یان وەزارەتەکان داواکارییەکانیان دەنێرن و لە ئۆفیسی سەرۆک وەزیران کۆ دەکرێتەوە، ڕەنگە هەموو ئەمانە ڕوو بدەن. بەڵام بوودجە بریتی نییە لە زانینی ئەوەی ئایا هەر وەزارەتێک یان دەزگایەک لە حکومەتدا چەند خەرجیی پێویستە و حکومەت داهاتی چەندە و دەتوانێت چەند دابین بکات. بەڵکو کۆمەڵێک بڕیار و لایەنی گرنگی تر لە خۆ دەگرێت. بۆیە لە ئەدەبیاتی بوودجەدا ئەم قۆناغە وەها دادەنرێت کە نابێت وەک سندوقێکی داخراو وەها بێت کە پاش ئامادەکردنی لە بەردەم ئەوانی تردا بکرێتەوە. بەڵکو دەبێت لایەنی دەرەوەی حکومەت، چ پەرلەمان، چ کۆمەڵگای مەدەنی، هەر لە سەرەتاوە بەشێک بن لە پرۆسەی داڕشتن. ئەم قۆناغە ئەمڕۆ فشاری زۆری لەسەرە بۆ کردنەوەی، چونکە ئەگەر هەر لە سەرەتاوە لیژنەی دارایی پەرلەمان و ناوەندی شارەزا و کۆمەڵگای مەدەنی ئاگادار بن لە پرۆسەکە، ئەوا شەفافتر دەبێت، هەروەها دەبێتە ئاگایی زیاتر لە چۆنێتیی داڕشتن بۆ هەموان ، لە پاشاندا کاتی زۆر دەگەڕێنێتەوە بەوەی لە کاتی تێپەڕاندندا نابێتە مایەی سیاسەت یان موزایەدەپێکردن.

دیارە هەندێک سیفەت هەن لە بوودجەدا کە ناتوانرێت بە دڵنیاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت: بۆ نموونە، ڤۆلەتیلیتی، هەڵبەزودابەزی نرخ، بە تایبەتی نرخی نەوت. چۆنێتیی دانانی نرخی چاوەڕوانکراو، ڕوودانی جەنگ و قەیران و کارەسات. لە

هەمان کاتدا دەبێت بوودجە ڕوونی و ئاشکرایی تێدا بێت لەبارەی ئەوەی کە ئایا پرۆژەی پێشنیازکراو ڕاستەقینەیە، بە چ میتۆدێک هەڵسەنگاندن بۆ تێچوونی کراوە، ئەگەر لە ماوەی ساڵێک زیاترە، چۆن لە ماوەی ساڵی داراییدا بڕی کاری ئەنجامدراو دیاری دەکرێت و هەڵدەسەنگێنرێت. لە هەمان کاتدا ئەگەر زیادە لە بڕی دیاریکراودا هەبوو، چیی لێ دێت!

## قۆناغی تێپەڕاندن

کاتێک کە بوودجە لە لایەن حکومەتەوە دادەڕێژرێت، ئەوا پەرلەمان دەبێت بوار بە پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و خاوەن بەرژەوەندییە تایبەتەکان و میدیا بدات هەتا بتوانن لە دیدی تایبەتی خۆیانەوە کاری لەسەر بکەن. بەم پێیە، بوودجە لە پەرلەمان نەک تەنها لە ڕێگای نوێنەرەوە، بەڵکو لە ڕێگای ناوەند و دەزگای ترەوە، پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، ئەمەش وەها دەکات کە کرانەوە و شەفافییەت ببنە بەشێک لە تێپەڕاندنی بوودجە. لە هەمان کاتدا پێویستە خەڵکی شارەزا لە دیدی جیاوازەوە قسە لەسەر بوودجە بکەن هەتا ئاسان بێت بۆ خەڵک و گرووپەکانی تر دیدی خۆیان دابڕێژن، چونکە بوودجە بە گشتی دەقێکی تەکنیکی و پڕ لە ژمارە و وشکە.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، سەرەتا پرۆژەی بوودجە لە حکومەتەوە دێت، پاشان دەنێررێت بۆ لیژنەی تایبەت و هەموو ئەندام پەرلەمانەکان. ئەوەی پرۆسەی بوودجە دەبێت بواری پێ بدات، ئەوەیە کە دەرفەت بداتە ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییانە کە بوودجە کاریگەری، بە تایبەتی کاریگەریی نەرێنی دەبێت لەسەریان هەتا لە ڕێگای نوێنەرانیانەوە داکۆکی لە خواست و بەرژەوەندییان بکەن.

هەروەها تێپەڕاندنی بوودجە نابێت وا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت

که وەک هەر یاسایەکی ترە و ئەرکی پەرلەمانە کە تێی بپەڕێنێت، بەڵکو زیاتر پرۆژەی کاری ساڵی داهاتووە، کە کاری پەرلەمان و دۆخی ئابووری و پەیوەندیی حکومەت و خەڵک دادەڕێژێت. بۆیە لە کاتی تێپەڕاندندا دەبێت بیر لە میکانیزمی جێبەجێکردن و چۆنێتیی چاودێریکردن بکرێتەوە. هەروەها بوودجە لە کاتی تێپەڕاندندا دەبێت وەها هەڵسەنگێنرێت کە چۆن ڕێگری بکات لە بە فیرۆچوون و گەندەڵی.

لە کاتی تێنەپەڕاندنی بوودجەدا لە زۆر وڵاتدا یاسای تایبەت لەم بارەوە هەیە. بە گشتی سێ شێوازە: یەکەم، یان بوودجە سفر دەکرێت، وەک لە ئەمەریکا. دووەم، بوودجەی ساڵی پێشوو پەیڕەو دەکرێت. سێیەم، پێشنیازی حکومەت جێبەجێ دەکرێت. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، لە کوردستان ئەگەر بوودجە تێ نەپەڕێنرا، ئەوا هەموو مانگێک بڕی بوودجەی تێپەڕێنراو دابەشی دوانزە دەکرێت.

بەم پێیە ئەمە جۆرێکە لە پیادەکردنی بوودجەی ڕابوردوو، بەڵام لە ماوەی مانگدا، نەک ساڵ. باشیی ئەم ڕێگایە ئەوەیە کە ئەگەر هەموو مانگێک پێویستی بە ڕەزامەندیی پەرلەمان هەبوو، ئەوا وەک کارتێکی فشار وابێت کە دەبێت حکومەت پرۆژەی بوودجە دوا نەخات. ئەم مۆدێلە هاوشێوەی مۆدێلی ئەڵمانیایە، کە نابێت خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان پەکیان بکەوێت. لە فەڕەنسا کە پەرلەمان تێیدا لاوازە، ئەوە پەرلەمانە کە لەژێر فشاردایە بوودجە تێ بپەڕێنێت. ئەگەر هاتوو پەرلەمان دوای ٧٠ ڕۆژ بوودجەی تێ نەپەڕاند، ئەوا پرۆژەیاسا پێشنیازکراوەکەی حکومەت بەبێ ڕەزامەندیی پەرلەمان دەبێت بە یاسا.

بێدەسەڵاتیی پەرلەمان لە بەرامبەر دواکەوتنی بوودجە زیان بە دەسەڵاتی پەرلەمان دەگەیەنێت. دەبێت میکانیزمێک هەبێت کە پەرلەمان بتوانێت فشار دروست بکات بۆ ئەوەی بوودجە دوا نەکەوێت.

## قۆناغی جێبەجێکردن

پاش تێپەڕاندنی یاسای بوودجە، هەموو وەزارەتەکان و ناوەندەکانی تر دەست دەکەن بە خەرجکردنی بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکانیان. هەریەک لە وەزارەتەکان بوودجەی تایبەتی خۆی دەبێت. لەمیانەی جێبەجێکردنی کارەکانیان، وەزارەت دەبێت ڕاپۆرتی تایبەتی خۆی هەبێت دەربارەی چۆنێتیی خەرجی و هەروەها چۆنێتیی ئەنجامدانی کار. بە گشتی، دەبێت دوو جۆر ڕاپۆرت بنووسرێت: جۆرێک کە وەرزانەیە یان لەمیانەی ساڵدا، جۆرێکی تر لە کۆتایی ساڵدا. لەمیانەی هەردوو ڕاپۆرتدا دەبێت ئەوە ڕوون بێت کە ئایا خەرجی کەم بووە، زۆر بووە یان هاوسەنگ.

هەردوو ئەم ڕاپۆرتانە لە لایەن لیژنەی تایبەت بە بوودجەوە لە پەرلەمان هەڵدەسەنگێنرێن. هەروەها دەبێت ئەم دوو جۆرە ڕاپۆرتە، بۆ هەر پرۆژەیەک، بۆ پەرلەمان، میدیا و خەڵک ئاشکرا بکرێت. چاودێریکردن بەشێکی گرنگی فەراهەمکردنی بوودجەیە، هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگی بەدەستهێنانی زانیارییە بۆ باشترکردنی جۆری خەرجکردن و ڕێگریکردن لە بەفیڕۆدان و گەندەڵی، لەگەڵ باشتر ئەنجامدانی پرۆژەکان.

تەنها بەم جۆرە شێوازە دەتوانرێت مامەڵە لەگەڵ دەرئەنجامی بڕی پارەی تەرخانکراودا بکرێت و لێپرسینەوە بکرێت لەسەر هەر کارێکی نایاسایی یان زیانبەخش. ئەمەش بنەمای بەرپرسیارکردنە (ئەکاونتبیلێتی) کە کاری سەرەکیی پەرلەمانە. ئەکاونتبیلێتی بە مانای لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی و ئامادەبوون بۆ لێپرسینەوە و سزا.

## قۆناغی پێداچوونەوە یان هەڵسەنگاندن

به گشتی، بەشی سەرەکیی کاری ئەم قۆناغە لە ڕێگای ژمێریارییەوە دەکرێت، یان ئەوە پێی دەڵێن ئۆدیتینگ. ئۆدیتینگ بریتییە لە بەراوردکردنی ئەنجامدانی کارەکان لەگەڵ ڕێگەپێدراویی یاسایی، بە زۆری لە لایەن ئینستیتوتێکی سەربەخۆوە. بەم پێیە، بۆ ئەوەی بزانرێت کە کارەکان چۆن ئەنجام دراون، ئایا چەندیان ئەنجام دراون و چەندیان ماون، چەند لە پارەی تەرخانکراو بە بەراورد بە بڕی کاری ئەنجامدراو خەرج کراوە. بەم پێیە، بەراورد لە چەند ئاستێکدایە، یەکەم لە ئاستی یاسایی، کاتێک بوودجە پلانی کارێک دادەڕێژێت، ئەوا پاش بەیاسابوونی دەچێتە خانەی جێبەجێکردنەوە، بەم کارە ناوەندی ئۆدیتینگ دەتوانێت لە نێوان ئەوەی پلانی بۆ داڕێژراوە لەگەڵ ئەوەی کە ئەنجام دراوە، لە ئاستی جیاوازی وەک مەرجەکان، جۆرێتی و کاتدا بەراورد بکات. هەروەها لە ئاستی داراییەوە دەتوانرێت هەمان کار بکرێت. دەرئەنجامی ئەمە ڕاپۆرتی کۆتایی ساڵە.

لە کوردستان ئینستیتوی ئۆدیتینگ بە شێوازی مۆدێرن نییە. هەرچەندە کۆمپانیا جیهانییەکانی ئۆدیتینگ وەک دیللۆیت، واتەر پرایس کۆپەر و ئەوانی تر لە کوردستان کاریان کردووە، بەڵام لە کوردستان دەبێت ئینستیتۆیەکی نیشتمانیی ئۆدیتینگ هەبێت، کە دەبێت کار و ئەرک و بەرپرسیاریی و بونیادەکەی لە دەستووردا ئاماژەی بۆ بکرێت.

ئەنجامدانی تەدقیق بە مۆدێلێکی سەردەمییانە کارێکی سەرەکییە لە پرۆسەی فێربوون و هەوڵدان بۆ باشترکردنی چۆنێتیی خزمەتگوزارییەکان. هەروەها زانیاریی بەدەستهاتوو لە ڕێگای تەدقیقەوە دەبێتە بنەما بۆ کاری تر و ساڵانی تر لە داهاتوودا. تەدقیق کارێکی زانستییە، بەپێی گەشەکردنی خێرا لەو

بوارەدا، هەتا دێت مۆدێل و زانیاری و تیۆری نوێ دێنە ئاراوە. دیارە تەدقیق تەنها کارێکی ژمێریاری نییە، بەڵکو لە زۆر بواری ناژمارەییش دەکۆڵێتەوە: وەک کات، چۆنێتی و زۆر بواری تر.

هەریەک لەم قۆناغانەی بوودجە گرنگیی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەمڕۆ لە دونیادا چۆنێتیی بەڕێوەچوونی هەریەک لەم قۆناغانە گۆڕانکاریی زۆریان بەسەردا هاتووە. قۆناغی داڕشتن کە بە گشتی لە لایەن حکومەتەوەیە، ئەمڕۆ هەتا دێت هەوڵی زیاتر دەدرێت کە لایەنی تر بەشدار بێت تێیدا، چیدی بوودجە وەک سندووقێکی داخراو نەبێت. لەم پێناوەدا وەک قۆناغی یەکەم گرنگە کە لە پەرلەمان لیژنەیەکی تایبەت بە بوودجە هەبێت. ئەم لیژنەیە هەر لە سەرەتاوە بەشێک بێت لە پرۆسەی داڕشتنی بوودجە. ئەم نزیکییەی پەرلەمان و حکومەت لە داڕشتنی بوودجەدا وا دەکات کە پرۆسەکە هەر لە سەرەتاوە بە هەماهەنگی بە ڕێوە بچێت و پاشان هێندە تووشی ڕێگری و کێشە و بەسیاسیبوون نەبێت. هەروەها ئەم بەشدارپێکردنە لە ڕووی کاتەوە گرنگە. یەکێک لە ستانداردەکانی بوودجەی سەرکەوتوو ئەوەیە کە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا تێ بپەڕێنرێت بۆ ئەوەی لە دواکەوتن بپارێزرێت و کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر دۆخی دارایی و ئابووریی وڵات و هەروەها دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان نەبێت.

## بوودجە و پەرلەمان

پەرلەمان وەک ناوەندی شەرعییەتبەخشین و بەیاساییکردن، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی بوودجەدا. بوودجە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە جۆر و بڕ و ئاستی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە حکومەت پێشکەشی خەڵکیان دەکات. دەبێت نوێنەری خەڵک ئاگاداری ئەم خزمەتگوزارییانە بێت، هەڵی بسەنگێنێت، پاشان بڕیاری لەسەر بدات.

بوودجە ڕێگای دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانە کە لە بنەماکانی مافی مرۆڤ و دەستوورەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە. پەرلەمان لەم ڕوانگەیەوە ڕۆڵی بەرجەستەکردن و دابینکردنی ئەم مافانە دەبینێت.

به گشتی، پەرلەمان ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

یەکەم، دەسەڵاتی هەموارکردن، دەبێت پەرلەمان لە قۆناغی لیژنە و پاشان ئەگەر لە ڕایەک زیاتر هەبوو لە لیژنەدا، لە ناو هۆڵی پەرلەماندا بە زۆرینەی دەنگ بڕگەکانی بوودجە هەموار یان دەستکاری بکات. دیارە لە جێگای تردا ئاماژەمان بۆ دەسەڵاتی هەموارکردنی پەرلەمان کردووە. بە گشتی، لەبەر مەترسیی بەسیاسیکردنی بوودجە، دەسەڵاتی پەرلەمان بۆ زیادکردن سنووردار کراوە یان ڕێگەی پێ نەدراوە. ئەمە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانیشدا ڕەنگ دەداتەوە.

پەرلەمان کاتێک بوودجە لە پرۆژەیەکەوە دەگۆڕێت بۆ یاسا، ئەوا سیفەتی ئەوەی پێ دەدات کە دەبێت هەموان جێبەجێی بکەن و ماف بە خۆی دەدات کە چاودێریی بکات و لە هەمان کاتدا بەدواداچوون بۆ هەنگاوەکانی بکات و دەرئەنجامەکانی هەڵبسەنگێنێت.

لە هەمان کاتدا پەرلەمان مافی بڕیاردانی هەیە لە ساتی دواکەوتنی حکومەت لە داڕشتنی بوودجەدا. ئەم مافە بە چەندین شێواز بەرجەستە دەبێت، لە پەیڕەوی ناوخۆی کوردستاندا پەرلەمان لە کاتی تێنەپەڕاندن یان دواکەوتنی بوودجەدا، بە شێوەی مانگانە بوودجەی پێشوو ڕایی دەکات.

بۆ ئەوەی پرۆسەی بوودجە بە باشی فەراهەم بێت، ئەوا دەبێت میکانیزمێک لە نێوان پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بێتە کایەوە. یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەم میکانیزمە دەستکراوەییە، بەو

مانایەی پەرلەمان ڕێگە بە حکومەت دەدات کە لەمیانەی پرۆسەی فەراهەمکردندا بە شێوازی جیاواز دەستکراوە بێت لە چۆنێتیی جێبەجێکردندا. هەندێک لەم شێوازانە بەم جۆرەن: ئیمپۆدمێنت، ئەم میکانیزمە ڕێگە بە حکومەت دەدات کە تەرخانکراوێکی بوودجە ڕابگرێت، ئەوەش بە ئامانجی زەمینەسازی یان نەبوونی توانای جێبەجێکردن، بۆ کاتێکی جیاواز.

میکانیزمێکی تر ڤیرمێنتە، بە مانای ئەوەی کە حکومەت دەتوانێت جێگۆرکێ بە فەندەکان بکات لە نێوان بەشەکانی بوودجە لە کاتی جێبەجێکردندا. هەروەها هەندێک جار لە هەندێک حکومەتدا دەسەڵاتی جێبەجێکەر دەتوانێت هەندێک پارە تەرخان بکات بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان، بە تایبەت لە بواری بەتەنگەوەهاتن و کارەساتدا.

لە ڕووی کاتەوە دەبێت میکانیزمێکی گونجاو لە نێوان پەرلەمان و حکومەتدا هەبێت. بوودجە دەقێکی ئاڵۆزە و چەندین مانگی دەوێت هەتا دادەڕێژرێت. پەرلەمانەوە ناتوانێت بە خێرایی و لە ماوەی چەند هەفتەیەکی کورتدا ئەم دۆکیومێنتە شەنوکەو بکات. بە گشتی، ستاندارد وەهایە کە دەبێت پەرلەمان ماوەی سێ مانگی هەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی بوودجە.

پەرلەمان بۆ ئەوەی دەسەڵات و تواناکانی خۆی بە باشی فەراهەم بکات، دەبێت کۆمیتەیەکی باشی هەبێت. لێرەدا بە گونجاوی دەزانم کە پەرلەمان کۆمیتەیەکی تایبەت بە بوودجەی هەبێت. پێویستە ئەم کۆمیتەیە خەڵکانی پسپۆڕ لە بواری ژمێریاری، پلانڕێژی، ئابووریی سیاسی و حوکمڕانیدا لە خۆی بگرێت.

هەروەها ئەم لیژنەیە دەبێت توێژینەوەی خۆی لەسەر بوودجە لە ڕوانگەی جیاوازەوە ئامادە بکات.

بە کورتی، دەکرێت دەسەڵاتی پەرلەمان لە بواری بوودجەدا لەم خاڵانەدا کورت بکرێتەوە:

یەکەم، بەیاساییکردن و شەرعاندن. پەرلەمان لە ڕێگای ئەم دەسەڵاتەوە پرۆژەی بوودجە دەکاتە یاسا لەبری خەڵک و لە بەیاساییبوونیدا دەبێت حکومەت جێبەجێی بکات و خەڵک وەک مافێک داوای بکەن.

دووەم، نوێنەرایەتیکردن، پەرلەمان لەبری هەموو هێز و چین و توێژەکان لە پرۆسەی بوودجەدا بەشدار دەبێت. ئەم نوێنەرایەتییە تەنها لە قۆناغێکدا نییە، بەڵکو هەر لە قۆناغی پێش بوودجەوە دەست پێ دەکات هەتا قۆناغی جێبەجێکردن و پێداچوونەوە. پەرلەمان وەک لایەنێکی داکۆکیکەر لە بەرژەوەندیی گشتی لە پرۆسەکەدا بەشدارە.

سێیەم، توانابەخشی، پەرلەمان توانا دەبەخشێتە حکومەت، هەروەها توانا دەبەخشێتە ئەندامانی کۆمەڵگا لە پەیوەست بە بوودجەوە. ئەم تواناسازییە لە دونیای ئەمڕۆدا بەرفراوانترە لەمیانەی گەشەی بێئەندازەی میدیا، زانیاری و تەکنەلۆجیا. لە کاتێکدا کە بوودجە لە پەرلەمانە، دەبێت بۆ ڕای گشتی شی بکرێتەوە. تەلەفزیۆن وەک بڵاوترین تەکنەلۆجیای بواری گشتی ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە گەیاندنی پەیامی چۆنێتیی بوودجە و هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لێی. بۆ بیرمەندێکی دیاری وەک بۆدریۆ، تەلەفزیۆن هێندە کاریگەرە، جێگرەوەی پەرلەمانە یان هەمان ڕۆڵی پەرلەمان دەبینێت.

چوارەم، ڕەخساندنی دەرفەت و دیموکراتیزەکردنی: لە ڕێگای پەرلەمانەوە دەبێت گرووپ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەرفەتی ئەوەیان هەبێت کە دید و پەیامی خۆیان لە پەیوەست بە بوودجەوە بگەیەنن. پەرلەمان چ لە ئاستی لیژنە، چ لە ئاستی ئەندامانی پەرلەماندا دەبێت دەرفەت بڕەخسێنێت بۆ کۆمەڵگای مەدەنی و نوێنەرانی بەرژەوەندییە تایبەتەکان هەتا پەیامی خۆیان بگەیەنن.

پێنجەم، هەڵسەنگاندن، پەرلەمان دەتوانێت لە ڕووی ئەولەوییەت، پێویستی و کاریگەرییەوە هەڵسەنگاندن بۆ پرۆژەی بوودجە بکات.

شەشەم، دەبێت ئۆفیسی ژمێریاریی گشتی هەبێت و هەماهەنگ بێت لەگەڵ پەرلەماندا بۆ هەڵسەنگاندنی بوودجە لە ڕووی داتا و ژمارەوە.

## بوودجە و گەشە

ئەگەر گەشە وەها پێناسە بکەین کە بریتییە لە زەمینەسازی بۆ فەراهەمبوونی ئەو توانا پەنهانە کە لە بوونێک یان یەکەیەکدا هەیە، ئەوا بەم پێیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ، لێرەدا خەڵکی کوردستان، بتوانن سوودمەند بن لە هەموو ئەو سەرچاوە و سەرمایانەی کە هەیانە، دەبێت بە ئاڕاستەیەکدا ئیدارە بکرێت کە ببێتە هۆکاری ئەوەی کە زەمینە بسازێنێت بۆ پیادەکردنی توانا پەنهانبووەکانی خەڵکی کوردستان. بە زمانێکی تر، پلانی بوودجە بەو ئامانجەیە کە زەمینەساز بێت بۆ پێکەوەگرێدانی توانا و خواست. بۆ نموونە، بۆ ئەوەی کەسێک بتوانێت سوودمەند بێت لە تواناکانی، ئەوا دەبێت دەستی بگاتە ئامرازەکانی فەراهەمبوونی ئەو توانایانە، وەک خوێندن، جووڵە، سەرمایە، زانیاری، هەروەها لە دۆخێکی تەندروستدا بژی. هەموو ئەمانەش بە توانای تاکەکەسی دابین ناکرێن. کەواتە بوودجە ئەو داهاتە گشتییەیە کە بوارە گشتییەکان بونیاد دەنێت بۆ ئەوەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا بەو شێوەیەی کە توانایان هەیە، لێی سوودمەند ببن. بۆیە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان بوودجە و گەشەدا، هەروەها لە نێوان بوودجە و جۆری ژیان و ژیاردا هەیە.

گەرچی ئەستەمە بوودجە پرۆسەیەکی ناسیاسی بێت، هەروەها ئەستەمە بتوانێت هەموو بوارەکانی پێداویستی لە هەمان

کاتدا جێبەجێ بکات، بۆیە دەبێت ئەولەوییەتی بۆ ئەو بوارانە بێت کە پاش بونیادنانیان دەتوانن ببنە سەرچاوە بۆ دابینکردنی کار و گەشەی ئابووری و هەروەها گەشەی مرۆیی. بە گشتی، فەلسەفەی بوودجە لە بواری گەشەدا دەبێت بریتی بێت لە چۆنێتیی ئەنجامدانی زۆر بە کەم، هەروەها چۆنێتیی داڕشتنی پلان بۆ ئەوەی ساڵ لە دوای ساڵ کەرتە جیاوازەکانی خزمەتگوزاری پێویستیی کەمتریان هەبێت بە هاوکاری، بۆ ئەوەی زەمینە بسازێت هەتا کەرت و بوارەکانی تر بگەشێنەوە.

کاتێک بڕی زۆری بوودجە بۆ بواری خەرجییە جارییەکان یان ڕیکەرنتە، وەک مەسرەف و مووچە، ئەوا لە ئەنجامدا گەشە ڕوو نادات. ئەوەی دێتە ئاراوە، دۆخێکە کە لە ئابووریی باشدا بژی و مەمرەیە، لە دۆخی ئابووریی خراپدا زۆر لاواز دەبێت و هیچ میکانیزمێکی بەرگری نابێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی ئابووری.

## بوودجە و جێندەر

لە هەشتاکانەوە لەگەڵ گەشەی بزووتنەوەی مافی ئافرەتان و جێندەردا، دیدی جێندەر بواری بوودجەشی گرتووەتەوە. بە جۆرێک، ئەمڕۆ بەشێکە لە پرۆسەی بوودجەگەرایی زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو. ئەم پرۆسەیە لە ڕووی تیۆرییەوە بەو مانایە دێت کە بوودجە بە شێوازی جیاواز کاریگەری دەخاتە سەر پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان. بە جیاواز وەرگرتنی ئافرەت و خواستەکانی، ئەوا دەبێت دیدی جێندەر لە هەموو بوارەکانی بوودجەدا جێگای بکرێتەوە.

## جێکردنەوەی دیدی جێندەر یانی چی؟

بە کورتی، یانی ئایا چۆن پرۆژەی داڕێژراوی بوودجە کاریگەریی دەبێت لەسەر ئەو بوارانەی کە تایبەتن بە ژیان و ژیاری ئافرەتەوە، هەروەها چۆن کار دەکەنە سەر داهات و هاوکارییەکانی ئافرەتان. بۆ نموونە، ئایا بوودجە چۆن کاریگەری دەخاتە سەر ئاستی یەکسانی، کار، دەرفەت، سوودبینین لە سامانی وڵات. ئایا بوودجە تایبەتمەندیی ئافرەتان لە بواری کار، خێران، تەندروستی، خواست و ئارەزوودا لە خۆی دەگرێت. ئەمە لە ڕووی کردارییەوە بە مانای ئەوە دێت کە دەبێت لیژنەی دارایی یان داڕێژەرانی بوودجە ئافرەتیان تێدا بێت و بەئاگا بن لە دیدی جێندەر لە بوودجەدا، بە جۆرێک، بوودجە وەک بەڕێوەبردنی سامانی هەموان بتوانێت هاوسەنگییەک دروست بکات لە بواری سوودمەندبوون، پشتیوانی، ڕەخساندنی دەرفەرت، باج و زۆر بواری تر.

داڕشتنی بوودجە لە چاوی ئافرەتەوە تەنها لەپێناو جێندەردا نییە، بەڵکو سوودی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ئاسایشیشی هەیە. دەکرێت بە کورتی پرۆسەی جێندەر لە بوودجەدا لەم خاڵانەدا کورت بکرێتەوە:

یەکەم ددانانان بە جیاوازی و چۆنێتیی یەکسانیکردن لە نێوان جیاوازدا.

دووەم، دابینکردنی یەکسانی لە سوودمەندبوون لە سامانی وڵات بۆ هەموان بەبێ جیاوازی.

سێیەم، ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ و دادپەروەری لە بواری بوودجە و داهاتدا.

چوارەم، هەوڵدان بۆ بووژاندنەوەی بوارێکی بەرفراوان لە پێکهاتەی کۆمەڵگا کە بە هۆی کەلتوور و داب و نەرێت و ئاینەوە

پەراوێز خراون و لاواز کراون.

پێنجەم، لەبەرچاوگرتنی بواری جێندەر لە پرۆسەی بوودجەدا هەنگاوێکی باشە لە ڕووی دیپلۆماسی و خیتاب و پەیوەندییە گشتییەکانەوە لە دونیادا، وەک هەنگاوێک بۆ خۆجوداکردنەوە لە دونیای دەوروبەر.

## بوودجە و ڤۆلەتیلیتی، هەڵبەزودابەز

ڤۆلەتیلیتی بە مانای هەڵبەزودابەزی خێرا لە بازاڕدا، کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر نرخ دەبێت. ئەمە بە تایبەتی کاتێک نرخی کاڵایەکی سەرەکی بەپێی بازاڕ هەڵبەزودابەز دەکات. بە هۆی نەوتەوە پرسی ڤۆلەتیلیتی بۆ کوردستان و هەروەها عێراقیش زۆر کاریگەرە، چونکە بەشی شێری بوودجە لەسەر نرخی نەوتی دیاریکراو دادەنرێت، نەوتیش کاڵایەکی جیهانییە و بە دراوی جیهانی یان دۆلار مامەڵەی پێوە دەکرێت. کاتێک لەپڕ نرخی نەوت دادەبەزێت، ئەوا داهات کەم دەکات و لە ئەنجامدا سەرتاپا پلانی بوودجە تووشی قەیران دەبێت. بۆیە چەند بنەمایەک پێویستن:

یەکەم، دەبێت زانیاریی تایبەت و ورد دەربارەی نرخی نەوت، هەروەها لە داهاتوودا نرخی گاز کۆ بکرێتەوە. ئەم داتایانە بکرێنە بنەما بۆ چۆنێتیی بڕیاردان لەسەر دیاریکردنی نرخی نەوت. لێرەدا سوودوەرگرتن لە وڵاتانی تری نەوتی پێویستە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی جیاواز و تایبەتی کوردستان. دەشێت ئەم داتایانە لە ڕووی جیۆپۆلەتیکەوە، لە ڕووی ئابووری و تەکنەلۆجییەوە بن. نرخ کۆمەڵێک خەسڵەتی هەیە، نرخ لە ماوەی کورتخایەندا، لە ماوەی درێژخایەندا. لە هەمان کاتدا چۆنێتیی دۆزینەوەی موعەدەلێکی سەقامگیر کە

بتوانرێت بە کەمترین ڕیسکەوە پشتی پێ ببەسترێت.

دووەم، چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵبەزودابەزدا، ئایا کاتێک نرخ دادەبەزێت، دەبێت وەک دۆخێکی کاتیی تێپەڕ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، یان وەک دۆخێکی درێژخایەن، یان وەرچەرخان لە دۆخی وزەدا. هەریەک لەم دۆخانە جۆری تایبەتی مامەڵە و وەڵامی خۆی دەبێت. ئایا بڕی کورتهێنانی بوودجە لە ئەنجامی دابەزینی نرخ بە قەرز پڕ دەکرێتەوە یان بە تەقەشوف یان بە داواکاریی هاوکاری، یان بە کەمکردنەوەی خزمەتگوزاری یان هەموویان.

سێیەم، ڤۆلەتیلیتی هەروەها بە مانای بەرزبوونەوەی لەناکاویش دێت، ئەگەر نرخی نەوت بەرزتر بوو لەوەی کە پلانی بۆ دانرابوو، دەبێت چی لەگەڵ داهاتە زیادەکەدا بکرێت. دیارە هەرگیز پارەی زۆر بە قەیران دانانرێت. بەڵام ئەگەری هەیە ببێتە قەیران کاتێک جۆرێک لە پلان دادەڕێژرێت یان جۆرێک خەرجکردن ئەنجام دەدرێت کە ڕەنگە لەگەڵ سەقامگیربوونی نرخدا نەتوانرێت ئەنجام بدرێ. بۆیە وەها باشترە هەمیشە نرخ لە پلاتوودا، دابنرێت. پلاتوو بە مانای ئەوە دێت کە نرخ لە ماوەیەکی درێژخایەندا بە سەقامگیری ماوەتەوە.

چوارەم، هاوسەنگکردن. ئەگەر تەماشای مێژووی بازاڕ بکەین، ئەوا هەڵبەزودابەز سروشتێکی هەمیشەیی بووە. ئەمە یەکێکە لە تیۆرە سەرەکییەکانی وەسفکردنی مێژووی سەرمایەداری. لێرەدا دەتوانرێت هاوسەنگرکردن وەها بەکار بهێنرێت کە داهاتی زیادە وەها بخرێتە گەڕ ببێتە مایەی داهات بۆ کاتی دابەزینی نرخ. بۆ نموونە، داهاتی زیادە لە پرۆسەی وەبەرهێنان، یان دانانی لە دەرەوە، یان سوودلێوەرگرتنی

وەک سۆڤرن فەند.

بە گشتی، هەبوونی هاسەنگییەک لە دانانی نرخی کاڵای سەرەکی لە بوودجەدا پێویستە هەتا وەک میکانیزمێک بەکار بهێنرێت بۆ خۆبەدوورگرتن لە کاریگەریی زۆری قەیران و هەروەها بۆ خۆبەدوورگرتن لە زۆرمەسرەفی کە لە کاتی دابەزینی نرخدا دەبێتە مایەی قەیران. بە پوختی، نە ڕابچڵەکێ بە دابەزینی نرخ، نە دڵخۆش بە بەرزبوونەوەی نرخ، لە نێوانیاندا بە ئاگایانە و عەقڵانییانە مامەڵە بکە.

## شێوازە باشەکانی پیادەکردنی بوودجە

لەم بەشەدا پوختەیەک لەو پێشنیازانە باس دەکەین کە لە لایەن ناوەندە جیهانییەکانەوە پێشنیاز کراون بۆ چۆنێتیی فەراهەمکردنی بوودجە بە شێوەیەکی باش. ئەم شێوازانە بە گشتی لە دەزگایەکی جیهانییەوە وەرگیراون کە «ئۆ ئی سی دی»یە. ئەم ڕێکخراوە زیاتر یانەی وڵاتانی دەوڵەمەندە لە جیهاندا. بۆیە پێشنیازەکانیان زیاتر بۆ ئەو وڵاتانە گونجاون کە سیستەم تێیاندا سەقامگیر بووە. بەڵام سەرباری ئەمە، وەک ڕێگایەک و وەک نموونەیەکی باڵا و هەروەها وەک بەرچاوڕوونییەک زۆر بەسوودن.

بوودجە گرنگترین دۆکیومێنتی پۆلەسییە. بۆیە خاڵی یەکەم ئەوەیە کە دەبێت بوودجە باش داڕێژرابێت و تۆکمە بێت. هەروەها دەبێت گشتگیر بێت، بە جۆرێک، کە هەموو داهات و خەرجییەکان لە خۆی بگرێت، بە شێوازێک کە بتوانرێت لە نێوان پۆلەسییە جیاوازەکاندا بە ئاسانی بژاردە بکرێت.

دووەم، پرسی کاتە. بوودجە دەبێت لە کاتێکی گونجاودا بخرێتە بەردەم پەرلەمان، بە جۆرێک، کە کاتی تەواو و پێویست بدات

به ئەندامانی پەرلەمان هەتا ڕانانی خۆیان بۆ دۆکیومێنتەکە بکەن. بە هیچ شێوەیەک نابێت لە سێ مانگ کەمتر بێت.

هەروەها بوودجە دەبێت پێش دەستپێکردنی ساڵی دارایی لە لایەن پەرلەمانەوە بڕیاڕی لەسەر درابێت. ساڵی دارایی بە گشتی لە مانگی دە یان تشرینی یەکەمدایە، هەتا بوار بدات بە کەرتەکانی ئابووری و ناوەند و دەزگاکان خۆیان بۆ ساڵی نوێ ئامادە بکەن.

سێیەم، دەربارەی وردەکارییە، دۆکیومێنتی بوودجە دەبێت وردەکاریی هەموو داهات و خەرجییەکانی لە خۆی گرتبێت، بە جۆرێک، هیچ گومان و ناڕوونی و هەوڵدانی زیاتری نەوێت بۆ ئەوەی لێی تێ بگەیت.

چوارەم دەربارەی جێبەجێکردنە. بوودجە تەنها دۆکیومێنتێکی دارایی نییە، بەڵکو دەبێت زانیاریی پێویست لە خۆی بگرێت کە ئایا ئەو پرۆژانە چۆن جێبەجێ دەکرێن. دیارە هەر زانیارییەکی لەو شێوەیە وەک جۆرە پەیمانێکە کە پاشان دەبێتە بنەمای لێپرسینەوە و ئەکاونتەبیلێتی بۆ ئەندامانی پەرلەمان.

پێنجەم، پلانڕێژی بۆ داهاتوو. بوودجە نابێت تەنها خۆی بە ماوەی ساڵی داراییەوە قەتیس بکات. دەبێت زانیاری و ئاماژەی تێدا بێت دەربارەی مەودای مامناوەند، بۆ نموونە، دوو ساڵ پاش بوودجەکە. هەروەها بوودجەی بەردەست دەبێت هەماهەنگیی لەگەڵ ئەو پلان و پێشنیازانەدا هەبێت کە لە بوودجەی پێشتردا کراون. بە مانایەکی تر، بوودجەی هەموو ساڵێک پەیوەستە بە ساڵانی پێش خۆی و ساڵانی پاش خۆی، بە جۆرێک، هیچ بوودجەیەک دابڕاو و بێپەیوەندی نییە. ئەمەش بە مانای ئەوە

دێت کە حکومەت دەبێت ڕەوتێکی هەبێت بۆ گەشەپێدان و پلاندانان.

شەشەم، دەبێت زانیاریی بەراوردکارانە بۆ بوودجەی ساڵی پێشتر و هەروەها پێشنیازی نوێ بۆ ساڵی بوودجە ئامادە کرابێت. هەروەها دەبێت ئەم دیدە بەراوردکارییە بۆ لایەنە نادارایيیەکانی بوودجەش دەستەبەر بکرێت. هەموو ئەمانە لەپێناو دروستکردنی وێنا و دابینکردنی زانیاریی پێویست لەپێناو هەبوونی دیدێکی ڕوون بۆ بوودجە. هەروەها دەرخەری ئەوەن کە بوودجەی هەر ساڵێک دابڕاو نییە لە ساڵەکانی تر و کاریگەریی دەبێت لەسەر پلانی داڕێژراو و هەروەها دەرفەت بۆ پلانی نوێ لە داهاتوودا دەڕەخسێنێت.

شەشەم، ئەگەر داهات و خەرجیی چەسپیو هەبوون، کە لە ڕێگای یاساییەکی هەمیشەییەوە بڕیاریان لەسەر درابوو، بەڵام سەرباری یاساییبوونی، دەبێت هەموو ساڵێک لە دۆکیومێنتی بوودجەدا ئاماژەیان بۆ بکرێت.

حەوتەم، دەبێت خەرجی بە بڕی تەواو ئاماژەی بۆ بکرێت، گرۆس بە زمانی ئینگلیزی بە مانای پێش ئەوەی هیچ بڕێکی لێ دەرکرابێت.

هەشتەم، دەبێت خەرجی بەسەر یەکە ئیدارییەکاندا دابەش کرابێت. هەروەها لە هەمان کاتدا دەبێت زانیاریی پەیوەست بەردەست بێت کە خەرجی بە پێوەری ئابووری و کرداری پۆلێن دەکات. ئۆ ئی سی دی پێی باشە کە ڕاپۆرتی مانگانە و ڕاپۆرتی نیوەی ساڵ لەگەڵ ڕاپۆرتی کۆتایی ساڵدا هەبن لە پەیوەست بە بوودجەوە.

## ڕاپۆرتی مانگانە

هەبوونی ڕاپۆرتی مانگانە سوودی هەیە لە پیشاندانی چۆنێتیی پیادەکردنی بوودجە. پێویستە ئەم ڕاپۆرتە هەموو کۆتایی چوار هەفتەیەک بڵاو بکرێتەوە. هەروەها دەبێت خەرجییەکانی ئەو مانگە و مانگەکانی تری ئەو ساڵە لە خۆ بگرێت لەگەڵ داهاتدا. هەروەها دەبێت جیاوازی لە نێوان بڕی پێشبینیکراو و بڕی فیعلیی داهات و خەرجیدا بەیان بکرێت. هەروەها دەبێت هەر دەستکاری یان گۆڕانکارییەک لە پلانی سەرەکیی بوودجەدا بە جودا ئاماژەی بۆ بکرێت. دەبێت لە ڕاپۆرتی مانگانەدا داتاکان هەمیشە بە کۆمێنتی پوخت ڕوون کرابنەوە. ئەگەر هەر گۆڕانکارییەک لە نێوان داتای پێشبینیکراو و فیعلیدا هەبێت، دەبێت ڕوون بکرێتەوە.

## ڕاپۆرتی نیوەی ساڵ

ڕاپۆرتی نیوەی ساڵ ڕاپۆرتێکی چڕە دەربارەی زانیاریی نوێ و بەرەوپێشچوونەکانی بوودجە. ئەم ڕاپۆرتە دەبێت شەش هەفتە پێش کۆتایی شەش مانگی ساڵ پێشکەش بکرێت. دیدی ئابووریی بوودجە دەبێت ڕانانی بۆ بکرێت، هەروەها دەبێت هەر کاریگەرییەکی لەسەر بوودجە ئاشکرا بکرێت. هەروەها دەبێت ڕاپۆرتێکی چڕ دەربارەی ئەسسێت یان سەرمایەکانی حکومەت و ئەو بوارانەی کە بارن یان بوون بە بار بەسەر حکومەتەوە، لە ڕاپۆرتەکەدا بێت، لەگەڵ سەرمایە نادارابییەکان. هەروەها دەبێت لە ڕاپۆرتی نیوە ساڵدا ئەو بڕیارانەی حکومەت کە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی بوودجە هەیە، پیشان بدرێن و شی بکرێنەوە.

## ڕاپۆرتی کۆتایی ساڵ

ڕاپۆرتی کۆتایی ساڵ، بەڵگەی سەرەکییە بۆ لێپرسینەوە و چاودێریی حکومەت، ئەوەی پێی دەوترێت گرتنەئەستۆی بەرپرسیاریێتی یان ئەکاونتەبڵیتی. ئەم ڕاپۆرتە دەبێت لە لایەن ناوەندێکی تایبەت بە ژمێریارییەوە ئۆدیت (تەدقیق) بکرێت. لە کوردستان هەبوونی ناوەندێکی سەربەخۆی وەها پێویستە. ئەم ڕاپۆرتە بە ئامانجی ئەوەیە کە چۆن سوودی لێ وەربگیرێت بۆ باشترکردنی بوودجەکانی داهاتوو. دەبێت ئەم ڕاپۆرتە لە شەش مانگ پاش تێپەڕبوون بەسەر کۆتایی ساڵی داراییدا بڵاو بکرێتەوە.

لەم ڕاپۆرتەدا هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ ڕاپۆرتی بوودجەی بنەڕەتی کە پەرلەمان بڕیاری لەسەر داوە. هەر دەستکارییەک لە یاسای بوودجەدا دەبێت لە ڕاپۆرتەکەدا بە جودا ئاماژەی بۆ بکرێت و ڕوون بکرێتەوە.

ڕاپۆرتی کۆتایی ساڵ دەبێت سەرباری داتا داراییەکان، بە هەمان شێوە چالاکییە نادارایییەکانیش لە خۆی بگرێت. بە تایبەت بەراورد لە نێوان ئەم پلانەی کە یاسای بوودجەدا دانرابوو لەگەڵ ئەوەی جێبەجێ کراوە. ئەمە بە ئامانجی زانینی چۆنێتیی ئەنجامدانی پرۆژەکانە لە ڕووی کات و کوالێتییەوە. دەبێت خەرجی بە بڕی کۆ یان گرۆس پیشان بدرێت، بە مانای ئەو بڕەی کە هیچ دەستکاری نەکراوە یان هیچی لێ دەرنەکراوە. لەگەڵ ئەمەدا، دەبێت خەرجی بەپێی یەکە ئیدارییەکان دابەش کرابێت، وەک وەزارەت، ناوەند، دەزگا و ئاژانس. هەروەها وەک پاشکۆیەک دەبێت، ئینفۆرمەیشنی خەرجی ئابوورییانە و کردارییانە پیشان بدرێت. ڕاپۆرتی کۆتایی ساڵ دەبێت سەروەت و سامانی حکومەت و بارەکانی بە شێوەیەکی ورد و چڕ لە خۆی بگرێت. مەبەستمان لە بار، ئەو بوارانەیە کە

بوون بە بار بەسەر حکومەتەوە، یان لە ڕووی سوود و ئابووری و کردارەوە بێکەڵکن.

## بوودجە و کورتهێنان

وڵات بە هۆکاری جیاواز ناتوانێت هەمیشە هەموو خەرجییەکانی دابین بکات. دیارە هۆکاری ئەمە زۆرە، وەک، شەڕ، دابەزینی نرخی کاڵای هەناردە، گرانبوونی کاڵای هاوردە، خانەنشینی، خزمەتگوزارییەکان. لە کاتی دابینکردنی بوودجەدا دەبێت بڕی کورتهێنان دیاری بکرێت. پاشان دەتوانرێت هۆکارەکانی ئەم بڕە دیاری بکرێن. هەنگاوی پاشتر بریتی دەبێت لە ئەوەی کە چۆن ئەم کورتهێنانە چارەسەر دەکرێت.

بە گشتی چەند ڕێگایەک هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کورتهێناندا:

ڕێگای یەکەم، کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییەکان. حکومەت بۆ ئەوەی خەرجییەکانی کەم بکاتەوە، خزمەتگوزارییەکانی کەم دەکاتەوە یان تەقەشوف دەکات. بەڵام دەبێت هاوسەنگی هەبێت لەوەی کە ئایا بڕی کەمکردنەوەی خەرجی چەندە، بە تایبەتی کاتێک کە حکومەت یاریکەری سەرەکییە لە بازاڕدا. بەم دۆخە دەوترێت کورتهێنان، چونکە ئەگەر بڕی کەمکردنەوە بە ئاستێکی زۆر بوو، ئەوا لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی دیفلەیشن، یان پووکانەوە، کە لە ئەنجامدا حکومەت بۆ ئەوەی پارەی دەست بکەوێت، پارە لە دەست دەدات، چونکە هەموو چالاکیی ئابووری دەوەستێت، ئەمە بە تایبەتی ئەگەر ئابووریی وڵات بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە باج بەستبوو لەبری کرێ.

ڕێگای دووەم، بزواندنی بازاڕ و هەوڵدان بۆ زیادکردنی

داهات و گەشە. دەکرێت کەمکردنەوەی خزمەتگوزاریی حکومەت کاتێک ئاسان بێت کە خەڵکی بتوانن ئەو خزمەتگوزارییانە بە پارە دەستەبەر بکەن. بەم جۆرە، ئەگەر پارە لە دەستی خەڵکیدا بوو، ئەوا حکومەت ئاسانتر دەتوانێت چالاکی و خزمەتگوزارییەکانی کەم بکاتەوە و بیداتە کەرتی تایبەت. ئەمە لە کاتێکدا دەبێت کە هاوشان بە ئەم هەنگاوە، پلانی بووژاندنەوەی بازاڕ لە ئارادا بێت.

ڕێگای سێیەم، پڕکردنەوەی بڕی کەمیی بوودجە بە قەرز. قەرز یەکێکە لە دیاردە هەرە بڵاوەکانی دونیای ئەمڕۆ. حکومەت بە شێوازی جیاواز قەرز لە سەرچاوەی جیاواز دەکات. قەرز پەیوەندیی بە کۆمەڵێک خەسڵەتی حکومەتەوە هەیە. ئەگەر حکومەتێک سەقامگیر بێت، دیموکرات بێت، پلانی ئابووریی ڕوونی هەبێت، ئەوا بە ئاسانی قەرز دەکات و بە سووی کەمتر. بەڵام ئەگەر دۆخی ئاسایش و سیاسی و ئابووریی وڵات لە قەیراندا بوو، ئەوا قەرزکردن ئاسان نابێت و لە کاتی ئەنجامدانیدا بە زۆری بە سووی زۆر و مەرجی قورسەوە دەبێت. دیارە قەرزکردن هەروەها پەیوەستە بە دۆخی ئابووریی وڵاتانی ترەوە، بە تایبەت وڵاتانی پێشکەوتوو، هەتا دۆخی ئابووریی وڵاتی پێشکەوتوو لە بووژاندنەوەدا بێت، ئەوا قەرز بۆ وڵاتانی تر ئاسان نابێت. بەڵام ئەگەر دۆخی ئابووریی وڵاتانی پێشکەوتوو لە قەیراندا بوو، ئەوا پارەدارانی دونیا بەدوای لایەن و شوێنی تردا دەگەڕێن تا بە پارەکەیان پارە پەیدا بکەن و قەرزیان پێ بدەن.

ڕێگای چوارەم، بە هاوکاریی ناوخۆیی و دەرەکی. ئەگەر بوودجە کەمیی هەبوو، ئەوا لە هەندێک بواردا دەتوانرێت بە داواکردنی هاوکاری پڕ بکرێتەوە: لە ناوەی وڵات یان لە دەرەوە. ئەمە بە تایبەتی لە دۆخی قەیران و شەڕ و کارەساتی مرۆییدا.

له دونیادا کۆمەڵێک ڕێکخراو و دەزگا هەن کە ئامادەن هاوکاریی وڵاتان و حکومەتەکان بکەن بۆ ئەوەی لە ساتەوەختی قەیراندا بەسەر کێشە و تەنگوچەڵەمەکانیاندا زاڵ ببن.

بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە هاوکاری هەرگیز بە تەنها بە مەبەستی مرۆیی نییە، هەمیشە چەندین ئامانجی دیار و نادیاری هەیە، وەک کاریگەری، دیپلۆماسییەت، ئابووری (بە تایبەتی ناسینی کاڵا و فێرکردنی خەڵک بۆ بەکاربردنی ئەو کاڵا و شمەکانە)، هەروەها ناساندن و دروستکردنی وێنایەکی جوان لە لای ئەو خەڵکە.

ڕێگای پێنجەم: بە زیادکردنی باج و سەرانە. لە کاتی کەمیی بوودجەدا زۆر جار سەرباری زیادکردنی بڕی باج، حکومەت سەرانەی زیاتر وەردەگرێت. دیارە ئەمە شێوەی زۆرە، بەڵام لێرەدا تەنها مەبەستمان لە ساتەوەختی کورتهێنانی بوودجەدا levy سەرانەش زیاد دەکات.

## بوودجە و ژینگە

دونیای ئەمڕۆ، دونیای پاش سروشتە. دونیایەکە کە مرۆڤ لە ڕێگای چالاکی و تواناکانیەوە بەسەر سروشتدا زاڵ بووە. ئەمە ڕۆژانێک وەک خەونێک دەبینرا، ئێستا وەک مۆتەکەیەکە. بوودجەی هەموو حکومەتێک دەبێت ئەوەی لە یاد بێت کە چۆن وەها مامەڵە بە سامان و سەرچاوەی سروشتییەوە بکات کە نەبێتە هۆی لەناوچوونی، پیسبوونی و کەمبوونی. ئەمە بە تایبەت کە کوردستان لە هەندێ ڕووەوە توانای سنووردارە و هەتا دێت کز دەبێت، بە تایبەت ئاو، کە لە داهاتوودا دەبێتە ئامرازێکی جیۆپۆلەتیکی کاریگەر لە ناوچەکەدا. بوودجە دەبێت ئاو، خاک،

سامانی سروشتی، هەوا، سەوزایی، پارک، هەروەها کەلەپوور و سەرمایەی کەلتووری و ڕەمزی و ڕۆشنبیری لەبەرچاو بگرێت. چونکە ئەمانە هەموو بنەمای ژیانێکی باش و سەردەمییانە و مرۆڤانەن. دەبێت بوودجە مافی ئاژەڵ، مافی سروشت، مافی زیندەوەرەکانیش لە خۆی بگرێت، بە جۆرێک، جۆرە ژیانێک برەو پێ نەدات کە ببێتە هۆی زیان بۆ بوونەوەرە نامرۆییەکان. چونکە مرۆڤ تەنها لەگەڵ ئاژەڵەکانی تردا دەتوانێت ژیانێکی مرۆڤانە بژی.

## ئۆپۆزسیۆن و بوودجە

چەمکی ئۆپۆزسیۆن جیاوازە لە ئۆپۆزسیۆنبوون. ئۆپۆزسیۆن ئەو پارتە سیاسییەیە کە بەشێکە لە پرۆسەی سیاسی، بەڵام بەشێک نییە لە حوکمڕانی. بەشێک نییە، چونکە لەمیانەی پرۆسەی دیموکراسیدا ڕەزامەندیی خەڵکی بە دەست نەهێناوە بۆ لایەنەکەی. لە هەمان کاتدا ئۆپۆزسیۆن ئەو هێزەیە کە دەخوازێت بە شێوازێکی جیاواز، بە شێوەیەکی گشتی، یان بە شێوەیەکی سنووردار حوکم بکات.

بەڵام ئۆپۆزسیۆنبوون بریتییە لە هەبوونی دیدی جیاواز لەسەر پرسێک لە بەرامبەر دیدی باڵادا. دەکرێت ئەم جیاوازییە سەرچاوەی زۆری هەبێت. بۆیە زۆر جار ڕوو دەدات کە لە ناو هاوپەیمانییەکدا ئۆپۆزسیۆن بوونی هەیە. هەروەها دەکرێت لە ناو هەمان پارتی سیاسیدا ئۆپۆزسیۆن هەبێت، بە تایبەتی ئەگەر ئەندامی پەرلەمان لە بازنەی هەڵبژاردنی بچووکەوە بێت. هەموو ئەمانە لەسەر کۆمەڵێک بنەما وەستاون، جۆری سیستەمی حوکمڕانی، سیستەمی سیاسی، هەروەها بە ئاستێکی کەمتر

سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

کە دێتە سەر پرسێکی وەک بوودجە، دەشێت ئۆپۆزسیۆنبوون بە چەندین شێواز بێت. پارتی سیاسیی ئۆپۆزسیۆن دەتوانن بەشێک بن لە لیژنەی دارایی یان بوودجە، لە ڕێگای ئەم لیژنەیەوە، لەمیانەی میکانیزمی لیژنەوە، ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆیان فەراهەم بکەن. ئۆپۆزسیۆنبوون لێرەدا بە مانای ناڕازیبوون بە بڕگەیەک یان بەشێک یان سەرتاپای پرۆژەکە، بە مەرجی بوونی ئەڵتەرناتیڤ یان ڕەخنەی ڕوون لە بڕگە، بەش یان پرۆژەکە. ئۆپۆزسیۆنبوون مەرج نییە تەنها لە ئەندامی پارتی سیاسیی ئۆپۆزسیۆنەوە بێت، دەشێت لە ئەندامی هاوپەیمانی دەسەڵات، ئەگەر هاوپەیمانییەک دەسەڵاتی بە ڕێوە برد، یان لە هەناوی هەمان پارتی سیاسییەوە بێت. بۆ نموونە، دەشێت ئەندامێکی پارتی ناو دەسەڵات، لە ڕووی جێندەرەوە، ئەگەر ئافرەت بێت، ڕەخنەی هەبێت، یان لە ڕووی پشتگوێخستنی چینێکی کۆمەڵگا، یان ژینگە. ئەوەی جیاوازە لە ئۆپۆزسیۆنبوونی ناوەکی و ئۆپۆزسیۆنبوونی دەرەکی، پارتەکانی دەرەوەی حکومەت، لە جۆری ڕەخنە و ئامرازی فشار و خیتابە. زۆر جار ڕوو دەدات کە ئۆپۆزسیۆن بوودجەی بەدیل، یان بەشێک لە بوودجە ئامادە دەکات و وەک بنەمایەک بۆ فشار و دانوستان بەکاری دەهێنێت.

دەکرێت لێرەدا باس لە ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی پەرلەمانیش بکەین وەک کۆمەڵگای مەدەنی، ڕۆژنامەنووس و شارەزایان و توێژەرانی بواری بوودجە و ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەمانە بە ڕاستەوخۆ لە ڕێگای کەناڵی میدیا یان لۆبیکردنەوە یان بە هەماهەنگی لەگەڵ پارتە ئۆپۆزسیۆنەکاندا پەیام و ڕەخنەی خۆیان دەگەیەنن.

## بەکەلتووریکردنی بوودجە

بوودجە تەنها کاری حکومەت نییە، بەڵام بەشێکە لە ژیانی هەموو کەسێک، هەموو خێزانێک، هەموو کۆمپانیا و گرووپێک. ئێدمۆند بێرک، بیرمەند و پەرلەمانتاری ئایرلەندی، دەڵێت: ئەگەر ئێمە کۆنترۆڵی سەرمایەکان بکەین، ئەوا دەوڵەمەند و ئازاد دەبین، بەڵام ئەگەر سەرمایە کۆنترۆڵمان بکات، ئەوا لە ئەنجامدا هەژار دەبین. دیارە مامەڵەکردن لەگەڵ پارەدا لە کۆمەڵگای کوردیدا مامەڵەیەکی تایبەتە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە، بەڵام لە نەبوونی سیستەمی بانکیی پێشکەوتوو و بەرفراواندا، خەڵکی ناتوانن ئەو داهاتەی کە هەیانە، بە سوودی گشتی بیشکێننەوە. بۆیە بڕی پارە لە بازاڕدا هەمیشە لەسەر بڕی بازاڕکردن وەستاوە. ئەمەش یەکێکە لە قەیرانەکانی سیولە لە بازاڕی کوردستاندا. ئەمە بە تایبەت لە کاتێکدا کە زۆربەی بوودجە بۆ خەرجییە دووبارە و جارییەکانە، کە بە زۆری ناگەڕێنەوە ناو خەزێنەی گشتی. چونکە پارەی مووچە دەدرێت بە پێداویستی و زۆربەی پێداویستییەکانیش لە دەرەوە دێن. لە نەبوونی باجدا، ئەم خەرجییانەی خەڵک هەموو لە دەرەوەی سیستەمی دارایی وڵات دەمێنێتەوە.

## بنەماکانی فەراهەبوونی بوودجەیەکی سەرکەوتوو چین؟

یەکەم، دەبێت هەماهەنگی لە نێوان ناوەندەکانی داڕشتنی بوودجە، حکومەت و پەرلەمان و کۆمەڵگای مەدەنیدا هەبێت.

دووەم، دەبێت داتا و زانیاریی پێویست لە بەردەستدا بن لە بواری تایبەت و ورددا. بۆ نموونە، زانینی ڕێژەی دانیشتوان و جۆریان، شوێنی دانیشتنیان، ئاست و جۆری خوێندنیان، باری کۆمەڵایەتییان. ڕێژەی دەستی کار و بێکاری، هەبوونی داتای ورد

دەربارەی سەرچاوەکانی داهات و جۆریان و دۆخیان. لە هەمان کاتدا پێویستە بزانرێت ئایا ئەو ئەگەرانە چین کە وەها دەکەن لە ئێستا و داهاتووشدا داهات کەم بکات.

سێیەم، دەبێت ناوەندی زانستیی پێویست هەبێت بۆ دارشتنی پۆلەسیی تایبەت بە بواری خەرجی و پێداویستیی کۆمەڵایەتی لە ئاستی کورتمەودا، مامناوەند و دوورمەودادا.

چوارەم، دەبێت ناوەندی ژمێریاری، ئۆدیتینگ، سەربەخۆ هەبێت.

پێنجەم، دەبێت تێگەیشتن هەبێت بۆ بوودجە، وەک پرۆسەیەک کە بە شێوازی جیاواز کاریگەریی لەسەر سەرجەم پێکهاتە و ڕەهەندەکانی کۆمەڵگا هەیە، بۆیە گەیشتن بە ئامانجی هەموان ئاسان نابێت.

شەشەم، ڕێگەدان بە میدیا و ناوەندی چاودێری بۆ ئەوەی بوودجە بە زمانی گشتی بگەیەنێتە خەڵکی، ئەوەش بە ئامانجی تێگەیشتن، هەماهەنگی و هەروەها فشارکردن لە کاتی پێویستدا.

حەوتەم، لە ئەگەری بوونی دەستووریکدا دەبێت بوودجە و بوودجەگەرایی بە یاسایەکی پڕ و چڕ دابڕێژرێت.

# سەرچاوەکان


.Harari Youval (2018) Money, Vintage Minis

Fenno, Richard (1966) the power of Purse: appropriation politics in congress, Little Brown company

Kavanagh, Johnson and Fabian (2011) Anatomy of Priority Budget process

Lwinert, Ian, Fainboim, Israel (2010) Reforming Budget System Law, IMF Technical Notes and Manuals

Meyers Roy (1996-1997) Is there a key to normative budgeting lock? Policy Sciences, Vol. 29, no. 3

Simmel, George (1978) Philosophy of Money, Routledge

Rubin Irene (1988) New Direction in Bidegting Theory, SUNY

Rubin Irene (1990) Budgeting Theroy and Budegting practice : How good the Fit? Public Adminsitartion Review, Vol. 50 No. 2. March- April

Wildavsky, Aron (1986) Budgeting: a comparative Theroy of budegetary Process, New Brunswick New Jersy

Wehner, Joachim (2010) Legislatutes and the .Bidget process: The myth of Fisical Control, Palgrave

# دیپلۆماسیی پەرلەمانی

## پێشەکی

ئەمڕۆ دونیا لە هەموو ساتێکی تر لەبارترە بۆ دیپلۆماسیی پەرلەمانی. چیدی پەرلەمان تەنها جێگای کێشە ناوخۆییەکان نییە، چونکە لە سەردەمی جیهانگەریدا، هەموو وڵاتێک، هەرێمێک، گەورە بێت یان بچووک، لە چەندین ئاست و بواری جیاوازدا بە دونیاوە بەستراوەتەوە. ئەمە پەرلەمانەکانی دونیا ناچار دەکات کە نەک تەنها ناوخۆ، بەڵکو هاوشان بیر لە جیهانیش بکەنەوە. لە کاتێکدا کە ئابووریی هیچ وڵاتێک دابڕاو نییە لە دونیا، بە هۆی گەشەی تەکنەلۆجیاوە زانیاری هەموو سنوورەکان دەبەزێنێت، شمەک و کاڵا لەگەڵ مرۆڤدا بەردەوام لە جووڵەدان، ئەمانە هەموو ڕەهەندی یاسایی و سیاسی و کۆمەڵایەتییان هەیە کە پەرلەمان ناچار دەکەن مامەڵەی لەگەڵدا بکات. سەرباری هەموو ئەمانە، چیدی ئەو ئارگومێنتە جێگای قبوڵکردن نییە کە بڕوای وەهابوو کە دیپلۆماسییەت دەبێت لە دەرەوەی فەزای دیموکراسی بێت. جێگای باسە، کەرتی بەرپرس لە دیپلۆماسیی هەرێم هەتا ئێستا لە دەرەوەی فەزای دیموکراسییە.

دیپلۆماسیی پەرلەمانی بریتییە لە هێنانەئارای ڕایەڵەیەک لە پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمانەکانی تری دونیادا. چونکە پەرلەمان بە نزیکبوونەوەی لە پەرلەمان، لە کاتێکدا هاوشێوەیی سیستەمی کە ئاسانکاری دەکات، لە هەمان کاتدا هەردوو لا لە ئاستی جیاوازدا پێی تۆکمە دەبن. هەموو پەرلەمانێک لە پەرلەمانێکی تر جیاوازە، بەڵام هەریەکە و کەناڵی خۆی هەیە بۆ پەیوەندیکردن، هەروەها بۆ لەیەکترنزیکبوونەوە، وەک دروستکردنی گرووپی دۆستایەتی، گرووپی بواری هاوبەش، هەروەها ڕاستەوخۆ پەیوەست بە

دیپلۆماسیی دەزگاییەوە، یان دیپلۆماسیی ئینستیتوشن. ئەمەش هۆکاری سەرەکیی تەرخانکردنی کاتێکی زۆرە بۆ پەرلەمان و پەرلەمانتاران لە کاتی سەردانەکاندا.

پەرلەمانی کوردستان پێویستی بەم دەروازەیە هەیە بۆ پەیوەندیی ڕاستەخۆ بە دونیاوە.

سەرباری هەموو ئەمانە، زۆربەی بوارەکانی ژیان هەتا دێت زیاتر گەردوونگەرایی دەبن، وەک نرخی کاڵا، ژینگە، ماف، کۆچ و زۆری تر؛ بۆیە ئاسان نییە بۆ هیچ دەزگایەک کە دابڕاو بێت لە دونیا، هەرچەندە هەوڵ بدات دابڕاو بێت، ناچار دەکرێت بە پەیوەندی.

شان بە شانی پەرلەمان، بواری جێبەجێکردن (ئێکسەکیوتیڤ) یان حکومەت گرنگە، بە تایبەت وەزارەتی دەرەوە. ئەگەر خیتابی ئێمە لەگەڵ پەرلەماندا خیتابی دوو دەزگای هاوبەشە، ئەوا لەگەڵ حکومەتدا، پەیوەندیی نێوان یاسادارێژەر و جێبەجێکەرە. بەڵام لێرەدا گرنگ سیاسەتی وڵاتە. وەزارەتی دەرەوە جێگای جێبەجێکردنی سیاسەتی وڵاتێکە لە دەرەوە بۆ بەرژەوەندیی وڵاتەکەی. لێرەدا کۆمەڵێک خیتابی هاوبەشی جیهانی هەن، لەگەڵ هەندێک خیتابی تایبەت بە هەر وڵاتێک. خیتابی دیموکراسی کە پەرلەمان ڕۆڵی سەرەکیی پیادەکردنی تێدا دەبینێت، خیتابی دیموکراسیکردن کە بریتییە لە پرۆسەی بونیادنانی دیموکراسی کە پەرلەمان ڕۆڵێکی کاریگەری تێدا دەبینێت، دەکرێت بواری سەرەکی بێت.

هەر بڕیارێک کە ببێتە هۆکاری ئەوەی کە وڵات لە دەرەوەی سنوورەکەی کارێکی گەورە بکات، ئەوا دەبێت پەرلەمان ڕێگا بدات بە حکومەت بۆ ئەوەی ئەو کارە بکات. لێرەوە زەمینە دەسازێت بۆ پەیوەندیی خەڵک و خەڵک. لەبەر ئەوەی مەحاڵە خەڵک هەمووی بەیەک بگەن، ئەوا دەبێت کەناڵی جیاواز هەبێت بۆ گەیشتنی خەڵک بە یەکتر، وەک کەلتوور، هونەر، کەلەپوور، مێژوو، مەعریفە و

زۆر بواری تر.
خەڵکی کورد خەڵکێکی نائامادەن لە دونیادا. ئامادەیی کورد لە دونیادا ئامادەییە وەک تراژیدیا. بەڵام هێشتا ئەم تراژیدیایە نەبووەتە هۆکاری دروستکردنی فشار لەسەر داڕشتنی سیاسەت. یان بەربەستێکی ئەخلاقیی وەک هۆڵۆکۆست.
دونیا لە گۆڕاندایە، دیپلۆماسییەت لە گۆڕاندایە، دۆخی کوردیش لە گۆڕاندایە.

## پاشخان

پەرلەمان وەک ئەکتەرێک لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان، ڕەنگە دیاردەیەکی هێندە نوێ نەبێت. بەڵام چەمکی دیپلۆماسیی پەرلەمانی چەمکێکی نوێیە. چەند هۆکارێک وەها دەکەن کە پەرلەمان و پەرلەمانتار و سەرۆکایەتیی پەرلەمان ڕۆڵی دیپلۆماسییان ببینن، لەوانە، گۆڕانی دۆخی دونیا و دۆخی سیاسەت لە دونیادا، گۆڕینی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن، تەکنەلۆجیا، گۆڕانی دیپلۆماسی و دۆخی دەوڵەت، لەگەڵ گۆڕانی پرسەکان. ئەگەر ئەمانە پاڵنەری گشتی بن لە دونیادا بۆ هاتنەئارا و گەشەی دیپلۆماسیی پەرلەمانی، ئەوا دۆخی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پاڵنەرێکی تری تایبەتە بۆ گرنگیدان بە دیپلۆماسیی پەرلەمانی.
بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بتوانێت ببێتە ئەکتەرێکی دیپلۆماسی، چ وەک دەزگا، چ وەک سەرۆک، چ وەک ئەندام پەرلەمان و لیژنە، دەبێت کاری دیپلۆماسیی پەرلەمانی بکەن. هەستان بە کاری لەم جۆرە پێویستی بە تێگەیشتنی دۆخی دونیا و ڕێساکانی دیپلۆماسیی پەرلەمانی هەیە. چونکە دیپلۆماسیی پەرلەمانی جودایە لە دیپلۆماسیی باو یان دیپلۆماسیی دەوڵەتی.

## پاشخانێکی گشتی

گەر لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بنوارین، بە شێوەیەکی فەرمی، کوردی تێدا نابینین. ئەم دیارنەمانەی کورد هاوتەریبە لەگەڵ کۆمەڵێک دیاردەی تردا. یەکەم، کۆتایی سیستەمی ئیمپراتۆری؛ لە پاش دۆڕانی عوسمانییەکان لە جەنگی یەکەمی جیهاندا، ئیتر ئیمپراتۆرییەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتاییان هات و دەروازەی کردەوە بۆ هاتنی ڕۆژئاوا لە شێوازی کۆلۆنیالیزمدا بۆ ناوچەکە، کە پاشان جۆرێکی تری لە ڕێکخستنی هێنایە ئاراوە کە جودا بوو لە ڕێکخستنی ئیمپراتۆری.

دووەم، سەرهەڵدانی شێوازێکی ڕێکخستنی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەیە، یان بە کورتی، دەوڵەت. دەوڵەت وەک پێکهاتەیەکی مۆدێرن لە پاش جەنگی یەکەمی جیهان گەیشتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە ڕاستیدا جەنگی یەکەمی جیهان وەک ساتەوەختی تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی مۆدێرنە بە دونیادا دەبینرێت.

سێیەم، دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر مۆدێلی دەوڵەت-نەتەوە دروست کراوە، بەڵام چونکە نەتەوە وەک پێکهاتەیەکی تری مۆدێرن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی نەبووە، ئەوا ئەرکی دەوڵەت بووە کە نەتەوە بۆ خۆی دروست بکات لەپێناو باشتر بەڕێوەچوونیدا. ئەم دوو پرۆسەیە، دروستکردنی دەوڵەت و دروستکردنی نەتەوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شکستخواردوو بوو.

چوارەم، کورد کە نەبووە بە خاوەن دەوڵەت، ئەوا لەمیانەی پرۆسەی هەر دەوڵەتێک بۆ نەتەوەی دەوڵەتی، هەوڵی تواندنەوە و سڕینەوەی دراوە. دەرئەنجام کورد بووە بە گەلێک کە دەبێت لەمیانەی پرۆسەی گەشەی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا بوونی نەمێنێت. دەرئەنجامی ئەمە ئامادەنەبوونی کورد بووە لەسەر ئاستی دیپلۆماسیی دەوڵەتی. بۆیە جێگەی سەرسووڕمان نییە کە زۆربەی پەیوەندییەکانی کورد لە ڕابوردوودا پەیوەندیی نهێنی بووە.

ئەمە مێژوویەکی پڕ لە ئازار و ناسۆرییە کە کورد لە سەدەی ڕابوردوودا لە گشت پارچەکانی کوردستان بە دەستیەوە نالاندوویەتی. بۆیە دەتوانین بڵێین کورد ئەو گەلەیە کە لەمیانەی گەشەی دەوڵەت-نەتەوەیی مۆدێرن لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەبوو بوونی بسڕێتەوە و لە بۆتەقەی هەر دەوڵەتێکدا ببێتە بەشێک لە نەتەوەی ئەو دەوڵەتە. دیارە لێرەدا مۆدێلی دەوڵەتی دروستبوو مۆدێلێکی نادیموکراسی، تاکانەیی و دژەجیاواز بووە. ئەمەش هێندەی تر دۆخی کوردی سەخت کردووە بەوەی کە نەتوانێت وەک خۆی بمێنێتەوە و داکۆکی لە بوونی خۆی بکات لە دونیادا. ئەوەی هێندەی تر ئەم دۆخەی ئاڵۆز کردووە، بوونی دەوڵەتە وەک تاکە یەکەی ددانپێدانراو لەمیانەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا.

بنەڕەتی دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنی وێستڤیلیا.

لە بەرواری ٢٤ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٦٤٨دا جەنگی وێستڤیلیا لە شاری پراگەوە دەستی پێ کرد، کاتێک سێ کاتۆلیک بە تاوانی ئەوەی دژ بە ئازادیی ئایینی هەڵسوکەوتیان کردوە، لە لایەن پرۆتسانەکانەوە گیران و پاش دادگاییکردنیان، لە پەنجەرەی باڵەخانەیەکەوە فڕێ درانە خوارەوە، ئەم ڕووداوە بوو بە هۆی هەڵگیرسانی جەنگێکی سی ساڵە لە نێوان پرۆتسانت و کاتۆلیک لە ئەورووپا.

لە ئەنجامی ڕێککەوتنی وێستڤیلیا، کۆمەڵێک خەسڵەت هاتنە ئاراوە، لەوانە، سەروەری بەسەر خاک و وڵاتدا، ددانانان بە یەکتردا، ڕێزگرتنی سنوور، دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی یەکتر.

ئەم خەسڵەتانەیە وەها دەکات کە سیستەمی ئەمڕۆ بە سیستەمی وێستڤیلیایی بناسرێت. هەموو ئەم خەسڵەتانە، کە پاشان بوون بە خەسڵەتی سیستەمی نێودەوڵەتی، لە قازانجی کورددا نەبوون، بە جۆرێک، ئازادی بە دەوڵەتانی خاوەن سەروەری دەدەن بە ئارەزووی خۆیان مامەڵە لەگەڵ خەڵکانی ناو سنووری وڵاتەکەیاندا بکەن. هەرچەندە پاش جەنگی دووەمی جیهان کۆمەڵێک نۆرم هاتنە ئاراوە وەک مافی مرۆڤ، بەڵام لە ڕووی پراکتیکەوە هێندە بەهێز نەبوو کە ڕێگر بێت لە ڕووداوی قاتوقڕی و جینۆسایید. ئەمڕۆ ئەم سیستەمە بە کۆمەڵێک هۆکار، کە هەندێکیان گەردوونین و زۆرێکیان ناوچەیین، لە ساتەوەختی وەرچەرخانیدایە.

بەم پێیە، کورد لە سەدەی ڕابوردوودا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەڵکێکی نادیار بووە، هەوڵی سڕینەوەی دراوە بەوەی لە ناو بۆتەقەی دەوڵەتانی جیاوازدا بکرێنە خەڵکێکی تر. یان ئەوەی کە پێی دەوترێت تواندنەوە، ئەسیمیلەیشن. ئەم دۆخە بە هەموو شێوەیەک ڕێگر بووە لە سەرهەڵدانی هەر جۆرە پەیوەندییەکی دیپلۆماسی. بەڵکو خەسڵەتی سەرەکیی پەیوەندیی کورد لەگەڵ دەوڵەتانی سەردەستدا پەیوەندیی جەنگ بووە، نەک دیپلۆماسی، لە هەمان کاتدا، لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا بە نهێنی و بە لاوازی پەیوەندیی دروست کردووە و بۆ ئامانجی تایبەت لە لایەن زلهێزەکانەوە بەکار براوە، بە تایبەت لە ساڵانی درێژی شەڕی سارددا. لە ئەنجامدا، کورد ئەکتەرێکی خاوەن ئەجیندا نەبووە، بەڵکو زیاتر وەک پرۆکسی و ئامرازی هاوسەنگردنی هێز و کارتی فشار بەکار براوە. زۆر جار کورد کاتێک تووشی نائومێدی بووە لەم دۆخە، پەنای بردووەتە بەر ڕاڤەی ئەخلاقی و گلەیی لەسەر بنەمای ئەخلاق. دەبێت کورد لەم بوارەوە خۆی لە هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی دوور بگرێت، چونکە هاوکاریی ناکات بۆ باشترتێگەیشتن لە دۆخەکە.

ئەم دۆخە لە ڕووی دەروونییەوە کاریگەریی زۆری لەسەر تاکی کورد بەجێ هێشتووە، بەوەی خۆی وەک مرۆڤێک ببینێت کە بواری ئامادەبوونی نییە لە دونیا، بێدۆستە و هەموو هێزەکانی تر تەنها بەکاری دەبەن. یەکێک لە دەرکەوتە ڕەمزییەکانی ئەم دیاردانە، پرسی نەبوونی ڕێککەوتن یان ئیمزایە لە نێوان کورد و لایەنەکانی تردا. بە مانایەکی تر، نافەرمیبوونی کورد لە ئاستی دیپلۆماسی لە دونیادا. بەمەش زەمینە ساز بووە هەتا کورد لە ڕێگای دەزگا سیخوڕی و نهێنییەکانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لە ئەنجامدا لە بواری دیپلۆماسیدا بێئەزموون و لاواز بێت.

دەتوانین لەم پاشخانە سەرەوە کۆمەڵێک دەرئەنجام بە دەست بهێنین:

یەکەم: کورد قەیرانی هەیە لەگەڵ سیستەمی نێودەوڵەتیی سەدەی بیستدا. ئەمڕۆ ئەم سیستەمە هەتا دێت زیاتر و زیاتر بە هۆکاری جیاواز درز و کەلەبەری زۆری تێ دەکەوێت. ئێستا ساتی قۆستنەوەی ئەم دەرفەتەیە. لە دونیادا شێوازێکی تر لە دیپلۆماسی لە سەرهەڵداندایە کە پێی دەڵێن دیپلۆماسیی نوێ، کورد دەتوانێت سوودی لێ ببینێت. بەپێی ئەندرا گاراد، دیپلۆماسیی کۆن شێوازی هاوپەیمانێتییە لە نێوان وڵاتێک یان چەند وڵاتێکدا دژ بە وڵاتێکی تر. بەڵام دیپلۆماسیی نوێ زیاتر گەردوونی یان نیمچەگەردوونییە.

بەو مانایە، لە دیپلۆماسیی نوێدا وڵاتان زیاتر لەسەر چەمکێک یان بەهایەک یان ئامانجێک ڕێک دەکەون. بۆ نموونە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا جەنگی دژەتیرۆر. ناوی جەنگێک لەسەر بنەمای بەهایەک کە گەردوونییە و هەروەها بەهایەکی مرۆڤایەتییە.

دووەم، کورد لە ڕێگای سیستەمی دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەوڵی شاردنەوە و سڕینەوەی دراوە، ئەرکی کوردە بە هەموو ئەو شێوازانەی کە لە توانایدایە، هەوڵی ئامادەبوون دەرکەوتنی لە دونیادا بدات. بە ڕێگای جیاواز و بە سوودبینین

لە وەرچەرخانی مۆدی دیپلۆماسی. ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پڕە لە دیاردەی خراپ و نەریتی دواکەوتوو، دەرفەتە بۆ کورد ئەگەر بتوانێت پێچەوانەی ئەو دیاردە و نەریتانە بێت.

سێیەم: کورد دەبێت بە شێوازی نوێ خۆی ڕێک بخات هەتا بتوانێت بەشێک بێت لە دیپلۆماسییەتی نوێ لە دونیادا. دەبێت پێکهاتەیەک بێت کە جودا بێت لە کەلتووری دەوڵەتداری و دەوڵەتنەداری لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. بۆ خۆت باش بە، دونیاش لەگەڵتدا باش دەبێت. بتوانە بە شێوەیەکی مرۆڤانەی سەردەمییانە حکومڕانیی خۆت بکە، دەتوانیت لە دونیای مرۆڤایەتیی سەردەمدا جێگای خۆت بکەیتەوە. بۆیە دەبێت ستراتیژی کورد بریتی بێت لە جێهێشتنی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ڕووی بەها و نۆرم و شێوازی حوکمڕانییەوە.

## میتۆدی توێژینەوەکە

توێژینەوەکەی من لەسەر دوو هێڵ دەڕوات یەکەمیان ئەکادیمییە کە ئامانجی تێگەیشتنێکی بێلایەنانەی قووڵی فرەڕەهەندە، لە هەمان کاتدا بە ئامانجی داڕشتنی پۆلەسی نووسراوە. ئەوەی ئێمە ئامانجمانە، ئەوەیە کە چۆن ڕێنماییەک بۆ پیادەکردنی ئەم کێڵگەیە بهێنینە ئاراوە کە لە هەمان کاتدا بیرمان فراوان بکات و هاوکارمان بێت بۆ ئەزموونکردن. وەک توێژینەوە ئەکادیمییەکان دەریان خستووە، لە بواری دیپلۆماسیدا پەیوەندییەکی ئۆرگانیی پتەو لە نێوان کاری تیۆری و پراکتیکدا هەیە کە هەردوو یەکتر دەوڵەمەند دەکەن، بە وتەی ڕایمۆند کۆهن، دیپلۆماسی بزوێنەر یان مەکینەی کاری نێودەوڵەتییە، بە مانای ئەو جێگایەی کە زۆرترین کاری سەرەکیی تێدا بە ڕێوە دەچێت. بۆیە دەبێت ببێتە جێگای بایەخی توێژەرانی بواری دەوڵەت و جەخت لەسەر هەمان پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها کارەکانی پاوڵ شارپ

جەختی لەسەر دەکەنەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەوەیە کە کەلتووری دیپلۆماسیی کوردی بە دەست هەژارییەکی بێئەندازە خراپەوە دەناڵێنێت. دیپلۆماسی هێشتا وەک جۆرێک لە هەڵسوکەوت و جلپۆشین بیری لێ دەکرێتەوە، لەبری ئەوەی شێوازێک بێت بۆ پەیوەندی، جۆرێک بێت لە سیاسەتکردن، ڕێگایەک بێت بۆ دەوڵەتداری، شێوازێک بێت بۆ ئامادەبوون لە دونیادا، بیرکردنەوە بێت لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی خود.

لە ڕاستیدا دیپلۆماسی شێوازێکی سەرەکییە بۆ ناسینی خۆت. هیچ پێکهاتەیەک ناتوانێت دیپلۆماسیی کارایانە بەکار ببات ئەگەر نەزانێت خۆی کێیە، پێگەی لە دونیادا چییە، خواست و خەونەکانی چین، هەروەها ڕێگرەکانی کامانەن. بەدەزگاییکردنی دیپلۆماسی لە ڕێگای پەرلەمانەوە بە هەبوونی یەکەیەکی، هەرچەندە بچووک، بەڵام کاریگەر بۆ چاودێریکردنی هەڵسوکەوتەکان و هەوڵدان بۆ تیۆریزەکردنیان بە مەبەستی باشترکردنیان. هەروەها بە سوودبینین لە ئەدەبیاتی دەوڵەمەندی دونیا لەم بواردا، لەگەڵ ئەزموونی گەلان و کەسان.

## دۆخی کورد و گرنگی دیپلۆماسیی پەرلەمانی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ساتەوەختێکی ئاڵۆز و هەستیاردا دەڕوات. ئەو نیزامەی کە لە پاش داڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە هاتە ئاراوە، لە زۆر ئاستدا لە قەیراندایە. ئەم قەیرانی نیزامە دەرفەت و مەترسیی بۆ کورد لە ناوچەکەدا دروست کردووە.

کاتێک کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قەیران دەبێت، ئەم قەیرانە لە ئەنجامی دروستبوونی بۆشایی دەسەڵاتەوە دێتە ئاراوە. کاتێک بۆشایی لە دەسەڵاتدا دروست دەبێت، ئەوا هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان ئەو بۆشاییە وەک مەترسی و دەرفەت

لێک دەدەنەوە: مەترسی بەوەی ئەگەر لایەنێکی تر پڕی بکاتەوە، ئەوا هاوسەنگی تێک دەچێت، دەرفەت بەوەی کە لایەنێک بتوانێت بە سوودی خۆی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە و پێگە و جێگەی خۆی پتەوتر بکات و لە ئەنجامدا بەهێزتر بێت. لە ئەنجامی ئەم دۆخەدا، کاتێک کە بۆشایی دروست دەبێت، ئەوا هەموو هێزەکان دێن و هەوڵ دەدەن ئەو بۆشاییە بە سوودی خۆیان پڕ بکەنەوە.

ئەمەش وەها دەکات کە پڕکردنەوەی بۆشایی کارێکی هێندە ئاسان نەبێت. زۆر جار بۆشایی لەبری ئەوەی پڕ بکرێتەوە، دەبێتە گۆڕەپانی ململانێی هێزەکان، بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. بە هۆی جیهانگەرییەوە ئەم بۆشایی دروستبوون و هەوڵی پڕکردنەوە و دروستبوونی ململانێ تەنها تایبەت نییە بە یەک پانتایی سەر گۆی زەوی، بەڵکو هەموو گۆی زەویی گرتووەتەوە، بەڵام بە یەکسانی نا. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زۆر جێگای تری دونیا زیاتر جێگای ململانێیە، چونکە لە لایەک دەوڵەمەندە و لە لایەکی تر هیچ هێزێکی گەورەی وەهای تێدا نییە کە تێیدا باڵادەست بێت و ڕێگر بێت لە هاتنی هێزەکانی تر.

ئەم دۆخە تایبەتە لە کاتێکدا کە دیپلۆماسییەت قورس و لاواز دەکات، لە هەمان کاتدا بژاردەی زۆرتر و بایەخی زیاتر لە لایەن هێزەکانی ترەوە فەراهەم دەکات. کورد لە هەناوی ئەم ئاڵۆزی و ململانێ و هەوڵی هاوسەنگی و قەیرانانەدایە.

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ کۆمەڵێک خەسڵەتی گشتیی جیۆپۆلەتێکی کوردی بکەین، کە کاریگەرییان هەیە لەسەر بەرجەستەکردنی دەرفەت و هەروەها دروستکردنی بەربەست.

یەکەم، لە کاتێکدا دونیا دێتە ناوچەکە، کورد ناتوانێت بە ئاسان لە دونیادا ئامادە بێت. ئەمە بەربەستێکی سەختە.

دووەم، چونکە دەوڵەت ئەکتەری سەرەکیی سیاسەتی نێودەوڵەتییە و کورد بێدەوڵەتە، ئەوا کورد ناتوانێت هێندە لە

دیپلۆماسیی تەقلیدی سوودمەند بێت. بۆیە لەپێناوی ئامادەبوون لە دونیادا، دەبێت پەنا بباتە بەر دیپلۆماسییە ناتەقلیدییەکان.

سێیەم، کوردستان لە سەرزەمینێکی دوور لە دەریادایە کە لە زمانی ئابووری و جوگرافیدا پێی دەڵێن لاندلۆک، ئەم دوورییە لە دەریاوە وەهای کردووە کە پەیوەندیکردن بە دونیاوە ئەگەر لە ڕێگەی ئاسمانییەوە نەبێت، مەحاڵ بێت. ئەوەش ڕوونە کە دەوڵەت نەک خاوەنی سەروەرییە بەسەر خاکەکەیدا، بەڵکو خاوەن سەروەرییە بەسەر ئاسمانیشدا.

ئەمانە وەها دەکەن کە دیپلۆماسی بۆ کورد ئامرازێکی جیاواز بێت: ببێتە هونەری بڕین و زاڵبوون بەسەر سنوورەکاندا. هەروەها گۆڕینی تەوقی جوگرافیا.

## دیپلۆماسی چییە؟

دیپلۆماسییەت کاری دەوڵەتە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە نێو کایەی دەوڵەتاندا و لە بەرژەوەندیی دەوڵەت. ئەم ڕستەیە کۆمەڵێک نهێنی لە خۆیدا پەنهان دەکات. یەکەم، جۆری پەیوەندیی نێودەوڵەتی، دووەم، سروشتی دەوڵەت و سێیەم، بژاردەکانی دەوڵەت. دیدی هەرە بڵاو ئەوەیە کە دەوڵەتان لە دونیادا لە ململانێدان، یان کێبڕکێ دەکەن بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی و ئاسایشیان. لە هەمان کاتدا دۆخی نێودەوڵەتی دۆخێکی پشێوییە. پەیوەندیی نێودەوڵەتی لە پشێویدایە، چونکە لەسەر هێز بونیادنراوە و هێزیش بریتییە لە پێکەوەگرێدانی کۆمەڵێک بنەما کە ناتوانرێت بۆ هەمیشە لەسەر یەک ڕەوت بهێڵرێنەوە. بۆیە لە ئەنجامدا هەمیشە هەڵکشان و داکشان هەیە لە توانا و پێگەی هێزەکاندا. ئەم ناسەقامگیرییە بنەمای پشێوییە. دیپلۆماسی شێوازی مەدەنی و ئاشتییانە و هونەرییە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ململانێیە لە هەناوی ئەم پشێوییەدا. دیارە لە هەناوی ئەم پشێوی و ململانێیەدا سنوورێک هەیە بۆ

دیپلۆماسییەت و هونەری دیپلۆماسی، چونکە دیپلۆماسی ناتوانێت بەسەر هەموو گرفت و کێشەکانی ناو ئەم پشێوییەدا زاڵ ببێت. بۆیە کاتێک دیپلۆماسی لە توانایدا نابێت کێشەکان چارەسەر بکات، ئەوا شەڕ یان بەکارهێنانی فشار و زەبر جێگای دەگرێتەوە.

لێرەدا دەبێت چەند بنەمایەکی گشتی دابڕێژین:

یەکەم، هیچ وڵاتێک یان لایەنێک ناتوانێت بە تەنها و دابراو لە ئەوانی تر بژی. لە مێژوودا زۆر وڵات بە هۆکاری ئایدەلۆژیی جیاواز هەوڵی ئەمەیان داوە، بۆ نموونە، ئەلبانیای سەردەمی ئەنوەر خواجە، پورتوگالی سەردەمی سالازە و ئایرلەندای پاش سەربەخۆیی لە سەردەمی دیڤیلێرادا. بەڵام سەرئەنجامی هەموو ئەم هەوڵانە تراژیدیا بووە، چونکە ئەم وڵاتانە نەک سەربەخۆ نەبوون، بەڵکو لە ئەنجامی ئەم هەوڵەیاندا هەژار و لاواز و پەراوێزخراو بوون. بۆیە هیچ وڵاتێک ناتوانێت لە دونیا داببڕێت. لە ڕاستیدا، دابڕانی وڵاتێک لە دونیا وەک جۆرێک لە سزا بەکار دەهێنرێت کە بە ئابلۆقە ناسراوە. کاتێک وڵاتێک دەچێتە خانەی دژایەتیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یان سیستەمی نێودەوڵەتیی باو، وەک کۆریای باکوور و ئێران، ئەوا لە ئەنجامدا دەکەونە ژێر ئابلۆقە و تووشی قەیران و کێشە دەبن.

دووەم، ئەگەر هەموو وڵاتێک ناچارە بە پەیوەندی، ئەوا جۆری پەیوەندیی هەر وڵاتێک لەسەر پێگە و جوگرافیا و توانا و هێزی ئەو وەڵاتە وەستاوە. بەڵام توانا و هێز لەسەر زۆر بنەمای وەک دانیشتوان، سەرچاوە، ئابووری، پێشکەوتوویی و دواکەوتوویی و ئەندامێتی لە یەکە و یەکێتی و زۆر لایەنی تردا وەستاوە. بۆیە وڵاتان هەرچەندە لە ڕووی سەروەری و نوێنەرایەتییەوە تا ڕادەیەک یەکسانن، بەڵام لە ڕووی پێگە و قورسایی و تواناییانەوە یەکسان نین.

سێیەم، کاتێک وڵاتانی دونیا لە ململانێدان، ئەوا هەوڵ دەدەن سوود لە قەیرانی وڵاتانی تر ببینن، بەوەی بەرژەوەندیی خۆیانی لێ بە دەست بهێنن. ئەمەش وەها دەکات کە قەیرانی ناوخۆیی کۆمەڵێک وڵات جێگای گرنگی و بایەخی زیاتر بێت لە قەیرانی ناوخۆیی هەندێک وڵاتی تر. بۆ نموونە، کێشەی کورد لە عێراق زیاتر جێگای بایەخی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە لەبەر پێگەی عێراق و یاریی نوخبەی عێراقی لە ناوچەکەدا. لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە، عێراق بۆ ئەوە دروست کراوە کە هاوسەنگییەک لە نێوان ئێران و تورکیا و ناوچەی کەنداودا بهێنێتە ئاراوە، چونکە توانا و پێگەی ئەوەی هەیە. بەڵام کاتێک عێراق بە ئاڕاستەی جەمسەرێک لە جەمسەرەکانی ململانێی جیهاندا دەشکێتەوە، بۆ نموونە، نزیکبوونەوە لە سۆڤییەت، کە لە کۆتایی پەنجاکانەوە دەست پێ دەکات، ئیتر کورد دەبێتە ئەو ئەکتەرەی کە سوودی لێ دەبینرێت بۆ فشار و سنووردارکردنی توانای عێراق. لێرەوە دیپلۆماسیی نادەوڵەتی دەست پێ دەکات، کە سەرەتا لە پەیوەندیی نافەرمیی لاوازەوە، پاشان بۆ پەیوەندیی نافەرمیی نهێنی، ئینجا بۆ هاوکاری. لە کەیسی کورد و ئەمەریکادا ئەم پەیوەندییە بە هیچ شێوەیەک ئاشکرا نەکرا هەتا ڕووخانی یەکێتیی سۆڤییەت. ئەمە پرسی دیپلۆماسیی نادەوڵەتی ئاڵۆز دەکات، چونکە ئەم جۆرە دیپلۆماسییە بۆ ئەوە بەکار ناهێنرێت کە کۆتایی  بە دەوڵەت بهێنێت بەڵکو دیپلۆماسیی نادەوڵەتی لە زۆر جاردا جۆرێکە لە دیپلۆماسی لە هەناوی ململانێی نێودەوڵەتیدا.

چوارەم، کاتێک دیپلۆماسی و دەوڵەت هێندە پێکەوەگرێدراون، ئەوا هەر گۆڕانکارییەک بەسەر دەوڵەتدا ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەیە لەسەر جۆری دیپلۆماسی. لێرەوە پرسی جیهانگەری

و تاکجەمسەری و کاریگەری لەسەر دەوڵەت دێتە ئاراوە. ئەگەر جیهانگەری بریتی بێت لە بوونی گۆی زەوی بە یەک یەکە، کە وڵاتان تێیدا نیشتەجێن و ناچارن ڕۆڵی تێدا بگێڕن، ئەوا دەوڵەت دەبێت گۆڕانکاری بەسەر خۆیدا بهێنێت بۆ ئەم پرسە. یەکێک لەم گۆڕانکارییانە کرانەوەیە. کرانەوە بۆ دەوڵەت کارێکی سەختە، چونکە لە هەناویدا جیاواز هەیە کە ئەوانیش بە ڕووی دونیادا دەکرێنەوە، لە ئەنجامدا پرسی کرانەوە دەبێتە شمشێرێکی دوو دەم. لە لایەک بە ئامانجی ئەوەیە بەسەر دونیادا بکرێتەوە و لێی سوودمەند بێت، لە لایەک ترەوە لە ناوەوە ناچار دەبێت گۆڕانکاری بەسەر خۆیدا بهێنێت، چونکە مەرج نییە هەموو پێکهاتەکانی ڕازی بن بە پێگەیان. ئەمەشە پاڵنەری دوو دیاردەی سەرنجڕاکێشن لە دونیادا لە سەردەمی جیهانگەریدا: یەکەم دیاردەی لامەرکەزی، چ لە شێوەی فیدراڵی یان هەر شێوازێکی تردا، لە هەمان کاتدا سەرهەڵدانی یەکە بان دەوڵەتییەکانی وەک یەکێتیی ئەورووپا، نافتا، ئاسیانیک، ئۆراسیا و چەندین یەکەی تر.

ئەم جۆرە دیپلۆماسییە زیاتر دیپلۆماسیی مۆدێرنە. ئێمە لە هەمان کاتدا دیپلۆماسی پێش- مۆدێرنمان هەیە کە خەسڵەتەکانی جودان، بەڵام بنەمایەکن بۆ ئەم خەسڵەتانەی ئەمڕۆ. دیپلۆماسیی دەوڵەتی لە ڕێگای دیپلۆماتکارە فەرمییەکان و کەناڵە دیارەکانی دیپلۆماسییەوە دەکرێت، وەک باڵوێزخانە و کونسوڵگەری و نوێنەرایەتییەکان. ئەم شێوازە لەگەڵ گۆڕانی دونیادا لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی گەورەدایە، کە هەتا دێت زیاتر بە کەڵکی سەدەی بیستویەک نایەت. کورد لە سەردەمی دیپلۆماسیی دەوڵەتدا پەراوێز و لاواز بوو. ئامرازەکانی کورد لەم سەردەمەدا بریتی بوون لە ئازار و نەهامەتییەکانی. میتۆدەکەیشی بریتی بوو لەوەی چۆن ببێتە مایەی سەرنج لە ڕێگای ئاوارەبوون و ئەنفال

و کیمیاباران و کۆڕەوەوە. ئەم قۆناغە زیاتر قۆناغی بەزەییە کە بە گشتی دۆخێکی کاتییە، لەمیانەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا. زیاتر پشت بە ڕۆڵی میدیا دەبەستێت، لە کاتێکدا میدیای ئەمڕۆ ناتوانێت بە هیچ جۆرێک بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر هیچ کێشەیەک بە شێوەیەکی دراماتیکی بەردەوام بێت. دەتوانین بە بەکاربردنی میتۆدی بەرخۆری یان کۆنسیومەر لە سەردەمی سەرمایەداریدا لەم بە باشی دیاردەیە تێ بگەین.

دیارە دەتوانرێت سەرمایەگوزاری لەسەر تراژیدیاکان بکرێت، بەڵام ئەمە پێویستی بە کاری گەورە هەیە. دەکرێت نموونەی هۆلۆکۆستی جوولەکە و جینۆسایدی ئەرمەن وەک مۆدێل وەربگیرێن کە چۆن دەتوانرێت تراژیدیای نەتەوەیەک لە یادەوەریی دونیادا بە زیندوویی بهێڵرێتەوە. یان وەک لە نموونەی ئیسرائیلدا ببێتە بەشێک لە نۆرمی ئەخلاقی نێودەوڵەتی. دیارە ئارگومێنتێک هەیە بۆ پێگەی ئەخلاق لە پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا، کە گوایە هەندێک وڵات تەنها چاکەی خۆیان ناوێت، بەڵکو چاکەی ئەوانی تریشیان دەوێت، ئەمە زیاتر دیدێکی ئایدیالیستیکە. ئەگەر ئەمەریکا بە نموونە وەربگرین، دیدی ویڵسن بەم شێوەیە ئەژمار دەکرێت، هەروەها لای قوتابخانەی ترادیشیۆنیش ئەم ئارگومێنتە بە هێند وەردەگیرێت، لە کاتێکدا لای ڕیاڵیستەکان هێندە جێگای بایەخ نییە.

دیدێکی تر بۆ دیپلۆماسی بریتییە لە دیدی جیهانی. ئەم دیدە ئەوە لەبەرچاو دەگرێت کە هەتا دێت دونیا تێک دەئاڵێت و دەوڵەت دەبێتە دەزگایەکی بێتوانا لە بینینی ڕۆڵی نوێنەرایەتی، بەڵکو دونیا یان جیهان خۆی وەک یەک یەکە لە گەشەدایە کە مۆدی تایبەتی خۆی هەیە بۆ پەیوەندیکردن. ئایا دەوڵەت چیی بەسەر دێت، ڕۆڵی نامێنێت یان لاواز دەبێت یان دەگۆڕێت؟

گیۆرگ سۆرنسون لە کتێبی وەرچەرخانی دەوڵەتدا باس لە

ئەفسانەی پاشەکشێ دەکات، کە پێی وایە ڕۆڵی دەوڵەت گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، نەک لاواز یان بەهێز بووبێت. بەڵام لەمیانەی ئەم گۆڕانکارییانەدا بوار بۆ ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان و حکومەتە دیفاکتۆکان و دەزگا جیهانییەکان ڕەخساوە هەتا ڕۆڵی زیاتر ببینن. بە مانایەکی تر، دەوڵەت هەموو سەروەرییەکەی جارانی لە دەستدا نییە، چونکە دونیا هێندە لێکدابڕاو نییە. ئەمە بە مانای لاوازیی دەوڵەت نایەت هێندەی بە مانای ڕۆڵی نوێی دەوڵەت دێت لە دونیایەکی جیاوازدا. دەرئەنجامی ئەمە ئەوەیە کە پێی دەوترێت دیپلۆماسیی نادەوڵەتی لە دوو ئاستدا بواری ڕەخساندووە، لە ئاستی بان-دەوڵەت و لە ئاستی خوار دەوڵەت.

ئەم بوارە هێندە وەک دۆخێکی تێپەڕ دەبینرا، هێندە وەک وەرچەرخانێکی یەکجارەکی نەدەبینرا. بۆیە ئێستا قسەی زیاتر لەسەر هاتنەئارای دۆخی پاش-گلۆبالیستە کە لە کاتێکدا ددان بە ڕۆڵی گرنگیی دەوڵەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەنرێت، لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر گۆڕانی بارودۆخەکە دەکاتەوە کە هەردوو دەوڵەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تێیدا دەگوزەرێن. دۆخی نوێ بریتییە لە دۆخێک کە تێیدا دەوڵەت و پێکهاتەکانی تری نادەوڵەتی و بان-دەوڵەتی چالاکانە ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە داڕشتنی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکاندا. ئەمە لە ئاستی گشتی و گەردوونیدا.

بەڵام ئەوەی زیاتر گرنگە کە جەختی لەسەر بکرێتەوە، دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە ڕووی دەوڵەت و سیستەمی ناوچەییەوە کە بوار دەڕەخسێنێت بۆ ڕۆڵێکی کاریگەرتری حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان. زۆربەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچنە خانەی دەوڵەتی شکستخواردووەوە، بەو مانایەی جۆرە دەوڵەتێکن کە ناتوانن بە ئەرکە دەوڵەتدارییەکانیان هەستن بەرامبەر بە خەڵک و خاکەکەیان. بە ئاستێک، کە لە ڕاستیدا سیستەمی

دەوڵەت لە ناوچەکەدا لە داڕووخاندایە. ئەوەی ئەمڕۆ دەبینرێت، ئەوەیە کۆمەڵە ناوەندێک لە سەرهەڵداندان: ئێران، سعودیە، تورکیا، ئیسرائیل، کە لە هەوڵی ئەوەدان چۆن قووڵایی ستراتیژییان فراوان بکەن. لەمیانەی ململانێی ئەم ناوەندانەدا هەموو ئامرازێک بەکار دەبرێت. هەر یەک لەم ناوەندانە بە شێوازی جیاواز لەگەڵ کورددا لە پەیوەندیدان و بەهێزی و لاوازییان کاریگەریی لەسەر کورد هەیە. ئەم ململانێی ناوەندانە دۆخێکی ناسەقامگیری گشتیی هێناوەتە ئاراوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە نێو ئەم ناسەقامگیرییەدا کورد دەتوانێت دەربکەوێت، ئەگەر بزانێت چۆن لەگەڵ نۆرمەکانی دونیادا تەبا بێت، چۆن ئامانجی خۆی و ئامانجی هێزە گەردوونییەکان لەیەک نزیک بکاتەوە، هەروەها چۆن بە شێوازی نوێ دیپلۆماسی بکات. لە سەرووی هەموویەوە، چۆن بە شێوازێکی سەردەمی مۆدێرن حکومڕانیی بواری سیاسی و ئابووریی خۆی بکات.

دیپلۆماسی وەک هەر بوارێکی تر، بوار و ئامرازی خۆی هەیە. بەم پێیە، هەر ئامرازێک وەها بکات کە دوو وڵات یان زیاتر بەیەک بگەن، ئەوا ئەو ئامرازە دەبێتە ئامرازێکی دیپلۆماسی. بۆیە هەمیشە لەگەڵ دیپلۆماسییەتدا ناوی تر دەبیستین، بۆ نموونە دیپلۆماسیی وزە، دیپلۆماسیی کەلتوور، دیپلۆماسیی زانست، دیپلۆماسیی سەربازی یان لە دۆخی کوردیدا دیپلۆماسیی پێشمەرگە... بەم پێیە، دەشێت هەموو شتێک ببێتە ئامرازی دیپلۆماسی ئەگەر بتوانرێت بکرێتە کاڵای گوازراوە لە نێوان دوو وڵات یان زیاتر، بە ئاستێکی وەها کە ئەو دوو وڵاتە یان زیاتر ناچار بکات کە جۆرێک لە نزیکایەتی و تێکەڵبوون و هاوبەرژەوەندی لە نێوانیاندا بێتە ئاراوە. لێرەوە بوارەکە گەشە دەکات بۆ بوارەکانی تر، وەک پاراستنی ئاسایشی یەکتر و مۆرکردنی ڕێککەوتننامە. هەروەها فاکتەرێکی تر کە پاڵنەرە بۆ چالاکبوونی دەزگایەکی لۆکاڵیی وەک پەرلەمان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بریتییە لە کاڵبوونەوەی ئەو سنوورەی

دەوڵەتی تەقلیدی لە نێوان دەرەوە و ناوەوەدا. بە جۆرێک، بە هەندێک شێواز دەرەوە و ناوەوە لە دونیای ئەمڕۆدا نەماوە. دیارە ئەگەر هێزێکی وەک ئەمەریکا وەک ئیمپراتۆرییەتێکی جیهانی تەماشا بکەین، ئەوا چیدی شتێکی تر نەماوە بە ناوی دەرەوە، وەک نێگری و هارت لە کتێبی ئیمپایەر (ئیمپراتۆرییەت)دا باسی دەکەن. ئەمڕۆ هەموو لۆکاڵێک دەخوازێت بە تامی لۆکاڵی خۆی لە دونیادا ئاما دەبێت بۆ ئەوەی ببێتە خاڵێکی دیار لەسەر نەخشەی جیهان و سوودمەند بێت لە گەشە و هاتوچۆی ئابووری لە سەر گۆی زەوی.

## بۆچی دیپلۆماسی گرنگە؟

دیپلۆماسی لەگەڵ شەڕدا دوو ئامرازی دەست هەموو هێز و لایەنێکن بۆ گەیشتنە ئامانجەکانیان. کەواتە دیپلۆماسی ئەڵتەرناتیڤی شەڕە. کورد گەلێکە دوو جۆر شەڕی کردووە، شەڕێک بۆ مافەکانی لەگەڵ شەڕێک کە بەسەریدا سەپێنراوە، هەروەها شەڕی ناوخۆش! شەڕ لە دۆخی کورددا ئەو ئامرازە خوازراوە نییە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، بەڵکو ئامانجێکی ناچارییە.

بەڵام دیپلۆماسییش ئاسان نییە. نەیارانی کورد حەز دەکەن هەمیشە ئامرازی کورد شەڕ بێت نەک دیپلۆماسی، چونکە شەڕ لە زۆربەی کاتدا بۆ کورد جەنگێکی ناهاوتا دەبێت، چونکە کورد بەشێک نییە لە سیستەمی نێودەوڵەتی تا بە ئاسانی ناتوانێت ڕەوایەتیی شەڕ و ئامرازەکانی جەنگی دەست بکەوێت.

بۆیە، وەک چۆن جەنگ ئامرازی بونیادنانی دەوڵەت بووە لە مێژوودا، بە هەمان شێوە، دیپلۆماسییش ئامرازی بونیادنانی دەوڵەتە وەک چارلس تیللی لە مێژووی ئەورووپادا پێمان دەڵێت: بە تایبەت لە تێزی شەڕ دەوڵەت دروست دەکات و دەوڵەت شەڕ دەکات، چونکە جەنگ پێویستی بە هەوڵ و ڕێکخستن و ڕاهێنان و

یەکبوون و بونیادی هێز و سیستەم هەیە، لە ئەنجامدا بنەماکانی دەوڵەتداریی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە ئاراوە، بە تایبەت ئەگەر بووبێتە مایەی مۆنۆپۆلکردنی توندوتیژی، کە بنەما سەرەکییەکەی دەوڵەتە بە پێناسە بەناوبانگەکەی کۆمەڵناسی ئەڵمانی، ماکس ڤیبەر. کورد ئەگەر جەنگ مایەیماڵوێرانییە بۆی، ئەوا دەبێت هێندەی جەنگ بایەخ بە بواری دیپلۆماسی بدات.

لە هەمان کاتدا، لە ڕوویەکی ترەوە دیپلۆماسی فێربوونی چۆنێتیی پەیوەندیکردنە بە دونیاوە بە ئامانجی سوودبینین. دیپلۆماسیی کوردی لە ڕێگای چالاکبوونی زیاتر و فرەکردنی کەناڵەکانیەوە دەتوانێت ئەزموون کەڵەکە بکات لەپێناو بەدەزگاییکردن و نیشتمانیکردنی ئەم بوارەدا. دیپلۆماسیی پەرلەمانی بوارێکە کە کورد وەک گەلێک و خاوەن کێشەیەک بە دونیاوە دەبەستێتەوە، ئەوەش لە ڕوانگەیەکی پڕ دینامیکی سەردەمییانەوە.

جگە لە ڕۆڵی نوێنەرایەتی و داکۆکی و ناساندن و بونیادی، پەیوەندیی دیپلۆماسی گەلێک ڕۆڵی تری هەیە و لەگەڵ گۆڕانی دونیادا هەتا دێت ڕۆڵ و بواری تری نوێی دێتە سەر. لە ڕاستیدا یەکێک لە پێناسە باوەکانی دیپلۆماسی بریتییە لە ئیدارەدانی گۆڕان یان گۆڕانکاری. لە دونیای ئەمڕۆدا شتەکان بە خێرایی ڕوو دەدەن، بە خێرایی دەگەن و بە خێرایی دەڕۆن. لە هەناوی ئەم خێراییەدا ئەگەر دەستوبرد و چوست و چالاک نەتوانیت ئامانجی خۆت بپێکیت، ئەوا هەر زوو دەستبەتاڵ دەبیت. ئیدارەکردنی گۆڕان لە دونیای ئەمڕۆدا ڕەنگە قورسترین کار بێت، چونکە هیچ ڕووداوێک نییە لە جێگایەکی دونیا ڕوو بدات، دابڕاو لە جێگاکانی تر. بەم پێیە، هیچ ڕووداوێک نییە کە بەرژەوەندیی زلهێزە جیهانییەکان و هێزە کاریگەرە ناوچەییەکانی تێدا نەبێت، یان هەوڵ نەدرێت لە لای ئەوانەوە بەکار ببرێت. چونکە بە هۆی گەشەی تەکنەلۆجیاوە، هەم

ڕووداوەکان دابڕاو نین و هەم بەکاربردنیان.

بەم پێیە دیپلۆماسی، یەکەم پرۆسەیە، دووەم، پەیوەندیگەرایی سیاسییانەیە، سێیەم، ئاسانە. ئەم فرەڕەهەندی و فرەئاستییەی دیپلۆماسییە لە ئەمڕۆدا وایزمان ناوی دەنێت دیپلۆماسیی پۆلیلاترالێزم یان فرەلایەنی.

## دیپلۆماسیی پەرلەمانی چۆن بەرجەستە دەبێت؟

یەکەم لە ئاستی دەزگادا، پەرلەمان دەتوانێت لە دیپلۆماسیی پەرلەمانیدا بەشدار بێت لە ڕێگای واژۆکردنی ڕێککەوتن و بڕیارە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها پەرلەمان دەتوانێت لە ڕێگای ئامرازەکانی خۆیەوە وەک پرسیارکردن، بوونی لیژنەی تایبەت بە بواری دیپلۆماسیی پەیوەندیی دەرەوە، کە لە کەیسی کورددا دەشێت ڕەوەندی کوردییش بەشێک بێت لێی، هەروەها لە ڕێگای ڕێگەپێدان و ڕێگرییەوە دەتوانن بەشێک بن لە پرۆسەی بەڕێوەچوونی دیپلۆماسی. هەروەها هەندێک بوار هەن کە کاری سەرەکیی پەرلەمانن، وەک بوودجە، داڕشتنی یاسا، چاودێری، دەشێت هەموویان ڕەهەندی دەرەکی و دیپلۆماسییان هەبێت. بۆ نموونە، بوودجە تەنها پرسێکی ناوخۆیی نییە، هەموو ئەو وڵاتانەی کە دەیانەوێت بازرگانی لەگەڵ کوردستاندا بکەن، بە بایەخەوە تەماشای بوودجە و پلانی بوودجە دەکەن؛ چونکە ئابووری و بازرگانی پرسێکی هەرە سەرەکیی نێودەوڵەتانن و باڵوێزخانە و قونسلگەرییەکان بەشی ئابوورییان یەکێکە لە هەرە بەشە چالاکەکانیان.

دووەم، لە ئاستی دیپلۆماسیدا بە گشتی چوار بوار هەن کە پەرلەمان دەتوانێت کاری دیپلۆماسییان تێدا بکات.

یەکەم، دیپلۆماسیی دوولایەنە. ئامانج لەم جۆرە لە دیپلۆماسی، پەرەدانە بە پەیوەندیی نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانێکی

تر، ئایا پەرلەمانەکەی تر پەرلەمانی هەرێمە یان نیشتمانی. ئەم جۆرە بە گشتی پێی دەوترێت بایلاترالّ. ئەم جۆرە پەیوەندییە کردنەوەی دەرگایە بۆ کورد هەتا لە دۆخی قەیران و ململانێشدا بتوانێت دەریچەیەکی هەبێت. چونکە پەرلەمان بە سروشتی خۆی، لە هەر کوێی دونیا بێت، کۆکەرەوەی جیاوازەکانە، بۆیە هەمیشە دەرفەتی ئەوە دەبێت کە پەیوەندی دروست بکرێت.

دووەم، دیپلۆماسیی مەڵتی-لاترالّ، یان فرەلایەنی. ئەم جۆرە دیپلۆماسییەتە بریتییە لە دروستکردن و پەرەدان بە پەیوەندیی پەرلەمان بە دەزگا و ناوەندە نێودەوڵەتییەکانەوە، وەک پەرلەمانی ئەورووپا، ناتۆ، هەروەها لەگەڵ ناوەندە پەرلەمانییە جیهانییەکانی وەک ئەنجوومەنی پەرلەمانە نێودەوڵەتییەکان. بە گشتی، ئەم پەیوەندییانە لە لایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە بە ڕێوە دەبرێن لەگەڵ بوونی شاندێکی پەرلەمانی لەگەڵیدا. هەروەها لە ئاستی هەرێمیدا کۆبوونەوەی پەرلەمانی هەیە لە ئاستی جیاوازدا؛ بۆ نموونە، کۆنفرانسی سەرۆکی پەرلەمانەکان، یان کۆبوونەوەی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، بە تایبەت لە هەندێک بواری بان-نیشتمانیدا، وەک: تیرۆر، ئاسایش و مافی مرۆڤ. پێویستییەکی هەنووکەییە کە پەرلەمانی کوردستان ببێتە ئەندامی زۆربەی ڕێکخراوە پەرلەمانییەکانی دونیا. ئەندامێتی دەرفەتی زۆر دروست دەکات بۆ پەیوەندی و هەماهەنگی و گۆڕینەوەی ئەزموون و زانیاری و ڕاهێنان و زۆر بواری تر.

لە ئاستێکی تایبەتدا، پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت چەندین گرووپی تایبەت دروست بکات لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا. بۆ نموونە، گرووپی ئەندام پەرلەمانە کوردستانییەکانی وڵاتانی تر. لە چەندین وڵاتانی دونیا ئەندام پەرلەمانی کورد و کوردستانی هەن، دەتوانرێت گرووپێکی تایبەتیان بۆ دروست بکرێت و دیداری ساڵانەیان لەگەڵدا ئەنجام بدرێت. چونکە لە ڕێگای ئەوانەوە

دەتوانرێت پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمان و لیژنەکانی ئەو وڵاتانەدا دروست بکرێت. ئەمە سەرباری ئەو تەقیلدە باوەی کە گرووپی هاوڕێیەتی و دۆستایەتیی پەرلەمانی دروست دەکرێت کە ئێستا لە چەند وڵاتێک هەیە. پەرلەمان جگە لە ئاستی دەزگایی، هەروەها دەتوانێت لە ئاستی پرس و قەیرانەکاندا گرووپ و پەیوەندیی هەبێت؛ پرسەکانی وەک وزە، ژینگە، مافەکان، ئاسایش، نەخۆشییەکان، کۆچ و زۆر بواری تر دەتوانرێت پەیوەندی و گرووپی تایبەتیان بۆ دروست بکرێت.

**بۆچی پەرلەمانی کوردستان دەبێت لە ڕووی دیپلۆماسییەوە چالاک بێت؟**

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت قسە لەسەر دیپلۆماسییەت بکەین، وەک ڕشتەیەکی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی، هەروەها چۆن دیپلۆماسییەتی نوێ گەشەی کردووە و بواری بۆ ناوەندێکی ناوچەیی نادەوڵەتی وەک پەرلەمان ڕەخساندووە کە بتوانێت لە ڕووی دیپلۆماسییەوە چالاک بێت. کەواتە ئارگومێنتی ئێمە ئەوەیە کە پەرلەمانی کوردستان، وەک پەرلەمانێکی هەرێمی، بە گۆڕانی شێوازی پەیوەندی و دیپلۆماسی لە جیهاندا، لەگەڵ فرەچەشنبوونی ئەکتەرەکانی دیپلۆماسییەت و شێوازەکانی گوزارەکردن لە دیپلۆماسییەت، نەک هەر دەتوانێت ئەکتەرێکی دیپلۆماسی بێت، بەڵکو لە زۆر ئەکتەرەکانی تر، زەمینەی لەبارترە.

لە هەمان کاتدا ڕەهەندی زۆری نوێ هاتوونەتە ئاراوە کە دەزگای پەرلەمان دەتوانێت پەرەیان پێ بدات لە پتەوکردن و چالاککردنی دیپلۆماسییەکی دەزگایی نیشتمانی، لە ژێر ڕۆشنایی گەشەی بەردەوامی بواری دیپلۆماسی لە سەدەی بیستویەکدا، لەمیانەی گۆڕانکارییە سیستەمی و یەکەیی و ئابووری و تەکنەلۆجی و مەعریفییەکاندا.

پەرلەمان دەبێت چالاک بێت، چونکە هەڵگری کۆمەڵێک بەهایە

که لە ناوەندە دیپلۆماسییەکاندا سەنگی دەداتێ، ئەم بەهایانە وەک: نوێنەرایەتیی خەڵک، دیموکراسی، پێکەوەبوونی جیاوازەکان، ئینکلیوسیڤ.

لە هەمان کاتدا پەرلەمان لە نێو کایەی دیپلۆماسیدا دەستکراوەترە، چونکە ڕاستەوخۆ جێبەجێکەر نییە. ئەم دوورییە بواری زیاتر دەکاتەوە کە بە شێوازێکی هێمنتر و فشاری کەمتر کاری دیپلۆماسی بکرێت.

ئەگەر دیپلۆماسیی دەزگا تایبەتەکان بە کاری دیپلۆماسی تەنها لە هەناوی پەیوەندییەکانی دەرەوە و دەسەڵاتی جێبەجێکردندا دەمێنێتەوە، ئەوا پەرلەمان دەتوانێت لە پاشەوە فشار بکات لە خزمەتی ئەم پرۆسەیەدا.

## دەرچوون لە تەوقی جوگرافیا

یەکێکی تر لە ڕەهەندە گرنگەکانی دیپلۆماسی بریتییە لە ڕێگایەک بۆ دەرچوون لە تەوقی جوگرافیا. هەرێمی کوردستان لە جێگایەکی داخراودایە، هیچ بەندەرێکی لەسەر دەریا نییە. ئەم دۆخە لە زۆر ڕووەوە بووەتە هۆی لاوازیی پێگەی کورد. کورد بە هۆی ئەم دۆخە لاندلۆکە جوگرافییەوە هەمیشە وابەستەیە بە پەیوەندی لەگەڵ یەکێک لە وڵاتانی دراوسێ. لەبەر کۆمەڵێک هۆکار، ئەم جۆرە پەیوەندییە هەتا ئەمڕۆ پەیوەندییەکی ئاسان نەبووە، لە نێوانیاندا ئامانجی هاوبەشی وڵاتانی ئیقلیمی لە بەپەراوێزهێشتنەوەی کورد لە ناوچەکەدا. دیپلۆماسی تەنها ڕێگایە بۆ دەرچوون یان زاڵبوون بەسەر ئەم ڕێگرە گەورەیەدا. بوونی پەیوەندیی دیپلۆماسی بە دوو ڕێگا کاریگەریی لەسەر شکاندنی ئەم تەوقە هەیە.

یەکەم، لە ڕێگای دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دراوسێکاندا، دووەم لە ڕێگای دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا کە کاریگەریی لەسەر چۆنێتیی پەیوەندی لەگەڵ دراوسێکاندا هەیە.

هەتا هەرێمی کوردستان پەیوەندیی لەگەڵ دەرەوەدا باش بێت، پەیوەندیی لەگەڵ دراوسێکانیشیدا باشتر دەبێت. بە پێچەوانەوە، هەتا پەیوەندیی لەگەڵ دەرەوەدا خراپ بێت دابڕاو بێت لە دونیای دەرەوە، ئەوا پەیوەندیی لەگەڵ درواسێکانیشیدا لاواز دەبێت. وڵات و هەرێمە لاندلۆکەکان دەبێت هەوڵی دیپلۆماسیی زیاتر و چڕتر بدەن، چونکە دۆخی لاندلۆک، ڕاپۆرتەکانی ئای ئێم ئێف و بانکی نێودەوڵەتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە نەبوونی دەروازە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر دەریا، یان بازاڕی جیهانی، کاریگەریی نەرێنیی هەیە لە چۆنێتیی گەشەی دەزگا و سیستەمی حکومڕانی لە وڵاتە داخراوەکاندا.

ڕەهەندێکی تری دیپلۆماسی بریتییە لە ناسنامە. هیچ گەلێک نابێتە خاوەن هیچ جۆرە دیپلۆماسییەکی تۆکمە ئەگەر خاوەن ناسنامەی خۆی نەبێت. ناسنامە بە گشتی دوو ئاستی هەیە، تۆ خۆت کێیت، لە لایەک، ئەوی تر تۆ چۆن دەبینێت. هەروەها تۆ خۆت کێیت لە بەرامبەر ئەویتردا، چەند ئەویتری دراوسێ یان بیانی کاریگەریی هەیە لەسەر ئەوەی تۆ کێ بیت؟ چۆن خۆت دەخوازیت خۆت کێ بێت بەبێ ئەویتر؟ هیچ گەلێک بەبێ ئەویتر بوونی نییە. کەواتە ئایا لە پەیوەندی لەگەڵ ئەویتردا دەبێت چ ڕەفتارێک بگۆڕێت بۆ ئەوەی، ئەوەی دەیخوازێت بە دەستی بهێنێت. ئایا دەبێت هەڵسوکەوت بگۆڕێت، دەبێت ناسنامە بگۆڕێت؟ ئایا پەیوەندی لەگەڵ ئەویتردا پرۆسەیە، یان دەرفەت؟ بە مانایەکی تر، ئایا پەیوەندیی سەقامگیر بوونی هەیە، یان پەیوەندییەکان هەمیشە لە ناسەقامگیری و هەڵبەزودابەزدان؟

بۆ کورد، دیپلۆماسیی پەرلەمانی کە دیپلۆماسیی گشتی و کەلتووری و نوێ و دەزگایی و نیشتمانی لە خۆی دەگرێت، گرنگترین بوارە کە هاوکاریی دەکات بۆ دەستکردن بە بونیادنانی ناسنامەیەکی تۆکمەی گەردوونیی سەردەم، کە هاوکاری بێت

له هێنانەئارای پەیوەندییەکی دیپلۆماسیی سەردەمییانە. ئەگەر پێناسەی باوی دیپلۆماسیی کەلتووری وەربگرین، ئەوا بریتییە لە گۆڕینەوەی بیر و زانیاری و بەها و سیستەم و کەلەپوور و باوەڕ و لایەنەکانی تری کەلتوور بە ئامانجی بونیادنانی لێکگەیشتنێکی هاوبەش. بەم پێیە، هەموو پێکهاتە ژیارییەکانی خەڵکێک بنەمای پێکەوەگرێدان و لێکگەیشتن و خۆناسینی گەلێکە لەگەڵ گەلێکی تردا. ناسنامەی کورد مێژوو و جێگا و سەربوردە و توانا و ژیاری کورد و کوردستان دیاری دەکەن. گەلان بەپێی دیدی کیسنجەر گیرۆدەی دیرۆک و جێگاکانیانن، ئەرکی دیپلۆماسی ئەوەیە کە لەم قەدەرە ڕزگاریان بکات.

## قەیرانەکانی دیپلۆماسیی کوردی

جیۆپۆلەتیکی کوردستان ئاڵۆز و لاوازە. بەشێکی لە جیۆپۆلەتیکی ناتۆدایە، بەشێکی لە جیهانی عەرەبی، بەشێکیشی لە ئێران. دەکرێت هەریەک لەم بەشانە وەک قووڵایی ستراتیژیی هەرێمی کوردستان ببینرێت، ئەمە ئەگەر کوردستان پێگەیەکی بەهێزی هەبێت. بە پێچەوانەوە، ئەگەر کوردستان لاواز بێت، ئەوا هەریەک لەم پارچانەی تری کوردستان وەک فشار بەکار دەهێنرێن. ئێستا ئەم جیۆپۆلەتیکە بە خێرایی دەگۆڕێت. کورد زیاتر و زیاتر دەبنە هێز و ئەکتەر لە ناوچەکەدا. بەڵام هێشتا عەقڵی جیۆپۆلەتیکیی کوردستان لاوازە، هێشتا وێنای هیچ جۆرە یەکبوون و پێکەوەبوونێک نییە. بەڵکو زیاتر ترس و پەرتبوون هەیە. لە کاتێکدا دەرفەتە بۆ بوونی کورد بە هێزێکی تۆکمە و گەورە، لە هەمان کاتدا کورد لە هەموو کەس زیاتر لە خۆی دەترسێت. ئەمە هەموو لەبەر ئەوەی هێشتا تێڕوانین بۆ سیاسەت بە پێوەرەکانی سەدە ناوەندییەکانە.

دیپلۆماسیی کورد لە قەیراندایە. کرۆکی سەرەکیی ئەم قەیرانە

پەرتەوازەییە. پەرلەمان دەتوانێت ئەو ناوەندە بێت کە تۆڕێک بۆ ئەم جیاوازانە پێک بهێنێت و لەبری لەیەکترترسان، بیانکاتە بونیادی پێکەوەبوونی هێز. هێشتا لە نێوان هێزە کوردییەکاندا هونەری بەرهەمهێنانی هێزی نیشتمانی نەهاتووەتە ئاراوە. بۆ ئەوەی هێز بەرهەم بهێنرێت، دەبێت سەرجەم توخمەکانی لە وڵاتدا گەشەیان پێ بدرێت. توخمەکانی هێز بریتین لە مێژوو، جوگرافیا، دیموگرافیا، کەلتوور، کە وەک توخمە نەگۆڕەکان دەبینرێن. لە هەمان کاتدا توخمە گۆڕاوەکان بریتین لە توانای ئابووری، توانای تەکنەلۆجی و توانای سەربازی.

دیارە هەریەک لەم توخمانەی هێز بە جودا پەیوەندییان بە دیپلۆماسییەوە هەیە، هەروەها هەموویان پێکەوە، ئەگەر بتوانرێت پێکەوە گرێ بدرێن، ئەوا دەبنە سەرچاوەی هێزی نیشتمانی کە بنەمای هەر پەیوەندییەکی دیپلۆماسییە. دیارە هەریەک لە توخمە پێکهێنەرەکانی هێز بوارێکی ئاڵۆز و گرێ دراوە بە جۆری هەڵسوکەوت و توانای تاک و کۆمەڵی نەتەوەیەک. ئێمە لێرەدا ناتوانین بە جودا باس لە پەیوەندیی کەلتوور و دیپلۆماسی بکەین، هەروەها ناتوانین باس لە وزە و ئابووری و پێگە و باوەڕ بکەین لە پەیوەندیدا بە لەقاڵبدانی دیپلۆماسییەوە. دیارە وەک هەمیشە چەندێک ناسینی ئەم توخمانەی هێزی خود گرنگە، ناسینی توخمەکانی هێزی ئەویتریش هێندە گرنگە، چونکە وەک دەردەکەوێت، دیپلۆماسی کارێکی پەیوەندیگەرایە، بۆیە ناسینی ئەویتر دەبێتە هۆی باشتر پەیوەندیکردن و سوودبینینی هەردوو لا.

## سیستەمی ناوچەکە و کورد

ئۆردەر یان ڕێکخستن یەکێکە لە خەسڵەتەکانی سیستەم. کۆمەڵێک وڵات دەتوانن لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بەرژەوەندیی هاوبەش جۆرێک لە ئۆردەر ڕێک بخەن کە پێکەوە دەتوانن بۆ یەکتری دەستەبەر بکەن. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەت لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، نەیارێتیی کورد بووە بە یەکێک لەو بەرژەوەندییە هاوبەشانە کە ئەم وڵاتانە لە نێوان خۆیاندا لەسەری کۆک دەبن. لە ئەنجامدا پێکەوەبوونێک لە دیپلۆماسیی نەیارێتیی کورد لە نێوان ئەم وڵاتانەدا سەرهەڵدەدات. تێکشکاندنی ئەم ڕێکخستنە ئاسان نییە، کاتێک هەر وڵاتێک بە قازانجی خۆی دەزانێت کە نەیارێتیی کورد بکات. ئەگەرچی لە مێژوودا ڕووی داوە کە وڵاتانی ناوچەکە پشتیوانیی هێزێکی کوردی دەکەن دژ بە وڵاتێکی تری دراوسێ، بەڵام لە ئەنجامدا هەرگیز پشتیوانی نەبووە بۆ گەیشتنی کورد بە ئامانجەکانی، بەڵکو تەنها وەک کارتێکی فشار و دەستکەوتنی دەستکەوتی زیاتر بووە لە نێوان ئەم وڵاتانەدا. ئەم ئۆردەرە ناوچەییە پێودانگی نێودەوڵەتییشی هەیە. هەر وڵاتێک لە دونیادا پرینسیپی سەرەکیی ئەوەیە کە ئایا چۆن بەرژەوەندیی زیاتر بۆ خۆی دابین بکات. لەم ڕوانگەیەوە، کاتێک پشتیوانیی کورد دەکرێت کە بەرژەوەندیی نەیارانی کورد کەمتر بێت یان نەبێت. ئەمە لە پرۆسەی ددانپێدانانی دەوڵەتی کوردیدا، لە ڕووی هایپۆسیستەوە (فەرەزیەتەوە) دێتە ئاراوە. وڵاتێک کاتێک پشتیوانیی دەوڵەتی کوردی دەکات کە ئەو پشتیوانییە زیان بە بەرژەوەندییەکانی نەگەیەنێت لەگەڵ وڵاتانێک کە نەیاری دەوڵەتی کوردین. ئەمە بە تایبەت بۆ وڵاتانی ناوچەکە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. بە مانایەکی تر، بۆ نموونە، ئەڵمانیا، فەڕەنسا، ئەمەریکا، کاتێک بیانەوێت پشتیوانیی

دەوڵەتی کوردی بکەن، بەڵام ئەو پشتیوانییەیان ببێتە هۆی زیانی ئابووری و سیاسی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە دژ بە دەوڵەتی کوردین (ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا بەش کراوە) ئەوا هەر زوو پاشەکشێ دەکەن.

چۆن دەتوانین لەم تۆڕی جاجۆڵکەیە دەربچین؟ دیپلۆماسیی پەرلەمانی یەکێکە لەو ڕێگایانە. سیستەمی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەیرانی دەوڵەت لە ناوچەکەدا وەک دەرفەتێکە بۆ پەرلەمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها پەرلەمانی کوردستان وەک پەرلەمانێکی هەرێمی دەزگایەکی دەگمەنە ئەوەی دەگمەنترە، پەرلەمانێکە کە ڕۆڵی ڕاستەقینەی پەرلەمان ببینێت. باشترین پەرلەمان دەکرێت پەرلەمانی وڵاتانی وەک کوێت، لوبنان و ئوردن بن، ئەمە ئەگەر ئیسرائیل و تورکیا بەدەر بگرین لە نەخشەی ناوچەکە، چونکە هەردوو خاوەن پێگە و سیستەم و کەلتووری جیاوازن.

هەروەها ئەم پێوەرە بۆ زۆرێک لە وڵاتانی تری ناوچەکە ڕاستە. بە مانایەکی تر، باڵاترین ئاستی دیموکراسی لە ناوچەکەدا نیمچەدیموکراسییە. نیمچەدیموکراسی ئاستێکی خراپ نییە ئەگەر ڕێگریی لێ نەکرێت و ڕێگەی پێ بدرێت گەشە بە خۆی بدات. چونکە سروشتی پەرلەمان لە ناو کایەی دیموکراسیدا بریتییە لە زیندوێتی. پەرلەمانی زیندوو ئەو پەرلەمانەیە کە لە پەیوەندییەکی ڕاستەقینەدایە لەگەڵ خەڵک و حکومەتدا لەپێناو دابینکردنی پێداویستییە ژیاری و ژیانییەکان بە ئاست و شێوازی باشتر. پەرلەمان ناتوانێت هەبێت ئەگەر دیموکراسی لە ئارادا نەبێت. پەرلەمانی تاک حیزبی و نادیموکراسی هەیە، بەڵام ئەوە پەرلەمان نییە. ئەگەر یەکێک لە ڕۆڵەکانی پەرلەمان قسەکردنە، بەپێی مانا فەرەنسییەکەی وشەکە، ئەوا قسەکردن بوونی نابێت کاتێک ڕای جیاواز و دیدی جیاواز و بەرژەوەندیی جیاواز لە

ناو هۆڵی پەرلەماندا وەک نموونەی زیندووی کۆمەڵگا ڕەنگی نەدابێتەوە. دۆخێکی وەها کاتێک دێتە ئاراوە کە ئازادی بەرقەرار بێت و زانیاری لە کۆمەڵگادا بگاتە دەست هەموان. بەڵام سەرباری ئەمانە، پێویستە ڕێکخستن و ڕێکخراوی هەبێت لە شێوەی حیزب یان هەر شێوازێکی تری مۆدێرن کە نوێنەری دید و بەرژەوەندییە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بن. هەرچەندە دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە دیموکراسیی حیزبی لە قەیراندایە. پیتەر مایەر لەم بوارەدا هەندێک کاری ناوازەی کردووە. مایەر باس لە دۆخی نێگەتیڤی پارتی سیاسی دەکات لە ناو کایەی سیاسەتدا.

دۆخی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە دۆخی داڕووخانە لە زۆر بواردا، بە تایبەت لە بواری دەوڵەتدا، زەمینە دەڕەخسێنێت بۆ سەرهەڵدانی هێزەکانی ناو کایەی دەوڵەت. دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جۆرە دەوڵەتێکە کە وەک دیوارێک وەها بووە لە نێوان کۆمەڵگا و دونیادا. بە ڕووخانی ئەم دیوارە، کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ڕووی دونیا دەکرێنەوە. دیارە ئەم کرانەوەیە کرانەوەیەکی نێگەتیڤە، چونکە کرانەوەیەکە لە ئەنجامی شکست و داڕووخان، نەک لە ئەنجامی بەدەستهێنانی توانا و کارابوون.

شکستی دەوڵەت لە عێراق ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای پارادیپلۆماسی و پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگای دیپلۆماسیی پەرلەمانییەوە زیاتر ئامادەیی و سەنگی خۆیان لە دونیادا بسەپێنن.

ئەم دۆخە ئاڵۆزە، بە تایبەت قسەی زۆر لە بەئەفریقاییبوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە. بەئەفریقاییبوون یانی بێتوانایی بونیادیی دەوڵەت بۆ گەڕانەوە یان گەیشتن بە دۆخی یان ئاستی دەوڵەت. لێرەوە دەوڵەت لە دەزگایەکی چارەسەرەوە دەبێت بە دەزگایەکی سەرچاوەی قەیران. بەئەفریقاییبوونی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست واتە بوونی توندوتیژی بە مۆد، بە شێوازی هەرە باوی حوکمڕانی ، هەروەها دەرئەنجامی ئەمە بەرهەمهێنانی مرۆڤی بێلانەیە. ئەمڕۆ ئاوارەبوون و بێلانەیی خەسڵەتێکی سەرەکیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. خەسڵەتێکی تر سەرهەڵدانی گرووپی توندڕەو و توقێنەرە، وەک شێوازی حکومڕانی کە لەسەر هەڵپە و پەلامار و تالانی دەژین. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک ئەفریقا، هەتا ئێستا جگە لە تالانی، هیچ مۆدێلێکی تری سیستەمی ئیدارەی سامانی بە خۆیەوە نەدیوە. ئەمە لە کاتێکدا مەترسییە، چونکە ئێمەش زۆربەی ئەم خەسڵەتانەمان تێدایە، لە هەمانکاتدا دەرفەتە بۆ ئەوەی جودا بین.

## دیپلۆماسیی پەرلەمانی چییە؟

دیپلۆماسیی پەرلەمانی وەک دیاردە نوێیە، بەڵام سەرباری ئەوە، مێژوویەکی درێژی هەیە. هەندێک دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی ڕۆمانەکان. ئەندامانی سێنەتی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی بە تایبەت هەردوو ڕۆڵی ئاشتیکەر و جاردەری شەڕیان گێڕاوە. ئەمە لە سەردەمی فلیپی پێنجی ماسادۆنی لەساڵی ٢٠٥ی پێش زاییندا ڕووی دا. دیپلۆماسیی پەرلەمانی زاراوەیەکی تایبەتی هەیە کە پێی دەوترێت پارلۆماسی. هەندێک لێکۆڵەر کاری دیپلۆماسیی پەرلەمان بەسەر دوو تەوەرەدا دابەش دەکەن: یەکەم لە ناوەوەی وڵات، دووەم لە دەرەوەی وڵات. دیپلۆماسیی پەرلەمانی وەک لە ناوەکەیدا دیارە، بریتییە لە هەستانی پەرلەمان بە کاری دیپلۆماسی. بۆ ڕەنگڕێژکردنی سەرەتایەک بۆ ئەم دیاردەیە، سوود لە توێژینەوەیەکی نۆربێرت گۆتز وەردەگرین.

لای گۆتز زۆر جار دیپلۆماسیی پەرلەمانی وەک ناونیشانێک بەکار دەهێنرێت بۆ کەسێکی سەر بە پەرلەمان کاتێک کارێکی دیپلۆماسی دەکات. بەپێی ڕابی ڕەی، سەرۆکی خانەی دووەمی

پەرلەمانی هیندی، دیپلۆماسیی پەرلەمانی دەشێت بە مانای هەستانی ئەندامانی پەرلەمان بە کاری دیپلۆماسی بێت، بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ، وەک دیپلۆمات، یان پەرلەمان بە شێوەیەکی چالاک بەشدار دەبێت لە دارِشتنی سیاسەتی دەرەوەدا. لە دۆخی کوردستاندا دەشێت کەسی سەرۆکی پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتی کاری دیپلۆماسیی ڕۆژانە بکەن، کە ئێستا لە ڕێگای سەردانی نوێنەرانی وڵاتانی ترەوە ڕوو دەدات. بەڵام هاتنی شاند و دیپلۆماتکار بۆ گەیاندنی پەیام یان دەستکەوتنی زانیاری، تەنها یەک لایەنی کاری دیپلۆماسییە. نە پرۆسە دەهێنێتە ئاراوە، نە پێکەوەگرێدان لە ڕێگای پەیوەندیگەرا، نە سیاسەتکردنە بە مانا مۆدێرنەکەی. پەرلەمان لە کوردستان وەک دەزگایەک دەتوانێت و پێویستە کاری دیپلۆماسی بکات، چونکە دیپلۆماسیی گشتی تەنها لە ڕێگای پەرلەمانەوە فەراهەم دەبێت، هەروەها لە دۆخی ئێستای کوردستاندا دیپلۆماسیی دەزگایی، کە بنەمای هێنانەئارای پرۆسەیە لە پەیوەندیی دیپلۆماسیدا، تەنها دەتوانرێت لە ڕێگای پەرلەمانەوە فەراهەم بکرێت. لە لایەکی ترەوە، لەبەر گرنگیی پێگەی پەرلەمان وەک ناوەندێک کە سیمبولە بۆ دەسەڵاتی خەڵک و دیموکراسی و شەرعییەت، چالاکبوونی ئەم دەزگایە دەبێتە هۆی بەخشینی ڕووی دیموکراسیبوون و شەرعیبوون و نوێنەرایەتیکردنی خەڵک، کە لە جوگرافیایەکی سیخناخ بە دیکتاتۆری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دیاردەیەکی دەگمەن و سەرنجڕاکێش دەبێت کە لە ئەنجامدا سەرمایەیەکی ڕەمزیی بەهێز دەبێت بۆ کوردستان و هەروەها پشتیوانێکی تۆکمەی دیپلۆماسیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت کە خۆی لە شێوازی پارادیپلۆماسیدا دەبینێتەوە.

یەکێکی تر لە گرنگییەکانی بەشداریی چالاکانەی پەرلەمان لە کاری دیپلۆماسیدا بریتییە لە بوونی دایەلۆگ و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی زیاتر لە لایەنێک پێش بڕیاردان، بۆ ئەم مەبەستە،

نموونەی پورتوگال دەهێنرێتەوە.

پاش ڕزگاربوونی لە دیکاتۆری لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا، پورتوگال ئەو ڕۆژگارە، کە ڕۆژگاری جووتجەمسەریی جەنگی سارد بوو، کەوتە بەردەم دووڕییانێک: ئایا لایەنی ڕۆژهەڵات هەڵببژێرێت یان ڕۆژئاوا. لایەنگرانی هەردوو لا بەهێز بوون، لە ئەنجامدا پاش دایەلۆگ و لەیەکگەیشتن و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی وڵات، پورتوگال سۆشیال دیموکراسیی هەڵبژارد، کە نە ڕێگایەکی سۆڤییەتی بوو، نە ئەمەریکایی، بەڵکو ڕێگایەکی ئەورووپایی بوو. بەم شێوەیە، وڵات لە دەستی زلهێزەکان دوور خرایەوە کە تەنها مەبەستیان بەرژەوەندیی خۆیانە. بۆ زانیاریی زیاتر، بنواڕە دانیال فیوت.

ئەم نموونەیە پێمان دەڵێت کە بەرژەوەندیی وڵات کاتێک دەتوانرێت لەبەرچاو بگیرێت کە سەرجەم هێزەکانی وڵات تێیدا بەشدار بن و بە بەرژەوەندیی خۆیان بزانن. ئەمە قەیرانێکی قووڵی ترسناکە لە دیپلۆماسیی کوردیدا کە حیزبی کوردی بەدەر لە چوارچێوەی یاسایی و حکومی پەیوەندیی خۆی پێک دەهێنێت، زۆر جاریش تەنها بۆ ئامانجی خۆی، هەروەها بە هۆی تایبەتمەندیی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکەوە هەندێک جار دژ بە هێزی تری کوردی. هێشتا حیزبی کوردی حیزبێکی تری کوردی بە مەترسییەکی وجودی دادەنێت بۆ سەر خۆی. ئەمە وای کردووە کە دایەلۆگ وجودی نەبێت، لەیەکگەیشتن و بڕیاری نیشتمانی لە ناو کایەی سیاسیی حیزبی کوردیدا ون بن. ئەم ڕاڕاییە ئاسایشییە، ئەم ترسە لە فەنابوون لە ڕێگای دیپلۆماسیی پەرلەمانییەوە کۆتایی پێ دەهێنرێت بە هاوسەنگیکردن لە نێوان بەها و بەرژەوەندیدا. دیارە حکومەت کەمتر بایەخ بە بەها یۆتۆپی و باڵاکان دەدات، زیاتر سەرقاڵی ئەو کارانەیە کە لە توانایدان. بەڵام پەرلەمان بە سروشتی زیاتر مەیلەو بەها یۆتۆپیاییەکانە. ئەمە زیاتر لەمیانەی

چالاککردنی پەرلەمانی وڵاتانی ترەوە کاریگەریی هەیە. ئەم ڕەهەندە بۆ کورد زیدە گرنگە، چونکە دۆخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێویستی بە خەیاڵێکی نوێیە دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. چونکە ئاشکرایە کە کێشەی کورد لە قاڵبە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چارەسەر نابێت.

## سوودەکانی دیپلۆماسیی پەرلەمانی

دیپلۆماسیی پەرلەمانی کۆمەڵێک سوودی هەیە:

یەکەم، بەدەزگاییکردنی کاری دیپلۆماسی. دیپلۆماسی لە ڕێگای دەزگاوە تاکە ڕێگایە هەتا کورد لە گرێکوێرەی دیپلۆماسیی شەخسی ڕزگار بکات. دیپلۆماسیی شەخسی بریتییە لە چالاکبوونی کەسێک لە بواری دیپلۆماسیدا لە ڕێگای کێشەی کوردەوە، بەڵام زۆر جار کێشەی کورد دەچێتە خزمەتی دروستکردنی ئەو شەخسە، نەک بە پێچەوانەوە. هەمیشە پشتبەستن بە دیپلۆماسیی شەخسی بواری دیپلۆماسی بەرتەسک دەکاتەوە؛ پاش نەمانی ئەو شەخسە، بۆشایی و لاوازی دروست دەبێت کە دەبێت جارێکی تر چاوەڕوانی بکرێت هەتا شەخسێکی تر دروست بێتەوە. دەزگا دەتوانێت لە ڕێگای پرۆسەوە، سوود لە توانای کەسەکان ببینێت بەبێ ئەوەی ببێتە دەسکەلای کەسەکان.

دووەم، بەنیشتمانیکردنی دیپلۆماسی. لەبەر هۆکاری مێژوویی و لاوازیی نەتەوەیی بوونی کورد و دروستنەبوونی بیری نیشتمانی بە مانا قووڵەکەی، مەبەستمان لێرەدا پاتریۆتیکە، زۆر جار دیپلۆماسیی کوردی دیپلۆماسیی پێش-مۆدێرنە. دیپلۆماسیی پێش-مۆدێرن نوێنەرایەتیی وڵاتەکەی نەدەکرد لە دەرەوە، بەڵکو نوێنەرایەتیی ئەمیر و پادشاکانی دەکرد. نوێنەرایەتیکردنی میر یان پادشا، لە سەردەمی کۆندا و

نوێنەرایەتیی سەرۆکی حیزب لە دونیای کوردیدا لە زۆر ڕووەوە هاوشێوەن. لە هەردووکیاندا خەڵک و خاکی کوردستان بێنوێنەرە، بوونیان تەنها لە قاڵبی خزمەتی بەرپرسی باڵادایە. ئەم قەیرانە سەرجەم نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە بە دەستیەوە دەناڵێنن. ئەوان دەبێت لەژێر چاودێری پەرلەماندا بن هەتا ببنە نوێنەری نیشتمان و خەڵک.

سێیەم، دیپلۆماسیی پەرلەمانی و دیپلۆماسی نوێ

دیپلۆماسی بە خێرایی شێوازی دەگۆڕێت، بوارەکانی فراوان دەبێت، ئەکتەرەکانی فرەچەشن دەبن. چالاکبوون و گەشەپێدانی دیپلۆماسیی پەرلەمانی هەنگاوێکە بۆ ڕاگەیشتن بەم بەرەوپێشچوونە خێرایانەی دونیای دیپلۆماسی. لە ڕێگای دیپلۆماسیی پەرلەمانییەوە دەتوانرێت سوود لە نەرمبوونەوەی دەسەڵات ببینرێت.

چوارەم، پەرلەمان لە هەر کوێی دونیا ئەمڕۆ لەگەڵ کۆمەڵێک بواردا کار دەکات کە چیدی بواری ناوخۆیی نین. بوارەکانی وەک مافە جیاوازەکان، ژینگە، ئاسایش، وزە، بازرگانی، تەندروستی و خوێندن هەتا دێت زیاتر و زیاتر جیهانی دەبن و گەشە و قەیرانیان لە جێگایەک ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە گەشە و قەیرانیان لە جێگایەکی تر.

پێنجەم، گەشەپێدانی کەلتووری دیپلۆماسی. دیپلۆماسیی پەرلەمانی شەفافترە لە دیپلۆماسیی وەزارتی دەرەوە. وەک دەزانرێت، دیپلۆماسییەت هەمیشە بڕێکی زۆری لە نهێنیدا بە ڕێوە دەچێت. بەڵام دیپلۆماسیی پەرلەمانی ناتوانرێت هێندە بە نهێنی ئەنجام بدرێت. شەفافبوون یارمەتیی دەوڵەمەندبوون و کرانەوەی بۆ ڕەخنە دەدات. لە هەمان کاتدا زەمینە دەسازێنێ بۆ ئەوەی زانیاری بگات و کاری تیۆریی لەسەر بکرێت. ئەمە بە تایبەت بۆ کورد گرنگە، چونکە پێویستی

به بونیادنانی پیاوی دەوڵەت و دیپلۆماتکارە کە بتوانن لە دونیادا لە ئاستی باڵا و بە شێوازی گونجاو داکۆکیی لێ بکەن.

یەکێک لەو ئارگومێنتانەی کە لە ناو لێکۆڵەرەوانی دۆخی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستاندا باوە، ئارگومێنتی نەبوونی ددانپێدانان یان ناسینەوەی نێودەوڵەتییە بۆ هەرێمی کوردستان. دەبێت هەرێمی کوردستان بە ئاقارێکدا بڕوات کە لە هەوڵی ئەوەدا بێت چۆن ناسینەوە لە ئاستی جیاوازدا بە دەست بهێنێت. ئەم هەوڵانەش وا دەکەن هەرێمی کوردستان بە جۆرێک هەڵسوکەوت بکات کە لە دونیادا مایەی ناسین و ڕێزلێگرتن بێت. هەرچەندە لە ڕووی لۆجیک و ڕاشناڵەوە دەبوو دۆخەکە وەها بوایە، بەڵام ئەفسووس، لە واقیعدا وەها نییە.

## پارادیپلۆماسی و پارلۆماسی

پارادیپلۆماسی بە مانای دیپلۆماسیی خوار دیپلۆماسیی فەرمی دێت. ئەم دیاردەیە هاوتەریبە لەگەڵ لامەرکەزیبوونی زۆربەی زۆری وڵاتانی دونیا بە شێوازی جیاواز. ئەم کۆتاییی ناوەندگەراییە هۆکاری زۆری لە پشتە، وەک قەیرانی دەوڵەت-نەتەوە، جیهانگیری، هەوڵ بۆ سوودمەندبوون لە ئابووریی جیهانی و شوناس. هاوتەریب لەگەڵ ئەمەدا، دەبینین شارەکانیش بەرەو ئەوە دەڕۆن کە ببنە کاراکتەر یان ئەکتەرێکی دیپلۆماسی. دیارە ئارگومێنتێک لێرەدا هەیە کە لە ڕاستیدا شار وەک یەکەیەکی سەربەخۆ، پێش سیستەمی دەوڵەت، یان پێش وێستڤیلیا، وەک یەکەیەکی خاوەن سیاسەتی دەرەوە مامەڵەی کردووە. زۆرێک ڕەچەڵەکی ئەمە دەگێڕنەوە بۆ شارە-دەوڵەتەکانی یونان و پەیوەندیی نێوانیان، هەتا شارەکانی سەردەمی ڕێنێسانس.

لێکۆڵینەوەی فراوانبوونی ڕۆڵی شار لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا

له لایەن دیر-پلویام و میلیسۆن، له بڵاوکراوەکانی ئینستیتوتی هۆڵەندی بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە.

پارادیپلۆماسیی هەرێم هێشتا لاوازە، چ له ڕووی ئامادەبوونی له دونیا، چ له ڕووی خیتاب و ئاستی نوێنەرایەتیکردنی، جگه له نوێنەرایەتیی حیزب و لایەنی تایبەت، کۆمەڵێکی زۆر کێشەی هەیە؛ بۆ نموونە، نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم هێشتا نەیانتوانیوه ڕەوەندی کوردی کۆ بکەنەوە و بیکەنه هێزێکی کارا. لەم بارەوە بێگومان پەرلەمان توانای باشتری دەبێت. له لایەکی ترەوە، ئایا حکومەتی هەرێم پارادیپلۆماسیی هەیه یان هەوڵی پرۆتۆدیپلۆماسی دەدات؟ پرۆتۆدیپلۆماسی ئەو جۆره دیپلۆماسییەیه که له هەوڵ و کۆششی جیابوونەوەدایه له وڵاتەکەی. به بوونی خیتابی دەوڵەتی کوردی، پارادیپلۆماسیی کوردی زیاتر دەبێته پرۆتۆدیپلۆماسی. پارادیپلۆماسی لەوەدا باشتره له پرۆتۆدیپلۆماسی که قەیرانی شەرعییەتی نییه. لەم ڕووەوە دیپلۆماسیی پەرلەمانی به چالاکبوونی به هەماهەنگی لەگەڵ پارادیپلۆماسیدا، ڕەهەندی پارادیپلۆماسی پتەوتر دەکات. له هەمان کاتدا ئەگەر له پارادیپلۆماسیدا لاوازییەک هەیە، بەوەی هێشتا له خوار دیپلۆماسیی فەرمییەوەیە، ئەوا به چالاکتربوونی دەزگاکانی تری ناو حکومەت، پێگەی پارادیپلۆماسی بەهێزتر دەبێت. له ئینستیتوتی هۆڵەندی بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە: پارادیپلۆماسی له جیهاندا لای به سێ ئاست ئیش دەکات، ئاستی ئابووری به گشتی، ویلایەتەکانی ئەمەریکا وەک نموونە، ئاستی کەلتووری و خوێندن و زانست و تەکنەلۆجی که به گشتی ئاستێکی فرەڕەهەندە، نموونەی وەک ئاستی سێیەم بریتییه له حکومەته لاندەرەکانی ئەڵمانیا. له ئاستی دونیادا باسک و کەتالۆنیا له ئیسپانیا، فلاندەر له بەلجیکا و کوێبیک له کەنەدا.

دیاره ڕوونه که پارادیپلۆماسیی هەرێم دەبێت له سەرجەم ئەم ئاستانەدا بێت. چونکه پەیوەندیی دیپلۆماسی هەرێم تەنها بۆ

ئەوە نییە کە بوارێکی هەرێم بەهێز بکات. هەرێم قەیرانی ئاسایشی هەیە، قەیرانی ئامادەبوون لە دونیادا، قەیرانی سیستەمی ئابووری و پەیوەندیی بازرگانی. بۆیە ئەرکی دیپلۆماسی لە هەرێم تەنها بۆ بوارێک نییە، بەڵکو سەرتاپا پرۆسەی دەوڵەتدارییە. لەم ڕووەوە، هەتا کەناڵی بەشداری و نوێنەرایەتی زیاتر بێت، لە سوودی دۆزی سیاسیی خەڵکی کوردستانە.

## دەسەڵاتی نەرم

دەسەڵات لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بریتی نییە لە هێز، یان توانای ناچارکردن، یان زاڵبوون. ئێمە لە پۆست-ستکراکچراڵیستەکانەوە فێر بووین، بە تایبەت میشێل فۆکۆ، کە دەسەڵات بریتییە لە ڕازیکردنی ئەویتر کە بەبێ هیچ هەستێکی ناڕەزایی یان بەرگری کارێک لە قازانجی تۆ بکات. لێرەوە مەعریفە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە فەراهەمبوونی دەسەڵاتدا، بەڵام گرنگتر ئەویترە. مرۆڤێکی تەنها خاوەن دەسەڵات نییە، دەسەڵات کاتێک دێتە ئاراوە کە لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵ ئەویتردا. لێرەوە دەتوانین بنەمایەک بۆ دەسەڵاتی نەرم دابڕێژین. لای جۆزیف نای دەسەڵاتی نەرم پشت بە کەلتوور، ئایدیالە سیاسییەکان و پۆلەسی دەبەستێت. لە هەمان کاتدا بۆ هێزێکی وەک کورد دەکرێت وێنا و شوهرەت زیاد بکرێت. مەبەستمان لە شوهرەت ئەوەیە ئایا لە دونیادا کورد وەک چی ناسراوە، یان هەرێمی کوردستان چۆن ناسراوە. لە هەمان کاتدا، دەسەڵاتی نەرم پشت دەبەستێت بەوەی کە چیت هەیە کە لە دونیادا مایەی سەرنج بێت لای ئەوانیتر؟ لێرەوە هەڵسوکەوتی حکومەتێک لە ناوخۆدا، لەگەڵ هاووڵاتیانیدا، چۆنێتیی دابینکردنی ژیان و ژیار، چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتەکاندا، هەموو ئەمانە دەچنە خانەی دەسەڵاتی نەرمەوە. دەتوانین بڵێین ئەمانە توخمەکانی چیرۆکێکن کە ئەمڕۆ لە دونیادا بڕێکی زۆری سیاسەتی

دەرەوە بریتییە لەوەی کە چیرۆکی کێ براوەیە. لە ڕۆژگاری ئێستای ئێمەدا پێشمەرگە پاڵەوانی چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشە. ئەمە بنەمای دەسەڵاتی نەرمە. بەڵام قەیرانی دارایی و ئاستی باڵای گەندەڵیمان چیرۆکێکی ناشیرینە. دەبێت لەوە ئاگادار بین ئەوە تەنها ئێمە خۆمان نین کە گێڕەرەوەی چیرۆکەکانی خۆمانین، کاری بەردەوامی میدیای بیستراو و بینراو لە دونیادا بریتییە لە هۆنینەوەی چیرۆک و بڵاوکردنەوەی.

### دەرئەنجامەکان

یەکەم: ئەگەر سادەترین پێناسەی دیپلۆماسی بریتییە لە مامەڵەی ئاشتییانەی دەوڵەتان لەگەڵ یەکتردا بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانیان، ئەوا کورد لە مێژوویدا نە دەوڵەتی هەبووە و نە لە دۆخی ئاشتیدا بووە. بە بەکاربردنی تێبینییەکەی هادلی بول لە کتێبی کۆمەڵگای پشێویدا کە دەڵێت دەبێت دەوڵەتان وەک پێشینەیەک سەرەتا لەسەر هاوبەشییەکان ڕێک بکەون پاشان هەوڵی ئەوە بدەن چۆن زۆرترین دەستکەوتیان دەست بکەوێت، بەم پێیە کاتێک کورد وەک لایەنێکی دەوڵەتی بوونی نەبووە، ئەوا لە هەمان کاتدا وەک لایەک بوونی نەبووە کە لەسەر بەرژەوەندییە هاوبەشەکان ڕێک بکەوێت و پاشان بۆ پەرەپێدانی، گفتوگۆ و دانوستانیان لەسەر بکات.

دووەم: کاتێک کورد بە ئاشکرا و بە فەرمی لە نێو سیستەمی نێودەوڵەتیدا ئامادەیی نەبووە، ئەوا ئەکتەرە کوردەکان پەنایان بۆ جۆرێکی تر لە پەیوەندی بردووە کە پەیوەندیی نافەرمی و نهێنی و ناسراویی شەخسی بووە. ئەمە ئەگەر لە ڕۆژانێکدا ناچاری بووە، ئەوا ئەمڕۆ کۆمەڵێک دەرئەنجامی خراپی لێ کەوتووەتەوە کە بریتین لە دروستنەبوونی

پەیوەندیی سیستەماتیک، بەکاربردنی پەیوەندیی نێودەوڵەتی بۆ ئامانجی تاکەکەسی، نەک ئامانجی نیشتمانی یان نەتەوەیی، بە تەسک ڕوانین لە دونیا لەپێناو کۆمەڵێک ئامانجی شەخسی یان حیزبی. ئەمە هۆکاری نەبوونی دیپلۆماسیی دەوڵەتی و نەبوونی پیاوی دەوڵەتە لە ناو سیاسەتی کوردیدا.

سێیەم: لە سەدەی بیستویەکدا، لە دونیای جیهانگەریدا، سیستەمی نێودەوڵەتی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، ڕۆڵی دەوڵەت گۆڕاوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قەیراندایە، کورد چیدی گەلێکی نادیار نییە، بۆیە دەبێت دیپلۆماسیی کوردی سوود لەم دۆخە وەربگرێت و بە شێوازێکی مۆدێرن دیپلۆماسی بکات.

چوارەم، لە دۆخی دونیای ئەمڕۆدا دیپلۆماسی تەنها کاری دیپلۆماتکاران نییە، بەڵکو لە دونیای ئەمڕۆدا سنووری نێوان ناوەوە و دەرەوە وەک جاران نەماوە، دەوڵەت بریتی نییە لە یەکەیەکی سنووورداری داخراو لە دونیای دەرەوە کە تەنها لە ڕێگای دەزگا فەرمییەکانیەوە لەگەڵ دونیادا لە پەیوەندیدا بێت، بەڵکو سنووری نێوان دەرەوە و ناوەوە زۆر کاڵ بووەتەوە. ئەمەش وای کردووە کە دەزگا و ناوەندی تریش لە ڕووی دیپلۆماسیی پەیوەندیی نێودەوڵەتییەوە چالاک بن. لە ئاستی کوردستاندا دەبێت کورد درێخی نەکات لە هەرچی بەکاردبردنی هەر توانا و دەزگایەک بۆ تۆکمەکردنی ئامادەبوونی لە دونیادا. پێنجەم: یەکێک لە ئەرکەکانی دیپلۆماسییەت ئاسایشە. ئاسایش بریتییە لە داکۆکیکردن لەو جۆرە ژیانەی کە دەخوازیت لە دونیادا بژیت. بە مانایەکی تر، هەوڵدان بۆ ئاسانکاریکردن بۆ ئامادەبوون وەک کوردێک لە دونیادا کە لەگەڵ ئەوانیتردا بە ئاشتی ژیانێکی کوردانە بژی. لێرەوە داکۆکیکردن لە ناسنامە، لە بوون، لە کەلتوور،

له جۆری ژیان، له سەربەخۆیی... هەموو دەبنە ڕایەڵەی دیپلۆماسی، کە بۆ فەراهەمکردن و داکۆکیکردن لێیان، دەبێت دەزگا و پێکهاتەی جیاواز چالاک بێت.

شەشەم: دیپلۆماسی تەنها بریتی نییە لە داکۆکیکردن، بەڵکو لە هەمان کاتدا بریتییە لە برەوپێدان. ئەوە چ خەسڵەتێک یان پێکهاتەیەک یان بەرژەوەندیی گەلێکە کە دەتوانرێت لە دەرەوە برەوی پێ بدرێت هەتا بە قازانجی ناوەوە بشکێتەوە؟ لێرەوە بەرژەوەندیی ئابووری بە ڕەهەندە جیاوازەکانیەوە دێتە ئاراوە. بۆ نموونە، دەشێت دیپلۆماسیی وزە یەکێک بێت لەم بوارانە لەگەڵ هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی بواری تر.

## بۆچی زەمینە لەبارە بۆ چالاکبوونی پەرلەمان لە ڕووی دیپلۆماسییەوە؟

ڕەنگە هۆکارێکی گەورە لە پشت سازانی زەمینە بۆ کاری پەرلەمان لە ڕووی دیپلۆماسییەوە، جیهانگیری بێت. جیهانگیری زیاتر بە مانای تێپەڕاندنی سنوورەکان، ئەوەی جیل دۆلۆز و گواتاری ناوی دەنێن دیتێرۆتیریالیزەیشن.

ئەوەی وای کردووە کە دیاردە و ڕووداوەکان سنوور تێ بپەڕێنن یان سنووردار نەبن، کۆمەڵێک هۆکارە کە ڕەگی لە گەشەی مەعریفە، تەکنەلۆجیا، ئابووری و ژیاردایە. لە ئەنجامی ئەمەدا زۆر شت دەبنە گەردوونی. جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ، مافی ئافرەت، مافی منداڵ، پاراستنی ژینگە، جووڵەی شمەک، کۆچ، وێنا، خەون، موزیک و زۆر شتی تریش. لە هەمان کاتدا چەندین دیاردەی تریش دەبنە گەردوونی کە زیاتر نیگەتیڤن: وەک تیرۆریزم، مادە هۆشبەرەکان، پارە و بازرگانیکردن بە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤەوە. هەموو ئەم دیاردانە پێویستیان بە یاسایە بۆ ڕێخۆشکردن و هەروەها بۆ ڕێگریلێکردنیان. لێرەوە پەرلەمان

چیدی ناتوانێت پەرلەمانێکی لۆکاڵی بێت. دەبێت هەرچەندە لۆکاڵ بێت، لەسەر ڕێتمەکانی سەردەم یاساکانی دابڕێژێت. لە ڕووی دیپلۆماسییەوە بەئاگابوون لەم ڕەهەندە گرنگە.

بۆ نموونە، قەدەغەکردنی سزای لەسێدارەدان لە لایەن یەکێتی ئەورووپاوە گرنگە. جێبەجێکردنی ئەم سزایە یان کاری هاوشێوە دەبێتە هۆکاری نارەزاییدەربڕین لە لایەن یەکێتیی ئەورووپاوە. بەڵام ڕێگەگرتن لەسێدارەدان نەک هەر مایەی خۆشحاڵی دەبێت لە لایەن یەکێتی ئەورووپاوە، بەڵکو بە قازانجی کۆمەڵگای کوردییش دەگەڕێتەوە. با مرۆڤ توانای لەناوبردنی گیانی مرۆڤێکی تری نەبێت، گرنگ نییە کە بەهانە چییە. ئەمە بەشێکە لە دیپلۆماسیی ئەخلاقی.

# پێشنیازەکان

لەپێناوی کارابوونی زیاتر و باشتر و ئامانجی ڕوونی زیاتر، دەبێت دیپلۆماسیی کوردستان لە کۆمەڵێک بواردا هەنگاوی ڕادیکاڵانەی گەورە بنێت:

یەکەم، دەبێت ناسنامەی کوردستان ڕوون بێت. ئایا دەخوازێت چۆن لە دونیادا ئامادە بێت. ئەمە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەو وێنایەی کە کوردستان بۆ خۆی هەیەتی. دیارە هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری بە جۆرێکی جیاواز وێنای کوردستان دەکات، ئەوەی دەبێت هەنووکەییانە هەنگاوی بۆ بنرێت، ئەوەیە کە دەبێت لە ڕێگای پەرلەمانەوە هەماهەنگی بکرێت بۆ هێنانەدیی وێنایەکی ڕوون بۆ دروستکردنی دیدگایەکی ڕوونتر. لێرەدا زیاتر مەبەستمان ئەوەیە کە ئەوە چییە ئێمە دەمانەوێت؟ ئەو بەهایانە چین ئێمە سازشیان لەسەر ناکەین؟ پێمان خۆشە و پێمان باشە دونیا چۆن وێنامان بکات؟ ئەمە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە مەسەلەی ناسنامەوە. ئایا ناسنامەی کوردستان چییە؟ کۆمەڵگایەکی پلوراڵە، لە ناو دونیایەکدا کە توندڕەویی دینی و پاکگەرایی پیوریتانیک هیلاکی کردووە.

دووەم، ئایا ئێمە دەمانەوێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چۆن ئامادە بین. بە مانایەکی تر، ئەوە چ ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستە کە جێگای ئێمەی تێدا دەبێتەوە، وەک ئەوەی کە خۆمان دەخوازین یان هیوامان وایە. ئەمە قەیرانێکی گەورەیە بەرۆکی ئێمەی گرتووە. ئایا ئەوەی ئێمە دەیخوازین، چۆن کاریگەریی لەسەر ناوچەکە دەبێت، چۆن لە ناوچەکەدا جێگای دەبێتەوە؟ بۆیە دەبێت خیتابێکی ڕوونمان هەبێت

دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گرێکوێرەکانی. ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قەیرانی دەوڵەت هەیە، قەیرانی دینی تایفی هەیە، قەیرانی شکستی مۆدێرنە هەیە، قەیرانی نەبوونی توانای پێکهاتەکانە بۆ پێکەوەژیان. ئایا بۆ ئاسایشی ئێمە چ جۆرە ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاست باشە؟ دەبێت ئەوەی داوای دەکەین، لە خۆماندا هەبێت. کاتێک دەڵێین ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دەبێت دیموکراسی بێت، دەبێت خۆمان دیموکراسی بین، کاتێک دەڵێین دەبێت لێکبوردەیی و سنگفراوانی و مۆدێرنبوون هەبێت، ئەوا هیچ نەبێت دەبێت خۆشمان ڕێبواری ئەو ڕێگایە بین.

سێیەم، هەموو وڵاتێک لە کاتی تەنگژەدا سێ ڕێگای هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانیتردا کە بریتین لە: ترساندن، قبوڵکردن یان ڕازیکردن. ئێمە دەبێت هەریەک لەم میتۆدانە زۆر بە سەلیقەیی و لێهاتوویی و لێزانانەوە بەکار بهێنین. هەریەک لەم میتۆدانە فۆرمیان زۆرە. دیارە بە هەمان شێوە، ئەوانیتر هەوڵ دەدەن ئەم میتۆدانە بە شێوە زۆرەکانی لەگەڵ ئێمەدا بەکار بهێنن. ئێمە دەبێت بۆ هەریەک لەم میتۆدانە ئامادە بین. پەرلەمان دەتوانێت ناوەندی دروستکردنی هێز بێت، لە ئەنجامی کۆکردنەوەی جیاوازەکان و پشتیوانیی جەماوەر، هەتا ڕێگر بێت لە لایەنە نەرێکانی ئەم میتۆدانە.

هەتا کوردستان وەک یەک یەکە دەربکەوێت، هێز و توانای زیاتر دەبێت.

# پۆلەسی

یەکەم، کردنی پەرلەمان بە ناوەندێکی دیپلۆماسی بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دیپلۆماسیی نیشتمانی و دەزگایی کوردستانی.

دووەم، فراوانکردنی بواری پێکەوەگرێدانی کوردستان بە دونیاوە بۆ زاڵبوون بەسەر ڕێگرە مرۆیی و سروشتییەکان لە بەردەم گەیشتن بە دونیا.

سێیەم، کردنەوەی دیپلۆماسی بە ڕووی خەڵکدا و کردنی خەڵک بە ئەکتەری دیپلۆماسی.

چوارەم، سوودبینین لە هەموو پێکهاتە ژیارییەکانی کوردستان بۆ دروستکردنی دیپلۆماسی.

پێنجەم، هەوڵدان بۆ ڕاگەیشتن بە دونیای سەردەم و سوودوەرگرتن لە گۆڕانکارییە ڕادیکاڵەکانی بواری جیهانگیری و دەوڵەتداری و تەکنەلۆجیا.

شەشەم، پەرەدان بە کەلتووری دیپلۆماسی بۆ دروستکردنی دیپلۆماتی بەتوانا و پیاوی دەوڵەت.

حەوتەم، چالاکبوونی پەرلەمان کوردستان وەک جێگایەکی جودا لە ڕووی سیستەم و مۆدێلی حکومڕانییەوە لە جێگاکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیا دەکاتەوە. ئەم جودابوونەوەیە ڕێگایەکی گرنگە بۆ دەرکەوتن و هاتنەدەرەوە لە جەبری دەرنەکەوتن لە جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە.

# بیبلۆگرافیا


- Cohn Raymond (1999) Putting Diplomatic Studies on the Map Diplomatic Studies
- Programme Newsletter For diplomacy: Representation and the study of international
- relations International Studies Review 1.1
- Tilly, Charles, (1985) “War Making and State Making as Organized Crime” in Peter
- Evans, Dietrich Rueschemeyer, and Theda Skocpol, Bringing the State Back In
- (Cambridge University Press), pp. 169-191.
- Sending OJ, Pouliot V and Neumann IB (2011) The future of diplomacy: Changing
- practices, evolving relationships. International Journal 66(3
- Pouliot Vincent and Cornut Jérémie )2015 Practice theory and the study of diplomacy:
- A research agenda Cooperation and Conflict, Vol. 50(3)
- Wiseman G (2004) ‘Polylateralism and new modes of global dialogue. In: Jonsson C
- and Langhorne R (eds) Diplomacy: Problems and Issues in Contemporary Diplomacy.
- Thousand Oaks, CA: Sage
- André Géraud (“Pertinax”) (1945) Diplomacy, Old and New, Foreign Affair, Januray
- Gilles Deleuze and Felix Guattari2002. A Thousand Plateaus [ TP ]. London, The
- Athlone Press Ltd
- Gotz, N. 2005 On the Origins of ‘Parliamentary Diplomacy Scandinavian ‘Bloc
- Politics and Delegation Policy in the League of Nations Cooperation and Conflict:
- Journal of the Nordic International Studies Association Vol. 40

- Daniel Fiott 2011On the Value of Parliamentary Diplomacy Madariaga Paper – Vol. 4,
- No. 7 (Apr.,)
- Kinninmont Jane (2012) Kuwaits Parliament: An Experiment in Semi-democracy
- Middle East and North Africa Programme, August, MENAP BP
- https://www.chathamhouse.org/sites/files/chathamhouse/public/Research/Middle
- %20East/0812bp_kinninmont.pdf
- Lecours André (2008) Political Issues of Paradiplomacy: Lessons from the Developed
- World Netherlands Institute of International Relations 'Clingendael, http://
- www.kamudiplomasisi.org/pdf/kitaplar/paradiplomacylessonsfromthe.pdf
- Rogier van der Pluijm with Jan Melissen (2007) City Diplomacy: The Expanding Role
- of Cities in International Politics.. http://www.uclg.org/sites/default/files/
- 20070400_cdsp_paper_pluijm.pdf